# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٧٦، ساڵی حەوتەم، جۆزەردان ٢٧١٢ی کوردی، مایو ٢٠١٢ی زایینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.hanar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

دەستەی نووسەران:

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**مستەفا زاهیدی**

هەڵەچن:

**مونا عەبدوڵڵا**

**ئاشنا جەمال**

مۆتیف:

پەری عەبدولواحید

تیراژ

**٥٠٠**

# پێرست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی لە... | ئەحمەدی مەلا | ٧ |
| تەکنیکی دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی... | پ.ی.د. عادل گەرمیانی | ٢١ |
| خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (نانۆ)ی هاشم... | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ٤٤ |
| بیری ئازادیی و ئاودیوبوون لە فەلسەفەی... | هیوا محەمەد ئەمین | ٥٥ |
| رانانێک بۆ رۆمانە نوێکەی شێرزاد حەسەن... | ئەردەلان عەبدوڵلا | ٧٦ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| وشەگەلی یەکتربڕ... | فینۆس فایەق | ٨٥ |
| چەند دێڕێک لە خۆشەویستی... | دڵشادی عومەر کاکی | ٨٦ |
| لوتی پاژنە بەرز... | رەزا حەمە | ٨٨ |
| پزیسکە خامۆشەکانی یاخی بوون... | یونس حسەینی | ٨٩ |
| خولانەوە بەدەوری مەمکەکاندا... | گۆران رەسوڵ | ٩٢ |
| بەدەم هاواری فەنابوونێکەوە لە خۆمدا... | حەسەن جومعە | ٩٦ |
| شتێک بوو وەک هەموو شتەکان... | سەلاح شوان | ٩٩ |
| خێڵی پەپوولە... | بەکر دەرویش | ١٠٣ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ فاروق هۆمەر | سازدانی: داستان بەرزان | ١٠٩ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| هەڤپەیڤین لەگەڵ محەمەد ئۆزۆن... | کارزان محەمەد | ١٢٣ |
| وتوویژی سیروسی عەلینژاد لەگەڵ... | فەرهاد بەهەشتی | ١٢٩ |
| شەڕ و ئاشتی... | جەبار سابیر | ١٤٤ |
| پاسەکەی درەنگانی شەو... | تۆفیق عەبدول | ١٤٨ |
| خەو و بێداریی... | جەواد حەیدەری | ١٥٣ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| نوێخوازیی و گرفتی پێناسەکانی... | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٥٧ |
| دیدار لەگەڵ عەباس کەمەندی... | سازدانی: سارا زینەتی | ١٧٠ |
| وتوویژ لەگەڵ رەشید فەیزنژاد... | ئامادەکردنی: جەلال هانیسی | ١٧٦ |
| ئالبێرت نۆبز، ژیان لە شێوەی پیاوێکدا... | و: ئازاد بەهین | ١٨٩ |



پێشانگەی کتێب ١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە

ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی لە شیعری شێرکۆ... **ئەحمەدی مەلا**
تەکنیکی دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی سەباح ڕەنجدەردا **پ.ی.د. عادل گەرمیانی**
خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (نانۆ)ی هاشم سەڕاج **سەڵاح حەسەن پاڵەوان**
بیری ئازادیی و ئاودیوبوون لە فەلسەفەی ئەدەبی دۆستۆیڤسکیدا **هیوا محەمەد ئەمین**
ڕانانێک بۆ ڕۆمانە نوێکەی شێرزاد حەسەن **ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

# ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی
# لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا



**ئەحمەدی مەلا**

(٢-٢)

جیهان لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا بەسەر دوو پانتایی دابەش دەبێت. پانتاییەک کە دەکەوێتە پێش وجوودەوە کە بەڕەنگی ڕەش ئاماژەی بۆ دەکرێت. واتە جیهانی کاوۆ بەمەبەستی جیهانی پاشاگەردانییە کە ئاماژە بۆ پێش خەڵقی جیهان دەکات. ئەویش نەک تەنها هەر بەڕەنگی ڕەش ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵکو دونیای پێش دروستبوونی ئینسانیشە. واتە پانتایی پیرۆز بەرامبەر بە پانتایی پرۆفان یا نا-پیرۆز دەوەستێت.

دەبێ ئەوەش بوترێت کە بە نیسبەت عەقڵییەتی ئاینییەوە، فەزا لەهەموو ئاست و ئاراستەکاندا، هەمان بارستایی و هەمان واتای و هەمان بەهای ڕۆحانی نییە. نەک تەنها هەر ئەمە، بەڵکو دونیای نا-پیرۆز لەزیهنییەتی شاعیردا سیخناخە بە ئاژەڵ و دەعبا، نەک بە ئادەمی. ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتدا، بۆ بەدەعباکردنیان، خەسڵەتی نیمچە ئادەمیان بداتێ. وەکو لەم بڕگە شیعرییەدا دەیبینین:

**ڕاوچیەکان لەسەرو ملەوە تا ناو قەد**
**بەرازی شفرەدار بوون، نیوەکەی تریشیان**
**ئادەمی بوون.** ( گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانەشیعر، بەرگی ٦، لا ١٠٩).

ڕەنگی ڕەش کە بەڕەهایی ئاماژە بۆ مەرگ و نەبوون دەکات، دەکەوێتە پێش خەڵقەوە، چونکە تەنها لە نێو ئەو پانتاییەی کە نووری سپی بەرناکەوێت، کە بە ئاژەڵ و جانەوەر دەور دەدرێت، توانای هەیە دەرکەوێت. بەرامبەر بەڕەنگی ڕەش کە تەعبیر لە نەبوون دەکات، یان تەعبیر لەبوونێکی نێگەتیف و دژوار دەکات، جیهانێکی سپی سەرهەڵدەدات کە ئاژەڵی سپییشی تێدایە، زۆرجار باڵدارن، ئەگەر باڵداریش نەبن ئەوە ئاژەڵی بێگوناهن، بەسزمان هەر وەکو نێچیر و قوربانی خۆیان نیشان دەدەن.

**دارئەرخەوانی بەسەر ئەسپێکی سپییەوە.** (گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانەشیعر، بەرگی ٦، ل٢٢٣)

**گوڵی سپی خۆشەویستی و**
**کۆترەکانی لێبوردن و**
**هەنگی ماچ و(** گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانەشیعر، بەرگی ٦، ل ٤٥)

**کەوە سپییەکانی ئەمیش**
**لەشەقەقەی باڵ ئەدەنەوە.** ( گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانەشیعر، بەرگی ٦، ل١٢٧)

**من لەشێوەی هەڵۆیەکی سپیدا ئەخوولامەوە.** ( گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانەشیعر، بەرگی ٦، ل ١٨)

**مامزێکی سپی شیعرم لێ ون بووە!** ( گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانەشیعر، بەرگی ٦، ل ٩).

ڕەنگی سپی هەمان ئەو ڕەنگە نییە کە شاعیری ئێرلەندی، کەنێت وایت ئاماژەی بۆ دەکات کە مەبەستی لە جیهانێکە کە دەکەوێتە پشتی خەیاڵەوە، مەبەست لەو جیهانەیە کە لە ئەنجامی ڕامانەوە دروست دەبێت. بەرهەمی خەیاڵێکی خەلاقە.
ڕەنگی سپی لـەلای شێرکۆ بێکەس، ڕەنگی جیهانێکە کە لە قۆناغی دروستبووندایە. مەبەست جیهانێکە کە شاعیر دەیەوێت بنیاتی بنێت. وەکو

کۆنتراست بەرامبەر بەجیهانی دژوار و نێگەتیف دەوەستێت. هەروەها دەبێت سەرنجی خوێنەریش بۆ ئەوەی راکێشین کە رەنگی سپی، هەروەکو لەچیرۆکی موسا و خودا، هەروەکو تەورات بۆمانی دەگێڕێتەوە، پاشانیش قورئان دووپاتی دەکاتەوە: دەست سپی بوونی موسا بە سەرەتای دروستبوونی ئاینی وەحدانی دەژمێردرێت، لەو شوێنەی کە دەستی موسا سپی دەبێت، بە دروستبوونی پانتایی پیرۆزیش دەژمێردرێت. لەشوێنێکی دیکە، خودا بەموسا دەڵێت: کەوشەکانت داکەنە ئینجا وەرە ئەم پانتاییەوە، واتە فەزایەکی جیاواز دروست دەبێت. "ئەم پانتاییە" لەپانتاییەکانی دیکە خۆی جیا دەکاتەوە.

هەروەها بەنیسبەت کاندنسکییەوە، رەنگی سپی تەنها گرفتێکی ئیستاتیکی نییە، بەڵکو "سپی هیچێکە پێش بوون دەکەوێت، پێش هەموو دەسپێکێک دەکەوێت"( شەڤالیێ. لا ١٢٥).

ئەم جیهانە سپییەی کە شاعیر، بێوچان دەیەوێت جیهانەکەی پێ وەسف بکات، هیچ ئاژەڵێکی دڕندەی لێ نییە، بەڵکو جیهانێکی بێگەردەو دەیەوێت ببێتە سەنتەر و چەق. ئەم ئاژەڵ و باڵندانەو ئاژەڵە ئەفسانەییانەش کە جیهانی سپی شاعیر داگیر دەکەن، ئەمانەی لای خـوارەوەن: "ئەسپی سپی" (بەرگی ٦، لا ١٥٥)، "پەپوولەی شاعیر"(بەرگی ٦، لا ١٥٦)، "بووم بەمامز"(بەرگی ٦، لا ٢٢٣)، " نەورەسی دڵداران"(بەرگی ٦، لا ٢٥٧)، "ئەسپی ئەفسانە"، "مەراڵی خەون"، ئاسک"، "تەیری شیعر"، (بەرگی ٦، لا ٢١)، " مامزی نێر و مێ"(بەرگی ٦، لا٦٣)، "باڵندەی رۆح"(بەرگی ٦، لا ١٢٥)، "کەوی سپی"(بەرگی ٦، لا ١٢٧)، "کۆترەباریکە"(بەرگی ٦، لا ١٣١)، " حاجی لەقلەقی کەس بەسە"(بەرگی ٦، لا ١٣١)، " باڵندەی زۆزان"(بەرگی ٥، لا١٥)، "باڵندەی پیرۆز" (بەرگی ٥، لا١٥)،"مەلەک تاوسی جوانیی"(بەرگی ٥، لا١٦)،"هەڵۆی سپی"(بەرگی ٥، لا١٨)،"پەپوولەی خۆشەویستی"(بەرگی ٥، لا٢١)،"ئەسپی باڵدار"(بەرگی ٥، لا٢٤)،" فریشتەی رۆحی سپی"(بەرگی ٥، لا٢٨)، "مامزی سپی"(بەرگی ٥، لا٣٨)،" پەپوولەی نوور"(بەرگی ٥، لا٤١)، " کەوی باڵداگیسراو"(بەرگی ٥، لا٤٠)، " کۆترەشینکە"(بەرگی ٥، لا٤٢).

ئەم نموونانەی سەرەوە، تەنها نموونەی بەرگی پێنج و بەرگی شەشن. ئەگینا دەکرێت دوو ئەوەندەی دیکە نموونە بهێنینەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەم جیهانە، یا ئەم پانتاییە، نەک تەنها ناوی لێبنێین پیرۆز، بەڵکو لە جیهانەکەی دی جودای بکەینەوە کە پڕە لە:"بەرازی رەش"(بەرگی ٦، لا٧٣)، "زەمانێکی مڕومۆچ"(بەرگی ٦، لا ٧٥)، "دوپشکێکی گەورە"(بەرگی ٦، لا٧٦)، "پاسەوان لە نەسڵی گورگی رەسەن"(بەرگی ٦، لا٧٧)، "سەگەلی رەش"(بەرگی ٦،

لا٧٩)، "راوچی وەک بەرازی شفرەدار"(بەرگی ٦، لا١٩١)، "مەرگی رەش"(بەرگی ٦، لا ١٨٧)، "پڵنگ"(بەرگی ٦، لا ١٢٣)، "داڵی رەش"(بەرگی ٦، لا ٢٥٧)، "گورگی بۆر"(بەرگی ٦، لا٤٥٢)، "داڵاشی بیابان"(بەرگی ٦، لا ٤٤٥)، "مالۆس"(بەرگی ٦، لا٤٦٦)، "گیسکی لەڕ"(بەرگی ٦، لا ٤٧١).

بەڕوونی دەکرێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم دوو جیهانە راکێشین کە دژ بەیەک دەوەستن. جیهانی ناقۆلا، جیهانی رەشی پێش بوون و جیهانی سپی و بێگەرد کە شاعیر خەریکی بنیاتنانێتی. هەروەها دەشبێ فەزای جوگرافی ئەم دوو جیهانەش دیاری بکرێت، چونکە بە بێ دیاریکردنێکی ماددی شوێن، جیهانی پیرۆز هیچ مانایەکی نامێنێت. هەروەها بەمادەکردنی ئەم شوێنە ئینسان دەکاتەوە بە بوونەوەر، یا واتای نوێی دەداتێ. ئینسان لەقۆناغێکەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

هەروەکو میرسیا ئێلیاد لەکتێبی "پیرۆز و پرۆفان- یا دونیەوی" ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت پیرۆزاندنی شوێن دەبێت بە کەشی تایبەتیدا تێپەڕێت ئەگینا پرۆسەی پیرۆزاندن نایەتەدی. یەکێک لەو کەشانەی کە پانتایی پیرۆزی لە پانتایی پرۆفان جیادەکرێتەوە، ئەویش لەرێگای پێهەڵگرتنی ئاژەڵێکی کێوییەو تا لەسەر قوربانیگە بکرێتە قوربانی و لەو شوێنە یەکەم بینای پیرۆز بنیات دەنرێت. (مێرسیا ئێلیاد: لا٣٠-٣١). نموونەی رێنماییەکەی حوشترەکەی پێغەمبەری ئیسلام کە لە مەککەوە بەرەو مەدینە کۆچ دەکات. حوشترەکە لەکوێ یخی کرد، هەر ئەوێش دەبێتە ماڵ و یەکەم مزگەوتی موسڵمانان.

شوێنی جوگرافی نێوان ئەم دوو جیهانە زۆر بەڕوونی لەپانتایی دەقی بێکەسدا دەردەکەوێت؛ ئەم جودا بوونەوەیە هەر لە شیعرە هەوەڵینەکانیدا، کە لە بەرگی یەکەمدا بڵاوبوونەتەوە. ئەم شوێنە لە ژێر موفرەدەکانی "چیا"،"شاخ"، دەردەکەوێت. هەموومانیش ئەوە دەزانین، هەرچەند کوردان بەچیانشین ناوبانگیان دەرکردووە، بەڵام هەموو کوردان چیانشین نین و لەچیا ناژین، بەڵکو هەرە زۆری دانیشتوانی کوردی باشوور، ئیمرۆ لەدەشتایی و نیمچە دەشتاییەکاندا دەژین، بۆیە ناوهێنانی "چیا" لەشیعری بێکەسدا تەنها رەمزە، بەڵام با بزانین چ جۆرە رەمزێکە؟

ئەوەی جێی سەرنجە کە"چیا"، "لوتکە"، "شاخ" بەرامبەر بە"بیابان"، "سەحرا"، "باشوور" دەوەستن، یەکەمیان ئاماژە بۆ دروستبوونی جیهانی پیرۆز دەکات و دووەمیشیان ئاماژە بۆ پێش دروستبوون دەکات. یان بەلایەنی کەم، وەکو دژەدروستبوون خۆی رێکدەخات:

"سەحرای عەدەم" (بەرگی ٦، لا ٢٠)، "لەو بیابابەی خوارەوە" " (بەرگی ٦، لا٣٠)، "تەنها رەهەند : دەشتی باشوور" " (بەرگی ٦، لا٤٠)، "سەگی بیابانی خواروو، گورگی بیابانی خواروو"(بەرگی ٦، لا ٤٣)، "ئەگەر لەسەحرای خوارەوە/ لەشەوێکدا چاوتان کەوت بە/ ریزەبریسکەو ترووسکەی گوڵ ئەستێرە/ روو لەچیا".(بەرگی ٦، لا ٤٩)، " لەبیاباندایە چاوانم و لەقاقڕدایەتینوتێم/ هەموو جارێ بەپانایی ئەم چاوەڕوانییە/ لەو دڵم دایەخەمانم و لەسەحرا دایەتەمەنم"(بەرگی ٦، لا ٨٠)، " کە بای عەدەم لەسەحرادا چۆن ئەیانبا"(بەرگی ٦، لا ٨٤)، "لەو خوارە، نزیک قیامەت و نزیکی عەدەم"(بەرگی ٦، لا ٩٤)، "خواوەندی لم"(بەرگی ٦، لا ٩٦). سەرجەم ئەم دەستەواژانە تەعبیر لەعەدەم و لەناوچوون و لەناوبردن دەکەن، بەڵام بەدیوەکەی دیکە "چیا" وەکو دیوی پۆزەتیڤ خۆی دەردەخات و خاوەن وزەی خەللاقەو دەیەوێت واتای نوێ بداتە ئینسان. چیا دەبێتە پێتی دەستپێکردن و لەوێوە موژدە دەگاتە هەموو کونج و کوونەبەرێکی ئەم دونیایە.

چیا وەکو کۆڵەکەیەکە، هەر وەکو ئیلیاد باسی لێوەدەکات. لەزۆربەی دەوارە کۆنەکانی ئینسانی دێریندا، کۆڵەکەیەک وجوودی هەیە. ئەو کۆڵەکەیە تەنها ئەرکی راگرتنی دەوار و رەشماڵ نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە کلاورۆژنەیەکیش زەمین بە ئاسمانەوەوە گرێ بدات. دەبێتە پەنجەرەیەک، رێگاکانی ئاسمانمان بۆ دەستنیشان دەکات. چیاش وەکو کۆڵەکە، چەق و رەگەکەی، بەتوندی و قایمی لەخاکدا جێگیرەو لوتکەکەی لەئاسمان دەسوێت. چیا وەکو کۆڵەکەیەک ئاسمان بەزەمینەوە دەبەستێت.

رەمزییەتی چیا لەزۆربەی هەرەزۆری شارستانییەتەکاندا، جێگای سەرنجدانە. خودا خشتی یاساکان لەسەر چیای سینا دەداتە موسا. ئۆلەمپ لەلای یۆنانی کۆن و ئەلبورز لای فارس و وڵاتەکانی چیا بۆ دانیشتوانی میزۆپتامیای کۆن و چیای قاف لەزیهنییەی ئیسلامدا، گشت ئەمانە ئاماژە بۆ گرنگی رەمزییەتی چیا دەکەن. بۆیە دەبینین چیا زۆر بارگاوییەو خاوەن دەلالاتی شاراوە و پەنهانە.

ئەوەی ئاشکرایە، هەروەکو چۆن لەلای کوردان باوە، چیا تاقە هاوڕێیان بووە لەسەرجەم ئەو خەبات و شۆڕشانەی کە دژ بەو رژێمانە هەڵیانگیرساندووە کە دانیان بەمافی رەوای کورددا نەناوە. ئەمە لە رووی جیۆپۆلیتیکەوە راستە، بەڵام لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا بەتەواوی ئەم بۆچوونە تێدەپەڕێنێت و جۆرە ئەلشیمیەکی لەگەڵ دروست دەکات. واتە زمان ئاوێتە واتاکانی چیا دەبێت. لە دەلالاتە جیۆپۆلیتیکەوەیەوە دەیگوازێتەوە بۆ دەلالاتە زیهنیی و ئاینییە شاراوەکانی.

هەڵبەتە، پرۆسەکانی پیرۆزاندنی شوێن، لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە دەگۆڕێت، هەروەک ئیلیاد ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت لەشارستانییەکانی پالیۆ- رۆژهەڵاتییەکاندا (بابل، میسری کۆن، ئیسرائیل) و کوشتنی ئاژەڵ لەپێناو قوربانی و سووانی خوێنەکەی بەو شوێنەدا، دەبێتە هێمایەکی گرنگ بۆ ئەوەی ئەو شوێنە لە شوێنەکانی دی جودا بکرێتەوە.

زۆر بەڕوونی ئەم قوربانی بەخشینە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، بەدوو جۆر ئەنجامدراوەو رەنگی داوەتەوە. ئەویش لەدوو دیودا، دیوێکی ئاشکرا و دیوەکەی دیکەش پەنهان و نائاشکرا.

شێوە ئاشکراکەی لەم بڕگە شیعرییەدا بەجوانی دەردەکەوێت:

**پێکەوە پڕ بەباوەشمان پەپوولەی خۆشەویستیمان**
**لەبەر قاچی خوداوەندی گەورەمان**
**مەلەک تاوس دا سەربڕی و خوێنەکەیمان**
**لەیەکەم بەردی بناغەی هەواری لالش هەڵسوو**
**لەو شەوەوە ئیتر لالش یش بوو بە:**
**ماڵی سپی و پیرۆزی خوداو.** (بەرگی ٥، لا ٢١)



دیوەکەی دوومیش، بەشێوەیەکی رەمزیترەو شاراوەتر، لەڕێگای ئاژەڵاندنی ئەویترەوە دەرکەوتووە. شاعیر وەکو ئینسانی دێرین، ئەو مافە بەخۆ رەوا دەبینێت کە کوشتنی ئاژەڵی کێوی و دەعبا بچێتە ئەو خانەیەوە کە خوێنی ئەو ئاژەڵانە چیای پیرۆزی پێ ئاو بدرێت. ئەوکات چیا زیاتر دەچێتە حەوایەو زیاتر لووتکەکانی لەئاسمانی پیرۆز دەخشێت. چیا دەبێتە داڵدەدەر و لەدەرەوەی چیا ژیان مومکین نییەو بورای بەگەشەکردنی رۆح نادات تا بچێتە نێو پرۆسەکانی گەشەکردنی، کەواتە:

**لێرە قەدەغەیە گزینگ**
**پێ بگرێت و بالا بکاو**
**ببێ بەسوورەهەتاو و**
**بچێتە سەر لوتکەی چیا!** (بەرگی ٦، لا ٢٦)

بەڕوونی دەکرێت سەرنجی ئەوەبدرێت کاتێک کە"ماڵوس" کە ئاماژەیە بۆ سەری رژێم، کاتێک دێتە زمان، زۆر بە روونی گرینگی چیامان بۆ ئاشکرا دەکات:

**من راوەستاوم لەمەجدا**
**سەرم لەناو ئەستێرەداو**
**قاچم لەسەر تەوێڵی سەری**
**شاخ داناوە!**
**هەموو کێوەکانم یخ داوە.** (بەرگی ٦، لا ٣١)

جارێکی دیش موفرەدەی "یخ" بۆ ئاژەڵ دێت زیاتر وەک بۆ بەرجەستەو بۆ ئینسان.

هەست بەبوونی دژایەتییەکی کەونی و گەردوونی لەنێوان پانتایی نێگەتیف و پانتایی پۆزەتیف دەکەین. عەدەم هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی شوێنی پیرۆز دروست نەبێت. بەهەموو شێوەیەکیش دەیانەوێت رەگەزەکانی ژیانی پاکیزەی تیا بکوژن: ئاو، کچۆڵەی پاکیزە و بێگەرد. ئاو و رەگەزیی مێینەش ئاماژەیەکی روون بۆ بووژاندنەوەو زیندووبوونەوەو نەسڵ نانەوە:

**ئەوان جۆگەی ناو باوەشی شاخ دەکوژن.** (بەرگی ٦، لا ٥٨)
**سەبایای پاکیزەکانی چیا و بەفرن.** (بەرگی ٦، لا ١٠٥)

هەروەها "شاخ" لەپاڵ "ئاو و پاکیزەیی و سپێتی و ئەو بێگەردییەی" کە هەیەتی. مەبەست لەشێوەو شیکلەکەی دا، دەبێت ببێتە خاوەن پەیامی تایبەتی خۆشی. هەمیشە شوێنی پیرۆز پێویستی بەکۆدیفیکاسیۆن هەیە، واتە پێویستی بە ڕێوورەسمی تایبەتی خۆیەتی بۆ ئەوەی لەرێگای زمانەوە لەقۆناغێکەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی دی. هەموو کەشێکی ئاینی پێویستی بە زمان هەیە، ئەگینا دەبێتە سیحر و جادوو و هێما و تەلیسمە داخراوەکان، بۆیە شاعیر بە روونی دەڵێت:

**چەند ریسوایە زمانی شاخ.** (بەرگی ٦، لا ١٠٦)

هێنانە دی ئەم زمانەش لەرێگای قوربانیبەخشین و درووود و گۆرانی و هەڵپەڕینەوە دێتەدی. واتە گەڕانەوە بۆ زمانی جەستە، کە بەزمانی سەرەتایی دەژمێردرێت و دەکەوێتە پێش نوتق و دەربڕینی زمانەوە؛ لەپێناو بەرجەستەکردن و بەماددەکردن:

**بە یەکەوە سەمامان بۆ**
**باران، لوتکە، هەتاو ئەکردا** (بەرگی ٢، لا ٥٣)

هەروەها کەساندنی شوێن، لێرە مەبەستمان لە "چیا"یە، ئەویش دەچێتە نێو ئەم پرۆسەیەوە. شوێنی پیرۆز، شوێنێکی ئاسایی نییە، بەڵکو رۆح لەبەرەو لەهاتوچۆ لەگەڵ جیهانی نادیار لەپەیوەندییدایە. هەروەها خاوەن ئیرادەو ویست و خوازە:

**ئەو کێوانە ئەیانەوێ**
**پڕشنگ لەئاسۆ دا بگرن.** (بەرگی ٣، لا ٦٣)

واتە کۆمینیکاسیۆن و ئاڵوگۆڕ لەنێوان کەسەکان و شوێنی پیرۆز روو دەدات. ئا ئەمە دەبێتە دوا مەبەستی شاعیر. ئینسان بەرامبەر بە"چیا" وەکو

ئەوەی بەرامبەر بە"خاچ"، "قیبلە"، یا هەر شوێنێکی دیی پیرۆز راوەستا بێت:

**وشە ئەڕوا و ئەگاتە شاخ.** (بەرگی ٣، لا ٦٥)

ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە و لەهەمان کاتیشدا خاوەن ئیحایە، لە لای شێرکۆ بێکەس، هەر لەسەرەتاکانی شیعرنووسینەوە بەرجەستەدەکرێت، دەبینین لەدوو شانۆنامەکەی "کاوەی ئاسنگەر" و " ئاسک" دا، لەڕێگای کارەکتەرەکانەوە کاتێک باسی چیا دەکەن، ئەم پەیامە روون دەبێتەوە. بۆ نموونە، لەشانۆنامەی "کاوەی ئاسنگەر"یش دەڵێت:

**کاردۆخ :**
**لەزەنگ ئەدەین**
**دەماری سەر ئەپرژێنین**
**لەسەر لوتکەی بەرز، بانگ ئەدەین. .** (بەرگی ٣، لا ١١٢)

**کاوە: چمکی ئازایەتی و پیاوەتی**
**بەلادا کە!**
**بچۆرەوە بۆ شاخ و کێو. .** (بەرگی ٣، لا١١٧)

هەروەها لەشانۆنامەی "ئاسک"یش دا، شوێنی ئاسکی پیرۆز چیایە:

**ئەو ئاسکە پیرۆزە.** (بەرگی ٣، لا ٢٥٦)

پرۆسەی پیرۆزاندن بەچەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. چونکە دەچێتە نێو هێڵی زەمەنەوە؛ دەبێتە خاوەن رابردوو و ئایندە، بەڵام کاتێک دەگاتە ئایندە، ئیتر شوێنی پیرۆز چەق دەبەستێت و پرۆسەی کۆدیکاسیۆن دەگاتە دوا قۆناغ. هەر ئەم چەقبەستنەیە کە زیهنییەتی عەقڵییەتی ئاینی لەلای شێرکۆ بێکەس، دەیسەپێنێت. واتە هەموو هەوڵ و گەڕان و تەقەللایەک لەپێناو گەیشتن بەلوتکەیەو کاتێکیش دەگەیەنە لوتکە، ئەو پرسیارەمان لەلا دروست دەبێت " ئەی ئێستا چی بکەین؟" دژوارترین پرسیاری وجوودی. بۆ گەیشتن

بە لوتکە هەر وەکو لەدەقی "کورسی" ئاماژەی بۆ کراوەو پاشان دێینەسەری، پڕۆژەی نووسین دەگاتە بنبەست. لەم بڕگەیەی خوارەوە دەبینین، چۆن "چیا" و " ئایندە" بەرجەستەدەبن:

**پیرەمەگروون پیرەمێردی قژ بەفرین،**
**دەروونی تەم گرتوو**
**چاوی لووتکەی بڕیوەتە پاشەڕۆژی،**
**هێشتا نەهاتوو. .** (بەرگی ٣، لا ٣٨٤-٣٨٣)

لە پرۆسەی پیرۆزاندنی شوێندا، پەیوەندی لەنێوان "عەدەم" و "بوون" زۆر ئاشکرایە. نەک تەنها ئەم پرۆسەیە دەگاتە ئەو ئاستەی کە شوێن دەکەساندرێت و رۆحی بەبەرا دەکرێت، بەڵکو ئەم پرۆسەیە بەشێکە لە پرۆسەی لە"هیچ"بوونەوە بەرەو "بەکەسبوون" دەچێت. بۆیە لەم دوو دێڕەی خوارەوە تێبینی ئەوەی دەکەین، کە پەیوەندییەکی ناوەکی لەنێوان شوێن و ئینساندا دروست دەبێت:

**تا گوێ نەگرن لە دڵی شاخ**
**قەت ناگەنە قوڵایی ناخ. .** (بەرگی ٣، لا ٣٨٦)

کاتێکیش چیا دەبێتە خاوەن کۆد و شفرەی تایبەتی خۆی، شاعیر خۆشی ئامادەیە ببێتە پەیامبەری ئەم کۆدەو شیکردنەوەی ئەم لوغزانە. ئامادەیە ئەم زمانە نوێیە بیگەیەنێتە هەوارە دوورەکان. واتە شاعیر دەبێتە پەیامبەر و موژدەدەری ئەو پەیامە. هەڵبەتە ئەم کارە بەبێ هێز و وزەیەکی غەیبی مومکین نییە، بۆیە"مەلەک تاوس" دەبێتە خاوەن ئەو هێزە شاراوەیە و یارمەتی شاعیر دەدات رۆڵی ئەو پەیامبەرییە ببینێت:

**کورژنی چیام گەیاندەگوێی دنیا**
**مەلەک تاوس بەهانامەوەهات.** (بەرگی ٤، لا٤٧)

پەیامەکەش دەتوانێت لەیەک رستەدا خۆی ئاشکرا بکات، ئەویش "دۆزینەوەی ئاوە" دەکرێت لێرە خوێنەر بیر لە چیرۆکی ئیسماعیل و هاجەر بکاتەوە، کاتێک ئاوی بیری زەمزەم دەدۆزنەوە. هەر ئەو سەرچاوەیەشە کە رەگی ئاوەکەی

لەئاوی بەهەشتەوەدێت. هەر بۆیەشە بە ئاوێکی پیرۆز لەلای موسڵمانان دەناسرێت.

پەیامی شاعیر تەنها هەر دۆزینەوەی ئاو نییە، کە دەشکرێت بەدوو دیودا بخوێندرێتەوە، ماددیی و مەعنەوی، بەڵکو پرۆسەی بە"بوون" بوونە، هەر ئەمەشە پەیامی سەرەکی شێرکۆ بێکەس. لای هەمووان ئاشکرایە کە ئاو لەهەموو شارستانییەکاندا چەق داگیردەکات. لەتەنیشت پێداویستی ئاو بۆ ژیان و بەکارهێنانە ماددییەکەی، هێز و بەهایەکی رۆحانیش داگیردەکات. هەر لەزمانی کوردی و زمانە هیندیی و ئیرانیەکانیشدا. ئاو پێکهاتەیەکی زمانەوانییە بۆ ناولێنانی شوێن. دروستکردنی شوێن و پاشگری "ئاو" یا "ئاب". ئاوەدانکردنەوەی شوێنێک، لەئاو دۆزینەوە زیاتر دەبێت چی بێت؟

**لەتراوێلکەدا ئاومان هەڵهێنجا و**
**لە"عەدەم"دا "بوون" مان خوێندەوە. .** (بەرگی ٤، لا ٤٩)

گرفتی بنەڕەتی لەمجۆرە شیعرە ئەوەیە کە نەک تەنها جیهان دەکاتە دوو بەشەوە، بەڵکو گرفتی شیعری پەیامدار و شیعری بێ پەیامیشمان بۆ ئاشکرا دەکات.

شیعری بێ پەیام، واتە"پەخشانە شیعر" هەروەکو سۆزان بێرنارد پێناسەی دەکات و دەڵێت: "جۆرە شیعرێکە کە خۆڕایەتی هەیە" واتە نەحیکایەتێک دەگێڕێتەوە، نەپەیامێکی دیاریکراویشی هەیە. ئەمە یەکێکە لە ئیشکالییەتە هەرە زەقەکانی پرۆژەی شیعر نووسین لەلای شێرکۆ بێکەس. رەنگبێت خۆشی درک بەم حەقیقەتە بکات، ئەگینا بۆچی ئەوەمان لەلا دەدرکێنێت: پاش بنیاتنانی شوێنی پیرۆز ئینجا هەست دەکات لەسەرەتای شیعر نووسینێتی؟

**ئەی مەلەک تاوسی پیرۆز!**
**تازە ئەوەڵی شیعرمە. .** (بەرگی ٤ ، لا ٥٠)

کەواتە لەم پرۆسە دوورودرێژەی شاعیر، پەنا دەباتەبەر "مەلەک تاوس" وەکو هاندەرێکی رۆحی و شیعریی دەیگەیەنێتە مەبەست، ئەویش موبارەککردنی شوێنە. هەڵبەتە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا هێمای "مەلەک تاوس" درەنگ دێتە نێو دووتوێی شیعرەکانییەوە. پێشتر باڵندەو ئاژەڵی ئاسایی و ئەفسانەیی و

خەیاڵی رۆڵی ئەم بوونەوەرە ئاینییە دەبینن، وەکو "سەمەندەر"، "فریشتە"، "پەری"، "ئەسپی ئەفسانە"، "مەراڵی خەون"، "تەیری شیعر"، "کۆتری لێبوردن"، "نەورەس"، "ئاسک"، "کەوی سپی"، "بولبول"، "پەپوولەسلێمانکە"، "حاجی لەقلەق" هتد. بەڵام کاتێک "مەلەک تاوس" وەکو وزەیەکی شاراوە دێتە نێو دەقی شێرکۆ بێکەسەوە، ئەم پرۆژەیە دەگاتە قۆناغی کامڵبوون و کۆتایی بە پرۆژەی شیعریی شاعیر دەهێنێت. بەڕوونی شاعیر ئەمە دەدرکێنێت و دەگاتە ترۆپکی لەززەت و دەڵێت:

**( من ئەهلی خودام و باڵندەی زۆزان)**
**بەفڕینی مەلەک تاوسەکەی من**
**ئاسمان قووڵ بۆوە.** (بەرگی، ٥، لا ١٥)

دوای دامەزراندنی شوێنی پیرۆز، ئیتر "بوونی" شاعیر سەرهەڵدەدات، دەکرێت بڵێین "کۆ-بوون" و ئیتر ئارەزووی تەمەلوککردنی ئەم هێز و وزە شاراوەیە دەکات، چونکە لە رێگەی ئەم تەمەلوکردنەوەو ئیتر ئیدامە دەداتە ئەو "بوونە". با خوێنەر دیققەتی ئەم دوو دێڕەبدات. بەڵکو شاعیر دەچێتە ژێر پێستی "مەلەک تاوس"ەوەو دەبێتە ئەو:

**(کوچەکێکم) یان مەلێکم**
**لەو مەلانەی ئەفڕن هەتا ناو دڵی خوا.** (بەرگی ٥، لا ٢٦)

لەم گریمانەی ئایا دەکرێت، "مەلەک تاوس" لە بیابانەوە واتە لەعەدەمەوە هاتبێت؟ ئایا دەکرێت لەگەڵ سەرجەم ئەو جانەوەر و ئاژەڵە کێویی و دڕندانە بژێت کە هەمووشیان ئینسانن، بەڵام لەبەرەی خەسم و بگرە دوژمنیشن، واتە سەر بەرژێمی پێشوون؟

کەواتە دەبێت و بەبێ ئەمەش بەهیچ شێوەیەک مومکین نییە، دەبێت "مەلەک تاوس" نەک تەنها دانیشتووی چیا بێت، بەڵکو دەبێت ببێتە ئەڵقەی نێوان ئاسمان و زەمین. ئا لێرەوە عەقڵییەت و هزری ئاینی شاعیر بەتەواوی روون دەبێتەوە:

**ئەی مەلەک تاوس ی جوانیی و**
**شای پەرییانی چیانشینی!**

**رۆحم بخەرەسەر فەنەری باڵە ڕووناکەکانت !**
**رۆحم داگیرسێنە!** (بەرگی، ٥، لا١٦٧)

"مەلەک تاوس" دەبێتە تاقە باڵداری پیرۆز و نێوان ئاسمان و چیا:

**ئەی باڵداری پیرۆز!**
**ئەی هاودەمی یەزدان لەبەرزاییەکانی تەنیاییدا.** (بەرگی ٥. لا ١٥)

فیکرەی قوربانی و پیرۆزاندنی شوێن بەهێچ شێوەیەک ناکرێت گومانی لێبکرێت کاتێک ئەم بڕگەیەش دەخوێنینەوە:

**ئەی فریشتە رۆحی سپی!**
**ئەی مەلەک تاوسی رەنگین**
**بەڕەنگەکانی ولات و بەرەنگەکانی قوربانیم.** (بەرگی ٥، لا٢٨٧)

دەبێت ئەوەش بخەینەڕوو کەکاتێک شیعر هەڵقوڵاوی عەقڵێکی ئاینی دەبێت، لەخاڵێکەوە دەستپێدەکات و لەخاڵێکیش کۆتایی دێت. ئەم پرۆسە ئاڵۆزە کاتێکیش لەشیعردا بەرجەستەدەبێت، لەپیرۆزبوونی شوێن و ئازادی ئینسانی کورد دا رەنگدەداتەوە. لە لێکۆڵینەوە دووەم کە لەسەر دەقی "کورسی" نووسراوە، چەند دێڕێکی لێرە دووپات دەکەینەوە.

کورسی ئەنفالکراو لەزیهنی نوسەردا، لەخەونە قووڵەکانیدا، لەژێرخانی ناهۆشیارییدا، جارێکی دی، لەدونیایەکی بێگەردی بارەگای یەزدان دەبووژێتەوەو هیوامان بۆ زیندوودەکاتەوە کە رەنگبێ ئازادی بە یەجگاریی بێت و لەسەری دانیشی هەر وەک چۆن عاشقانی ئازادی دەهاتن و یەک لەدووی ئەویتر لەسەری دادەنیشتن. هەر کەسایەتییەک لەوانە بەشدارییەکی تەواویان کردووە لەوەی کە رۆژێک ئازادی بێت و لەسەر "کورسی" دانیشێ. هیوایەک دەمێنێ، ئەویش لەکەشکەلانی فەلەک دایەو لەقووڵایی زیهندایە و لەسەر زەمینیش چش!!!.

**"لەتەختایی ساماڵێکدا هەورێکم دی**
**کە لەشێوەی " کورسیەکەدا"**

**هەمان کورسی**
**نزیک بەبارەگای خودا، دانرابوو**
**چاوەڕوان بوو، بەئێجگاری**
**ئازادیی خۆی بێ و لەسەری دابنیشێ.“** (کورسی، شێرکۆ بێکەس، لا ٢٩٧)

**ئەنجام:**

ئاژەڵ و پەلەوەری واقیعی و ئەفسانەیی و خەیاڵی پانتاییەکی بەرچاو لەشیعری شێرکۆ بێکەس داگیردەکەن. لایتمۆتیڤی ئەم بەکارهێنانەش هێزێکی نادیاریی ئاینی لەپشتەوەیە، بە ویست و بەنەویست ترنجاونەتە نێو دەقی شیعریی شاعیرەوە. ئاژەڵاندنی ئینسان وەک نموونە بۆ جوداکردنەوەی ئینسانی باش لەئینسانی خراپ و لەدوا هەوڵیشدا بۆ بەرپاکردن و دروستکردنی فەزایەکی ئاینی بەکاردێت. ئەم بەکارهێنانە لەپێناو بووژانەوەو سەرهەڵدانی زەمەن و زمانێکی دیکەیە. ئیشکالییەتی جەوهەری لەفیکری شێرکۆ بێکەسدا، لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەستنەوە بە دابونەریت و عەقڵییەتێکی تەقلیدی کە ناولێنانی شتەکان هەندەی لەخزمەتی مەسەلە کۆتایی دێت، هەندە خزمەتی کردەی شیعرنووسین ناکات. رەگوڕیشەی ئەم ئیشکالەتەش لەناوەرۆکی واقیعەوە بەرۆکمان دەگرێت هەر ئەویش وەکو بارستاییەک دێت لەسەر جەستەی شیعر کێشی خۆی ساغ دەکاتەوە.

جوگرافیا و ئینسان دەکرێنە دوو بەشەوە: بیابان بەرامبەر بەچیا و خراپە بەرامبەر بەباشە رادەوەستن. لێرەوە شیعر هەندەی خۆی بەدروستکردنی فەزایەکی پیرۆز خەریک دەکات، هەندە کۆت و زنجیرەکانی دەست و پێی شیعری ناکاتەوە. هەندە گەڕانەوەیە بۆ چەمکی تێم و بابەت، هەندە رەهایی بەدەق نەداوە.

# تەکنیکی دووبارەکاری
# لە هۆنراوەکانی سەباح ڕەنجدەردا



(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەییە)

**پ.ی.د. عادل گەرمیانی**
**کۆلێژی زمان- بەشی کوردی**

## ١-٢

**پێشەکی**

مرۆڤی کۆن و هاوچەرخ، هەندێ جار دووبارەکاری لە ئاخاوتنی رۆژانەی خۆیدا بۆ جەختکردن، یان وەبیرهێنانەوە بەکاردەهێنێت، دووبارەکاریش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێک، یان وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان رستەیەک بۆ مەبەستێکی تایبەت، هەروەها لەوانەیە دووبارەکراوەکە جۆرێکی وێنەی شیعری بێت. هەندێ جار دیاردەی دووبارەکاریی شیعری لە هەندێ هۆنراوە دەکەوێتە بەرچاومان، لەبەر هەندێ مەبەست و هۆکار هۆنیار بەکاری دەهێنی. دووبارەکاری تەنیا لە بواری شیعردا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو لە چەندین بواری دیکەیش بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە دووبارەکاری لە شیعردا چێژێکی هونەریی خۆی هەیە، چونکە بەهێزیی دارشتنە شیعرییەکەیە لەڕووی کێش و سەروا دەخاتەڕوو، هەروەها رۆڵی خۆی هەیە لە بونیاتی ریتمی مۆسیقای شیعریی هۆنراوەکەدا.

لە کاروانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەندێ دەنگی شیعری هەیە ناوبانگی تایبەتیی خۆیان هەیە، وەک دیاردەیەک لە ئاسمانی شیعری کوردیی هاوچەرخدا دەرکەوتوون، (سەباح رەنجدەر)یش یەکێکە لەو دەنگە شیعرییانەی بەکۆششی تایبەتی خۆی و لە ئەنجامی ئەزموونی شیعری خۆیدا توانیویەتی ببێتە مایەی سەرنجراکێشانی خوێنەرو رەخنەگرانی شیعری هاوچەرخی کوردی، هەر ئەم لایەنە هۆکارێکی گرنگ بوو بەلامانەوە لە هەڵبژاردنی ئەم هۆنیارە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە. بەڕاستی (سەباح رەنجدەر) لە ساڵانی ئەزموونی شیعری خۆیدا توانیویەتی کەسایەتییەکی شیعری تایبەت بە خۆی دروست بکات، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکاندا وەک ئەندامێک لە بزاڤی شیعریی گرووپی پێشڕەو لە شاری هەولێر ناسرا(*)، لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەهێمنی و لەسەرخۆ هەوڵی بێوچانی داوە بۆ پێکەوەنانی شێوازی شیعری تایبەت بەخۆی، لێرەدا ئێمەش وەک نەجات حەمید ئەحمەد دەڵێین: " شتێکی سەیر نییە ئەگەر بڵێین شاعیر هەوڵی داوە شێوازێکی تایبەت بەخۆی، جودا لە هەندێک شێوازی تری دەربڕینی شیعری بنیاد بنێ. شێوازێک، کە لە هەندێک رەگەزی جوداو تایبەتییەوە لەزۆربەی کاریگەرییەکانی شیعری قۆناغە جوداکانی شیعری کوردی دەردەچێ"(١).

سەباح سابیر حەسەن رەنجدەر، ١٩٦٥/١١/١٨ لە گوندی دەربەندی گۆمی سەر بە شارۆچکەی دووبز- کەرکووک لەدایک بووە، یەکەم شیعری ساڵی ١٩٧٩ لە رۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردووەتەوە، لە زۆربەی زۆری رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا شیعر و سەرنج و بۆچوونی خۆی لەبارەی شیعر بڵاوکردووەتەوە، هەندێک لە شیعرەکانی بۆ چەند زمانێک وەرگێڕدراون. ئەم هۆنیارە خاوەن ئەزموونێکی شیعریی باشە لە ماوەی ئەو ئەزموونەدا حەوت کۆ شیعری بڵاو کردووەتەوە کە ئەمانەن:

١- (زێـوان/١٩٨٨) ٢- (ڕووەکەکانی خـوداوەنـد/١٩٩٩) ٣- (خەون وا خۆی گێڕایەوە/٢٠٠٤) ٤- (شەڕی چل ساڵە/٢٠٠٥) ٥-(مردوویەک ئاگای لە هەمووانە/٢٠٠٨) ٦-(سەدو یەک شەوە/٢٠٠٨) ٧-(ساڵی سفر/٢٠١٠).

شێوازی شیعریی ئەم هۆنیارە لەماوەی ساڵانی رابردوودا بووەتە مایەی سەرنجراکێشانی زۆرێک لە رەخنەگرو وەرگێڕو لێکۆڵەران(**)، کەوا لەبارەی شیعرەکانی بابەتیان نووسیوە، بۆیە ئێمەیش بەپێویستمان زانی لە گۆشە نیگای دووبارەکارییەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەبارەوە پێشکێش بکەین بەو هیوایەی خزمەتێکی رەخنەی نوێی کوردیمان بکەین.

لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تووشی هەندێ گیروگرفت بووین، وەک

نەبوونی سەرچاوەی زۆر بە زمانی کوردی لەبارەی دووبارەکاری شیعری، هەروەها کێشەی کەم نووسین و رەخنەو خۆ لەقەرەنەدان لەبارەی تەکنیکی دووبارەکاری لەنێو بەرهەمەکانی ئەم هۆنیارە هاوچەرخەدا، کەوا هەردوو جۆری (شیعری ئازاد)و (پەخشانە شیعر) بەشێوەیەکی جوان و سەرنجراکێش دەنووسێ.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی (١٠) جۆری دووبارەکاریمان لەنێو شیعرەکانی ئەم شاعیرە کردووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ تەوەرە لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. تەوەرەی یەکەم بۆ باسکردنی بەها و ئامانجەکانی دووبارەکاری لەنێو داڕشتن و زمانی شیعری تەرخان کراوە، تەوەرەی دووەم بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی دووبارەکاریی نێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە تەرخان کراوە. هیوادارین ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێک بێ بۆ زیاتر ئاشنابوون بە جیهانی شیعریی ئەم هۆنیارەو تەکنیکی دووبارەکاریی نێو دەقی شیعرەکانی.

**تەوەرەی یەکەم: بەها و ئامانجەکانی دووبارەکاری لە شێوازی شیعریدا**

هەرچەندە بایەخدان بەم جۆرە دیاردەیە لەم رۆژگارەدا زیاتر لەنێو شیعردا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام سەرچاوەی ئەم جۆرە بایەخدانە زیاتر بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی لەنێو قورئانی پیرۆزدا دەگەڕێتەوە، کەوا لە چەند سورەتێکی وەک (**الفاتحة** – الناس – الاخـلاص) جۆرە دووبارەکردنەوەیەکی دەنگیی دەکەوێتە بەرچاومان، وەک دووبارەکردنەوەی دەنگی (ن) لە سورەتی (**الفاتحة**) و دەنگی (س) لە سورەتی (الناس)و دەنگی (د) لە سورەتی (الاخلاص)، هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەی (الرحمن)و دەستەواژەی (**فبأي آلاء ربكما تكذبان**) لە سورەتی (الرحمن)، هەروەها دووبارەکاری لە هەردوو سورەتی (المرسلات) و (**الشعراء**) بەرچاو دەکەوێت. واتە بایەخدان بەم جۆرە دووبارەکارییەی نێو قورئانی پیرۆز بووە دەروازەیەکی کاریگەر بۆ بایەخدان بەسەرهەڵدانی دیاردەی دووبارەکاری لەنێو شیعردا. بەلای **السیوطی**"دووبارەکاری رەوانترە لە دووپاتکاری، ئەمەش لە لایەنە باشەکانی رەوانکارییە"[٢].

سادەترین پێناسەی دووبارەکاری ئەوەیە: " قسەکەر واژەیەک (لەفزێک) بهێنێت پاشان وەکو خۆی دووبـارەی بکاتەوە چ واژەکە هاوواتا بێت، یان جیاواز بێت، یان واتایەک بهێنێت پاشان دووبارەی بکاتەوە. ئەمەش لە مەرجی رێکەوتنی واتای یەکەم و دووەمە، جا ئەگەر یەکگرتنەوەی واژەکان و واتاکان

بێت سوودەکەی لە سەلماندنی دووپاتکردنەوەی ئەو بارەیە لە دەروونداپە، هەروەها ئەگەر واتاکان یەکگرتوو بێت هەرچەندە واژەکان رێکەوتوو بێت و واتاکان جیاواز بێت سوودەکەی بۆ هێنانەوەیەتی وەک هێمایەک بێت بۆ دوو واتا جیاوازەکان"[٣].

دووبارەکاری (التكرار) شیعری لایەنێکی هونەریی شێوازی شیعرییە، کەوا بەهۆیەوە تێگەیشتن لە دەقی شیعریمان بۆ فەراهەم دەکات، چونکە دووبارەکاری هەر بۆ دووبارەکردن نییە، بەڵکو کەرەسەیەکی گرنگی شێوازی شیعرە بۆ دەرخستنی کاریگەری دووبارەکراوەکە بەسەر هزرو دەروونی خوێنەرەوە. هەروەها دووبارەکاری بنەمایەکی گرنگی بونیادی هونەریی شیعرە، چونکە "دووبارەکاری بناغەی ریتیمە بەهەموو جۆرەکانی کەوا لە مۆسیقا دەبینرێت، هەروەها بناغەیەکە بۆ تیۆری سەروا لە شیعردا "[٤]. دووبارەکاری لایەنێکی گرنگە لە مۆسیقای شیعری بەهۆی ئەو ریتیمە دووبارەکردنەوەکە دروستی دەکات، بەتایبەتی لە مۆسیقای دەرەوەی شیعرییە بە تایبەتیش لەبواری سەروای شیعری، هەروەها دووبارەکاری لەبواری کێشی شیعری کلاسیکی بەدی دەکرێت بۆ نموونە دەریای رەجەز بریتییە لە چوار جار دووبارەکردنەوەی هەنگاوی (مستفعلن)، هەنگاوەکانی بریتییە لە دووبارەکردنەوەی چەند دەنگێک جۆرە ریتیمێک دروست دەکەن مۆسیقای شیعریی هۆنراوەکە دروست دەکەن.

وشەی دووبارەکاری لە زمانی عەرەبیدا (تكرار)ە کەوا لە وشەی (كرر) وەرگیراوە، بەڵام وشەی دووبارەکاری (Repetition) وشەیەکی لاتینییە بەواتای جارێکی دیکە هەوڵ دەدات، ئەم وشەیە لە وشەی (Petere) بەواتای دەگەڕێ. ئەم جۆرە کارو کردەوە نەک تەنیا لەبواری شیعر، بەڵکو لەبوارەکانی مۆسیقاو نیگارکێشانیشدا بەکار دەهێنرێت[٥].

زمان لە خودی خۆیدا کەرەستەیەکی دەربڕینە بەلای ئادەمیزادەوە بەهۆیەوە بیروبۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، یان پێشکێش دەکات، هۆنیاریش وەک کەسێکی خاوەن هەستێکی ناسک و خاوەن توانایەکی هۆنینەوەو داڕشتنی شیعری جۆرە زمانێکی باڵا لەنێو هۆنراوەکانی بەکاردەهێنێ بۆ بەخشینی جۆرە چێژێکی هونەری بەخوێنەری هۆنراوەکەی. بۆ ئەم مەبەستە هەندێ تەکنیکی زمانەوانی بەکاردەهێنێت، تەکنیکی دووبارەکاری جۆرە گەمەیەکی شیعریی ئاڕاستەکراوە لەلایەن هۆنیارەوە بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێت. زۆر جار جۆرە لێکچوونێک لەنێو وشە، یان فرێز، یان رستە دووبارەکراوەکانی نێو هۆنراوەکە بەرچاومان دەکەوێت لە حاڵەتی هاوتەریبی بەکارهێنانیان ئەگەر

دووبارەکراوەکە وەکو خۆی دووبارە کرایەوە، بەڵام ئەگەر هۆنیار وشەی بۆ زیاد کرد، یان وشەی لێ لابرد ئەوسا حاڵەتی هاوتەریبی دروست نابێت، بەڵکو جۆرە وەکییەکی ناتەواو دەکەوێتە بەرچاومان، چونکە "لێکچوون لە دووبارەکاری فراوانترە لە وەکیەکی، هەرچەندە هەموو وەکیەکییەک بەلێکچوون دادەنرێت، بەڵام هەموو لێکچوونێک بە وەکیەکی دانانرێت. هەروەها هەموو دووبارەکارییەک و هاوتەرییبی یەک شت نییە، بەڵکو دووبارەکاری یەکێکە لە دەرکەوتنە زۆرەکانی هاوتەریبی، چونکە لێکچوون خاڵی هاوبەشیانە"(٦).

دووبارەکردنەوە بەلای ئەم هۆنیارەوە جیاوازە لە جووینەوە، یان لاساییکردنەوە، چونکە بەلایەوە دووبارەکاری داهێنان و جوانبەخشی و بەهای خۆی هەیە، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەفراندن لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا پەیوەستە بە فرەیی کولتوور و پاراوی ئەزموونی دووبارەکەرەوە. دووبارەکردنەوە جیاوازە لە جووینەوە، چونکە جووینەوە لاساییکردنەوەیە و هیچ داهێنانێکی تێدا بەرهەم نایەت، بەڵام دووبارەکردنەوە جیاکاری و داهێنانی لێوە دەدۆزرێتەوە. دووبارەکردنەوە هەمیشە جوانیی شێوە نوێ دەڕژێتە ناو واقیعی نووسین و جوانبەخشی"(٧). گومان لەوەدا نییە ئەم هۆنیارە بەوشیارییەوە گەمەی دووبارەکاری لەنێو هۆنراوەکانی بەکاردەهێنێ، چونکە لەپێشەکی کۆشیعری (سەدو یەکشەوە) دەڵێت: "پێش ئەوەی بیانخەمە ناو شیعرەوە ئاگاداریان دەکەمەوەو جۆرە ئامادەبوونێکیان لێ دەرەخسێنم. ئەوجا بەگەمەکردن لەگەڵ هەستەکانی لە ناو رستە وێنەدا مامەڵەی بوون بە شیعریان لەگەڵ دەکەم، هەموو بینینەکانی رادەکێشمە ناو بینینی خۆم و هەستی جوانبەخشیم لا بەهێز دەکات و پاشان پێی دەگەیەنێت. شیعر لە بەرزایی ئاسمانەوە دانابەزێتە قووڵایی ژیان، بەڵکو لە قووڵایی مانایەکی شیعریی پەیدا دەکات و بەرز دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دەبێتە پێویستییەک لە پێویستییە گیانییەکانی مرۆڤایەتی و بەدیهێنەری واقیعی نووسین و جوانیبەخشی"(٨). تەنانەت ئەم جۆرە گەمە شیعرییە بەلایەوە زیاتر بۆ جوانی شیعرە، بۆیە دەڵێت: "من جوانی دەنووسم لە بارەی جوانییەوە نانووسم"(٩).

مەبەست لە دووبارەکردنەوە زیاتر بەخشینی جۆرە کاریگەرییەک بە بەیت، یان دێڕ، یان دەستەواژە، یان وشە دووبارەکراوەکەیە، هەروەها ئەو کارە لەپێناوی سەرنجڕاکێشانی خوێنەری شیعرەکەیە تا بەهۆیەوە بەوشیاری شیعرەکە بخوێنێتەوەو ئاگاداری بەیت، یان دێڕ، یان دەستەواژە، یان وشە دووبارەکراوەکە بێت. دووبارەکاری بەشێوەی دەنگ، یان وشە، یان فرێز، یان رستە دەبێت، هەرچەندە دووبارەکردنەوەی رستەی کاری کاریگەرترە

لە دووبارەکردنەوەی رستەی ناوی بۆ خستنەڕووی کاریگەریی دەروونیی رووداوی نێو بابەتی هۆنراوەکە[١٠]، لەم رووەوە دووبارەکاریی رستەی کاری زیاتر لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە بەرچاو دەکەوێت، چونکە هەموو گەمەیەکی نێو زمانی شیعریی هۆنراوەکانی بۆ بەرجەستەکردنی سروشتی رووداوی نێو هۆنراوەکەی بەکاردەهێنێت. هەروەها ئەگەر ژمارەی جاری دووبارەکراوەکە کەم بوو ئەوا پێی دەوترێت نا درێژ، بەڵام ئەگەر ژمارەی جاری دووبارەکراوەکە زۆر بوو ئەوا پێی دەوترێت دووبارەکراوی درێژ[١١]، هەرچەندە لەم رووەوە دووبارەکاریی نادرێژ زیاتر لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە بەرچاو دەکەوێت. . لێرەدا بواری بازنەی جووڵانەوەی نێوان دووبارەکاریی نادرێژ فراوانترە لەوەی نێو دووبارەکاریی درێژ، کەوا زیاتر دەبێتە پتەوترکردنی شێوازی داڕشتنی هۆنراوەکە، هەرچەندە هێزی تەکاندان بۆ پێشەوە لە دووبارەکاریی نادرێژ کاریگەرترە بەحوکمی ئەوەی شوێنەکانی دووبارەکاریی نادرێژ زۆرترە. دووبارەکراو دەبێتە چەقی مەڵبەندەیی نێو هۆنراوەکە، لێرەدا زۆری ژمارەی جاری دووبارەکراو دەبێتە مایەی بەخشینی جۆرە هێزێکی کاریگەر بە چەقە مەڵبەندییەکە.

زاراوەی دووبارەکاری (التكرار- REPETITION) لەڕووی فەرهەنگییەوە بە واتای بۆ دوو جار، یان زیاتر بەکارهێنان بۆ مەبەستێکی تایبەت دێت، بەڵام لەڕووی ئەرکەوە دووبارەکاری وەک وریاکردنەوەیەکە لەمەڕ دووبارەکراوەکەوە. ئەم زاراوەیە هەندێ لێکۆڵەر بەشێوەی دووبارەکردنەوە بەکاری دەهێنێ، هەندێکی دیکە بەشێوەی (گەڕانەوە) بەکاری دەهێنێ. بەلامانەوە زاراوەی دووبارەکردنەوە دروستە ئەگەر وشەکە بۆ دوو جار بەکار هات ئەگینا بەپێی ژمارەی بەکارهێنانەکە دەبێ زاراوەکە دابڕێژرێت وەکو (سێبارە، دەبارە.. تاد)، هەروەها گەڕانەوە زیاتر لە دەرەوەی رەخنەی شیعری بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت، چونکە هۆنیار لەنێو هۆنراوەکەیدا ناگەڕێتەوە بۆ وشەیەک، بەڵکو بۆ مەبەستێک دووبارەی دەکاتەوە. دووبارەکاری، یان گەڕانەوە بەلای د.ئازاد ئەحمەد مەحموود[١٢]ەوە "دیاردەیەکە لە دیاردەکانی شێوازگەری، رەوانبێژان و زمانناسان و رەخنەگران بەگشتی باسیان کردووە. شوێنێکی دیکەی جیا لەو جێگایەی کە لە بەراییەوە وتراون، یان تۆمارکراون"[١٣]. هەروەها بەلای ئەم لێکۆڵەرەوە "لە شارستانییەت و ئەدەبی رۆژئاوادا، گەڕانەوە بە زەقی زۆریی بەرچاو دەکەوێت، وەک دیاردەیێکی هونەری، مێژووی خۆی هەیە. ئینسایکلۆپیدیای (برنستون – priceton) ئاماژە بەوە دەکات، کە دیاردەی

گەڕانەوە، گەڕانەوە بە گرنگترین خاسیەتی شیعر بووە، شاعیرانی ئینگلیز هەر لە شکسپیرەوە تا دەگاتە (ت.س.ئیلیەت) ئاوڕیان لێداوەتەوە. جگە لەمانە، لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، ناوەندێکەو گۆشەی تایبەتی خۆی هەیە، لێی کۆڵراوەتەوە"[١٤].

دووبارەکاری لە شیعری کۆندا لەوانەیە بۆ مەبەستی رەگەزدۆزی بێت. بۆ نموونە (نالی) لە هۆنراوەیەکدا وشەی (چین)ی دووبارە کردووەتەوە بۆ مەبەستی رەگەزدۆزی بەکارهێناوە:

**برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین**

**ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین**[١٥]

ئەم جۆرە دیاردەی بەکارهێنانی دووبارەکاری لە هۆنراوەی نوێدا بۆ مەبەستی رەگەزدۆزی زۆر بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە دووبارەکاری نێو هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە زیاتر بۆ مەبەستێکی رەگەزدۆزی نییە، بەڵکو زیاتر بۆ هەندێ مەبەستی دیکەی دەروونی و جوانکاریی داڕشتنی شیعرییە.

دووبارەکاری شیعری بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێک، یان وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان رستەیەک لەنێو دێڕەکانی هۆنراوەکە، هەروەها هونەری دووبارەکاری سەر بە شێوازگەرییەو جۆرێکە لە هونەری داڕشتنی شیعری لای هەندێ هۆنیاری کۆن و نوێ بەرچاو دەکەوێت، زیاتر هۆنیار بە مەبەستی سەرنجراکێشانی خوێنەری هۆنراوەکەی بۆ دووبارەکراوەکە پەنای بۆ دەبات. دووبارەکردنەوەی وشە هەندێ جیاوازی هەیە لەگەڵ دووبارەکردنەوەی دەستەواژەو رستە، چونکە لە دووبارەکردنەوەی وشە لایەنی واتاسازی و فەرهەنگی زیاتر بە جوانی رۆڵی کاریگەری خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە لەڕووی فەرهەنگییەوە وشەکانی (بەفر، بەرف، سەهۆڵ، بووز) هەمان واتای هەیە واتە هاوواتای وشەی بەفرن، هەروەها لەڕووی واتاسازییەوە وشەی (بەردان) بە وشەیەکی فرەواتا دادەنرێت، چونکە چەند واتایەکی هەیە وەک ئاو بەردانەوەو بەردانەوەی شتێک لەسەرەوەو بەردانی بەندکراو.

بەلای نازک الملائکەوە[١٦] سێ جۆر دووبارەکردنەوە لە شیعری نوێدا هەیە، ئەمانەن:

١- دووبارەکاری بەیانی (التکرار البیانی): بریتییە لەوەی وشە، یان فرێز، یان رستە شیعرییەکە لە چەند شوێنێکی نێو هۆنراوەکە دووبارە بکرێتەوە، ئەم جۆرە دووبارەکارییە لەنێو شیعری سەباح رەنجدەردا زۆرە. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (سوێسکە) سێ جار وشەی (ژماردن) بەشێوەی دەستکاریکراو لە شوێنی جیاواز بەکارهێناوە:

**سوێسکە هێلکەکانی دادەنێ**

**دەیانژمێرێ و بێ دوودڵی لەسەریان دەکەوێ**

**بۆ ماوەیەک لەبیری هیچدا نابێ**

**تا جووجکەکانی سینگی دەخورێنن**

**دووبارە دەیانژمێرێتەوە**

**لەنێوان هێلکەو جووجکەدا**

**شتێک هەیە وا لە ناخی دەکات**

**ژماردن دووبارە بکاتەوە** (کۆشیعری سەدو یەکشەوە / ل١٣)

٢- دووبارەکاری دابەشکاری (تکرار التقسیم): بریتییە لەوەی وشە، یان فرێز، یان رستە شیعرییەکە لەکۆتایی پەرەگرافە شیعرییەکە دەبێت. ئەم جۆرە دووبارەکارییە لەنێو هۆنراوەی ئەم هۆنیارەدا بەرچاو ناکەوێت.

٣- دووبارەکاری نەستی (التکرار اللاشعوری): بریتییە لەوەی وشە، یان فرێز، یان رستە شیعرییەکە زۆر دووبارە بکرێتەوە، وەک نازک الملائکە دەڵێت: "دەبێ فرێزی دووبارەکراو لە قسەیەک وەرگیرابێت هۆنیار بیستوویەتی و تێیدا جۆرە تەعلیقێک بەسەر حاڵەتێکی هەنووکەیی خۆی دۆزییەوە ئازاری دەدات، یان ئاماژەیەکی تێدایە بۆ رووداوێکی سەرنجراکێش غەمێکی کۆن، یان پەشیمانییەکی نوستوو، یان گاڵتەجارییەکی دڵتەزێن وەخەوەر دەهێنێتەوە"[١٧] بۆیە ئەم جۆرە دووبارەکارییە لە ئەنجامی جۆرە کارتێکردنێکی دەروونی رەنگ دەداتــەوە، زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی هەستی خوێنەری شیعرەکەیە تا بگاتە پلەیەکی هاوتەریبی هۆنیارەکە، ئەم جۆرە دووبارەکارییە هەبوونی بەرچاوی هەیە لەنێو شیعری ئەم هۆنیارەدا بەشێوەیەک دەکرێ بڵێین کاریگەری خۆی هەیە لە نەستەکەیداو دەیەوێت لەرێی دەقی شیعرەکەیەوە بیگوازێتەوە بۆ نەستی خوێنەر، یان پەیام وەرگرەکەی. بۆ نموونە ئەم هۆنیارە لە هۆنراوەی (بۆنە) دا دەستەواژەی (ئەو گوڵەی) لەسەرەتایی شەش دێڕی شیعری بەدوا یەکتردا هاتووە بەشێوەی (دووبارەکردنەوەی خاو — التکرار المائع) دووبارە دەکاتەوە، واتە دێرەکە بەسووکە دەستکارییەک هەر جارێک بۆ بۆنەیەکی تایبەت لە ژیانی خۆیدا تەرخان کراوە، بەم شێوەیە دووبارەکردنەوەکە دەبێتە مایەی نیشاندانی کاریگەری پێشکێشکردنی گوڵ لە نەستی خۆیدا، کەوا لە چەند بۆنەیەکدا گوڵ لە ژیانی مرۆڤدا پێشکێش دەکرێت:

**سوپاس بۆ گوڵی بۆنەکان**
**ئەو گوڵەی لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبوونم پێشکێشم کرا**
**ئەو گوڵەی لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم**
**ئەو گوڵەی لە یەکەم ژووانی دڵداریمدا**
**ئەو گوڵەی لە بڵاوکردنەوەی یەکەم شیعرمدا**
**ئەو گوڵەی لە چاپکردنی یەکەم کتێبمدا**
**ئەو گوڵەی لە ڕۆژی زاوایەتیم**
**من لە ژیان بەردەوامم**[١٨]

دووبارەکاری بەلای شاعیرەوە دەلالەتی باش بیرکردنەوەی مرۆڤی کاراو چالاکە، چونکە "دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جوانییە لە بن نەهاتووەکان نیشانەی ژیانخۆشی و باش بیرکردنەوەی تاکی چالاکی لە ناو کۆمەڵگادا"[١٩] هەروەها بەلایەوە "دووبارەکردنەوەی وشەش هێزێکی دیکە دەبەخشێت، بە جۆرێک لە ناخڕا پێ دەگاتەوەو دەیهێنێتە بوون و پانتایی کارتێکردن "[٢٠]. هەروەها بەلایەوە "ئەفراندن لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا پەیوەستە بە فرەیی کولتوورو پاراوی ئەزموونی دووبارەکەرەوە. دووبارەکردنەوە جیاوازە لە جووینەوە، چونکە جووینەوە لاساییکردنەوەیە و هیچ داهێنانێکی تێدا بەرهەم نایەت، بەڵام دووبارەکردنەوە جیاکاری و داهێنانی لێوە دەدۆزرێتەوە. دووبارەکردنەوە هەمیشە جوانیی شێوە نوێ دەڕژێتە ناو واقیعی نووسین و جوانبەخشی "[٢١].

شیعر کۆنترین ڕەگەزەکانی ئەدەبە لەڕووی سەرهەڵدانەوە توانیویەتی لەدێر زەمانەوە تا ئەم ڕۆژگارە ببێتە زمانحاڵی هۆنیار لە دەربڕینی هەستی ناسکی ناخەوەی لە حاڵەتەکانی خۆشی و شادی، یان غەمباری و دڵتەنگی، تەنانەت شیعر بەتایبەتی شیعری مەرگەسات لەسەردەمی یۆنانی کۆندا پیرۆزی خۆی هەبووە، بۆیە دەکرێ بڵێین شیعر جوانترین بەرهەمی ئەدەبییە، دەتوانێ لە هەموو سەردەمێکدا کاریگەری خۆی بنوێنێ.

ڕاستە شیعر لە ئەدەبی گەلاندا پانتایی بەرفراوانی بۆ خۆی داگیر کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری شیعر بەسەر خوێنەرو گوێگرەکەیدا توانیویەتی مانەوەیەکی کاریگەر بۆخۆی دابین بکات. شیعر زیاتر دەربڕینێکی ویژدانییە کاریگەری خۆی هەیە لە دەروونی ئادەمیزاددا بەشێوەی هونەری جوان دایدەڕێژێت بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی هەبێ لە هزر و دەروونی پەیام وەرگرەکەی، هۆنیاریش " شارەزایی هەموو فێڵەکانی زمانە، هەر لە لووتکەی سادەو ساکارییەکەیەوە تا دەگاتە ڕەوانبێژی سەخت "[٢٢]. زمانی شیعر جۆرە

زمانێکی تایبەتە هەندێک جیاوازی خۆی هەیە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵکیدا، چونکە زمانی شیعر خاوەن پەیامی خۆیەتی پێویستی بەکەرەستەی زمانەوانی تایبەت خۆیەتی، دووبارەکاریش یەکێکە لە کەرەستە بەهادارەکانی زمانی شیعر لە داڕشتنی شیعریدا. هۆنیار لە بواری داڕشتنی دەقە شیعرییەکەیدا بۆی هەیە هەندێ دەستکاری لایەنی رستەسازی زمانەکە بکات بەپێی رێکخستنی کێش و سەرواى شیعرەکە، چ لەڕووی پێش و پاش خستنی هەبوونی بکەرو کردارو بەرکار، یان لە رووی هەندێ لایەنی زمانەوانی دیکەی داڕشتنی شیعرەکە.

دەکرێ بڵێین شاعیری ئەم لێکۆڵینەوەمان لەبواری زمانی شیعریدا خاوەن جۆرە شەقڵێکی تایبەتە هەموو خوێنەرێکی شیعر بە ئاسانی لەگەڵ جیهانی نێو دەقە شیعرییەکەی و زمانە شیعرییەکەی ئاوێتە نابێ، چونکە جۆرە داڕشتنێکی زمانەوانی بەکاردێنێ، یان جۆرە زمانێکی شیعری بەکاردێنێ، بەئاسانی زۆرینەی خوێنەران لێی تێناگەن، چونکە ئەم هۆنیارە لایەنی کەلەپووری تێکەڵ بە لایەنی ئەفسانەیی دەکات، جۆرە زمانێک بەکاردێنێ بۆنێکی شێوازی هەولێرییانەی پێوە دیارە، بۆیە لەهەندێ شوێندا خوێنەر پێی ناکرێ بەئاسانی لێی تێ بگات، یان لە دیوە شاراوەکانی پشت پەردەی فرێزو رستەی دێڕە شیعرەکانی شارەزایی پەیدا بکات. بۆ نموونە لە هۆنراوەی سروشت دەڵێ:

**باران سەری رۆشنی بە دۆستی هەرە نزیکی**
**زەوی هەمیشە بڕوا پێ کراو کرد**
**ئەمەش بە رۆشنایی نۆتە دەست نووسەکانی**
**فەرمانڕەوای دارستان هەڕەشە لە بازی پیر دەکات**
**بازی پیریش ترس و بیری هێلکە نەترووکاندن ئەستێرەدا ناکشێنی**
**مۆزەخانەیەکی لە هەفتەی ئاسوودەی مەستتر رابردوو**
**پیاوێکی لە هەفتەی ئاسوودەی چاو روونتر لە ئاگر**
**گوڵدانێکی لە هەفتەی ئاسوودەی لە دیدارتر لە پەنجەرە**
(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە / ل٤٩)

زمانی شیعریی نێو ئەم پارچە هۆنراوەیە تەمومژی زۆری پێوە دیارە پێویستی بەوەیە هۆنیار پەردە لەسەر نهێنی واتای شاراوەی نێو دێڕەکانی ئاشکرا بکات، چونکە خوێنەری ئاسایی زۆر زەحمەتە پەی بە واتای دێڕەکان ببات، ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمانی شیعری لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارەدا لە چەندین هۆنراوەی دیکە دووبارە بووەتەوە. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (شیعر) دا دەڵێ:

**چاو هیچ گرینگ نییە**
**هەرگیز نەیتوانیوە گیان بدۆزێتەوە**
**من بەهەستی پێت**
**دەڕۆم و ختووکەی وشە دەدەم**
**برادەری ملوانکەی باب و باپیران لەمل**
**ڕستەی ئەو بەخشندەییەی دامێ**
**دەنگێکی روون ئاشنا لە هەناوی شیعرەوە**
**چل چرای هەموو چاخەکانی**
**کردە ئاوێنەی ئاسمانی**
**هەمووومان خۆمان لەناو داگیرساند**
**منیش بەوەم زانی**
**لەسەر زەوی شیعردا لەدایک بووم**
**شیعریش پێش من روخساری پشکووتبوو**

(کۆشیعری سەدو یەکشەوە / ل٢٨٩)

راستە زمانی شیعر نابێ زۆر راستەوخۆ، یان زۆر سادەو ساکار بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعر سەرکەوتوو نابێ لە گەیاندن و دەربڕینی پەیامی شیعر ئەگەر تێدا لێڵی و تەمومژی زۆر بەکار هێنرا، چونکە زمانی شیعر " وشەکان رێک دەخات و پڕ واتایان دەکات، ئەو واتایەی کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی واتای دروست و خوازراوی لەلایەک و بینایی ریتم لەلایەکی ترەوە هەڵدەقوڵێ "[٢٣]. زمانی شیعر زیاتر بەئەرکی رازاندنەوەی دەقی شیعر هەڵدەستێ لەپێناو بەخشینی چێژێکی هونەری بەخوێنەری شیعرەکە، هەرچەندە زمانی شیعرەکە ئاڵۆز نەبێ ئەوەندە بەجوانی دەتوانێ پەیامی شیعری خۆی رابگەیەنی و دەبێتە مایەی زیاتر مانەوەی شیعرەکە لەیادەوەری خوێنەراندا. بۆ نموونە حوسێن عەلی شانۆف لەبارەی زمانی شیعری گۆران دەڵێ: " زمانی شیعری گۆران لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بەجوانترین نموونەی زمانی ئێستاتیکی دادەنرێت "[٢٤].

زمان جگە لەوەی ئامرازێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن بە باشترین کەرەستەی دەربڕین لای مرۆڤ دادەنرێت و ئەم ئەرکە لە زمانی شیعریدا قورستر دەبێ، چونکە هۆنیار لەرێی ژمارەی کەمی وشەوە ئەرکی دەربڕینی هزرو هەستی خۆی دەداتە کۆڵی زمانی دەقە شیعرییەکەی بۆ ئەوەی رۆڵی کاریگەری خۆی بنوێنی لە هزرو هەستی پەیام وەرگرەکەی. لێرەدا پێویستە بڵێین: " زمانی

هۆنراوە تایبەتمەندە بەجیهانی شیعرەوە، بەو هەموو گۆڕانکارییە بەردەوامە لەناوەرۆک و شێوازەوە خزمەتی هەردوو دیوی شیعر دەکات وەکو پۆشاک، چۆن بۆی دەگونجێت، یان بۆی دەگونجێنن بەپێی قەد و پانی ئەو جەستەیە زمانی هۆنراوەی ئەو توانایەی هەیە بە گوێرەی ئەو گۆڕانکارییە خۆی دەگونجێنێت"(٢٥).

زمانی شیعر لەگەڵ رۆژگاردا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە هەندێ وشەی نوێ بەپێی پێویستی رۆژگار شوێن خۆی دەکاتەوە لەنێو زمانی شیعردا، لەوانەیە ئەم لایەنە لەڕێی دووبارەکردنەوەی وشەی تازە زەمینەی باش و کاریگەر بۆ سەقامگیربوونی دابین بکرێت. لێرەدا پێویستە بڵێین: " کەرەستەی هۆنیار وشەیە وەک چۆن لای وێنەکێش و زمانیش وەک هەموو شتی دیکە لە گۆڕاندایە، زمانی شیعری ئەمڕۆ هی دوێنێ نییە هەڵبەتە هی داهاتووش هی ئەمڕۆ نییە(٢٦). زمانی شیعری بە شتێکی گرنگی شێوازی شیعری دادەنرێت، کەوا لە هۆنیارێکەوە بۆ هۆنیارێکی دیکە زۆرجار جیاوازی دەبێ. لێرەدا پێویستە بووترێ جگە لەوەی زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی جیایە، ئەوە زمانی هەر هۆنیارێکیش لە زمانی هۆنیارێکی دیکە جیایە، تەنانەت زمانی شیعری هەر شاعیرێکیش لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی شیعر نووسیندا لەیەکتر جیاوازن، ئەمەش پێوەندی بە دنیا بینینی شاعیرەوە هەیە.

بەحوکمی ئەوەی هۆنیاران هەریەک خاوەنی ئەزموونی شیعری خۆیەتی، بۆیە کەسایەتی هۆنیار لەڕێگای شێوازی شیعرەکەیەوە زۆر جار دەردەکەوێ، زمانی شیعریش دەبێتە کەرەستەیەکی گرنگ لە بەخشینی مۆرکێک، یان شەقڵێکی تایبەت بە شێوازی شیعری هۆنیارەکەیەو " لە رێگەی ئەو زمانە تایبەتەوە شاعیر دەنگی خۆی دەدۆزێتەوەو شێوازی تایبەت بەخۆی دەبێت"(٢٧).

**ئامانجەکانی دووبارەکاری شیعری**

هەموو کارو کردەوەیەک لە ژیانی رۆژانەماندا چەند سوودو ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، وەک مەبەستێکی سەرەکیی هەوڵ و کۆششی بۆ دەکات، تا بەهۆیەوە کاریگەری خۆی بنوێنی. پێش ئەوەی بایەخ بەدیاردەی دووبارەکاری شیعری بدرێت سەرەتا بایەخ بەهەبوونی دیاردەی دووبارەکاری لەنێو قورئانی پیرۆز دراوە، کەوا (١٤٣٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ بەشێوەی پچڕپچڕ لەڕێی جبریلی گەورەترینی نوێنەری خوای مەزن بەسەر محەمەدی پێغەمبەر (د.خ) دابەزیوە، چونکە دووبارەکاری دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە لەنێو سورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، کەوا هەندێ جار بەشێوەی دووبارەکردنەوەی دەنگ خۆی دەنوێنێ،

وەک دووبارەکردنەوەی دەنگی (ن) لە سورەتی (الفاتحة)و دووبارەکردنەوەی دەنگی (د) لە سورەتی (الاخلاص) و دووبارەکردنەوەی دەنگی (س) لە سورەتی (الناس)، یان هەندێ جاری دیکە بەشێوەی دووبارەکردنەوەی وشەو فرێز خۆی دەنوێنێ وەک دووبارەکردنەوەی فرێزی (**فبأي آلاء ربكما تكذبان**) لە سورەتی (الرحمن)، یان هەندێ جار دووبارەکردنەوەی چیرۆکێک لە چیرۆکی پێغەمبەرانە، کەوا بەلای (أ. د. أمين محمد عطية باشا) لەنێو لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی (**التكرار في القصص القرآني – دراسة تطبيقية على قصة موسى عليه السلام**) " دووبارەکردنەوە تەنیا لەپێناو دووبارەکردنەوە نییە، بەڵکو تازەکردنەوەیەکی واتاکانە نەک تەنیا دووبارە وتنەوەیە، جیاوازیش لەنێوان تازەکردنەوەو تەنیا وتنەوە ئەوەیە: دووبارەوتنەوە دووبارەکارییەکە هیچ ئامانجێکی نییە، یان تەنیا بۆ جەختکردنە، بەڵام تازەکردنەوە لە دووبارەکردنەوەی لەفزەکە بۆ ئامانجێکە پاشتر بەبێ ئەو تەواو نابێت "[٢٨].

ئامانجەکانی دووبارەکاری لەنێو قورئانی پیرۆزدا لەلایەن (أ. د. أمين محمد عطية باشا) لەنێو لێکۆڵینەوەکەی بەوردی دیاری کردووەو، بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١- تەحداو ئیعجازە، کەوا لە دووبارەکردنەوەی هەر چیرۆکێک زیادە، یان کەمکردنەوەیەک بەدی دەکرێت و، بەشێوازێکی دیکە گێڕراوەتەوە.

٢- سەرنجراکێشانی کەسان بۆ گوێگرتن لە چیرۆکەکە لەڕێی گۆڕانکاری لە شێوازەکانی یەک چیرۆکدا.

٣- بەهێزکردنی پەندو ئامۆژگاری و بەگەڕخستنی تواناکان.

٤- دووبارەکردنەوەی چیرۆکەکە بەخشینی دڵئارامییە بۆ پێغەمبەر (د.خ)و دڵڕاگرتنی خۆی و هاوەڵەکانی.

٥- بەرزی بایەخدانی خوای گەورەیە بە چیرۆکەکە.

٦- چیرۆکەکە لەوانەیە درێژی بخایەنێت و خاوەن چەندین لایەن بێت.

٧- ترساندنی بێ باوەڕان و وشیارکردنەوەیان بەسزاو چارەنووسی ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا بە پێغەمبەران.

٨- دیارخستنی یەکێتی ئاینەکان لە رەچەڵەکی باوەڕو یەکێتی بانگهێشتن بۆیان لەلایەن پێغەمبەرانەوە.

٩- جەختکردن بەسەر لایەنی نەبینراو (غیبی)و سەقامگیربوونی لە دڵان بەشێوەیەک دەبێتە بەشێک لە ژیانی گوێگر، یان خوێنەر[٢٩].

شیعریش، وەک داڕشتن، یەکێکە لەو کارو کردەوانەی هۆنیار لەڕێی چەند

دیاردەیەکی هۆنیارانە کاریگەری خۆی بەسەر هەست و نەستمانەوە دەنوێنێ، بەڵام هەریەک لەو دیاردە هۆنیارانە خاوەن سوودو ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیەتی، بۆیە دەکرێ لێرەدا بڵێین دووبارەکاریی شیعری یەکێکە لەو دیاردانەی خاوەن سوودو ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیەتی، وەکو:

١- جەخت و دووپاتکردنەوەیە: بریتییە لەوەی دووبارەکراو بۆ جەختکردن لەسەر واتای ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە لە دێڕی پێشوو، یان دێڕەکانی پێشووتر، واتە هۆنیار جەخت دەکات لەسەر لایەنێکی گرنگی دووبارەکراوەکەیە.

٢- سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ شتێکی گرنگ لەنێو هۆنراوەکە خراوەتەڕوو.

٣- مەزنکردنی دووبارەکراو بەشێوەیەک هەندێ پرسیار لەبارەی دووبارەکراوەکە لای خوێنەر دروست بکات.

٤- بۆ چڕکردنەوەی واتایەکی نێو هۆنراوەکەیە وا لە هۆنیار دەکات پەنای بۆ ببات.

٥- دروستکردنی سەرسووڕمان لای خوێنەر لەبارەی دووبارەکراوەکە.

٦- دووبارەکارییەکە بۆ کارێکی شیعریی پێویستە، هەروەها دووبارەکارییەکە بۆ کارێکی پێویستی مۆسیقاییە وا لە هۆنیار دەکات پەنای بۆ ببات.

٧- چڕکردنەوەی ژمارەی وشە بەکارهاتووەکانی نێو هۆنراوەکەیە لەڕێی دووبارەکردنەوەی هەمان وشە، یان فرێز، یان رستە لەنێو هۆنراوەکە.

٨- سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ئەوەی دوای دووبارەکراوەکە لەنێو دێڕەکانی هۆنراوەکە دێت.

٩- سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ شتێکی گرنگ لەنێو هۆنراوەکە خراوەتە روو.

١٠- خستنەڕووی توانای هۆنیارە لەچۆنێتی داڕشتنی هۆنراوەکەی بەشێوەیەک دووبارەکردنەوە دەبێتە بەشێک لە شێوازی شیعریی هۆنراوەکە.

١١- دانپێنانە بە بەها و هێماکانی دووبارەکراوەکە لەنێو هۆنراوەکە.

١٢- ئاگادارکردنە لەبارەی واتای دووبارکراوەکە تا خوێنەر درکی پێ بکات.

١٣- وەبیرخستنەوەی دووبارەکراوەکەیە لە زەینی خوێنەر تا وشیاری پەیدا بکات.

١٤- بەها بەخشینە بە دووبارەکراوەکە لەڕووی دەروونییەوە تا خوێنەر چ لەڕووی باشی، یان مەترسیدارییەوە ئاگاداری و شارەزایی پەیدا بکات.

١٥- دووبارەکراو دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هەندێ یاسای شاراو، بەتایبەتی یاسای هاوسەنگی.

بەگشتی دەتوانین بڵێین شیعر وەک بەرهەمێکی ئەدەبی خاوەن پەیامێکی

مەعریفی کاریگەرەو، شاعیر زمانی شیعر دەکاتە کەرەستەیەک بۆ جوانی دەربڕینی هزرو هەستی ناخەوەی خۆی بۆ خوێنەری، یان گوێگری شیعرەکەو، دەتوانین بڵێین کاریگەری هەموو دەقێکی شیعری زیاتر پابەندە بەکاریگەری و جۆری ئەو زمانە دەربڕینە لەنێو شیعرەکەدا بەکار هاتووە، کەوا لەلایەک زمانی شیعر دەبێتە جلوبەرگێک، یان پۆشاکێک بۆ رازاندنەوەی دەقە شیعرییەکە لەپێناو بەخشینی چێژی هونەری بە پەیام وەرگری شیعرەکە، هەروەها زمانی شیعر لەلایەکی دیکەوە دەبێتە باشترین کەرەستەی دەربڕین لە پرۆسەی داهێنان و داڕشتنی هەموو دەقێکی شیعریدا.

**تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی دووبارەکاری**

هەر هۆنیارێک لە پرۆسەی دووبارەکاری شیعرییەکەیدا، جگە لەوەی ئامانجێکی جوانکاری و بەخشینی چێژی شیعری هەیە، هەوڵ دەدات توانای داڕشتنی شیعری خۆیشی بخاتە روو. ئەم جۆرە دیاردەیە زۆر بە جوانی لەنێو هۆنراوەکانی سەباح رەنجدەردا رەنگی داوەتەوە، خوێنەری هۆنراوەکانی هەست بەو تەکنیکە شیعرییە دەکات:

**١- دووبارەکاری نەپچڕاو:**

بریتییە لـەوەی هۆنیار دووبـارەکـراوەکـە لەهەمان دێـڕە شیعرەکە دووبارەکراوەکە بەدوای یەکتردا بەکار دەهێنێت. ئەم هۆنیارە لەم بوارەدا خاوەن شەقڵی تایبەتی خۆیەتی بەشێوەیەک هەرجارێک وشەیەک زیاد دەکات، یان هەر جارێک وشەیەک، یان پیتێک دەقرتێنی. بۆ نموونە لە پەرەگرافی یەکەمی هۆنراوەی (سرووش)دا رستەی ناتەواوی (بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ) سێ جار بەدوای یەکتر هاتندا دووبارە دەکاتەوەو هەر جارێک رستەکە بە وشەیەکی تازەی وەک بکەر دەگۆڕێت:

**منداڵی بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**
**چارەنووس بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**
**شکۆ بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**

(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە / ل٥٩)

ئەم جۆرە دووبارەکارییە بەهەمان شێوەی دووبارەکراوەکە لەناوەندی دێڕەکەوە دەست پێدەکات لە کۆشیعری (زێوان)دا بەرچاومان دەکەوێت:

**دانیشتنی مردوو لەناو کفن**
**ڕاچەنینی مردوو لەناو کفن**

**مەستی مردوو لەناو کفن**

**نامەنووسینی مردوو لەناو کفن** (کۆشیعری زێوان / ل٨٩)

لە کۆشیعری (ساڵی سفر) ئەم جۆرە دووبارەکارییە هەیە، بەڵام دووبارەکراوەکە وشەی (حەوت)ەو لەسەرەتای دێڕەکانن:

**حەوت هێلکەم ترووکا**

**حەوت جۆگەلە لە یەکتر نزیک بوونەوە بۆ مەلەوانیی بێچووە مراوی**

**حەوت گوڵە گەنم پڕ شیر بوو**

**حەوت باڵ لە کووپەی گەنجینەم روا**

**حەوت پەندم لە تابلۆی شاردا هەڵواسرا**

**حەوت پشکۆم بووە فەرامۆشی جەستەی ئاگردان**

**بەهار خوێنی زەویی هێناوەتە کوڵ و جۆش**

**سروشت لە حەوتەیەکدا دووبارە لەدایک بووەوە**

**ناڵەیەکی پچڕپچڕی لە سینەوە هەستا**

**حەوت پەلکە زێڕینە**

**لەپێش چاوی مندا ونە** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل١٩٢)

هەروەها لە کۆشیعری (ساڵی سفر)دا ئەم جۆرە دووبارەکارییە بەرچاومان دەکەوێت:

**لە شەممەدا باوکم فاتەڕەشەی ئەستوور بوو**

**لە شەممەدا دایک فەرشەی شکا**

**لە شەممەدا دوو برازام بەردی بن پێیان خزی**

**لە شەممەدا خوشکەزایەکم لەگەڵ ئاودا شەڕی راگەیاندو شکا**

**لە شەممەدا یەکەم پایسکیلم دزرا**

**لە شەممەدا بەردی خەتخەتانێی کیژانی دەربەندی گۆمم فڕاندو هاویشتمە تیتراوسک**

**شەممە جۆرێکە لە ئەفسوون**

**زوو کار لە ناخ دەکات**

**ئەو هەڵبەزو دابەزکردنە بەدڵ چییە**

**فیل ئاژەڵێکی خاوو خلیچک و حۆلە**

**ڕووەکی دڕکاوی دەخوات**

**لە شەممەدا**

**یادکرنەوەی خوداو نیشتەجێبوون لەبوونی بزر بوو**

(کۆشیعری ساڵی سفر / ل١٣٦)

لەم پەرەگرافەدا هۆنیار دووبارەکاری کردووەتە کەرەسەیەکی دەروونی بۆ خستنەڕووی هەندێ بەسەرهاتی ناخۆشی خۆی لە ڕۆژی شەممدا، کەوا بۆمان دەردەکەوێت حەوت کارەساتی ناخۆشی وەک (باوکی فاتەڕەشەی ئەستوور بووە، فەرشەی دایکی شکاوە، بن پێی دوو برازای خزاون، خوشکەزایەکی لەشەڕی لەگەڵ ئاودا شکاوە واتە خنکاوە، یەکەم پایسکلی دزراوە، بەردی خەتخەتانێی کیژانی رفاندووە، یادکرنەوەی خوداو نیشتەجێبوونی بزر بووە). بۆیە ڕۆژی شەممە بەلایەوە جۆرە ئەفسانەیەکە بەسەریدا هاتووەو لە نەستی کەڵەکە بووەو، لەنێو ئەم پەرەگرافە ئەو بەسەرهاتانە رەنگیان داوەتەوە.

**٢- دووبارەکاری پچڕ پچڕ:**

بریتییە لەوەی هۆنیار دووبارەکراوەکە لە چەند شوێنێکی ناو دێڕەکانی هۆنراوەکە، یان لە چەند هۆنراوەیەک بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە شوێن وەک چوارچێوەیەکی کراوە، یان داخراوە بەهاو ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە لە هزرو نەستی مرۆڤدا، چونکە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵێ یادەوەری لەئانوساتی خۆیدا بریسکە دەدات و، دەبێتە هۆی ورووژاندنی ناخەوەی مرۆڤەکە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو مرۆڤە هۆنیارێکی خاوەن هەستێکی ناسک بوو وەک سەباح رەنجدەر، کەوا سەرجەم چامە شیعرییە نۆبەرەکەی بەناوی (زێوان) بۆ گێڕانەوەی چەندین یادەوەری منداڵیی خۆی لەو گوندەی تێیدا لەدایک بووە گوندی دەربەندی گۆم، هەرچەندە راستەوخۆ ناوی ناهێنێ، بەڵام لەڕێی (٤٣) چلو سێ جار دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (گوندی گەنجینەی منداڵیم) بۆمان دەردەکەوێت تا چەندێ ئەو گوندەی بووەتە هۆکاری دروستبوونی ئەو گەنجینە پڕ لە یادەوەرییەکانی، کەوا لە هەندێ شوێندا سووکە دەسکارییەکی ئەم دەستەواژەی کردووە، بەڵام لەڕێی ئەو دووبارەکارییە توانیویەتی جۆرە ئەفسانەیەکی سەرنجراکێش بۆ گوندەکەی. بۆ نموونە:

**کۆڵانەکانی دەیگەیاندمە قوتابخانەو گۆڕەپانی رووخۆشی تۆپی پێ**
**پاشان دووکانە پڕ نهێنییە رەنگاوڕەنگەکانی گوندی گەنجینەی منداڵیم**
**چاوی خەون جۆگەی هاوێشت**(٣٠)

یان دەڵێت:

**گوندی گەنجینەی منداڵیم حەوش و بانێکی خانەدانە**
**جۆگە لە ناویدا سێبووری دەداتە**
**ئەو کەنارانەی پێی راوچییەکان ڕێزیان گرتووە** (کۆشیعری زێوان / ل ٢٤)

یان دەڵێت:

**گۆڕێک لە گوندی گەنجینەی منداڵیم ڕێنمایکەریمە** (کۆشیعری زێوان / ل٢٥)

یان دەڵێت:

**چرا بە ناوچەوانی کۆڵانی**

**گوندی گەنجینەی منداڵیم هەڵواسراوە** (کۆشیعری زێوان / ل٢٨)

ئەم جۆرە وێنانە بۆ تۆبۆگرافیای گوندەکە بەشێوەیەکی کاریگەر لە یادەوەرییەکانی چەسپیوە، بۆیە جۆرە پیرۆزییەکی گوندەکەی لا دروست بووە، ئەوسا بەڕاشکاوی رایدەگەیەنێت کەوا گوندەکەی ٤/٣ پێکهاتەی بەشەکانی گیانی خۆیەتی:

**ئەم دنیایە**

**سێ بەشی ئاوە**

**بەشێکی زەوی**

**منیش سێ بەشم گوندی گەنجینەی منداڵی**

**بەشەکەی دیکە حەکایەتی پاڵەوانەکانی دەم ئاگردانی داپیرە**

(کۆشیعری زێوان / ل٣٧)

تەنانەت گوندی گەنجینەی منداڵی هۆنیار بووەتە هەوێنی بەخشینی سرووشی دەستنووسی هۆنراوەکانی و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**دەچمەوە گوندی گەنجینەی منداڵیم**

**خاڵی رووی بەردەکانی**

**هەموو دەستنووسەکانم دەداتێ**

**دەمکات بە نووسەری بێهاوتاو بێباک** (کۆشیعری زێوان / ل٤٧)

دیارە شەیدایی ئەم هۆنیارە بۆ گوندی گەنجینەی منداڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەوێ سرووشی پێغەمبەرێکی پێگەیشتووە، بۆیە دەڵێت:

**لە دیوی ئەم دیو گوندی گەنجینەی منداڵیم**

**گوێم لە دابەزینی سرووشی پێغەمبەرێکە**

**یەکەمین خەونی مرۆڤی بینیوە** (کۆشیعری زێوان / ل٤٨)

ئەم وەبیرهاتنەوەی گوندی منداڵیی هۆنیار لەسەر زاری خۆیەوە بۆ بەجێهێشتنی رەنگی خۆیەتی لەو گوندە، کەوا لەم بارەیەوە دەڵێت:

**ئەو گوندی گەنجینەی منداڵیمە**

**ڕەنگم لەناو جێهێشتووە** (کۆشیعری زێوان / ل٦٨)

پاش ئەم بەسەرکردنەوەی گوندی گەنجینەی منداڵیتی، ئەوسا راستەوخۆ رایدەگەیەنێت:

**لەنێوان لەدایکبوون و مردندا**

**گوندی گەنجینەی منداڵیم**

**یادەوەرییەکی جوان و ئەفسانەیەکی بەهێزە**

**لەناوی دانیشم خەیاڵ خۆشحاڵم دەکات** (کۆشیعری زێوان / ل٧٦)

تەنانەت هۆنیار نایەوێت بەهیچ شێوەیەک لە گوندی گەنجینەی منداڵیتی دابپچڕێت، چونکە بەلایەوە لە بەهەشت نەرم و نیانترە، بۆیە دەڵێت:

**ئەی لە بەهەشت نەرم و نیانتر گوندی گەنجینەی منداڵیم**

**ئەگەر چەتەکان رێیان نەدام بێمەوە ناوت**

**دڵم لە یاخەم دەدەم**

**کۆلارە هەڵدەدەم و دەگەشێمەوە** (کۆشیعری زێوان / ل٨٤)

لە کۆتایی ئەم چامە شیعرە هۆنیار رایدەگەیەنێت گوندی گەنجینەی منداڵیتی دایکە نازدارو نازەنینەکەیەتی:

**گوندی گەنجینەی منداڵیم**

**دایکێکە خاوەن کۆمەڵێ نازدارو نازەنین** (کۆشیعری زێوان / ل٩٧)

لە کۆشیعری (ساڵی سفر)دا ئەم جۆرە دووبارەکارییە پچڕپچڕمان بەرچاو دەکەوێت لەڕێی دووبارەکردنەوەی وشەی (باڵندە) لە سەرەتای چەند دێڕێکی هۆنراوەکە:

**باڵندەی بەیان**

**هیچ شتێک لەبارەی تاریک و روون نازانێت**

**دەستەوەستان چاوەڕوانی رژانی خۆرە**

**باڵندەی باران**

**هیچ شتێک لەبارەی تێنوێتی زەوی نازانێت**

**دەستەوەستان چاوەڕوانی دابارینە**

**جادووبازی حەکایەتخوان**

**لەسەر چیای زێڕو زیو وەستاوە**

**باڵندەیەکی فریودەری**

**بۆ بەڕێوەبردنی زەمین ناردە خوارەوە**

**باڵندەی فریودەر**

**بەردی یاقووت خۆراکیەتی** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل٨٣)

هەر لەم کۆشیعرە، کەوا بریتییە لە (١٦٦ کۆپلە شیعری بێ ناونیشان دووجاری دیکە دووبارەکرنەوەی پچڕپچڕی بەکار هێناوە:

**سمۆرە بە ئاسانی بەدار هەڵدەگەڕێ**
**گاز لە دڵی فەریکە گوێز دەگرێ**
**گۆپکەو چرۆ بریندارن**
**سمۆرە دارگوێزێکی کلۆر کرد** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل٥١)

هەروەها:

**ڕەنگی یەکەم مرۆڤ**
**لە خۆری سبەینان دەچوو**
**پاشان خۆر**
**ڕەنگی بردەوە سەر رەنگی هەموو شتەکان** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل٦.)

**٣- دووبارەکردنەوەی واتا:**

بریتییە لەوەی واتای هەمان وشە لەڕێی هاودەنگی، یان هاواتاییەوە دووبارە بکرێتەوە. ڕێژەی ئەم جۆرە دووبارەکارییە کەمترە، هەرچەندە زیاتر توانای زمانەوانی هۆنیارەکەو دەوڵەمەندیی گەنجینەی فەرهەنگیی هۆنیارەکە دەخاتەڕوو. وەکو لە کۆشیعری (زێوان) بەرچاومان دەکەوێت کاتێک مردن و ناشتنی هەندێ هۆنیار وەک نالی و حاجی قادری کۆیی و مەولەوی لەشوێنی لەدایکبوونیان دەبێتە خۆڵ و بەسەر زامی برینەکانی منداڵییان بکرێت، پاشان دەبێتە جێی شانازی بۆ خەڵکی ئەو گوندە، بۆیە ئەم هۆنیارەیش لەڕێی ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە دەیەوێت ئەو جۆرە واتایە رابگەیەنێت، واتە ئاواتەخوازە خۆڵی ئێسکەکەی بەسەر برینی سەردەمی منداڵییدای بکرێ پاش مردنی و ببێتە جێی شانازی بۆ خەڵکەکەی هەروەک چۆن گوندەکانی نالی و حاجی قادری کۆیی و مەولەوی بوونە جێی شانازی بۆ خەڵکی ئەو گوندانە:

**نالی ئێسکەکانی خۆی بە خاک و خۆڵی بەخشی**
**تا ببێتەوە خۆڵ**
**بەسەر برینی منداڵییدا بکرێ**
**ژانی بشکێت**
**حاجی قادری کۆیی ئێسکەکانی خۆی بە گۆڕ قەرەج بەخشی**
**تا ببێتەوە بە خۆڵ**
**بەسەر برینی منداڵییدا بکرێ**
**ژانی بشکێت**

**مەولەوی ئێسکەکانی خۆی بەسەرشاتە بەخشی**
**تا ببێتەوە بە خۆڵ**
**بەسەر برینی منداڵییدا بکرێ**
**ژانی بشکێت**
**منیش ئێسکەکانی خۆم بە دەربەندی گۆم بەخشی**
**تا ببێتەوە بە خۆڵ**
**بەسەر برینی منداڵیمیدا بکەم** (کۆشیعری زێوان/ ل٧٣-٧٤)

لە کۆپلەی شیعریی ژمارە (١،٨)ی نێو کۆشیعری (ساڵی سفر)دا بەکارهێنانی وشەی دایک بۆ چەند واتاو مەبەستێک لەڕێی دووبارەکردنەوە وەک لەم پەرەگرافە دەردەکەوێت:

**زەوی زۆر دەوڵەمەندە**
**کە کانییەکی نەرم و کراوەی چاوی لە ئێمە دەگێڕێ**
**جوانیش لەگەڵی لەدایک دەبێت و دەبێتە دایک**
**بوون بە دایک**
**نامەیەکە خوداوەند پیتەکانی لێکداوە** (کۆشیعری - ساڵی سفر / ل١٣.)

هەروەها لە کۆپلە ژمارە (١١)ی کۆشیعری (ساڵی سفر) ئەم دووبارەکارییە بۆ وشەی (شاژن) کراوە:

**ئەسپ کە لەناو تەمی بەیانییاندا دەڕوات**
**شاژنی رۆژە**
**مانگیش شاژنی شەوە** (کۆشیعری - ساڵی سفر / ل٢٧)

هەروەها وشەی (بیرنەچوونەوە) لەکۆتایی هۆنراوەی (بیرنەچوونەوە) دووبارە کراوەتەوە تا هەرسێ رەنگی خوداو ئاو و شیعر لەبیر نەکرێت:

**بینیبێت و بیری چوویبێتەوە**
**بیرنەچوونەوە بەهەموو رەنگەکان خۆی دەنوێنێ**
(کۆشیعری سەدو یەکشەوە / ل١٢٨)

هەروەها لەهۆنراوەی (تۆڕ)دا وشەی (جەنگ) لەنێو سێ دێڕی هۆنراوەکە دووبارە کراوەتەوە وەک جەختکردنێک لەسەر واتای کاریگەری ئەم وشەیە:

**جەنگ لە سروودەکانماندایە**
**کوردستان لەناو سروودی جەنگدا**
**شەهیدەکانی رووسوورن** (کۆشیعری سەدو یەکشەوە /ل١٢٠)

لە هۆنراوەی (چارەنووس) هەردوو وشەی (ڕنین)و (گیان) لەسێ دێڕدا بۆ دوو جار دووبارە کراوەتەوە، بەڵام هەست بە هۆکاری دووبارەکردنەوەکەی

ناکرێت:

**شەو وەرزی پێگەیینیتی**
**لە خەون و بێداریمدا دەپرنم**
**بۆ رنین هانا بۆ هێزی گیان دەبەم**
**گیانماڵێکی تەواوە** (کۆشیعری سەدو یەکشەوە /ل٦٤)

لە هۆنراوەی (سوێسکە) سێ جار وشەی (ژمـاردن) دووبارە دەکاتەوە بەمەبەستی دڵنیابوونی سوێسکەکە لە مانەوەی هێلکەکانی:

**سوێسکە هێلکەکانی دادەنێ**
**دەیانژمێرێ و بێ دوودڵی لەسەریان دەکەوێ**
**بۆ ماوەیەک لەبیری هیچدا نابێ**
**تا جووجکەکانی سینگی دەخورێنن**
**دووبارە دەیانژمێرێتەوە**
**لەنێوان هێلکە و جووجکەدا**
**شتێک وا لەناخی دەکات**
**ژماردن دووبارە دەکاتەوە** (کۆشیعری سەدو یەکشەوە /ل١٣)

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(*)گرووپی پێشڕەوی شیعری لە هەولێردا بریتی بوو لەم هۆنیارانە:(سەباح رەنجدەر، جەلال بەرزنجی، هاشم سەڕاج، ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوڵڵا یووسف، دڵشاد عەبدوڵڵا) ٠

(١)نەجات حەمید ئەحمەد –مێژووی خود لە ناو لەنگەریەکدا، چ/کوردستان، هەولێر، ١٩٩٧، ل١١

(**)ئەوانەی لەبارەی شیعری سەباح رەنجدەر بابەتیان نووسیوە، ئەمانەن: (د٠محەمەد مەعرووف فەتاح، کەمال غەمبار، د٠ مارف خەزنەدار، شوکر مستەفا، محەمەد مەولوود مەم، عەبدوڵڵا سەڕاج، نەجات حەمید ئەحمەد، د٠ لەتیف محەمەد حەسەن، د٠ئازاد ئەحمەد مەحموود، مەحموود زامدار، ئەنوەر مەسیفی، یووسف حەیدەری، لوقمان مەحموود، ئارام سدیق، سەلاح حەسەن پاڵەوان، حەکیم مەلا ساڵح، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، د٠ عەلی تاهیر بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، فەرید زامدار، قادر ئیبراهیم مینە، حەمە مەنتک، عەبدولخالق یەعقووبی، ساڵح سووزەنی، فەرەیدوون ئەرشەدی، عەلی قاسمی، محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، سەروەر حەسەن محەمەد، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، پێشڕەو عەبدوڵڵا، بەدران ئەحمەد حەبیب، محەمەد ئەمین ئەحمەد، ئاوات محەمەد ئەمین، عەبدولڕەزاق بیمار، د٠فوئاد رەشید، د٠محەمەد بەکر، د٠ئازاد حەمە شەریف، بۆتان جەلال، رێبین ئەحمەد خدر، ئەحمەد رەزا، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، د٠سەردار ئەحمەد گەردی، سامان دزەیی، د. ئیدریس عەبدوڵڵا، د٠حوسێن غازی ).

(٢)السيوطي – الإتقان في علوم القرآن، طبعة مؤسسة النداء، ص٢٨٠، لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە٠

(٣)احمد مطلوب – معجم النقد الادبي، ج/١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩، ص٣٧٠

(٤)د٠ محمد صابر عبيد – القصيدة العربية الحديثة ٠٠ حساسية الانبثاقة الشعريية الاولى ٠٠ جيل الرواد والستينات، ط/٢، عالم الكتب الحديث، اربد– الاردن، ٢٠١٠، ص ٢٠٠

(٥)محمد عبدالمطلب – بناء الاسلوب في شعر الحداثة، القاهرة، ١٩٨٨، ص٣٩٠

(٦)د. **عشتار داود محمد – تقنية التوازي في الشعر الحديث**، لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.
(٧)سەباح رەنجدەر – کۆشیعری (سەدو یەکشەوە )، چ/ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦
(٨)هەمان سەرچاوە، ل٦
(٩)سەباح رەنجدەر – کۆشیعری (خەون وا خۆی گێڕایەوە )، چ/ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٨
(١٠)د٠ زهير احمد المنصور – **ظاهرة التكرار فى شعر ابى القاسم الشابى**...، www.bwady.com
(١١)هەمان سەرچاوە
(١٢)ئەم لێکۆڵەرە لەنێو کتێبەکەیدا (بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥ ) تەنیا باسی جۆرەکانی گەڕانەوەی بەرایی و دوایی دەکات، بەڵام لەپەراوێزی (١) لاپەڕە (١٨٠)دا دەڵێت: گەڕانەوە، فرە شێوەی دیکەی هەیە وەک: گەڕانەوەی بازنەیی، گەڕانەوەی پێویست بوون، گەڕانەوەی دەلالی و بونیاتی، گەڕانەوەی هاوسەنگی ٠٠ کە هەر یەکەیان چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت ٠
(١٣)د٠ئازاد ئەحمەد مەحموود – بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٦٩
(١٤)هەمان سەرچاوە
(١٥)دیوانی نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری کورد پیاچووەتەوە، چ/ کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل٣٤٦
(١٦)**نازك الملائكة – قضايا الشعر الحر، دار العلم للملايين /بيروت/ ط ٥/ ١٩٧٨، ص٢٨٠.**
(١٧)هەمان سەرچاوە، ل٢٨٧
(١٨)کۆشیعری شەڕی چل ساڵە، چ/وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٦
(١٩)سەباح رەنجدەر – کۆشیعری سەدو یەکشەوە، ل٨
(٢٠)هەمان سەرچاوە، ل٧
(٢١)هەمان سەرچاوە، ل٦-٧
(٢٢)د.عدنان حسين العوادى- **لغة الشعر الحديث في العراق- دار الحرية للطباعة بغداد، ١٩٨٥، ص٢١**
(٢٣)د. عدنان حسين العوادى، لغه الشعر الحديپ العراق، ص٣٠.
(٢٤)حسين على شانوف - شعر الشاعر الكردى المعاصر كوران، ت: **شكور مصطفى، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥، ل١٨١**
(٢٥)حوسێن مەحموود عەلی کەلاری- شێواز لە هۆنراوەی فەرهاد شاکەلی دا، نامەی ماستەرە پێشکێشی کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە کردووە، ٢٠٠٨، ل٢٣
(٢٦)یاسین عومەر – شێرکۆ بێکەس- چەپکێک هەڤپەیڤین، ئەزموون، ١٩٨٥-٢٠٠٠، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٠
(٢٧)هەمان سەرچاوە، ل١٦٨
(٢٨)**أ. د. أمين محمد عطية باشا – التكرار في القصص القرآني – دراسة تطبيقية على قصة موسى عليه السلام )**، لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوەو لەلاپەڕە (١٩٤)ی کتێبی **(المعجزة الكبرى القرآن )ی الشيخ محمد أبو زهره** وەرگیراوە.
(٢٩)هەمان سەرچاوە ٠
(٣٠)سەباح رەنجدەر – کۆشیعری (زێوان )، چ/ یاد، چا/٢، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٨

ڕەخنە:

# نەوەد وێستگەی نانۆ(*)
# خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (نانۆ)ی هاشم سەڕاج



سەلاح حەسەن پالەوان

لە پشتەوەی شیعری "نانۆ"، ئەنسکلۆپیدیایەکی دەوڵەمەند و گەمەکردنێکی تایبەت بە وشەکان هەست پێ دەکرێت، لەوێدا دڕکێک نابینی بەبێ مەبەست خۆی بە لقی گوڵێکەوە لکاندبێت، زاراوەیەک نابینی بارگرانی بۆ ریتمی شیعرەکە دروست کردبێت، ماناکان جیاواز شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و ناکەونە نێو دژایەتی یەکترییەوە. هاشم وەک زۆر لە شاعیرەکانی تری هەولێر یاری بە زمان دەکات، یاری بە میتۆد و چیرۆکە مێژووییەکان، گەمەی ئەمبەروئەوبەر دەکات، سەرباری ئەوەش پارێزگاری لە ریتمی زمانی خۆی دەکا و وەک هەندێ لە هاوزەمەنەکانی خۆی نابێتە هۆی بێزارکردنی وەرگر. تێکشکانی زمان لای سەڕاج جیاوازە و تایبەتە، هەندێ لە هاوشارە شیعرییەکانی زمان تێکدەشکێنن، بەڵام زیان بە مانای شیعر دەگەیەنن، ئەو بەم تێکشکاندنە ئیستاتیکایەک دەخوڵقێنێت وەک پڕشنگی

هەتاو لەنێو ئاوەوە بەسەر لق و پۆپی درەختەکان ئاورنگی خۆی بڵاودەکاتەوە. زمان بە مەبەستەوە تێکدەشکێنێت، ئەو نایە بێ بەرنامە بەربێتە گیانی رستە، رستەی نامەئلوف و مانای هەڵگەڕاو و میتافۆر بخاتە نێو شیعرەکانییەوە و لەشوێنێ "واو" و"یا" ون بکات و لەشوێنێ "بێسەروبەری" بخاتەوە.

ســەڕاج خۆی لە قەرەی شتی نوێ دەدات، لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە داهێنانی شیعری، دیوان لە دوای دیوان تازەبوونەوەیەک لای سەڕاج هەست پێ دەکەین، ئەگەر تاڕادەیەک بکەوێتە نێو لاساییکردنەوەش، وەستایانە سوود لەو لاساییکردنە وەردەگرێت، ئەگەر شیعری عەرەبی پەلی رادەکێشێ بۆ نێو مەیدانی کاریگەری، ئەو لەو مەیدانەدا سەمای خۆی دەکات و جێ پێی هەڵپەڕکێکانی هەمان جێ پێی ئەوان نییە.

شیعری (نانۆ)، ئەزموونێکی شیعری نوێی هاشم سەڕاجە، یەکێک لەو (٦) شیعرانەی کە تا ئێستە بەناوی "نانۆ" بڵاوبوونەتەوە و دوا شیعریشی لە گۆڤاری هەناری ژمارەی (٧٣) کەوتووەتە بەردەستی خوێنەر، ئەم تێرمە لەو شێوانەیە کە سەرچاوەیەکی قووڵی زمانەوانی و میتافۆری تێدایە، نانۆ (٩٠) وێستگەیە و هەر وێستگەیەک بۆ خۆی چیرۆکێکە، هەندێکیان دووبارە دەبنەوە، بەڵام بەمەبەستی هەڵگرتنی رووخساری نوێ دەست دەدەنە دەست کۆپلەکانی پێش خۆیان. شیعری (نانۆ) شەمەندەفەرێکە و لە (٩٠) وێستگەدا دەوەستێت، لە هەر شوێنێک رووخسارێ، رووداوێ، مەبەست، چەمک و دیمەنێک دەبیستێ و دەبینێ. ئەم شیعرە بریتییە لە گەمەکردنێکی هۆشمەندانە لەگەڵ سرووشت و مرۆڤ و میتۆلۆژیا. لە سرووشتدا نووسەر سودێکی زۆری لە ناوەکانی رووەک، زەوی، جوگرافیا، گیانداران وەردەگرێ، لە مرۆڤدا باس لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە بەدەوری بوونەوەری رۆحداردا دەسوڕێنەوە.. وەک "جەستەی مرۆڤ، رۆحی مرۆڤ، زەمەنی مرۆڤ". پاشان شاعیر لە میتۆلۆژیادا قوڵدەبێتەوە، گەردشێکی ورد دەکات بە گۆڕەپانی ئەو ناو و دەستەواژانەی کە فاکتەر و هۆکارەکانی پەیدابوونیان نهێنییەکی گەورەیان لەپشتەوەیە، لە میتۆلۆژیای دروستبوونەوە تا میتالۆژیای یۆنان و خواکانی ئۆلۆمپ.

"نانۆ" وشەیەکە ئەوەندەی لە بواری زانستدا دێتە بەکارهێنان، لە بواری رۆشنبیریدا نایبینین، بەڵام نانۆ زیاتر لە بواری تەکنەلۆژیا و ژمارە و ماتماتیک بەکار دەهێنرێت، نانۆ بچووکترین یەکەیەکە لە بواری ئەلیکترۆندا، لە بواری پێوانەدا سانتیمەترمان هەیە، پاشان بچووکتر لە سانتیمەتر، میلیمەترە، پاشن میکرۆمەتر دێ، پاش میکرۆ نانۆمیتر، دیارە پاش نانۆش ئەمانە دێن (پیکۆ، فمتۆ،

ئاتۆ، زیتۆ، یۆکتۆ). نانۆ یەک لە ملیۆنی سانتیمەترێکە. بەهەرحاڵ وشەی نانۆ واتە بچووکترین پێوانە و بچووکترین شتە کە بینینیان بەچاو زەحمەتە.

هاتنی بۆ نێو بواری شیعری رەنگە هەوڵێکی نوێ بێت، بەتایبەت لە شیعری جیهانیدا، بەڵام لە شیعری کوردیدا هەر زۆر نوێیە و بە هۆشمەندی لە رێگای هاشم سەراجەوە هاتووەتە بەکارهێنان. ئەم شێوە شیعرە لای شاعیرانی عەرەبیش مومارەسە کراوە، بۆ نموونە شاعیر ریاز عەبدولواحد و عەبد رەبە محەمەد سالم، کازم مەزهەر و زۆر شاعیری تریش خەریکی کارکردنن لەسەر ئەم شێوە.

هونەری ئەم شیعرە تەنیا لەوەدا نییە، وردەکارییەکان دەردەخات و دێڕەکان بچووک دەکاتەوە و خۆی بە وردەکارییەکانەوە سەرقاڵ دەکات، ورد و درشتی ئەم شێوە شیعرە، مەبەستی لە پشتەوەیە. هونەرەکە لە شێوەی مامەڵەکردنی تێکستە لەگەڵ ئەو دنیایانەی خراونەتە پشتی هۆشمەندییەوە. نانۆ لە فارگۆنی شەمەندەفەری شیعری خۆیدا، شێوازێکی هونەری بەکارهێناوە زۆر لە زەحمەتییەکانی مێرووله و شەڕی پەپووله لەگەڵ باو، لە مژینی گوڵ لە لایەن هەنگەوە دەچێ، نانۆ، تەنیا بۆ ئەوە دروست نەبووە، بچووک بنوێنێ و لەبەرچاو ونبێت، ئەو لەم تێکستەدا دەبینرێ شتە گەورەکانن، بەڵام چاو نایانبینێ. نانۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەرکەکانە، ئەو ئەرکانەی ئێمە بە هەر شتێکمان لە ژیاندا بەخشیوە، ئەو لە نانۆی خۆیەوە دەیبینێ، بڕوانن:

**تەنوور**

**پڕ ماچی گەرمی ئوتووە**

**گێزەر**

**شمشێری نەرمی سرووشتە**

**کورسی**

**فریودەری نیشتەجێکەیەتی**

ئەگەر وەک نموونە بڕوانینە ئەم بەشە، هەست دەکەین شاعیر پێڕەوی سێ پەیوەندی کردووە:

تەنوور–ماچی گەرم–ئوتوو

گێزەر–شمشێری نەرم–سرووشت

کورسی–فریودان– نیشتەجێ

تەماشای ئەو رستانە بکەین و هەڵیانوەشێنینەوە و پێکەوە گرێیاندەین، دەگەینە ئەو ئاستەی بڵێین: ماچی گەرمی وەک تەنوورە/ شمشێری سرووشت

وەک گێزەرە/ کورسی فریوی ئەوە دەدات لەسەری دادەنیشێ.

ئەمە وردبوونەوەیەکی خێرایە، بەڵام هەر لەو سێ کۆپڵەیەدا تێبینی بوونی هەندێ رستە دەکرێت، وەک بوونی پێوەندی نێوان سرووشت و مرۆڤ و کاراکتەر. تەنوور، گێزەر، کورسی (سێ شتی دروستکراون لە لایەن مرۆڤ و خوا)، بەڵام هەر سێکیشیان وەزیفەیەکیان هەیە، تەنوور داپۆشینی شتە جوانەکان لەشولاری کچۆڵە جوانکاری داڕشتن و دورینی جلوبەرگ، گێزەر ئاماژەیە بۆ رەگی سرووشت و میوەکانی سرووشت، کورسی ئاماژەیە بۆ دەسەڵات و توانا و هێز. ئەو ئاماژانەش هەر هەمووشیان لایەنی نەرێنی و ئەرێنیان هەیە. ئەگەر تەنوور نموونەیەکی جوانی ئافرەت بێت، دەکرێت تەنوور سەرچاوەی سووتان و ئەشق و سێکسیش بێ، ئەگەر گێزەر سەرچاوەی تێرکردنی مرۆڤ بێ، دەکرێت ئاماژە بێ بۆ شمشێر و بڕین و لەتوپەت کردن، ئەگەر کورسی بۆ ساتێک پاڵدانەوە بێ، بەڵام کە بووە جێگەی دەسەڵات، کوشتن و بڕینی لەسەر روودەدا، وەک کورسی دەسەڵاتداران.

نانۆ ئەگەر بریتی بێت لە بچووککردنەوە وشە بۆ ئاستی گەردیلەکان، ئەوە شاعیر (سەراج) توانیوێتی ئەم کارە بکات، کاتێ ئیتر شتەکان ئەوەندە لە یەکتری نزیک دەبنەوە ماوەیەک نامێنێت بۆ ئەوەی نێوەندێ لە نێوانیاندا ببینرێ، زمان لەو ئاستە ئاساییەی خۆی دەردەچێ کە تەنیا گێڕانەوەیەکی رووت و هارمۆنیا و ریزکردنی وشە بێت، لە نانۆدا بچووکی دەچێتە ناخی هەموو شتەکانەوە.

نەوەد نانۆ، دەکرێت نەوەد قەسیدەی درێژ و مەزنی لێ دەربچێ، بەڵام نەوەد نانۆ بۆخۆی و بۆ جیهانی خۆی مەزنییەکی تایبەتە، تەکنیکی شتە بچووکەکان لە بچووکی بەرامبەر بە گەردوونەوە دەست پێ دەکات، ئەو شتانەی بە ناو و شێوە بچووکن، بەڵام مانایان بە قەبارەی جیهانە. (گوڵ، لەچک) هەردووکیان لەنێو دەستدا جێگایان دەبێتەوە، بەڵام لەنێو خەون و هەستەکانمان تا بیریان لێ بکەینەوە گەورە دەبن. تا لێیان وردبینەوە شتی وردتریان لێ دەردەکەوێت، ئەمە ئەو کارەیە کە نانۆ دەیکا. گوڵ کاتێ بە درەختەوەیە قەبارەیەکی دیاریکراوە، چەند گەورەیە کاتێ دەبێتە پێوەندی و بۆن و خۆشەویستی و تام و چێژ و بەهار و ژیان و رەنگ و نەست و هەست... لەچک پارچە کەتانێ یان ئاوریشمێکە لەناو قامکدا جێگەی دەبێتەوە، چەند گەورە دەبێتەوە، کاتێ دەبێتە ئاوێزانی قژی کچۆڵەیەکی جوانکیلە، یان دەبێتە برینپێچی رووحێکی ئاشق، یان دەبێتە سیمبولی کەسێ، یادگارییەک. ئەمانە هەموو نهێنی ئەو نانۆیانەن کە ئەم تێکستە دەیەوێ لە نەوەد وێستگەوە راوەستێ و لێیان ورد بێتەوە.

گیانلەبەران لەم شیعرەدا هەروا لە خۆڕایی نەهاتوونەتە نێو رووبەری شیعرەکەوە، ئەگەر تەماشای گیانداران بکەین مرۆڤی لێ دەرچێ دەبینین نووسەر ئەم گیاندارانەی هێناوەتە نێو شیعرەکەوە "ماسی، ماگی، تاوس، شینە شاهۆ، کۆتر، قەل" لە نێوان هەر یەک لەم گیاندارانە پێوەندییەک هەیە، هەروەها بۆ وێناکردنی نانۆیانەی ئەو گیانلەبەرانەش پێوەندییەکی تایبەت هەیە، لەنێوان بچووکی ئەوان و ئەو رووبەرەی لەسەری دەسوڕێنەوە، (باڵندە و ماسی) کە دوو کارەکتەری دووبارەن لە شیعری نانۆدا، دوو گیانلەبەری زۆر بچووکن لەچاو گەورەیی ئاسمان و دەریا، بۆیە شاعیر لە روانگەی ئەو نانۆیەوە، ئەم دوو شتە دەبینێ. ئەوان دوو بچووکن لە چاو دوو شتی گەورە، بەڵام خۆشیان دوو مێشک و دڵی بچووکن، هەمیشە خەون و هەوڵەکانیان سنووری نییە.

تێکستی نانۆ لەژێر چوار شێوە سروشەکەدا لەدایک بووە: "هەوا، ئاو، خاک، ئاگر" هەرچواریان ئامادەن، بەڵام ئەگەر وردبینەوە دەبینین (هەواو- ئاو) لە سەرتاپای شیعرەکەدا دەسەڵاتیان زاڵە. لە گیاندارەکانیش باڵندەکان پەخشی شێریان پێ دراوە کە سەر بە هەوان، تەنیا ماسی نەبێ سەر بەئاوە، دەنا "تاوس، کۆتر، قەل، شاهۆ، ماگی" هەرهەموویان سروشی هەواین.

رۆحی فڕین لەم شیعرەدا تەنیا لەوەدا نییە باڵندە زۆرینە پێکدێنن، لەوەشدایە شاعیر زۆر دەفڕێ، لە زەمەندا دەفڕێ، بە شەو و رۆژ و مانگ و ساڵ زیاتر دەڕوا و لە خەیاڵدا دەتوێتەوە، میتۆلۆژیایە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات، ئەفسانە و نموونەکانی نێو ئەفسانە دیسان ئەو ئەرکی نانۆیانە دووبارە دەکەنەوە، لە مێژوودا سەڕاج بۆ بچووکترین خاڵ دەگەڕێتەوە، ئەو خاڵەی مێشک بە ئاسانی نایبینێ کە ئەویش ئەفسانەیە، ئەفسانە ناماقوڵی ماقوڵەکانە، ئەگەر چیرۆکی راستەقینە شتە گەورەکانی قبوولکردنی عەقڵ بن، ئەوە ئەفسانە نانۆکانێتی. لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێت:

**نانۆ**

**کۆکتێلێکی ئێستاتیکییە**

**لە فینۆمینۆلۆژیا و هیرمنیوتیکا**

پاشان فڕینی خەیاڵ و زەمەن دەبڕێ، دێتە سەر فڕینی رۆح، لەو ئاماژانەی کە تێکستەکە بۆ فڕینی رۆح بەکاریانی دێنێت، بریتین لە (نەست، هەست، هۆش، هزر، خەون، مەستی). لەنێوان هەردوو بوون و نەبووندا بازدانێکی سەیری هەیە. لێرەشەوە دەگەڕێینەوە بۆ بێسنووری لە گەورەیی و بچووکی. نەست دەکرێ شتێکی گەورە بێ و بە چاو ببینرێ کاتێ لە کارەکتەری مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە،

دەکرێش شتێک بێ نەبینرێ بەردەوام ئەو نەستە لەگەڵماندا بژی. ئەمە بۆ هەست و هۆش و هزر و خەون و مەستیش هەروایە. وردی و بچووکی ئەو سیفەتانە وا دەکەن کە تۆ پێویستت بە یاریدەدەرێ هەبێ بیانبینی.

**لە سرووشتدا**

لە سەرتاپای ئەم تێکستەدا پێوەندییەکی سەیر لەنێوان ناوەڕۆک و رووەکدا هەیە، لایەنە سرووشتییەکەی ئەم شیعرە لەوێدا زیاتر گەڵاڵە دەبێ، کە تا چەند توانیوێتی بگەڕێتەوە بۆ لای رووەک و گوڵ و میوە و باخچە و چیمەنەکان، وەک ئەوەی لە بەهەشتی خۆیدا بەدووی وردە گیاکان و وردە گوڵ و وردە مێرووەکانی سرووشتدا بگەڕێ و وەک باخوسەکەی راکشێ و کاسەی مەستی بە دەستەوە بگرێت. وشەکانی پەیوەستدار بە رووەک بریتین لە (گێزەر، گوڵ، شێلم، سڵق، دوومەڵان، ئامازۆن، مێخەک، باغ، لاولاو، سیر، پیاز، رێحانە) .
وەک پێشتر ئاماژەم کرد، هەوا لە شیعرەکەدا زاڵە، نووسەر پەیوەستە بە هەواوە، رووەکەکانی زۆربەیان ئاماژەن کە دەیانەوێ رووە و ئاسمان و هەوا سەربەرز بکەنەوە، دەیانەوێ لە قوڵایی خاکەوە دەرپەڕن، کوارک لە ناو خاکەوە سەردەردێنێت، دومەڵان لە ناو خاکدایە، گێزەر لە ژێر خاکە، شێلم، سیر، پیاز، یان زۆر لە خاکەوە نێزیکن وەک رێحانە و مێخەک و لاولاو، هەر هەمووشیان دەیانەوێ لە دەستی خاک هەڵبێن و سەریان بۆ هەوا بێ. تێکستەکە دەیەوێ پێمان بڵێت من لەژێر خاکەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبمەوە. ئاماژەکانی خاک رووبەرێکی گەورەیان داگیر کردووە.

پاشان ئاماژەی تری پێوەندی تێکست و خاک، گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتانەی ئیتر زمان دەبێتە زمانێکی خۆڵاوی، تەماشاکە گیاندارەکانیش لەژێر خاکەوە رووەک و بژێویی ژیانیان بەدەست دێنن، ئەو شتانەی بە خۆڵ دروست دەکرێن، وەک ئینجانە، فەخفووری، شتەکانی مۆزەخانە، تەنوور، کاسە. ئەو پێوەندییە لە ناهۆشمەندی شاعیردا گەڕانەوەیە بۆ خاک، گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان بۆ ئەو شوێنەی خەونی تێدا دەبینی و تامەزرۆیەتی، بەڵام ئەوەی کە وردەکاریی و بچووکییەکانە خوێنەر هەستی پێ ناکات، ئەوەیە کە خاک تەنیا نیشتمان و خۆشەویستی و ماڵ و... تاد نییە، خاک گۆڕانکارییە، دەکرێت خاکی مرۆڤ لە سەفەری دنیاشدا لەگەڵیدا بێت، کاتێ کاسە و کەوچکێکی سیرامیکی لەیەکێک لە کۆگاکانی وڵاتەکەی دەکڕێ و لە گەشتی دنیادا لەگەڵ خۆیدا دەیسوڕێنێتەوە.

پاشان ژمارەیەکی زۆر لە وشەکان دەچنە خزمەتی یەکترییەوە، شاعیر

نایەوێ وشەیەک تەنیا وەک ئاماژە بۆ مەبەستێکی نامەبەست بەکاربێنێت، هەر ئاوەڵناوێک مەبەستێکی لە پشتەوەیە، هەر ناوێک ئاماژەیی بۆ شتێک. زۆربەی شیعرەکان وەک ئەڵقەی زنجیرێکی درێژن، یەک ئەوی تر درێژ دەکاتەوە. شتە ناسکەکان بەدووی یەکدا نایەن، ناسکێ دێت، پاشان شتێکی رەق و توند، ئەمەش سرووشتی ژیانە، هەمیشە خۆشییەکان بەدووی یەکدا نایەن:

لە کۆپلەی (٥):

**گوڵ**

**عەتری بۆ بایە پەڕەی بۆ خۆڵ**

لە کۆپلەی (٦) دێینە لای چنگاڵ:

**چنگاڵ**

**هەڵوەدای کریمچابە شێلمیش**

لە کۆپلەی (٩) سلق

**ئاوەڵکراسی کچانی ئامازۆنە**

لە کۆپڵەی (١٠)

**دەرگا کۆیلەی کلیلە**

تەماشاکە بـەدووی یەکدا شتێکی نەرم و سرووشتی و ناسک، پاشان رەق، دروستکراو، توند، ئەمە لە زۆر لە کۆپڵەکانی تر دەیانبینین: ئینجانە و فەخفووری، پاشان لاو لاو دێت، گوڵ دێ. سەرەڕای ئەمانەش هەندێ تێبینی تریش هەن ئاماژەن بە شێوەی بیرکردنەوەی شاعیر وەک تیهەڵکێشکردن لەنێوان دژەکان، ئەمە دیاردەیەکە زۆر دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە... تاریکی رووناکییەکی هەڵبزرکاوی داپۆشراوە، مۆزەخانە گۆڕستانە.

هیتفۆن رزگارکردنی دەنگە لە ژاوەژاوی سپی، نانەواخانە دۆزەی شێوەبەخشینە بە هەویر، نیسک مووررووی رۆنی جگەری نەهەنگە. ئەمانە کۆمەڵێ نموونە لە ئەرکی دووانە، واتە نانەواخانە ئەرکی تەنیا دروستکردنی نان نییە، بگرە ئەو شێوە دەبەخشێتە هەویر، هیتفۆن بۆ ئەوە نییە دەنگ کپ کات و بیگەیەنێتە گوێ، هیتفۆن بۆ ئەوەیە تا دەنگ لە ژاوەژاو رزگار بکات، نیسک تەنیا خۆراک نییە، مووررووی ڕۆنی جگەری نەهەنگە.

گۆڕانکاریی لە شتەکان گۆڕانکاریی شێوەیی نین، گۆڕانکارین لە ئەرکیشدا: هەنگوین ئاماژەیە بۆ رەنگی چاو، پەشمەک پرچی تەڕوعەترناکی یارە، باخوس بە خواردنەوە دەنیشێتەوە، نرسیس رووناکی ئاڵی رووخسارە، ئاگر

جووڵەی لۆگۆسە، سیزیف هێزی بێهوودەیە، ڕۆژنامە ماعوونی چێشتە، زەمەن چاوەڕوانییە، کتێب سەندەویچە، شوێن چرپایە، جوانی بوتڵی شەرابە، شار چەوری دەریایە، باخچە تاقیگەری وەرزەکانە، سیر قۆپچەیە، پەرستار چلچرای شەوانی نەخۆشخانەیە، پیاز جیهانە، من تەمەنی دیاریکراوم، هێلکە تۆپە، دەمارنخانە تێکستە،... تاد.

ئەگەر هەر یەک لەو شتانە ئاماژە بن بۆ شتێکی تر، بەڵام ئەرکێکی تریشیان هەیە کاتێ کە دەگۆڕێن، کاتێ سیر دەبێتە قۆپچەی کراسێک لە سپێناخ، ئەرکە ئەسڵیەکەی کە خۆراکە دەیدۆڕێنێت و دەبێتە شتێکی جوانکاریی، کاتێ من دەبمە تەمەنێکی دیاریکراو، چیتر ئەرکی مرۆیی من ئەرکێکی کاتی نابێت، کاتێ شار وەک باخچە دەبێتە تاقیگە لە شارێتی خۆی دەردەچێت، چیتر باخچەی پێگەیشتنی دووخۆشەویست نییە، خەون کاتێ دەبێتە یاری ئەتاری، لە خەونی ئیبن سیرین و فرۆید دەردەچێت. بەم شێوەیە هەر گۆڕانکارییەکی ئەرکخوازی گۆڕانکاری ماناداریی هەیە.

نەوەد وێستگەکەش، ئاماژەیەکی دووانەیی هەیە، وەک ناونیشان و وەک ڕاوەستان، نەوەد وەک ژمارە گەڕانەوەیە بۆ ناونیشانەکە کە (نانۆ)یە، نانۆ و نەوەد، لە دوو شتدا ئەرک دەگۆڕنەوە کە هەردوو پیتی (نوون) ی ناونیشانە، ئەو (نوون)ە، نەوەد و نانۆ پێکەوە دەبەستێتەوە.

ژیان و لەناوچوون ئەویش دوانەیەکی دژ بەیەکن، لە چەند وێستگەیەکدا دووبارە دەبنەوە، لە تێکستی (نانۆ) مەرگەکان بریتین لە تەواوبوون، کۆتایی، ژماردن، مەرەکەب، ئەوەی من تێبینی بکەم، کۆتایی هەرشتێ مانای نەمانی ئەرکەکەیەتی، واتە دەچێتە خانەی وەستانەوە، لەم شیعرەدا زۆر ئاماژە هەن بە کۆتاییهاتنی شتەکان، بۆ نموونە جوانی تا سەر نییە و کۆتایی هەیە:

**جوانیت**
**کەنارییەکی زەردە**
**دەستگیر ناکرێ**

ئاگردان هەتا سەر پشکۆی تێدا ناگەشێتەوە، کاتێ ئیتر سووتەمەنی نامێنی ئاگردانیش دەمرێ:

**ئاگردان**
**شارێکی رازاوەی**
**بێ دانیشتوانە.**

مۆزەخانە شوێنی شتە مردووەکانە، شوێنی مێژووییەکی دێرینە، کە تێیدا

مرۆڤ بۆ ساتێک ئەو شتانەی بیردەکەوێتەوە.

تێکستی نانۆ، دەیەوێ جوانییەکان لە کۆنتێکستەکاندا دەربخات.

**رووبەری شتەکان و مارشی شیعر**

رووبەری ئەم شیعرە لە بچووکترین شتەوە کە مێرووەکانە دەست پێ دەکات تا دەگاتە گەردوون، لە نوێترین شتەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە کۆنترین و دێرینترین، لە ناسکییەوە بۆ رەقی، لە گەرمەوە بۆ سارد، بەڵام ئەمانە بۆ ئەوە نین تا دژە دووانەکان وێنا بکەن، نەخێر ئەمانە بۆ ئەوەن پێمان بڵێن دژ نییە. مارشی شیعر لێرەدا وشەیەکە و مانایەک دەدا، وتنێکە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، یەک دەنگە و کۆراڵ بەدوایدا دەیڵێنەوە. رووبەر لێرەدا سنووری نییە، لە خەونەوە دەست پێ دەکات کە هیچە، دەگاتە خۆڵ و خاک و شتەکان و هەست، جەستە، سرووشت، گیانلەبەر و دارستان، تا دەگاتەوە پووچێتی ژیان و هیچێتی کە مەرگە. ئەمەش خۆی لە راستیدا ئەرکی گەورەی نانۆکانە، وردە وردە سەردەرهێنن، وەک بەکتریایەکی بچووک لە تەنێکی زیندوو یان مردوو دروست دەبنەوە، هێواش هێواش لەبەرچاو دەردەکەون و گەورەدەبن و مەزنییان یان زۆر جوان دەبێت وەک خۆشەویستی، یان زۆر شەڕانگێز دەبن وەک دیکتاتۆری و قەتلی رووح، ئەوان کە ئیتر ئەرکەکانیان کەم دەبێتەوە دووبارە بچووک دەبنەوە، بچووک، بچووک، تا دەمردن و دەتوێنەوە و دیارنامێنن. ئەمەیە ئەسڵی نانۆکان.

ئەگەر چی لە نانۆی سەڕاج-دا شێوە روونکردنەوەیەک هەیە بۆ هەر وتن و چەمک و وشە و زاراوەیەک:

مەرگ چییە؟.......... جلی ژێرەوەی ژیانە

بەڵام ئەگەر لە روانگەیەکی بونیادشکێنەرییەوە تەماشای بکەین، ژیان رووی دووەمی مەرگە، لەبەرئەوەی ژیان جلی سەرەوەیە و مەرگ جلی ژێرەوە:

جوانیت چییە؟..... کەناریيەکی زەردە .......... بۆیە دەستگیر ناکرێ

ئەگەر جوانی شتێک بێ هەستی پێبکرێت و نەتوانرێت دەستەمۆ بکرێت، دەبێت بیشوبهێنی بەشتێک، ئەو شتە دەبێت جوانترین باڵندە بێت، ئەویش کەنارییە، کاتێک جوانی شتێکی دەستلێدەر نەبێت، دەبێت شوبهاندنمان بۆ ئەو شتانە هەبێت، کە لێرەدا نانۆکەی سەڕاج دەڵێ ئەوە کەنارییە.

رووبەری قسەکردنەکانیش زۆر بچووکن، وەک مانای شیعرەکان، (کتلی) تەنیا کلارنێتێکی هەڵمییە، ئیتر پێویست ناکات زیادەڕۆیی بکات لەسەر قسەکردن

لەسەر کتلی، لەوێوە دەچینە دنیاکانی تر. (مەرەکەب) خوێنی قەڵەمە ئیتر ئەوەی ناوێ بزانین ئەو مەرەکەبە چۆنە و چ مەبەستێکی هەیە، ئەگەر لەش ببێتە مافوور، دەکرێت دوو میتافۆر بگەیەنێت، یەکێکیان ئەو مافوورەی نەخش و نیگار و جوانی و نرخی هەیە، یان ئەو مافوورەی بە پێڵاوەوە بەسەریدا دەڕۆین و کەسیش بیر لەوە ناکاتەوە ئەوەی ژێر پێی مافوورە.

مارشەکان جار جارێ شەڕانگێز دەبن و وەک ئەسپ لمۆزدانی قفڵ درابێت و حیلکەی لێ بڕابێت و بە دەوروبەریی خۆیدا جووتە بکات و دەستەکانی بۆ حەلحەلەی ئاسمان بەرز بکاتەوە، شیعری نانۆش ئەوە دەکات، (کتلی، بورکان، لافاو، ئاگردان)، ئەمانە دەیانەوێت دەنگ بەرز بکەنەوە و شتێک دەرپەڕێنن، بەڵام هەر هەموویان هارمۆنیایەکی تر دەخەنەوە، واتە توندییەکان بۆ شتێکی تر دەگۆڕێن، زیڕەی کتلی دەبێتە مۆسیقا، بورکان دەبێتە تابلۆ و شێوەکاری، لافاو ئاو بەسەرماندا وەک بۆمب دادەبارێنێت، ئاگردان دەبێتە شارێکی رازاوە. ئەمەیە مارشێک کە ئێمە چاوەڕوانی شتێکی خراپی لێ دەکەین، کەچی جوانکاریی لێ دەبێتەوە.

مارشی بێهوودەیی لەم شیعرەدا تاقەتڕەوێنە، نائومێدییەکی سەیرە و لە سەرەتای شیعرەکەوە ئامادەیە، بڕوانن ئەم هەموو وێنانەی کە بێهوودەیی و پووچی ژیان دەردەخەن (تەمەن هەڵدەکاو نامێنێت، زەمەن وەک موسی ریشتاشین رۆژەکان و تاشینی ریش بەرێ دەخات، فلچەی ددان تەنیا تەمەنمان دەژمێرێ، سیزیف هێزی رەنگاوڕەنگی بێهودەییە، رۆژنامە ماعونی چێشتە، زەمەن تەنیا چاوەڕوانییە، هەریەک لە ئێمە لە ناکاو ون دەبێ، بوون دەنکە گوێزێکی پووچە). بێهوودەیی بۆ ئەوە نییە تا پێمان بڵێت خۆتان بۆ مەرگ ئامادە بکەن، بێهوودەیی بۆ ئەوەیە تا راستییەکانمان پێ بڵێت.

مارشی زەمەن لەم شیعرەدا تا بڵێی هارمۆنییانە داڕێژراوە، زەمەن بەڕێخستنی ساتەکان و تەواوکردنی تەمەن و ژماردنی رۆژەکانە، زەمەنی نەمریی تەنیا لە شتە رۆحییەکاندایە. ماتەریالییەکانی ژیانمان هیچمان فێرناکەن تەنیا بەڕێخستن نەبێت، واتە ئەوەی لە نانۆدا دووبارە دەبێتەوە، دووبارەی زەمەنە لە کارەکانی رۆژانەدا. (بوون یەخسیری کردەی کرانەوە و داخرانە، تەمەن کەفی کەسکی سابوونی رەقییە، زەمەن سەڵلەی مووسی ریشتاشینە، فڵچە بە مەعجوونی ددان عەمرم دەژمێرێ، زەمەن رستێک چاوەڕوانییە، من تەمەنێکی دیاریکراوم).

مارشی خرۆشاندن و هەڵچوون و مەستی لە شیعری نانۆدا هێدی هێدی دەگاتە سەر سنووری چێژی ئەبەدی، ئەو خۆشییە فرۆیدیانە لە شێوەی

شیرێکی سپی کەفئاسادا لە شێوەی کوارک لە رۆحەوە دێتە دەرێ. سێکس لە بنەڕەتدا خەیاڵێکی شەکەرییە، ئەمەش وای لەم تێکستە کردووە، تامەزرۆییەکی سەیری پێوەدیاربێت، تامەزرۆییەک خرۆشانەکان هەرجارەی بە شێوەیەک هێلکاریی دەکرێن. زۆربەی چەپاندنەکانی ناو ئەم شیعرە تەقاندنەوەیان بەدواوە، ئەو تەقاندنەوانە دەبنە (لافاو، ئاگردان، بورکان، کتلی) وەک (نەفتالین، پشکۆ، درەوشانەوە) دەردەکەون. خرۆشاندنی سێکسی لەم شیعرەدا جارێ لە شێوەی کۆئەندامی نێر و مێ ئاماژەکانی خراونەتە روو، کە بڕی ئەو ئاماژانەی کە بۆ کۆئەندامی نێر هاتوون زۆرترن لە ئاماژە مێینەکان. (گێزەر، چنگاڵ، تاووس، شاهۆ، لیریک) ئەگەر شێوە ئاماژەیەک بن بۆ لایەنەی نێری، لەولاوە، کۆمەڵێ ئاماژەی مێیانەش هەن وەک (گوڵ، لەچک،هەنگوین، لەنجە، ئاوەڵکراس، بۆنی مێخەک)، بەڵام ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن، ئەگەر بڕوانینە کۆی شیعرەکە دەبینین ئاماژەکانی خۆشەویستی و سێکس زۆرن (ماچ، تامی لێو، جەستەی برۆنزی، دەرکەوتنی شێوە، ستیان، پۆرنۆگرافی، شۆخی ئەفسووناوی، پرچی تەڕو عەتردار، رووخساری ئاڵ، جوانی، ئەشق، سێکس). ئەگەر هەموو شیعرەکە شیوەن بێ بۆ بچووکی زەمەن و کورتی ژیان و هەڵهاتن لە دەست نەهامەتییەکان، ئەوە سێکس و چەپاندن و تامەزرۆیش کەمترین و بچووکترین نەستی بەخشیووەتە شاعیر. ئەمە بۆ خۆی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو گریانەیە کە نانۆ دەیەوێ پێشانی بدات.

* نانۆ یەکێکە لەو شەش شیعرەی کە تا ئێستە هاشم سەڕاج لە رۆژنامەکان بە ناوی نانۆ بڵاوی کردووەتەوە.

# بیری ئازادیی و ئاودیوبوون
# لە فەلسەفەی ئەدەبی دۆستۆیڤسکیدا



**هیوا محەمەد ئەمین**

... ئەگەر جیهانی ئەدەب؛ بریتی بێت لە سێ کوچکەی بنەڕەتیی شێوەهەرەمیی، ئەوا بەبێ هیچ گومان و هەڵوێستەیەک، دۆستۆیڤسکی گۆشەیەکی پتەو و بنەڕەتیی ئەو جیهانەیە، کە دەشێت زۆرێک لە دۆزە مرۆڤایەتییەکان لەودا بەرجەستە بووبێتن. ئەم ئەدەبە شێوازێکی دەگمەن، دانسقە و بێوێنەیە، کە لە ئەنجامدا جیهانێکی تایبەت بە خۆی پێکدەهێنێت، پاشانیش مرۆڤ (خوێنەر) رووبەڕووی کۆمەڵێک دۆز و بابەتی ئاڵۆزی مێژوو، فەلسەفە، هەڵسوکەوت و نەریتی مرۆڤ و چەندین ئەرک، تێکۆشان و هەستی لێپرسراوێتیی دەکاتەوە.

جیهانی دۆستۆیڤسکی لە هەر گۆشەنیگا و دیدێکەوە بۆی بڕوانیت، خاوەن و هەڵگری بابەتێکی هێند گرنگی مرۆڤایەتییە، کە دەخوازێت وردبینانە، لێبڕاوانە هەستیارانە و رۆچوونێکی قوڵەوە بۆ کێشەکان رابمێنێت. جیهانی دۆستۆیڤسکی بەوپێیەی، کە خاوەن تایبەتمەندییەکی لەو جۆرەیە، ئەوا لەگەڵ هەر دەستپێکێکدا خاوەنی هێز، توانا، دەستەڵات و کێشکردنی خۆیەتی، کە هەر خوێنەرێک حەز بکات یان نا، یەکانگیری ئەو جیهانە بێت یاخود ناو کێشدەکرێتە ناوی و هەستی خەمخۆریی و لێپرسراوێتیی تیایدا دروست یان زیندودەکاتەوە. ئاقار و ئاکاری فەلسەفەی ئەدەبیی دۆستۆیڤسکی کێشکردنی مرۆڤە بەرە و جیهانی ئامانجێک،

که راستێتیی (حەقیقەت)ە، راستێتییش ئەو دوا ئامانجەیە، که مرۆڤ تیایدا به ئازادیی تەواو (موتڵەق) دەگات. ئازادییەک، که رووناکایی یەزدان له ناخ، ویژدان و دڵی دا دەدرەوشێتەوە.

مرۆڤ له پێناو گەیشتن به ئامانجێکی وەهادا ئازارێکی زۆر دەچێژێت، بەڵام ئازارێکی رۆحیی و مەعنەویی، که دەبێت مرۆڤ لەو پێناوەدا و به باوەڕێکی تەواو و ئارامەوە پێشوازیی لێبکات. ئەم جیهانه دەبێت چۆن جیهانێک بێت، که وا مرۆڤەکان تیایدا هێند لەسەر ئازارچەشتن رژد و لێبڕاو بن!؟ ئەم چەند دێڕەی، که له بەردەست ئێوەدایه و دەیخوێننەوە، باسکردنه لەو جیهانه، بەڵام بەبێ لایەنگریم لەم یان لەو فەلسەفه یان ئایدیا. لێرە دا دەخوازم خوێنەری هێژام ئاشنا بکەم به جیهانێکی ئەدەبیی، که زۆر کەم له ئەدەبیاتی کوردی دا ئاماژەی پێکراوە. کاتێکیش له رەوتی نوسینەکه دا باس له جیهانی ئایدیالیستیی یان ماتریالیستیی دەکرێت، ئەوە دەربڕ و باوەڕی من نییه، بەڵکو ئەوە تەنیا باسکردن، راڤەکردن و شیکردنەوەی بیروباوەڕی ئەدەبیی و فەلسەفەی ژیانی ئەو (دۆستۆیڤسکی) ە، که پێویسته خوێنەر بزانێت رووبەڕووی فەلسەفەیەکی ئەدەبییە و هیچی دی، که من خاوەنی نیم.

جیهانی دۆستۆیڤسکی؛ جیهانێکی پڕ سەیر و سەرسوڕهێنەرە، که جیهانێکه رووخساری سەیر و خەماویی، کاراکتەری ناقۆڵا و ناوبازاڕیی، جیهانێک، که دانیشتوانەکەی هەژار و کڵۆڵن، واتا ئەوانەی که دۆستۆیڤسکی بەرەو ئەو جیهانه کێش دەکەن، هەر خۆیشیان دەبنه رێنیشاندەر و راوێژکاری ئەو. جیهانێک، که کچێکی زۆر هەژار و شڕۆڵە، خۆی به شازادەیەک ناگۆڕێتەوە، جیهانێک، که سەرمەست و دەروننەخۆشەکان، ژنانی نەخۆش و سواڵکەر تیایدا دەژین. ئەم جۆرە جیهانه؛ جیهانێکه، که به تاوان و بۆگەنیی ئابلۆقه دراوە و گشت ساتێک چاوەڕێی کەوتنەوەی کارەساتێکی ترسناک و خەماویی لێدەکرێت. ناوبراو پەپولەی دەوری ئەو گۆشه تاریکانەی کۆمەڵە، که تیایدا کەسایەتییەکانی هەژار، دڵپاک، سادە، و خاوەن ویژدانێکی پاک و خاوێنن، که بەوپەڕی له خۆبوردەییەوە فەرمانی گەورە و کوێخاکانیان ئەنجامدەدەن. نووسەر له خولیای گەڕان به دوای راستێتیی و رووناکایی یەزدانیی دا؛ پێویستی به کات و شوێنێک هەبوو، که بتوانێت لێیان تێبگات و بەدەستیانبهێنێت. زیندان لەبارترین و گونجاوترین کات و شوێنێک بوو بۆ بۆ بەدیهێنانی رەوشێکی لەو جۆرە. نووسەر له هەلومەرجێکی نائارام و ناجێگیری سیاسی دا دەستگیردەکرێت و بۆ چەندین ساڵ ژیانی به مەحکومکراویی له زیندانەکانی سیبریا دا له ژێر باری سەخت و دژواری کارکردن و سەرمای ئەوێ دا بەسەردەبات. زیندان چاکترین شوێنێک بوو، که

دۆستۆیڤسکی بتوانێت ئەو جیهانە سەیر و تەراژیدیایانە بناسێت. واتا ئەو لە زیندان دا توانی بەرزترین رەوشت، دەگمەنترین و بەویژدانترین مرۆڤ، واتا مرۆڤی راستەقینە بدۆزێتەوە. ئەو کەسانەش کەسانێکی زانا، خوێندەوار و تایبەت نین، بەڵکو کەسانێکن، کە بەدەستی خۆیان کاردەکەن، بەڵام بیرناکەنەوە، ئەو کەسایەتیانەش لە لایەکەوە بەرەوخۆیان کێشی دەکەن، لە لایەکی ترەوە ئازاری دەدەن. دۆستۆیڤسکی باوەڕی وا بوو، کە نزیکبوونەوە لە خەڵکی وا سادە و رەشۆکیی، نزیکبوونەوە بوو لە یەزدان، چەمکی یەزدانیش بەرزترین و پەسەندترین ئامانجێک بوو، کە نووسەر دەیویست پێیبگات. دەتوانین بڵێین، کە سەرەڕای ئەوەی زیندان زۆرشتی لە ژیانی نووسەردا کوشت، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگترین، هەستیارترین و گەشاوەترین قۆناخێک بوو لە ژیانی ئەودا، کە توانی تیرۆژێک لە رووناکایی یەزدان و راستێتیی بەدەستبهێنێت. ئەو سەرەتا لە ژیانی زیندانێتیی خۆیدا رووی لە ئایین کرد و بووە قوتابیەکی گوێڕایەڵی (مەسیح)، کە بە هۆی (ئینجیل)ەوە وانەی رەوشتئامێزی وەردەگرت و فێری دەبوو. ئینجیل بۆ ئەو سەرکەوتنی دڵ بوو بەسەر عەقڵ، ئاوەز و ژیاندا. ئەو دەیویست هەمیشە ئەوجۆرە سەرکەوتنە بەگیربهێنێت، واتا ببێتە خاوەنی فەلسەفەیەکی توکمە و پایەدار، کە دور بێت لە ژیانی رۆتین و ماتریالێتیی (مادی). بە پشتیوانی باوەڕێکی وەها، سەرجەم ژیانی کردە دژایەتیکردنی فەلسەفەی ماتریالیزم. ئەو باوەڕی وا بوو، کە ئەمجۆرە فەلسەفەیە فەلسەفەیەکی وێرانکەر و ئەهریمەنییە، کە گیانی مرۆڤ دەپوکێنێتەوە. دۆستۆیڤسکی دەروێشی رێگەی راستێتییەکە، کە پەیکەری دەرەوەی مرۆڤ رەتدەکاتەوە، ئەو بە جۆرێک پێیڕۆدەچێت و دەگاتە باوەڕێک، کە گشت بیر، بیردۆز و یاسا زانستییەکان پوچ و بێمانان. نووسەر باوەڕی وابوو، کە تەنیا لەودیو جیهانی ماتریالەوە (جیهانی ئەودیو سروشت) یە، کە دەتوانرێت چەمکێک بۆ مانابەخشین بە مرۆڤ و ژیان پەیدۆز بکرێت. ئەو لە نامومکین دا دەژیا بەلای ئەوەوە نزیکبوونەوە لە سنوری یاسای زانست، بێ لە مۆتەکەیەک هیچی دی بەدەستناهێنرێت. زانست؛ بێئەوەی مرۆڤ ئاگای لە خۆی بێت دیوارێکی پتەوی لە بەردەم دا هەڵچنیووە، کە ئاسۆ و مەودای بیرکردنەوەی مرۆڤ دەستنیشاندەکات، لە چوارچێوەی ئەو دیوارەشدا زانست زیندانێکی دروستکردووە، کە مرۆڤەکانی جگە لە کار و ژیان بیر لە هیچی دی ناکەنەوە، ئەوانەشی کە بیر دەکەنەوە هەمیشە لە ژێر بارێکی سەختی دەرونیی دا دەژین. دۆستۆیڤسکی چێژ لەو دژواریانە وەردەگرێت، دژوارییەکانیش لای ئەو لە شێوەی دیوارێک دا بەرجەستە دەبن،، کە زۆر بە دژواریی دەتوانرێت ئەودیویان ببینرێت. ئەو حەز دەکات ئەو دیوارانە ببڕێت و ئەودیویان ببینێت؛

ئەودیوێک، کە چیتر دورە لە یاسای سروشت و ماتریالەوە. جیهانی ماتریالیزم لای دۆستۆیڤسکی مۆتەکەیەکە، کە لەسەر سنگی مرۆڤایەتیی دەنیشێت و هەناسەی سواردەکات، نووسەر ئێمە بەرەو ئەو جیهانی مۆتەکەیە رادەکێشێت. ناوبراو لە ناخی خۆی دا هەست بە واتای تەواوی ئازادیی لەو مۆتەکەیە دا دەکات و باڵادەستیی ئەو ئازادییە زیاتر دەدات بەسەر جیهانی ماتریال و خۆشیی دنیایی دا. ئەوەتا دۆستۆیڤسکی لە (بیرەوەرییەکانی پیاوێکی ژێرزەوینیی)دا: {مرۆڤ تەنیا پێویستی بە ئیرادەی ئازادە، ئەگەر بە هەرچی نرخێک لەسەری بکەوێت یان بیکوژن، لەوباوەڕەدام مرۆڤ هەرگیز ئازاری راستەقینە لە بیر ناکات}. بە پشتیوانی ئازار و سزاچەشتن مرۆڤ دەتوانێت لە غەیبیات، شتە هەستپێنەکراو و موعجیزەکان نزیکببێتەوە، هەر بەو هۆیەشەوە دەتوانێت هەست بە ئەودیوی بوونی خۆی بکات. رێگەی ئازار و ئازادیی یان بە دۆزینەوەی یەزدان کۆتایی دێت یان دروستکردنی مرۆڤی یەزدانیی. لە دیدی دۆستۆیڤسکیدا (کاتێک، کە تەبایی لە نێوان مرۆڤ و یەزدان دا دروستدەبێت، ئیدی نە یەزدان مرۆڤ هەڵدەلوشێت، و نە مرۆڤیش لە یەزدان دا موستەحیل دەبێت) واتا هەم یەزدان هەیە و هەم مرۆڤ. بۆ راگرتنی ئەم هاوسەنگیەش نێوبژیکەرێکی چاکەخوازی وەک مەسیح پێویستە؛ لەم نێوانەدا مەسیح هەم رێنیشاندەر و شفابەخشە، هەم کەرەستە و قوتابخانەیەکی گیانیی (رۆحیی)ە، کە مرۆڤ بەرە و ئامانجی راستێتییەک دەگەیێنێت، هەروەها ئامانجێکیشە، کە رووناکایی یەزدان تیایدا دەدرەوشێتەوە. مەسیح لە دوو جیهانی جیاواز دا رۆڵی چاکەخوازانە دەگێڕێت، یەکێکیان جیهانی ئەمدیو دیوارێکە، کە زانست و مەنتیق رێنوێنی دەکات، ئەوی دیان جیهانێکە، کە دابڕ لە هەر کات و شوێنێکە و دەکەوێتە ئەودیو جیهانی زانستەوە، ئەو دیوارانەش بریتین لە لەمپەرێک، کە رێگە لە ئازادیی مرۆڤ دەگرن. دیوارەکانی دۆستۆیڤسکی بەرجەستەبووی بارێکی کۆمەڵایەتین، کە تیایاندا نەریت و یاسا رەوشتئامێز (ئەخلاقیات)ەکان ناهێڵن مرۆڤەکان ئاودیو ببن. کرداری ئاودیوبوون لێرەدا پێویستی بە رەنج و تێکۆشانێکی مەعنەوەییە، تێکۆشانێک، کە پڕە لە رێگەی ئازار و ئەشکەنجەی دەرون کە سەرئەنجام بە هاتنەدی ئامانجێکی زیندوو و نەمر کۆتایی دێت. گەیشتن بەم ئامانجەش لە رەوتی قۆناخێک دا نایەتەدی، بەڵکو قۆناخێکی پەیژەیی شەقوشڕ و لەقولۆقە، کە لە پلەی یەکەم دا سەردەکەویت و لە دواپلە دا دەتوانیت ئەودیو سنوری دیوارەکان ببینیت، دیوێک کە ئازادیی بەرقەرار و مرۆڤ تیایدا ئارام و ئاسودەیە. دیوار رێگرێکە لەبەردەم ئازادیی مرۆڤ دا، هەر لەمپەرێکیش لەبەردەم ئەو ئازادییەدا خۆیبنوێنێت، ئەوا جیهانێکی پوچ و بێمانایە کە دەبێت مرۆڤ تێکیبشکێنێت. کەسایەتیەکانی

دۆستۆیڤسکی دەیانەوێت بەهەرچی نرخێک بێت؛ ئاودیوی سنورە رەوشتئامێز و کۆمەڵایەتییەکان ببن، بۆ ئەمەش کارگەلێکی وەها ئەنجامدەدەن، کە نائاسایی و لە سەروی وزە، کار، رەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤی ئاساییە کە سەرئەنجام بە دانپیادانان (اعتراف)، تاوان، خۆکوژیی، دورخستنەوە بۆ سیبریا و ... هتد کۆتایی دێت، لەوێش دا ئیدی یان رووناکایی یەزدان بەدەستدەهێنێت یان بەکۆتایی و لەناوچوون.

دەتوانین رەوت و ئاقاری رۆمانەکانی نووسەر بکەینە دوو بەشەوە: بەشێکیان؛ دەربڕی ژیانی رۆتین و رۆژانەیە، کە پارەوپول، چەپەڵیی، ئێرەیی، بێڕەوشتیی و .... رۆڵی سەرەکیی و کاریگەریی لەسەر پاڵەوان و کاراکتەرەکان دەگێڕن. بەشی دووهەمیان دراما راستەقینەکەی مرۆڤە، کە رەوتی خۆی دەبڕێت و دەگەڕێت بەدوای یەزدان و هەوڵدان بۆ پەیداکردن و دۆزینەوەی مرۆڤی نوێ. تراژیدیای راستەقینە؛ لای داستۆیڤسکی نەبوونی رەوشتە، ئامانجی ئەو لە نووسینەکانیدا پارەو پلەی کۆمەڵایەتیی نییە، شادیی، بەختەوەریی و سەرکەوتنی مرۆڤ، لە ژنهێناندا نییە، بەڵکو وێڵبوونە لەدوای یەزدان. پاڵەونەکانی ئەو هیچیان لەم جیهانە دا ناوێت و پارە و پلەی کۆمەڵایەتیی هیچ رۆڵێک بۆ ئەو کەسایەتییانە ناگێڕن و بەبێ هێند بۆی دەڕوانرێت، و لە نێوان واقیع و خەیاڵ دا سنورێک ناناسن.

دیارترین و بەرجەستەترین بەڵگە بۆ بوون و سەلماندنی ئەم دیاردە و بۆچونانە رۆمانی (تاوان و سزا )ی دۆستۆیڤسکییە. لەم رۆمانەدا خوێندکارێکی زانکۆ پیرەژنێکی سوخۆر، چروک و چاوچنۆکی پارەدار، لە پێناوی بەدەستهێنانی پارە و سامانەکەی دا دەکوژێت، بەو ئامانجەی کە بتوانێت ژیانی خۆی، دایک و خوشکە دەستکورت و کەمدەرامەتەکەی لە برسێتیی و کلۆڵیی رزگاربکات و بەختەوەریان بکات. (راسکۆڵ نیکۆڤ)ی پاڵەوانی تاوان و سزا باوەڕی وەهایە: ئایا بوون یان نەبوونی پیرەژنێکی لەوچەشنە لە ژیان دا، چی لە تەرازوی ژیان دەگۆڕێت؟! داڕشتنی ئەم بیرە لە سەرەتا دا بە شێوەی لێکدانەوەی ناوەوە و مەنتیقیانە خۆیدەنوێنێ، پاشان دەبێتە کردار و تاوانێک ئەنجامدەدات. درامای واقیعیی مرۆڤەکە؛ لەوێدا دەستپێدەکات، کە سزادانی دەرونیی خۆیەتی. پاڵەوان؛ پاش تاوتوێکردنی ئەم دۆز و خوازە لە ناخی خۆیدا، بزوێنەری سەرەکیی تاوانەکە دەدۆزێتەوە، هەربۆیەشە کە لە دواجاردا لای سۆنیای کچە هاوڕێی دانپیادا دەنێت و پێی دەبێژێت، کە لە پێناوی بەختەوەریی کەسوکار و مرۆڤایەتیی دا نەیکوشتووە، بەڵکو تەنیا لەبەرخۆی بووە و پێی دەڵێت، کە هەرگیزیش پێویستی بە پارە نەبووە. ئەو هۆوهۆکارێکی دی پاڵپێوەدەنێت، کە تاکو بزانێت

و بیچەسپێنێت ئایا ئەو (راسکۆڵ ) مرۆڤە یان تەنیا مێرویەکە و هیچیدی ؟! ئەو دەخوازێت بزانێت، کە ئایا دەتوانێت ئاودیوی دیوارە رەوشتئامێزەکانی ناو کۆمەڵگەکەی ببێت ؟ ئەو وەک پیاوەژێرزەوینیەکە (دڵ)ی لە نێو دیواری نەریت، باو و رەوشتی کۆمەڵگەکەی دا دەگوشرێت، ئەو وادەزانێت بەوکارە دەتوانێت لە خەڵکانی ئەمدیو دیوارەکە دوربکەوێتەوە، ئەو هەست بەوە دەکات، کە بە ئاودیوبوونی دیوارەکان خۆی بەرەو چارەنوسێکی ترسناک و نادیار دەبات، واتا ئازادیی بیرو ویژدان. راسکۆڵ پێیوایە پیرەژن لەمپەرێکە لەبەردەم روخاندن و ئاودیوبوونی ئەو دیوارانە، ئەو لەمپەرێکی گۆشت و ئیسقانە، کە دەبێت کەوڵ و وردوخاش بکرێت. ئەو لە ئەنجامدا باوەڕیوایە، کە مرۆڤێکی نەکوشتووە، بەڵکو یاسایەکی ئەخلاقیی ئەتک و لاقە کردووە. ئەو دوای تێپەڕاندنی ئەو یاسا ئەخلاقییانە، دەخوازێت بۆچوون و رای خۆی دەربارەی یەزدان بزانێت، تاکو لە ئەنجامدا ئازادیی خۆی بەدەستبهێنێت. بەڵام لەوکاتەوەی کە راسکۆڵ لە هەلومەرجی مرۆڤایەتیی رادەکات؛ ناتوانێت مرۆڤێکی ئازاد بێت، بەپێچەوانەوە دەکەوێتە نێو بەند و داوێکی ترەوە و پێخوسی دەکات. ئەو وایدەزانی بە پەڕینەوە لە سنوری رەوشت و دەستدانە ئەو تاوانە؛ ئازادیی خۆی بەدەستدەهێنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو خۆیدەخواتەوە و شەو و رۆژ لە بیرکردنەوەدایە و خۆی دادگایی و تاوانبار دەکات، ئەو چیدی بووەتە مرۆڤێکی دوکەرت و نامۆ، راسکۆڵ بەوکارە هەم خۆی دەپوکێنێتەوە، هەم روناکایی یەزدان دەکوژێنێتەوە. ترسناکیی باوەڕی پاڵەوانەکە (راسکۆڵ) لەوەدایە، کە پیرەژنەکە بە ئەسپێیەک دەچوێنێت. بەڵام هەرچی و چۆنێک بێت ئەو (پیرەژن) بونەوەرێکی مرۆڤایەتییە و هیچ مرۆڤێکی تر شایانی ئەوە نییە، کە مرۆڤێکی دی لە پێناویدا ببێتە قوربانیی،



چونکە مرۆڤ بەرجەستە، شەقڵ، وێنە و دەستەڵاتێکە لە بوونی یەزدان. ئەو هێزە دەرونییە مرۆڤایەتییەی؛ کە پاڵ بە راسکۆڵەوە دەنێت، کە کارێکی لەوجۆرە ئەنجامبدات دوایی ناپاکیی لەگەڵدا دەکات و دەیکاتە مرۆڤێکی نائاسایی و توشی گۆشەگیریی و تەنیایی دەکات. ئەو ئازادییەی، کە ئەم چاوەڕوانی بوو لە شوێنیدا توشی سەرلێشێواویی و دەرون لاوازیی بووە و وەکو منداڵ دەترسێت و توشی نامۆیی دەبێت، ئەنجامیش بە دانپێدانان کۆتایی دێت و خۆیەداتە دەست یاسا ئەخلاقیی و دنیاییەکان و سزای خۆی وەردەگرێت.

یەکێک لە تایبەتمەندیە هەرە دیارەکانی فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی دەربارەی مرۆڤ، باوەڕبوونی بوو بە دوانەیی (ثنائیة) گیان و سروشتی مرۆڤایەتیی. لە سروشتی مرۆڤایەتیی دا؛ لە نێوان چاکە و خراپە، ئارەزوی ئاژەڵیی و مرۆڤایەتیی، هۆکاری یەزدانیی و ئەهریمەنیی دا ناکۆکیی و ململانێی هەمیشەیی هەیە، نووسەر ئەم ناکۆکیی و دژانە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کرۆک و ناخی مرۆڤایەتیی دەزانێت. تەیبەتمەندییەکی لەوجۆرە، هانی دۆستۆیڤسکی دەدات، کە باری درونیی کەسایەتیەکانی توێکاریی بکات و بیانگلێنێت بە کاری نائاسایی و بێڕەوشتیی، یان بە کاری چاکەخوازییەوە. ئەم کارانەش؛ کە ئەنجامدەدرێن پەیوەندییان بە جیهانی واقیعەوە نییە، و هیچ کار و کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان لەسەریەکتری نییە و پابەند بە هیچ سنور یان کات و شوێنێکەوە نییە، بەڵکو بەشێوەی لێکدانەوەی زۆر ئاڵۆز، شاراوە و دور لە مەنتیق ئەنجامدەدرێن. ئەمجۆرە کەسە نائاساییانە بریتین لە خەڵکی بێڕەوشت، نەفسنزم، هەڵخلیسکاو، توڕە، شەهوەتباز، سۆزدار (**عاطفي**) و ...هتد . ئەمجۆرە مرۆڤانە لە جیهانی ئێمەوە دور نین، جیاوازیمان لەگەڵیاندا تەنیا لەوەدایە، کە ئەوەی ئێمە ناوێرین بیڵێین و بیکەین ئەوان دەیڵێن و ئەنجامی دەدەن، ئەوەی کە ئێمە لە گۆشەی تاریکی نائاگایی و ویژدانی خۆماندا دەیشارینەوە، ئەوان بە ئەملاوئەولایدا دەدەن. دۆستۆیڤسکی: ئەوەی؛ کە تۆ ناتوانیت ئەنجامی بدەیت، من تاکو رادەی ئێسقان بردم. پرسیاری ئەوە دێتە روو، کە ئایا نەخۆش و حاڵەتە نائاساییەکانی مرۆڤەکانی نووسەر دەبێت کێ و چی بن؟ دیارە نەخۆشێک بۆ ئەوەی کارێک ئەنجامبدات، دەبێت خاوەنی لەشێک بێت، بەڵام کەسایەتییەکانی نووسەر خاوەنی لەشێک نین، بەڵکو زیاتر دەربڕێکن لە جیهانی فیکر و خەیاڵی ئێمە، بەڵام کاتێک، کە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان لە واقیع و جیهانی فیزیاویی ئێمەوە نزیک دەبن، ئەوا دەشێت دەربڕی جۆرێک لە دەسەڵاتی هونەریی ئەدەبی دۆستۆیڤسکی بن، بەڵام ئەوەی، کە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە، دەرنەکەوتنی رۆڵی کەسایەتیی ئافرەتە وەک کاراکتەرێکی گرنگ و کاریگەر، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو رۆمانەکانیدا

رەنگیداوەتەوە. بەهەمان شێوەش دۆز و باسی خۆشەویستیی و سێکسیش لە بیر و فەلسەفەی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکیدا جیهانێکی تاکو رادەیەک شاراوە و ئاڵۆزن، خۆشەویستیی لای ئەو نیشانەی ئارامیی و پایەداریی لەش و گیان نییە، ئافرەت وەک نێوەنجیەک وایە، کە دێتە گۆڕەپانی روداوەکانەوە، ژن لە شوێن و پلەوپایەی خۆی دا دەخوازێت تەنیا دەرد و ئازار لە پیاو دا بەئاگابهێنێت و ئاودیوی یاسا رەوشتئامێزەکانی بکات و لاوازی بکات، پاشان بەرزیبکاتەوە و بیخاتە نێو جیهانێکی نوێ و ئازادەوە. ژنانی دۆستۆیڤیسکی رۆڵی ئاناکارنینای تۆڵستۆی، دایکی مەکسیم گۆرکی و ژنانی یەشار کەمال ناگێڕن ژن جێگەی ئامانج و مەبەست نییە، بەڵکو کەرەستەیەکی بێبایەخە و دەبێتە هۆی دووکەرتبوونی کەسایەتیی پیاو، کە یەکێکیان بەرەو عەشقی شەهوانیی و ئەوی دیان عەشقی بەزەیی دەبات. لە رۆمانی (گێل)ە دا، گێلە ئەڤینداری دوو ئافرەت دەبێت، یەکێکیان عەشقی شەهوانێتیی (ئاگلا)ی رایدەکێشێت، ئەوی دیان رووخساری پڕخەمگینیی و ئازاراوییانەی (ناستازیا)یە کە هەست بە سۆز و هاودەردیەکی لەڕادەبەدەر بەرامبەری دەکات، واتا ئەوی وەکو ئەڤین خۆش ناوێت، بەڵکو لە روانگەی بەزەییپێداهاتنەوەوە بۆیدەڕوانێت، ئاشکراشە کە عەشقی شەهوانیی و بەزەیی هیچیان دوو مرۆڤ بەیەکناگەێنن و هیچیشیان عەشقی راستەقینە نین. عەشق لە پێش هەرشتێکەوە خۆفیداکردنە، بەڵام بەزەیی، سەلماندن و سەپاندنی باڵادەستیی یەکێکە بەسەر یەکێکی دی دا. پێویستیی غەریزەی شەهوانیی و جینسیی، دەربڕی جۆرێکن لە خۆپەرستیی هەرزەکارێک، کە دوای دۆستێتیی و جوتگیریی دەکەوێت ئەمەش بێ لە بیانویەک بۆ چێژوەرگرتنی جینسیی چ مانایەکی دی نادەن، ئەو لە هەستی شەهوانێتیی خۆیدا تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە. کەواتە شەهوەتبازیی کامڵترین دیاردەی جۆرێک لە گۆشەگیریی و تەنیاییە، کە لەوانەیە هەرکەسێک رووبەڕووی ببێتەوە، مرۆڤ لەم تەنیایی و گۆشەگیریەدا خۆی وندەکات و دەبێتە دووکەرتەوە. (ڤێرسیلپۆڤ) لە رۆمانی (هەرزە)دا: دڵم پڕلەقسەیە، بەڵام ناتوانم بیهێنمە سەرزمان، لەوەدەچێت بووبێتمە دووکەرتەوە. ژنان لە تەمەنی پڕچاوەڕوانی خۆیاندا لە پێناوی گەیشتن بە مەرامی خۆیان و خۆدانەدەستیان بە پیاو، خاوەنی چەندین چیرۆکی تفت و تاڵن، بەڵام هەر کە بەدەستتهێنان سەرزەنشتت دەکەن، هەندێکجار دڕندە و دڵڕەقن و پاشان دلۆڤان دەبن، لەو دلۆڤانییە ئەوان چێژوەردەگرن. ژنان خاوەنی شەرمێکی پڕلەقین و شەهوەتێکی بێگوناهن. ئەوانە درۆ لەگەڵ پیاوی خۆیان و خوا و تەنانەت خۆیشیان دەکەن، رووبەڕووی ژیان نابنەوە، بەڵکو یاری پێدەکەن، ژیان لایان ئاوێنەیەکە و هەرجارەی بەشێوەیەک خۆیانی تێدا دەنوێنن، هەرجارەیش

شێوە و رەفتارێکی جیایان هەیە تاکو لەو رێگەیەوە هەست بە بوونی خۆیان بکەن، بەڵام تایبەتمەندیی پیاو بریتییە لە سەقامگیریی و پایەداریی، پیاو کاتێک هەست بە هێزی خۆی دەکات کە ئێستێک بەرامبەر گوناح، هەڵە و چاکەکانی دەکات، بەڵام ژن هەست بە هێزی خۆی ناکات مەگەر لە نائاگایی (لاوعی)دا. پەیوەندییبەستن لەگەڵ ژنان؛ چاوەڕوانی گشت روداوێکی ناخۆش و ناقۆڵای لێدەکرێت، باشترینە، کە لەدەستی رابکەیت. بەکوردیەکەی لای دۆستۆیڤسکی وەهایە، کە ئەگەر عەشقێک یەزدانیی نەبێت عەشقێکی لەرزۆک، ناتەواو، ئازاردەر و پێکەنیناوییە.

بیر و فەلسەفەی نووسەر شەقڵ و بەرجەستەکراوێکی ناوەڕۆکدار بە مەسیح و ئینجیل بوو، کە دەیویست بە ئاودیوبوونی سنورە ئەخلاقییەکان ئازادیی بەدەستبهێنێت. ئەمجۆرە فەلسەفەیەش کتومت لەناو هەناوی گەلی روسدا رەنگیدابووەوە. دۆستۆیڤسکی باوەڕی بەوە بوو، کە گیانی گەلی روس خەڵوەتگەیەکی ئارامە، کە رۆح و ویژدانی مەسیح تیایدا شادە، کەواتە مەسیح کەسێکی خۆماڵییە و لە دەرون و ماڵی هەر روسییەکدا دەژی. دۆستۆیڤسکی لە بەرامبەر ئەو دەرککردنەدا تاکو ژیا نەفرەتی لە رۆژئاوا دەکرد، ئەو پێیوابوو رۆژئاوا ناکۆک و ناتەبایە لەگەڵ گیانی مەسیح، بەجۆرێک کە هەست و گیانی مرۆڤانە تیایدا دەپوکێتەوەو لەنێودەچێت. ئەو پاراستنی مەسیحی لە پاراستن و بەردەوامیی حکومەتی (تەزار) و گەلی روسدا دەبینیەوە، لەو باوەڕەشدا بوو، کە هەر گەلێکی خواناس و باوەڕداری وەک روسە، کە دەتوانێت خۆی و گشت مرۆڤایەتیی رزگاربکات، ئازادیی بەبێ بوونی یەزدان نایەتە دی، هەر گەلێکیش باوەڕی پێچەوانە بێت لەنێودەچێت، هەربۆیە نووسەر تاکو مردیش بەرگری لەو شێوە باوەڕ و رێبازە کرد. دەتوانین بڵێین رۆمانی (شەیتانەکان) بەرجەستەیەکی تەواوی ئەو بارودۆخەیە. ئەم رۆمانە چیرۆکی میللەتێکە کەوا هاوکێشەی کۆمەڵایەتیی لاسەنگ بووەو لەجیاتی ئەوەی خۆی رزگاربکات، لەنێودەچێت. راسکۆڵ لە تاوان و سزا دا دەخوازێت بیسەلمێنێت، کە بوونی ئەو کرمێکی بێبایەخ نییە و بە ئەنجامدانی تاوانێک ئازادیی بەدەستبهێنێت. دۆستۆیڤسکی دژی ئەو کەسانە بوو، کە باوەڕیان بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی هەبوو، ئەو ترسی لەو گۆڕانانە هەبوو، گۆڕانێک کە ئاکامەکەی بە باوەڕنەبوون بەخوا کۆتایی بێت، ئەو کۆمانەوە و تلیسانەوەی لەژێرباری کاری دژوار و سەرمای سیبریای پێچاکتر بوو وەک لە دەوڵەتێکی سۆسیالیستیی. شۆڕشگێڕانی سۆسیالیست و جیهانی زانست و یاسا، کەسان و بارێک دوڕو و هەڵفڕیوێنەرن، ئەوانە زیاد لە پێویست قەبارە بە گەل و خەڵک دەدەن، دەیانەوێت بە کوشتن و قوربانیی خەڵک بگەێنە

ئازادیی. دەخوازن لەجێگەی باوەڕبوون بە یەزدان، باوەڕی کوفر و بێباوەڕیی بە خەڵک بسازێنن. راسکۆڵ؛ کە رادەپەڕێت و دەستدەداتە تاوانێک، ئازادیی خۆی لەدەستدەدات، ئەو چیدی دەبێتە کۆیلەی بیرێکی سەلماو. لەو روانگەیەوە: کاتێک کە میللەتێک رادەپەڕێت بۆ بنیاتنانی سۆسیالیستیی و سەلماندنی سیستمی نوێی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، بێ لە بەدەستهێنانی کۆیلەیی، پەشێویی و نائارامیی هیچی دی بەدەست ناکەوێت. ئەم دوو جۆرە موباحیەت و موتڵەقگەراییەی جیهانی ئایدیا و واقیع لای دۆستۆیڤسکی لەوانەیە لایەنێکی مێژویی، کۆمەڵایەتیی و سایکۆلۆژیی خۆیان هەبێت، ئەم دوو تاقیکردنەوەیە هاوشانی یەک هەنگاو دەنێن و لە دواجاریشدا هەریەکەیان تووشی جۆرێک لە تێکشکان دەبن.

سۆسیالیزم پێش هەرشتێک دۆزێکی مەزهەبییە و کرۆکی سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆی لە جیهانی ئایدیالیستییەوە بەدەستدەهێنێت، هەربۆیە سۆسیالیزم ناتوانێت بەتەنیا چاکەری باری ژیانی کرێکاران بێت، بەڵکو چاکەر و رێکخەری جیهانی مرۆڤایەتییە، سۆسیالیزم شانبەشانی مەسیحێتیی ناڕوات، بەڵکو جێنشینی ئەوە. خەوش و کورتییەک، کە دۆستۆیڤسکی تیایدا دەبینی ئەوە بوو، کە لەم قوتابخانەیە دا یەزدان بوونی نییە، ئەبەدییەت شاراوەیە و زیندوبوونەوە و بەختەوەریی دواڕۆژ لەگۆڕێ دا نییە، جگە لە بەختەوەریی سەرزەوی، کە هەمووکەس دەتوانێت پێبیگات هیچی دی تیایدا بەدیناکرێت. هەمووشت لەنێو ئەم جیهانەدا دەستپێدەکات و لەم جیهانەشدا کۆتایی دێت. نرخی تاک، کەس، ژیانی تایبەتیی، هێزی مەعنەویی و ئومێدە نەمر و مەزنەکان گشتیان لەم شیو و دۆڵی تاریک و پوچی نائاگاییەی ئێمە دا سەردەنێتەوە و لەنێودەچن. سۆسیالیزم لێپرسراوی پەیداکردنی قووت و رۆزیی خەڵکە، بەڵام پاروو خواردن مانای ئازادیی ناگەیێنن، بەڵکو مرۆڤ هەردەم برسیی و تینوی جیهانی مەعنەوییاتێکە، کە مایەی شادیی و چێژبەخشییە، واتا شتێکە نە بە ئیشکردن دێتە دی و نە بە گزی و چەندەبازیی. سەرئەنجام؛ خەوشی سۆسیالیزم، لەوەدایە کە نرخێکی زیاد لەپێویست بە مرۆڤ دەدات. شەیتانەکان پێشبینیەکی ترسناکە، بەخشینی شێوەیەکی کاریکاتێریی بوو بەڕۆژگاری ئەوکاتە، بەڵام هیچ کەسێک پێشبینیی و پەی نەدەبرد بەوەی، کە ئەو کاریکاتێریە سبەینێ دەبێتە تابلۆیەکی واقیعیی. شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستیی، ئەو سەرئەنجامە شوومە بوو، کە شەیتانەکان باسی لێوەدەکرد. ئەوانەی خوازیار و پابەندبوون بەو شۆڕشەوە لە میللەت و پێداویستیەکانیان تێنەدەگەیشتن، ئەو کەسانە هەر خەریکی قسەی زل بوون و هەواڵی رۆژێکی شوومیان رادەگەیاند، لە رۆژنە و دەلاقیەکی وەهاوە بوو کە دۆستۆیڤسکی تاکو مردیش دووژمنی سەرسەختی ئەوانە بوو. ئەو؛ لەشوێن

ئەوانە باوەڕی بە رووسیایەکی پێشکەوتوو هەبوو، بەڵام دوور لە لە گیانی ئەوروپاییبوون، رووس ئەوەی لەباردا هەیە، کە خاوەن مێژوو و تاقیکردنەوەی خۆی و ئامانجی تایبەت بەخۆی بێت. دۆستۆیڤسکی دوای ئەوەی سەردەمانێک تێکەڵ بە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییەکانی بەرهەڵستکارانیی قەیسەری روسیا بوو، کەوتە نێو زیندانەکانی دەوڵەتەوە و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت. ئەو؛ ئەو فەرمانی لەسێدارەدانەی بە شایانی خۆی دەزانی، کاتێکیش فەرمانەکەی هەڵدەوەشێتەوە، هەرگیز ئەو چاکەیەی قەیسەری لەبیرنەکرد و ژیانی گرێدا بـەوەوە، هەر بەوهۆیەشەوە بوو، کە نرخی راستەقینەی گەلی رووسی لە ئەرتەدۆکس و قەیسەردا دەبینیەوە. ئەو هەم باوەڕی بە ئەرتەدۆکس و هەمیش باوەڕی بە گەلی رووس هەبوو، بەجۆرێک کە هیچیان بێ ئەوی تریان نەدەبوو. ئەم باوەڕە هەستی نیشتیمانپەروەریی لە ناخی داستۆیڤسکی دا دادەکوتێت. جەنگی نێوان رووس و عوسمانییەکان ئەم هەستەی تاکو دواپلە هەژاند، نووسەر باوەڕی وابوو کە جەنگێکی وەها رۆح و گیانی رووس دەگەشێنێتەوە، جەنگێکی پیرۆز، کە لە خزمەت مەسیح دا بوو، ئەو باوەڕی لەوبارەوە دەگاتە ئاستێک، کە لە ساڵی ١٨٧٠ دا بنووسێت: ئەوەی بە زەبری شمشێر نەیەتەدی پایەدار نابێت، بەڵام بۆ ئەوێک؛ کاتێک، کە لە تاوان و سزا دا بڵێت: (بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی نەکوشتووە، بەڵکو ڕێبازێکی کوشتووە)، لەوانەیە یەکنەیەتەوە و ناکۆک بێت. ئەو شەش وشەیەش ئاماژەیەکی راستەوخۆی دۆستۆیڤسکییە، کە دەیویست ئاراستەی جەنگێکی پیرۆز بکاتە مەبەست و نیشانە. لە دیدی نووسەردا؛ بۆ گەیشتن بە بیری یەکگرتنی جیهان لە مەسیحێتیی دا گشت هۆکار و کەرەستەیەکی بەڕەوا و ڕێگەپێدراو دەزانی: (ئەگەر خوایەک لەئارادا نەبێت هەموو شتێک موباح و رەوایە)، بەڵام نووسەر خاوەن یەزدان و مەسیح بوو، هەربۆیە دژو ناکۆک بوو سەبارەت بە خۆی کە بتوانێت جەنگێکی وەها خوێنین بەڕێوەبەرێت. مەسیح لەپێناوی رزگارکردنی مرۆڤایەتیی دا خوێنی خۆی رشت، بەڵام دیار بوو ئەو خۆی بەناچار دەبینی، کە ئێسقانەکان وردوخاش بکات. دۆستۆیڤسکی لەوەها هەڵوێسێک دا دەکەوێتە نێو زریانی ویژدان و لێیدەرباز نابێت، هەربۆیە ئەو لە دواجاردا دەکەویتە نەفرەت لە شارستانییەک، کە لەپێناوی دا گەرەک پێستی خەڵک بگوریت. ئەو بەمجۆرە (ئەگەر بەشێوەی تیۆر لێی بڕوانیت لەوانەیە کارێکی نەشیاو و بێبناغە بێت، بەڵام لە پراکتیک دا هەرئەوەیە کە هەیە) لە وەڵامەکان رادەکات. دۆستۆیڤسکی بێئاگایە لەوەی، کە دروستکردنی نەتەوەی روس وەک گەلێکی سەردەست و باڵادەست لە جیهان دا چەند لە نرخ و پایەی مەسیح کەمدەکاتەوە، مەسیح باوەڕی وابوو، کە گشت مرۆڤایەتیی

کۆمەڵێکی هەڵبژاردە و دروستکراوی یەزدانە، بەڵام هەرچی و چۆنێک بێت بیر و ئاقاری دۆستۆیڤسکی رووە و هەڵکردنی چرای مەسیح و بەرجەستەکردنی یەزدان بوو لە مرۆڤ دا.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا؛ کە دۆستۆیڤسکی باوەڕی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی نەبوو، بەڵکو بە پەرەسەندن و کامڵبوونی مرۆڤ هەبوو. ئەو لە رەوتی کامڵبوونی مرۆڤ دا دوو جۆر دەسەڵاتی دەخستەڕوو، یەکێکیان دەسەڵاتی مادی و ئەوی دیان مەعنەویی، ئەم دوو دەسەڵاتەش خۆبەخۆ مرۆڤ بەرەو جۆرێک لە ئارامیی یان پەشێویی دەبات.

راسکۆڵ بە کوشتنی یەکێک و گێلە بەشێتبوون و شەیتانەکانیش لە رەوتی شۆڕش دا وێڵی جۆرێک لە دەسەڵات بوون، دەسەڵاتیش هۆکارێکە، کە دەشێت ئازادیی مرۆڤ دەستەبەر و بەرجەستە بکات. رۆمانی (هەرزە- المراهق) چاکترین نمونەیە، کە دەسەڵات و ئازادیی تیایدا بەرجەستە کراوە، هەرزە دەیەوێت ئازادیی بەدەستبهێنێت، ئەو لەوباوەڕەدایە، کە سامان دڵنیاترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە توانایی و سەربەخۆیی. ئەو زۆڵێکە و لەئەنجامی زۆرگیرییکردن (اغتصاب)ی دایکە کارەکەرەکەی لەلایەن کەسێکی بەناو ڤێرسیلۆڤەوە هاتۆتە دنیاوە. هەرزە نە دایکی هەیە و نە باوک؛ ئەو دورە لە هەر بەسەرکردنەوەیەکی سۆز و خۆشەویستیی. ئەو لەلایەن پیاوێکی دڕندە و نەزانی فەڕەنسیی بەناوی تۆچاردەوە دەچەوسێتەوە، تۆچارد ئەتکی رۆحی دەکات، دەیبوغزێنێت، ئازاری دەدات، ریسوای دەکات، ئیهانەی کەسایەتیی دەکات و بەنۆکەر و بێنرخی دەقەبڵێنێت، بەڵام هەرزە بەپێچەوانەوە؛ رێزیلێدەگرێت، لێیدەپاڕێتەوە و تکاکاری دەبێت، بەڵام بێسود دەبن. لێرەدا پێویستە بگوترێت، کە مرۆڤ چەند پوچ و بێنرخ بێت، خاوەنی ئابڕو و جۆرێک لە غرورە، ئەم نۆکەرە دەخوازێت لە یەک سات دا هەم نۆکەر و هەم کوێخاش بێت، هەرزە کەسێکی سوککراو و ریسواکراوە، کە بیردەکاتەوە. بەڵام بیرکردنەوە بۆئەو چی سەوز دەکات؟! ئەو رووبەڕووی دژەکردارێک لە ناخ و بیرکردنەوەی خۆی دا دەبێت، دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە خەڵک بەهیچ و بێبایەخ بزانێت. ئەو هەڵوەدای تۆڵەسەندنەوەیە؛ دەخوازێت خەڵکی و دەوروبەر رێزیلێبگرن، ئەو دەیەوێت ئاودیوی دیوارە رەوشتئامێزەکان ببێت، بۆئەوەی هەم ئیعتیباری کەسایەتیی خۆی بەدەستبهێنێتەوە، هەم دەسەڵات و ئازادیش. ئەو لە سەرەتا دا دەخوازێت بزانێت، کە ئایا رۆڵی سامان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی دا چییە؟! ئەو دەیەوێت بەهۆی پارە و ئاڵتونەوە لەچوارچێوەی ئەو دەوروبەرە بۆگەن و شێواوە دا رابکات. لێرەدا راسکۆڵ و هەرزە بەرەو یەک ئامانج شۆڕدەبنەوە و هەمان تێکشکانیش رووبەڕووی هەردوکیان دەبێتەوە،

واتا بەرەو ئەنجامدانی کارێک، کە لە سەروی توانای کاری مرۆڤێکی ئاساییە. لە هەرزە دا جولەکەیەکی دەوڵەمەند بە بۆگەن و بێڕەوشت دەچوێنرێت، لە تاوان و سزاش دا پیرەژنێک بە مێرو یان جانەوەرێک. بێگومان ئەم دوو پاڵەوانە لەو کارانەی؛ کە ئەنجامی دەدەن هیچ بەرژەوەندیی و سودێکی بەرز و باڵای مرۆڤایەتیی تیایدا رەچاوناکرێت، بەڵام هێندە هەیە، کە شەیدا و تامەزرۆی دەستەڵاتن. هەرزە: من پێویستیم بەپارە نییە. ئەو عەوداڵی دەستەڵات بوو؛ دەستەڵاتێک، کە لەسایەیدا دەتوانێت گشت ویست و داخوازێکی خۆی پیادەبکات. هەرزە دەیەوێت لەسەر شارایەک ئاڵتون خۆی لەناوبەرێت و بەئازادیی خۆی بگات. ئەو لە خەیاڵی خۆی دا وادێتە بەردیدەی، کە چیدی لە دەسەڵات تێر، بێزار و ماندو بووە، و پاشان پارەی خۆی دەبەشێنێتەوە، واتا لەوێبەدواوە پارە هیچ رۆڵێک لە گۆڕینی هەڵسوکەوت و باری دەرونیی ئەو ناگۆڕێت. هەرزە لە وێستگەیەکی شەمەندەفەردا: ئەگەر ئەم جەنەراڵە بێئەدەبە بیزانیایە من کێم، ئەسپی لە عەرەبانە دەبەست و لە سەرکەوتندا دەستیدەگرتم. راسکۆڵ دەسەڵات و ئازادیی لە کوشتنی کەسێکی بێتاوان و ئازاری سیبریا دا دەبینێتەوە، بەڵام هەرزە لە جیاتی ئەو کارە پارە کۆدەکاتەوە، ئەوەتا لە شوێنێک دا: پارە تەنیا هۆیەکە، کە بەسوکترین و بێنرخترین کەسان رێگەدەدات، کە بەبەرزترین پلە بگەن. ئەو پول بە پول کۆدەکاتەوە، بەڵام لەشوێن ئەوەی کەسێکی ئارام و بەختەوەر بێت، لەحاڵی بیرکردنەوەیەکی قوڵدایە کەسەرئەنجام تووشی نۆچدان و تێکشکان دەبێت. تێکشکانی هەرزە لە مردنی رێنۆچکا دایە، ئەوکەسایەتییە منداڵێکی هەتیوە و هەرزە دەیگرێتە لای خۆی و تەواوی سامانەکەی لەپێناوی منداڵێک دا پەخشان دەکات. ئەو پاشەکشە لە ئامانجێک دەکات، کە دارونەداری بەبادا داوە، پاشان رودەکاتە ئامانجێک، کە بۆی سودمەند نابێت، بۆ ئەمەش دەستدەداتە قوماربازیی، بەرەڵایی و پەیوەندییەستن لەگەڵ خەڵکانی نەفسنزم و هیچوپوچ دا، واتا بارێک، کە ئەو رووبەڕووی تەنیایی دەکاتەوە.

دۆستۆیڤسکی ئیدی رووە و پیریی هەڵدەکشێت، زەبری گورچکبڕی چەند ساڵەی زیندان و دژواریی ژیان ئەو دەچەمێنێتەوە، ماندوێتیی لە رو،خساریدا بەدەردەکەوێت، بەڵام ئەو ئیدی خاوەن تاقیکردنەوەیەکی قوڵە و دەستەڵاتی ژیریی دەست بەسەر توانایی ئەودا دەگرێت، ئەو ئیدی خاوەن پەیامێکە و دەخوازێت بیگەیێنێت. دۆستۆیڤسکی لە رۆژەکانی دواتەمەنی ژیانیدا ناوناوبانگی زۆری پەیداکرد. لە بەشداریی یاد و پەردەهێنانەخوارەوە لەسەر پەیکەری هەڵبەستڤانی ناوداری روس (پۆشکین)، پایەی گەیشتە پەیامبەر و فەیلەسوفێک. پەیامی ئەو بۆ گەلی روس و گشت جیهان و مرۆڤایەتیی بوو. رۆمانی (برایانی

کارامازۆف)؛ کە ماوەی سی ساڵی بۆ نوسین خایاند، ئەو دواپەیامە بوو، کە بە ئەمانەت و راستگۆییەوە گەیاندی، ئەو دوای تەواوکردنی ئەو رۆمانە چاوەکانی بۆ دواجار لێکنا و لە ٣١ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨١ دا جیهانی پڕئازار و ئەشکەنجەی جێهێشت.

لێرەدا بەگرنگی دەزانم، کە چەند دێڕێکیش سەبارەت بە پەیامی ئەو مەزن و ناودارەی جیهان بۆ خوێنەرەکانم بنووسم، هیوادارم خوێنەر بەحەوسەڵەوە لەخوێندنەوەی بەردەوام بێت، چونکە ئەم پەیامە دوابەشی زنجیرەژیانی فیکریی و فەلسەفەی ئەوە.

**برایانی کارامازۆف**

خێزانی کارامازۆف لە شارۆچکەیەک دەژین. کارامازۆف کەسایەتییەکی پیرەمێردە، کە سەرتاسەری ژیانی بە رەوشتنزمیی، شەهوەتبازیی، دڵڕەقیی و شاراوەیی بەسەردەبات سێ ژنی هێناوە؛ لە ژنی یەکەمی کوڕێکی بەناوی (دیمیتری) لێدەبێت، دیمیتریش کەسایەتییەکی هەرزە، کاڵفام، هەڵخلیسکاوە و هەندێکجار دەم لە فەلسەفەی ئایدیالیستیی دەدات. لەژنی دووهەمیان کە کەسێکی شاتەشاتکەر بووە کوڕێکی بەناوی (ئیڤان) لێدەبێت، ئەمیش کەسایەتییەکی رۆشنبیری ترسناکە و گیانێکی ئاژاوەچییانە و وێرانکارییانەی هەیە و قارەمانی باوەڕ یان فەلسەفەی (رەتگۆیی)ە. هەروەها لەهەمان ژن کوڕێکی تری بەناوی (ئەلێکس) یان (ئالیۆشا) لێدەخاتەوە، ئالیۆشا کەسێکی خێرخواز و چاکەکارە و لە جیهانی یەزدانناسییدا وێڵ و سەرقاڵە، کە دەتوانین بڵێین ناوەندی فەلسەفەی خێرخوازانەی رۆمانەکەیە، ناوەندێکی بەڵام رووناک، کە تەواوی کەسایەتییەکانی تری ناو رۆمانەکە لەدەوری دەئاڵێن. کەسێکی دی لەنێو ئەم خێزانەدا دەژی کە ناوی (سێمەردیاکۆف)ە و بەرهەمی زۆرگیریی کارامازۆفی پیرە لە کچێکی هەژاری کەڕولاڵ. ئەم کەسایەتییە تایبەتمەندییەکی پوچ، بێئابڕو، فێڵباز و هاشوهوشکەری هەیە و نۆکەری ماڵەکەیە، ئەم مرۆڤە پەیوەندیی لەگەڵ ئیڤانی زڕبرای خۆشە و ستاییشی دەکات. لەنێوان ئەم باوک و چوار برایەدا ژنێک هەیە بەناوی (گرۆشینکا)، کە هەریەکەیان بۆ بەدەستهێنانی ئەو دژی یەکتری دەجەنگن.

سێمەردیاکۆف بەو خەیاڵەی؛ کە گوایە داوایەکی ناخ و دەرونی ئیڤان بەجێدەهێنێت، کارامازۆفی باوک دەکوژێت و لەجیاتی ئەو دیمیتری تاوانباردەکرێت و رەوانەی سیبریا دەکرێت.

دوو بیری سەرەکیی بەسەر جەستەی رۆمانەکە دا شۆڕدەبێتەوە، یەکێکیان عەشق و ئەویدیان یەزدانە، یان دەشێت بگوترێت گرۆشینکا و مەسیح یاخود

شەیتان و فریشتە. ئێمە دەبێت ئەم رۆمانە وەک روداوێک؛ کە، لە کاتی رۆژانەدا رودەدات سەیر نەکەین، بەڵکو وەک سیمبۆل و نیشانەیەک بۆ گەیاندنی فەلسەفە و بیرێک یان پەیامێک. لێرەدا هەریەکێک لە کەسایەتییەکان سیمبۆلی دیاردەیەک یان جیهانێکە و خاوەن تایبەتمەندیی و پێناسی خۆیەتی، کارامازۆفی پیر هەڵوەدای مەسەلەی سێکس و شەهوانێتییە، ئالیۆشا کەسایەتییەکی ئاینیی و لەپلەی قەشەیەکی پیرۆز و بەڕێزدایە، کە کەم تاکو زۆر رۆڵ لە رۆمانەکە دا دەگێڕێت.

دیمیتری، ئالیۆشا، ئیڤان و سێمەردیاکۆف تێکڕا سیمبۆلن بۆ قۆناخێک لە گۆڕانەکانی کەسێک، کە هێدی هێدی لە سیفەتی ئاژەڵییەوە بەرەو پاکبوونەوەی گیان دەڕوات تاکو دەگاتە ئەو پلەیەی، کە مرۆڤی نوێ بەرجەستە دەبێت. ئالیۆشا بە دیمیتری برای دەڵێت: پەیژەی شەقوشڕ بۆ هەمومان یەک شتە، گریمان تۆ لە پلەی سیانزدەهەمیندا وەستاویت و من لە پلەی یەکەمیندا، بۆمن ئەمەیان هیچ جیاوازیەکی نییە. لەسەر ئەم پەیژەیە و لە دواپلەدا کە سیانزدەیە ژنێک هەیە، واتا گرۆشینکا، کە لە ژێردەستی بازرگانێکی پیر (کارامازۆف) دایە، کە ئەوی لە هەژاریی و نەبوونیی رزگارکردووە. ئەم ژنەش هەرکەسە و لە دید و بەرژەوەندی خۆیەوە؛ پێناسی دەکات، خزمێکی ژنەکە: دەڵێت کچێکی هەرزە و بەرەڵایە، کارامازۆف: سۆزانیی، هەندێکی دی: ئاژەڵە، کەسانێکی دی: نەخێر فریشتەیە، دیمیتری: ژنێکی بێئامانە، ئالیۆشا: کەسێکی سادەیە. لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین، کە ژنەکە هەموو ئەو سیفەتانەی تێدا هەیە، یان وەها: کچێکی گەنج، بۆگەن، سیفەتئاژەڵیی، سۆزدار (**عاطفي**)، ئازاردەر و سەرشێتە. کارامازۆف کاتێک سامانی خۆی دەکاتە میرات و بەسەر منداڵەکانیدا دەیبەشێنێت، ئەوا بەشەکەی دیمیتری بە گرۆشینکا دەبەخشێت. ئەو ئافرەتێکی ئاگرئاسایە کە لەدوی پووش دەگەڕێت، نەهەنگێکە و دەوروبەری خۆی هەڵدەلوشێت، ئەو ئارەزوی ئاودیوبوون ناکات، بەڵکو لەیستۆکێکە و یاری پێدەکرێت و یاری بەخەڵک دەکات. کارامازۆف لای ئەو ئافرەتە کەسێکی سوک و بێبایەخە، ئەم پیرەمێردە گشت شەوێک لەپەرێزی ئەودایە و چاوەڕێی دەرفەتێکە کە لەگەڵیدا بخەوێت، بەڵام گرۆشینکا خۆی نە بە کارامازۆف و نە بە دیمیتری، کە شێت و شەیدای بووە، بەدەستەوە دەدات. ئەم ئافرەتە بەهەردووکیان رادەبوێرێت، تاکو کات دەگاتە رۆژگارێک، کە ململانێی باوک و کوڕە توندوتیژتر دەبێت. کارامازۆف بەجۆرێک شەیدای ئەو ژنە دەبێت کە گشت ئازادییەکی لێزەوت دەبێت، واتا دەبێتە کۆیلەی ئافرەتێک، لەولایشەوە جوانیی رووخسار و لەشولاری، بوونی دیمیتری شەتەک دەدەن.

ئـارەزووی ژیانی دنیایی؛ ئەوجۆرە کەسانەی کردۆتە ئاژەڵێک، کە بە

ئەنجامدانی تاوان و کاری بۆگەنیی خۆیان ئاودیوی سنورە رەوشتئامێزەکان دەکەن، باوک: ئەو وەکو قالۆنچەیەک پاندەکەمەوە، دیمیتری: نازانم لەوانەیە بیکوژم و لوانەیشە نا، دەترسم کاتێک بێت و نەتوانم خۆم لەبەردەم چڕوچاویدا رابگرم.... کار لەپێناوی بەدەستخستنی ئەو ژنەدا دەگاتە رادەیەک، کە دیمیتری لە نیوەشەو دا دەسکە هەمەوانەیەک هەڵبگرێت و بەسەری باوکیدا بکێشێت و بیبورێنێتەوە. سێمەردیاکۆف، کە لە روداوەکەدا خۆی پەرێزدەگرێت، کاری لێدانەکە دەگەێنێتە ئەنجام و دەیکوژێت. دیمیتریش دوای ئەو روداوە هەڵدێت و رەدوی گرۆشینکا دەکەوێت. لەئەنجامدا پۆلیس دیمیتری لە سات و لوتکەی مەستیی، شادیی و دڵدارییدا دەستگیردەکەن، تاوانەکەش وەک بکوژێکی راستەوخۆ بەسەریدا ساخدەبێتەوە و رەوانەی سیبریا دەکرێت. ژنیش لەلایەکەوە فریوی پارەی باوکە و لەلایەکیتریشەوە پەیمانی شوکردنی بە دیمیتری دەدات. ئەو شادیی و سەرمەستییەی دیمیتری و گرۆشینکا، کە زۆرجار لە دەوروبەری کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکانی دۆستۆیڤسکیدا دێنە خرۆشاندن و وێناکردن، نیشانەیەکن بۆ هەستکردن، پێشبینیی و چاوەڕوانی رووداوێک یان کارەساتێک. ئەمجۆرە شادیانە لای نووسەر مانایەکی قوڵ دەبەخشن: کە هەر شادیەک مەعنەویی نەبێت شادیەکی لەرزۆک و تێکشکێنەرە، کە ئەنجام دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەسێک. دۆستۆیڤسکی هەروا و بێبناغە کەسایەتیی و پاڵەوانەکانی تێکنەدەشکاند، بەڵکو نەریتی سەلیقەی بیری ئەدەبیی ئەو لەشێوازی خستنەوەی روداو لە رۆمانەکانیدا وابوو، کە پێش روودانی روداوێک، زەمینەیەکی مادی وەهای دەخولقاند کە کەشەکە پڕبێت لە حاڵەتی شادیی، خۆشیی، رابواردن، مەستیی و ئەڤینداریی. واتا نووسەر مرۆڤەکانی کاتێک دەگلاند بە تاوانێکەوە، کەسایەتییەکانی لەنێو کەش و هەلومەرجێکی پڕ لەشادیی و ئەڤینییدا نوقوم دەکرد. دیمیتریش لەلوتکەی ئەو عەشق، دڵداریی، شادیی و مەستییەدایە کە هەوڵی کوشتنی باوکی دەدات، ئەو هەرچەندە لە دادگەدا بەرگریی لەخۆی دەکات، بەڵام بێسود دەبێت و کەوتنەوەکان هەمووی شایەتیی لەدەستداهەبوونی ئەو لە تاوانەکەدا دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا سێمەردیاکۆف ئەنجامدەری راستەقینەی ئەو تاوانەیە. ئەم کەسەش رۆڵێکی ترسناکی دۆزەخیی دەگێڕێت، رۆڵێک، کە زۆر جێگەی مەبەستی دۆستۆیڤسکییە، هەر ئەو دۆز و مەبەستەیشە، کە هانی نووسەر دەدات کردارەکەی سێمەردیاکۆف بکاتە سیمبۆل و ناوەندی روداوێکی گەرم و هەژێنەر. سێمەردیاکۆف بۆچی جێگەی بایەخی دۆستۆیڤسکییە؟ سێمەرد دەربڕی چەشن و چەرتێک لە جیهانی ئیڤانە، سێمەرد بوونەوەرێکی بێزارکەر و نەفرەتلێکراوە، ئەو ئەو بێزاریی و نەفرەتییانە بەشایەستەی خۆی

دەزانێت، لەزۆر شوێنی روداوەکاندا دان بەوەدادەنێت، لەڕاستیدا ئەو حەزی لە نەفەرەتبەرکەوتن و ریسوابوونە. ئەو بەهۆی بێبەشبوونی ئیڤانی برای لە میراتیی باوکی، کارامازۆفی پیر دەکوژێت بەبێئەوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئیڤان داوای ئەو کارەی لێکردبێت. ئەو کە ئەم کارە ئەنجامدەدات؛ لە دیدوبۆچوونی خۆیدا وادەزانێت، کە داوا و تکایەکی ئیڤانی کوێخای بەجێهێناوە، واتا ئەوەی لە دەریای دڵی ئیڤاندا بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز و پێچاوپێچ مەڵەی دەکرد، لە واقیعدا ئەنجامدرا، ئیڤانیش بەوکارە تووشی داماویی، دەستەپاچەیی، دۆشدامان و دەرونلاوازیی دەبێت. دەشتوانین بڵێین: سێمەردیاکۆف سیمبۆل و خاڵی پێکگەیشتنی ئایدیا و کردارە، یان تەواوکەری کەسایەتیی کەسێکی وەک ئیڤانە. سێمەرد یاکۆف نیشانەی مانایەکی زۆر قوڵ و پێچاوپێچە: ئەوەی؛ کە لە جیهانی نائاگایی (لاوعی) ئێمەدا دەسوڕێتەوە، نالێپرسراو و سەربەخۆ نین بەرامبەر کردارمان. هەر لەو دید و روانگەیەشەوەیە، کە سێمەردیاکۆف بە ئیڤانی برای دەڵێت: تۆ زۆر حەزت لە کوشتن و مردنی باوکت بوو بەڵام تۆ نەتدەتوانی ئەو کارە بکەیت، ئارەزومەندی ئەوە بوویت، کە کەسێکی دی ئەو کارە ئەنجامبدات. ئیڤان لەناخی خۆیدا هەرگیز هەستی بەوە نەکردبوو، کە ئارەزویەکی لەوجۆرە لەناخیدا چەکەرەدەکات، بەڵام، کە رووبەڕووی واقیعێکی وەها دەبێتەوە



دەشێوێت و لەدەرونی خۆیدا لێکیدەداتەوە و دەگاتە ئەم راستییە: بەڵێ، من چاوەڕێی ئەو کارە بووم لەبەر ئەوە راستە من دەمخواست ئەو بکوژرێت. بەڵام ئەوەی، کە سەری ئیڤان لەم هێنان و بردنانە دەسوڕمێنێ ئەوەیە کە: ئایا من تاکو ئەو رادەیە حەزم لە مردنی باوکم بوو؟!. سێمەرد لە شوێنێکی دیدا لەڕووی ئیڤان دەدات: بەڵێ تۆ کوشتت، پیاوکوژی راستەقینە تۆیت، من تەنیا یارمەتیدەرێکی تۆ بووم .... سێمەر یاکۆف لەدادگاییکردنی ئیڤان و سەلماندنی تاوانەکەدا، تەنیا یەک بەڵگەی لەدەستدایە ئەویش دەقی قسەیەکی ئیڤان خۆیەتی کە کاتێک لە کاتەکان لە گفتوگۆیەک لەگەڵ سێمەرد یاکۆف دا بەگوێی دا دەدات: (ئەگەر یەزدانێک

نەبێت، ئەوا هەمووشت رێگەپێدراو (موباح)ە )، سێمەردیش لەسەربنچینەی ئەو پەیڤ و گۆتنەیە، کە تاوانەکە ئەنجامدەدات. ئیڤان لە روانگەی یاسای مرۆڤایەتیی و زانستییەوە، کەسێکی بێتاوانە، بەڵام هیچ بیر و لێکدانەوەیەک ناتوانێت ئەو لەو تاوانە بپەڕێنێتەوە.

ئیڤان لەپاداشتی نکۆڵیکردن لە یەزدان، خۆی لەناو زبڵدان و زۆنگاوی بۆگەنبووی گیانی ئێمەدا، واتا سێمەرد یاکۆف دا دەبینێتەوە. لەبەرامبەر گەیشتن بە دواپلەی پەیژەیەکی توکمە و بینینی جیهانێکی رووناکدا خۆی لە تاریکایی و چاڵێکدا دەبینێتەوە، لەجیاتی بەدەستهێنانی ئاوەزێکی بەرزتر، گەشتر و رووناکتر دووچاری شێتیی دەبێت. ئیڤان لە بیرکردنەوە و خوێندنەوەی دەروونی خۆی، رووبەڕووی ئازاردەبێتەوە، خۆی بەدوکەرت دەبینێتەوە، شەیتان لە هەموو شوێنێک بەرامبەری ئامادەیە، ئەم شەیتانەش خۆیەتی: تۆ خۆمیت؛ بەڵام بەدەموچاوێکی تر، تۆ راگەێنەری بیری تایبەتی منیت، تۆ پڕوپوچترین بیر لە ناخی من دا هەڵدەبژێریت.

زۆرێک لە باری دەرونیی کەسایەتییەکان و پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی رەنگدانەوەی کەسایەتیی و بەسەرهاتی ژیانی واقیعیی خۆیەتی. لە (قومارباز)دا راڤەکردنی باری دەرونیی پاڵەوانەکەی، کوتومت پێشاندەری گیان، بیرکردنەوە و کرداری دۆستۆیڤسکی خۆیەتی، کە ماوەیەکی زۆر کات و ژیانی خۆی لە گازینۆکانی نەمسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و سویسرا دا بەسەربردووە. لە کارامازۆفیش-دا ئیڤان رۆڵی کەسایەتی نووسەر خۆی دەگێڕێت، کاتێک کە باوەڕ و بیری یەزدان بۆ هەمیشە ژیانی ئەوی خستبووە ئازارەوە، نکۆڵیکردنی یەزدان لەلایەن ئیڤانەوە، هەمان نکۆڵیی دۆستۆیڤسکی بووە لە یەزدان، کە وا بۆ سەردەمان و قۆناخێک ئەویش ئاڵاهەڵگری بووە.

لە دیدی نووسەردا ئیڤان هەمان رۆڵی سێمەرد یاکۆف دەبینێت، بەڵام بەجۆر و شێوازێکی دی. ئیڤان وێنەیەکی بەرجەستەبووی رۆحی سێمەردیاکۆفە، بەڵام ئەو مەودا جیاوازیەی، کە لەنێوان ئیڤان و دۆستۆیڤسکیدا هەیە، ئەوەیە کە نووسەر لە ژیانی خۆیدا ئەنجامدەری هیچ تاوانێک نەبووە، ئیڤان بەتەنیا کەسێکی زیندانیی و دادگاییکراوی دەستی نووسەر خۆیەتی.

ئالیۆشا و قەشە زیسیم دوو رووخساری رووناک و نورانین لەبەرامبەر ئەو کەسایەتییە بۆگەن و دوکەرتانەدا. ئالیۆشا قوتابییەکە لە خەڵوەتگەیەکی ئارامدا، ئەم کەسە نە ئەولیایە و نە سۆفی، بەڵکو کەسێکی مرۆڤدۆستە، کە زێدەتر لە رۆژگاری خۆی هەنگاوی چاکەخوازیی هاویشتووە، کەسێکە؛ کە لە جیهانی ریالیستێتیی دا گەورە بووە و باوەڕێکی ساغ و دروستی بە بوونی یەزدان و

موعجیزات هەیە، بەڵام موعجیزە بنچینەی بیروبیرکردنەوەی ئەو نییە، بەڵکو مایەی پڕشانازیی بیروباوەڕی ئەوە. موعجیزە باوەڕ دروست ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە. بوونی ئالیۆشا بوونێکی خەیاڵیی یان ڕۆڵێکی فریشتەیی نییە، بەڵکو مرۆڤێکی واقیعیە و ئاشنایی هەیە بەو دەوروبەرە بۆگەنەی خۆی، کە پێوەی پابەندە. ئالیۆشا کەسێکی ڕیالیستە و لە جیهانی ڕیالیستێتییدا گەورە بووە، ئەو لە جیهانی ماتریالدا خۆبەخۆ ڕووبەڕووی دووژمنانێک دەبێتەوە و لەپێناوی ئەڤین و شادیدا دووچاری کڵۆڵیی و بێچارەیی دەبێت.

ژیان لای دۆستۆیڤسکی بەهەشتێکە، کە ئێمە لەناویدا دەژین، بەڵام نامانەوێت لەومانایە تێبگەین. هەروەها هەریەک لە ئێمە لەم ژیانەدا، گوناهبارین بەرامبەر هەموو کەس و شتێک. ژیانی مرۆڤ لەنێوان ئەم جیهانی بەهەشت و گوناهبارییەدا، دەکرێت بە دەربڕی جۆرێک لە جیهانیبوونی شادیی و ئازاری مرۆڤایەتیی پێشچاو بخرێت، کە دۆستۆیڤسکی لە ڕۆمانەکەیدا زەمینەی بۆخۆشکردووە. تاوان بەتەنیا پابەند نییە بە قوربانییەکەی خۆی و هیچیدی، بەڵکو بەجۆرێک پێمانەوە پابەندە، وەکچۆن خوێن بەناو هەموو گیانی ئێمەدا دەچۆڕێتەخوارێ. کەسێک؛ کە لە خەیاڵدا حەزی بە تاوانێکە، ئەگەر ئەنجامیشی نەدات هەر بە تاوان ئەژماردەکرێت. لەگەڵ چەتەیەکدا، کە هێشتا ڕووخساریمان نەبینیوە، چەتەییمان کردووە. لەگەڵ بابکوژێکدا، کە لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، بابکوژیمان کردووە. لەگەڵ شەهوەتبازێک زۆرگیرییمان کردووە.

لەو دید و ڕۆژنانەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە هەریەکێک لەئێمە لێپرسراوین بەرامبەر هەموو کەسێک، دیاردە و شتێک کە لە دەوروبەرمان ڕوودەدەن. ئێمەی مرۆڤایەتیی بۆ ڕزگاربوون لە هەر ئازار و ئەشکەنجەیەکی ئەم ژیانە، دەبێت خاوەن ئەڤین بین، واتا ئەڤینداریی بەرامبەر بە یەزدان، ئەڤیندارییەکی لەوجۆرەیشە، کە هاوسەنگیی بارە شێواو و لاسەنگەکانی ژیان ڕادەگرێت. ئالیۆشا لە ڕووناکییەکی پڕشادیی و بەختەوەرییدا دەسووتێت، هەر ئەو ڕووناکییەشە، کە منداڵان و ویژدانپاکەکانی وڵات لەدەوری دەسوڕێنەوە. کەسێکی ئازارچەشتووی وەک ئالیۆشایە؛ کە ئەو ئامادەییەی تێدایە، کە کەسانێکی لەوجۆرە لەدەوری بسوڕێنەوە. ئالیۆشا قوتابیەکی ڕیالیستی ئاینی مەسیحە، مەسیح دەزگەیەکی پڕئازار و ئەشکەنجەی بۆ سازداوە و ئازاری دەدات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش خاوەن هیوا و ئومێدە.

لێرەدا لەبەرامبەر بیری ئاینیی و خواپەرستێتیی ئالیۆشا دا ئایا ئیڤان چ ڕێگەیەک دەگرێتەبەر، و چۆن بیر لە دۆزی یەزدان دەکاتەوە؟ ئیڤان شڕۆڤە و

راڤەکردنی دۆزە دنیاییەکان لە دیدی یەزدانخوازییەوە پەرچەداتەوە، باوەڕیوایە کە پاداشتبەخشینی مرۆڤ لەو دنیادا دەبێت چ سودێکی هەبێت بۆ کەسێک، کە لەم دنیادا ژیانی بەکڵۆڵیی، ئازار و سزا گوزەراندبێت. چ سودێکی هەیە؛ کە چەوسێنەران و تاونباران لە دۆزەخدا بسوتێن، ئەم لە پەنجەرەی بەهەشتەوە لێیانبڕوانێت. ئەگەر دۆزەخێک لەئارادا بێت، ئایا یەزدان چ مانایەکی هەیە؟! لەڕاستییدا ئەو دەخوازێت هیچ دۆزەخێک لەئارادا نەبێت، گشت جیهان بکاتە برا و ئاشتیان بکاتەوە. ئیڤان: من چۆن دەتوانم لەخوایەک تێبگەم، کە لەسەروی تێگەیشتنی منەوەیە. ئەم شێوازی بیرکردنەوانە؛ کە لە مێشکی ئیڤانێکی بێباوەڕ دا دێن و دەچن، دەربڕی واتایەکن کە ئەو یەزدان رەتناکاتەوە، بەڵکو خۆی لەبەرامبەر ناسینیدا بەلاواز دەزانێت. ئیڤان دژی کڵێسا و یاساکانێتی، دژی خوای رەسمیی، ئیداریات، تەشریفات و خێزانییە، دژی فەرمانڕەوایانە. ئیڤان ناخوازێت یەزدانێک بەزۆر بسەپێنن بەسەریدا، ئەو باوەڕی بەخوایەک نییە کە بەهۆی مرۆڤەوە هاتبێتەڕو، ئەمجۆرە یەزدانە ناتەبایە لەگەڵ رۆحی راستەقینەی مرۆڤ. ئیڤان بە حەقیقەتێکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی گەیشتووە کە باوەڕی بەوە بێت، بیری یەزدان لەگیانی هەمومان دا دەژی، بەڵام لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی، کە ئایا یەزدان مرۆڤی دروستکردووە یان بەپێچەوانەوە؟ ناخوازێت وەڵامی بداتەوە، چونکە ئیڤان عاشقی مرۆڤە، عەشقی یەزدانیی پشتگوێدەخات، ئەم ئاراستەش کار بە باوەڕهێنان بە شەیتان کۆتایی دەهێنێت. ئیڤان خۆی لێدەبێتە شەیتان، ئەو لەکاتی وڕێنە و تا لێهاتن دا وەک وایە شەیتانی بینیبێت، شەیتان یەزدان دەناسێت، بەڵام نکۆڵیی لێدەکات، ئەنجام ئیڤان بەهۆی چەند بۆچوون و هەڵوێستێکی شەیتانەوە، بەڵگەی نەبوونی یەزدان دەدۆزێتەوە. ئیڤان لە بێباوەڕیی و نکۆڵیلێکردنی خۆی بەرامبەر بەیەزدان، ئاسودە نییە، کاتێک شەیتان رووبەڕووی دەوەستێت وەک دەفرێک ئاوی ساردیان پیادا کردبێت، رادەپەڕێت، چونکە ئەستەمە مرۆڤێک هەست بەپێویستبوونی شتێک لە ناخ و ویژدانی خۆیدا بکات و نکۆڵیی لێبکات. ئیڤان کەسێکە، کە بەپێی خۆی دەچێتە دۆزەخەوە، دۆزەخێک کە گومان و دودڵیی، ناخ و ویژدانی دەسوتێنێت. ئەو نەخۆشە؛ نەخۆشیی یەزدان، لەوێدا و لە دواجاردا ئالیۆشا دێت و ناوچاوانی ماچدەکات، ماچیش دەشێت تەنیا وەڵامێک بێت، کە مەسیحییەک دەتوانێت بە بێباوەڕێکی بداتەوە، واتا لەبەرامبەر باوەڕبوون بە مەنتیق، بەڵگە و سەلماندندا دەتوانرێت عەشق و ئەڤین دەرببڕدرێت. باوەڕ نە بە رێگەی مەنتیق بەیان دەکرێت، نە بە فێڵ و ئیرادەیش دروستدەبێت، ئالیۆشا باوەڕیوایە، کە لە ئەنجامدا هەر یەزدان باڵادەست دەبێت. ئیڤانیش یان بەڕووناکایی راستێتیی (حەقیقەت)

ژیانێکی نوێ بەدەستدەهێنێت، یان لەنێو بێباوەڕیی و نکۆڵیلێکردندا لەنێودەچێت، بۆئەم لایەنەش ئالیۆشا نزای خێری بۆ دەکات.

ئەم رۆمانە، مەزنە دەربڕی شێوازێکە لە بیر و فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی. خوێنەر؛ ئەگەر تێبڕامێنێت بۆیدەردەکەوێت، کە نووسەر کەمتر گرنگیی بەڕواڵەت و جیهانی دەرەوەی کەسایەتییەکانی دەدات، واتا کەسایەتییەکان نە نان دەخۆن نە ئاو دەخۆنەوە، نە پیاسەدەکەن و نە دەخەون. ئەو جیهانەی کە دۆستۆیڤسکی باسی لێوەدەکات، جیهانێکی پڕجەنجاڵ و شێواوە کە هەرکەس دەخوازێت باوەڕ بەخۆیبهێنێت. ئەمجۆرە جیهانەیش خوازرا و یان نەخوازراو دادەچۆڕێتە نێو قوڵایی بیر و ویژدانی خوێنەرەوە، و هەڵوێستەیەکی تیادا دەهەژێنێت. دۆستۆیڤسکی ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ ناسین و راڤەکردنی دەرون و ویژدانی مرۆڤ، بەڵام ئەمەش نابێت بمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی، کە نووسەر کەسێکی دەروونناس بووە و لەو دید و ئاراستەیەوە بۆ پەیوەندیی و کێشە مرۆڤایەتییەکانی روانیوە، نووسەر خۆیشی لە شوێنێکدا: هەندێک کەس من بەکەسێکی دەروونناس ناودەبەن، بەڵام ئەمە دوور لەڕاستییە. من تەنیا کەسێکی ریالێستم لە بەرزترین ویژداندا، واتا من قوڵترین حاڵەتی گیانیی مرۆڤ پێشاندەدەم. واتا ئەوەی باری سەرنجی نووسەر رادەکێشێت، جیهانی نائاگایی و ناوەوەی مرۆڤە نەک جیهانی رواڵەت، کە جیهانێکە وەک تێڕوانینێکی شاراوە و نادیاروایە کە لە هەرسات و کاتێک دا بەپێی واقیعی جیهانی ماتریاڵ دەگۆڕێت. ئەو ئارەزوی ئەوە بوو، کە ئەوەی بەبەردەم ویژدان و نائاگایی ئێمەدا گوزەردەکات، بیخاتە نێو ئاگاییمانەوە. دۆستۆیڤسکی نایەوێت شتێکمان لەنێو جیهانی واقیع و خەیاڵدا بۆ وێنابکات، بەڵکو ئەو زیاتر دەیویست دوو جیهانی جیاواز پێکبگەیێنێت و ململانێکان بەیەکدی ئاشتبکاتەوە، تاکو لەسایەیدا کۆمەڵگەیەکی تۆکمە، بەختەوەر و تەندروست پایەدار بێت.

جیهانی ئەم کەڵە ناودارەی نێو جیهانی ئەدەب، جیهانێکی سەرسوڕهێنەر و سەرنجراکێشە، کە خوێنەر دەبێت بە وردیی، سەبر و هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. بۆ دواجار دەبێژم، کەسێک بتوانێت لە دەریای فراوانی ئەو بلیمەتەدا پەلوپۆ بهاوێت، لەتوانایشیدا دەبێت چمکێکی ئەگەر بچوکیش بێت، لە ئازادیی بەدەستبهێنێت. فیۆدۆر میخائیلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی لە نزیک دواسەدەی نۆزدە دا چاوەکانی بۆ هەمیشە لێکنا و ماڵئاوایی لە ئەدەب و مرۆڤایەتیی کرد.

١٩٩٥ بۆ ٢٠١١
ئەڵمانیا

# ژنێک بەسەر منارەیەکەوە مێژووی گەلێک دەنووسێتەوە

## رانانێک بۆ رۆمانە نوێکەی شێرزاد حەسەن




**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

ئەوەی کە روون و ئاشکرایە رۆمان یەکێکە لە ژانرە مەزنەکانی جیهانی ئەدەب، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بووەتە پێشرەوی هەموو ژانرەئەدەبییەکانی تر. زۆر نەتەوە نەیانتوانیوە لەرێگای سیاسی و ئابووریی و وەرزشییەوە خۆیان بە جیهان بناسێنن، بەڵام لەرێگای رۆمانەوە توانیویانە گەلەکەیان بە جیهان بناسێنن. رەسوڵ هەمزاتۆڤ خەڵکی بچووکترین هەرێمی رووسیایە، بەڵام توانی لەرێگای بەرهەمەکانییەوە داغستان بە هەموو رووسیا و جیهان بناسێنێت. زۆرجاریش هەندێک کەسیاتی و چینی کۆمەڵایەتی هەن، کە کەسمان حەزمان بە پەیوەندیکردن و ناسینیان نییە، بەڵام لەرێگای رۆمانێکەوە ئاشنایان دەبین. کەسمان حەزمان بە پیاوکوژان نییە، بەڵام هەمووشمان بە راسکۆلینۆڤی رۆمانی "تاوان و سزا"ی دۆستیۆفسکی سەرسامین. کەسمان ناتوانین بەرگەی ١٢ سەعات کار لە خانە خەڵووزەکاندا بگرین، بەڵام رۆمانە مەزنەکەی "جێرمیناڵ"ی ئەمیل زۆلا هەموومانی سەرسام کردووە. ئەوە رۆمانە دەتوانێت ژیانی چینە چەوساوەکان و کەسە قێزلێکراوەکان، لای خەڵکی خۆشەویست بکات و ببنە جێگای بایەخی خەڵکی تر. شێرزاد حەسەن لەرێگای رۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە) توانیوویەتی ژیانی ناخۆشی (ژنان بەگشتی و بێوەژن و کچانی ئەتککراو) باس بکات. هەر لەرێگای ئەم رۆمانەشەوە، بووەتە داکۆکیکارێکی سەرسەختی ئەو گیانلەبەرە بێ زمانانەی کە

ڕۆژانە بە قێزەونترین و دڕندانەترین شێوە ڕاودەکرێن. هەر ئەم ڕۆمانەش بووەتە پارێزەرێک و بەرگریی لەو بینا و شوێنەوارە مێژووییانە دەکات، کە ڕۆژانە لەلایەن مقاولە بێ هەست و بێ بەزەییەکان لەبەرخاتری پارە، بە لەشکری دڕندەی بلدۆزەر و شۆفڵ دیانڕووخێنن. ژنێک بەسەر منارەوە، ڕۆمانێکە حکایەتی دوو نەوەی دژ بەیەک باس دەکات. مێژووی گەلەکەمان لە پێش و پاش ڕاپەڕین دەنووسێتەوە.

بەڵام بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش لەناو میدیاکاندا بەتایبەت میدیای حیزبی و حکومی ئەم ڕۆمانە هیچ گرینگییەکی وای پێ نەدراوە.

**بابەتە گرنگەکانی ئەم ڕۆمانە:**

ئەم ڕۆمانە باسی ژنێک دەکات، کە لە نزیک منارەکۆنەکەی شاری هەولێردا، سەنگەرێکی گەورەی لە مقاول و کۆمەڵێک مەسئول گرتووە، بۆ ئەوەی نەیڕووخێنن. بە فلاشباگ نووسەر هەوڵی داوە، چیرۆکی ژیانی ئەم ژنە بگەڕێنێتەوە. لەهەمانکاتیشدا باسی تراژیدیای ژن و ڕاوکردنی ئاژەڵەکان و وێرانکردنی شوێنەوارە کۆنەکان دەکات. لەهەمانکاتیشدا باسی ڕەخنە و گلەیی نەوەی نوێ لەگەڵ نەوەی کۆن دەکات.

**ژن:**

ژن یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ئەم ڕۆمانە. دیارە باسکردنی ژیانی تراژیدیای ژنان، هەموو کاتێک بابەتی سەرەکی ڕۆمان و چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بوون. هیچ کاتێک پرسی ژنانی پشتگوێ نەخستووە. هەر لەم ڕۆمانەشدا، نووسەر هەوڵیداوە لەڕێگای ژیانی بیوەژنێکەوە، کە چەوساوەترین توێژی ژنانە، تیشک بخاتە سەر ژیانی هەموو ژنان و کچانی ئەم وڵاتە. لەڕێگای فلاشباگەوە، باسی ژیانی کچ لە خانەوەداکەی دەکات.

**"باوکێک کە لەسەر سفرەش نانی لەگەڵ ئێمە نەدەخوارد، وەک ئەوەی نانخواردن لەگەڵ ژن و کچەکانیدا عەیبەیەکی گەورە بێ.** ل.١٦٧

**کە گەورەتر بووم هەستم کرد کە من و دایکم و خوشکەکانم کارەکەرین، زۆرجار کارەکەرەکان لە ئێمە پتر ڕێزیان پێ دەبەخشرا.** ل١٦٨

**ماڵ جگە لە زیندانێکی خۆشەویستی هیچی تر نەبوو بۆ من.**

**باوکم و براکانم و کۆی کوڕانی بنەماڵە، وەکو بەڵایەک بۆ ئێمەیان دەڕوانی، باڵقبوونی کچەکان، گەورەبوونی غەم و بەڵاکان بوو.** ل١٦٨

**بەهەموو ژیانم باوکم یان یەکێک لە براکانم ڕۆژێک نەیانپرسی ئەرێ خوشکێ چ بەڵاتە؟**

**چ خەمێکت هەیەکچم؟** ل١٦٨

**هەرگیز بەختی ئەوەم نەبوو بۆ یەک جاریش شەوێک قەدەر بەهەڵەدا بچێت و باوکم یان یەکێک لە براکانم ئەو ئەرکە قوورسە بکێشن ماچم بکات و پێم بڵێن:**

**شەو شاد... کچە شیرینەکەم!**

**خەوێکی خۆش... خوشکە نازدارەکەم!** ل١٦٩

نووسەر توانیویەتی لەڕێگای کامێرای خەیاڵی خۆیەوە، بە جوانترین و راستەقینەترین شێوە وەسف ژیانی ناخۆشی ژنان و کچانی ئەم وڵاتە بکات. شادی تەنها باسی ژیانی تایبەتی خۆی ناکات، بەڵکو لەڕێگای شادییەوە نووسەر هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر ژیان و ئازارەکانی ژنان و کچانی ئەم وڵاتە.

دیارە ژنان هەموو کاتێک تەنها لەماڵەوە نەچەوساونەتەوە، بەڵکو زۆرجاریش باجی کارە دزێوەکانی پیاوانیان داوە، وەکو جەنگ. کە هەموو کاتێک شەڕە خوێناوییەکان، پیاوان هەڵیدەگیرسێنن و ژنانیش دەبێت باجەکەی بدەن. بەداخەوە ئەم وڵاتەی ئێمە، لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی کۆمەڵێک جەنگی خوێناوی بووەوە، کە هەندێکیان هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامن.

**"لەوەتی پیاو هەیە لەسەردەمی ئەشکەوت و چاخی بەردینەوە، خەریکی جەنگ بووە یان راوکردن. لەوەتی ژنیش هەیە سەر بە هەش و چاوەڕێ و دەست بەدوعاوە و نوشتە و نزای دونیا دەکات کوڕ و برا و مێرد هەموو نێرینەکانی تیرە و هۆز و بنەماڵەکەی بە سەلامەتی بگەڕێنەوە.** ل١٥٧.

**پیاوە ئازاو ترسنۆکەکان شەڕەکان هەڵدەگیرسێنن، ژنانەکانیش خۆیان بۆ غەم و جۆش دەهێنن و رەشپۆش دەبن، چ چارەنووسێکی رەش و ناشرینە.** ل١٥٨.

خاڵێکی گرنگی تر کە نووسەر تیشکی دەخاتە سەر، مەسەلەی سێکس و پەردەی کچێنییە. چۆن ئەم پەردەیە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگای تراژیدیا و ناخۆشی بۆ ئەو کچانەی، کەئەم پەردەیان نامێنێت. لەمەشدا دیسانەوە ژنان باجی کردەیەک دەدەن، کە پیاوان دەیکەن. شادی کاتێک لەگەڵ بەهرامی خۆشەویستیدا سێکس دەکات و ئەم پەردەیەی نامێنێت، دەرگای بەڵای لێ دەکرێتەوە. بەهرامیش پاش ماوەیەک تێیدەتەقێنێت و بەرەو هەندەران دەڕوات و بەم شێوەیەش دۆزەخێکی گەورە بۆ شادی دروست دەکات.

**"کێ هەیە قایل بێت کچێکی (بێ بن) بخوازێت؟!** ل١٣٤.

لەپاش راپەڕین خەڵکێکی زۆر لە ئەوروپاوە دەهاتنەوە بۆ ئەوەی لە کوردستان ژن بهێنن. پارادۆکس لەوەدا بوو، ئەو کەسانەی کەماوەی چەندین ساڵ لە ئەوروپا ژیابوون، لە خەڵکە عەوامەکە زیاتر بەتەنگ پەردەی کچێنییەوە بوون. وەک بڵێیت

ئەو چەند ساڵە کولتووری ئۆروپی هیچ کاری تێ نەکردبێتن.

**پێم سەیرە دوای ئەو هەموو ساڵەی مانەوەت لـەدەرەوە باسی شەرەف و ناموسی بنەماڵە دەکەی.** ل١٥٧.

**شەڕی مانەوەی شوێنەوارەکان:**

بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە جارێک کۆمەڵێک بازرگان و مەسئوول لەبەر خاتری خۆیان، بەشێکی زۆری شوێنەوار و گەڕەکە کۆن و مێژووییەکانی شارەکانیان رووخـان. دیارە بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە هەست و نەستی خەڵکی، کە ئەم گەڕەک و شوێنە کۆنانە، بەشێکی گەورەی مێژووی خەڵکی پێک دەهێنن. چەندین هەڵمەت و کەمپین دژی ئەم سووتاندنی مێژووە کرا، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. شێرزاد حەسەن لەم رۆمانەیدا باسی ئەم تراژیدیایە دەکات، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی کوردستان بووە. شادی و چەند بنەماڵەیەکی تری گەڕەکەکەیان، دژی کۆمەڵێک بازرگان و مەسئوولی چاوبرسی دەجەنگێن، بۆ ئەوەی منارەکە و گەڕەکەکەیان نەڕووخێنن. لێرەدا نووسەر هەوڵیداوە، کۆمەڵگا لەو ترسە گەورەیە بەئاگابهێنێتەوە، هۆشداری بداتە نەوەی نوێ کە دژی ئەم هەڵمەتە راوەستن، لەهەمانکاتیشدا ئەم رۆمانە وەکو پشتگیرییەک وایە بۆ ئەو کەسانەی کە پارێزگاری لە شوێنەوار و مێژووی گەلەکەیان دەکەن.

**دڵێکی زیندوو بۆ ئاژەڵەکان:**

ئەوەی کە لەم رۆمانەدا زۆر جێگای خۆشحاڵیم بوو، نووسەر باسێکی گەورە و گرنگی ورووژاندووە و تیشکێکی باشیشی خستووەتە سەر، ئەویش بریتییە لە پرسی کوشتن و راوکردنی ئاژەڵەکان. بەداخەوە رۆژانە بە ناشرینترین و قێزەونترین و وەحشیترین شێوە پەلاماری ئاژەڵەکان لەلایەن مرۆڤەوە دەدرێت. راوکردن لەوەتی هەبووە وەکو نیشانەی ئازایەتی و جوامێریی پیاوان دانراوە. لێرەدا نووسەر هەوڵیداوە لە زمانی ئەو ئاژەڵانەوە گلەیی و هاواری خۆیان بە کۆمەڵگای کوردەواری بگەیەنێت. شاعیری گەورە و مەزنی گەلەکەمان "قانیع" یەکەم کەس بووە لەڕێگای پارچە شیعرێکەوە، سۆزێکی گەورەی بۆ کۆتر و گیانلەبەرەکانی تر دەربڕیوە و دژی راوکردنیان بووە، بەڵام لە چیرۆک و رۆماندا هیچ شتێکی وامان نییە. شێرزاد حەسەن بەم کارەی رێچکەی شکاند و دەستپێشخەرییەکی ئێجگار مەزنی کردووە.

**"بە خۆیان و تاپڕ و ساجمەزەنەکانیانەوە، سەرمەست بەو رەشە راوەی لە ئاسماندا بەرپایان کردبوو،، خاک و خۆخ و سێو و هەرمێ و گەڵاو گوڵیان**

**دەپلیشاندەوە،،**

**پەلاماری شڕشێتانە و جانەوەر ئاسا لق و پۆپی درەختەکانیان دەشکاند و دەپڕینگانەوە.** ل٣٢.

ئەم رۆمانە هاوارێکە بۆ سرووشت و ئاژەڵە بێ زمانەکان. نووسەر لە زمانی شادی بێ دەسەڵاتەوە هاوغەمی خۆی بۆ سرووشت و ئاژەڵەکان دەردەبڕێت و رەخنەی توندی ئاڕاستەی ئەم هەوەسە وەحشیانەی پیاوان کردووە.

**شەڕی نەوەکان:**

بابەتێکی گرنگی تر کەلەم رۆمانەدا باسکراوە، مەسەلەی شەڕی نەوەکانە. نەوەی پێش راپەڕین و نەوەی پاش راپەڕین. نووسەر بە زمانێکی ئەدەبییانە رەخنە و گلەییەکانی نەوەی نوێ و ژنان بەتایبەت لە پیاوانی مەسئوول دەردەبڕێت.

**"ئەو چەک بەدەست و جەنگاوەرە دێرینانە،،، ئێستا بوونەتە قۆنتەراتچی و قومارچی، قومار لەسەر دۆڕانی هەموو تەمەن و خەون و جوانیمان دەکەن.** ل١٥٨.

**من تێناگەم دوای راپەڕین ئەو هەموو مارکسی و چەپخواز و نەتەوەپەرست و ئەی رەقیب بێژ و چوارپارچە پەرستە چیی لێهات؟ بۆچی هەر هەمووان تووکیان وا نەرم بووە؟** ل١٥٨.

**زۆرجاران سوپاسی راپەڕین دەکەم لەبەر یەک شت، رەنگە نەیزانی، ئەویش لەبەرئەوەی بۆم ساغ بووەوە کە مەعدەنی زۆربەی پیاوانی ئەم وڵاتە،،، مەعدەنێکی خراپە. بە ژمارەیەکی زۆر بە شۆڕشگێڕانیشەوە لە کانزایەکی دەگمەنەوە نەهاتووە.** ل١٥٨.

تۆ چەندجارە باسی شەرەف و ئابڕووم لەگەڵدا دەکەی، پێم ناڵێیت شەرف و ناموسی ئەو پیاوانەی کە من و تۆ دەیانناسین، کە خەڵک و خاکیان بەیەکەوە فرۆشت، لە کوێدایە؟

**ئەوانەی کە پەنجەیان لە خوێنی رژاوی براکانی خۆیان دەردەدا، چۆن زات دەکەن باسی شەرەفی من بکەن، ئەوانە کێن و چین؟** ل١٥٩.

**چی لێهات حیکمەتی زۆری ناو نامیلەکەی زەرد و کتێبە قاچاغەکان،،، سەری زمان و بنی زمانتان پرۆلیتاریا و هەژاران بوو...** ل١٦٠.

**لە دوای راپەڕین، ئەو دونیایەی ئێوە بەناوی ئازادییەوە دروستتان کرد، زۆر لەوە ناشرینترە کە خەیاڵی ئەهریمەنیش بتوانێت رەسمی بکات.** ل١٦١.

جاران ناحەزانی نووسەر دەیانووت (شێرزاد حەسەن)، کۆن بووە و هیچی بۆ نەوەی دوای راپەڕین پێ نییە، بەڵام شێرزاد بەم رۆمانەی توانی رابەرێتی نەوەی

پاش ڕاپەڕینیش بکات. ئەم ڕۆمانە گلەیی و ڕەخنەی جەماوەرە دژ بە دەسەلاّتداران. شێرزاد نوێنەرایەتی نەوەی پاش ڕاپەڕین دەکات و ئاگای لە گلەیی و ڕەخنەکانی ئەوان هەیە.

**چەند سەرنجێک:**

دیارە وێڕای دەستخۆشیمان بۆ نووسەر، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم ڕۆمانە دوورە لە کەموکورتی. من لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی خۆم دەربارەی ئەم ڕۆمانە دەرببڕم.

**زاڵبوونی زمانی پەخشان و گێڕانەوە:**

دیارە گێڕانەوە یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ڕۆمان، بەلاّم ڕۆمانیش وەکو دروستکردنی خواردنێک وایە، دەبێت بەپێی پێویست خوێ و داودەرمان و ڕۆنی تێ بکەیت. لەم ڕۆمانەدا زمانی پەخشان و گێڕانەوە زۆر زاڵە. ئەمەش وایکردووە کە بەشی ڕەگەزەکانی تر بخوات. زۆرجار گێڕانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر تووشی هیلاکی و بێ تاقەتی بکات.

**کەمیی دیالۆگ:**

دیالۆگیش ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە، بەلاّم لەم ڕۆمانەدا زۆر کەم دیالۆگی تێدایە. تاکە دیالۆگ، دیالۆگی نێوان شادی و بەهرامە. ئەمەش زۆر کەمە. دەبوایە هێندەی نووسەر گرنگی بە گێڕانەوە داوە، گرنگی بە دیالۆگ بدایە.

**نەبوونی چیرۆکی لاوەکی:**

بۆ دروستکردنی کۆشکی ڕۆمان، نووسەر دەبێت تەنها پشت بە یەک چیرۆک نەبەستێت، بەڵکو پێویستە کۆمەڵێک چیرۆکی لاوەکی بخاتە ناو ڕۆمانەکەیەوە. لەم ڕۆمانەدا هەست بە هەژاریی ئەم ڕەگەزە دەکەیت. لێرەدا ئێمە گوێمان لە چیرۆکی ژیانی هۆمەر و کەمێکیش بەهرام دەبێت. نووسەر هیچ زانیارییەک لەبارەی کەسایەتییەکانی ترەوە نادات.

**زمانی نووسین:**

ڕۆمان بە گشتی بە دوو جۆر دەنووسرێت. یان ئەوەتا نووسەر بە زمانی "من" باسی ژیانی خۆی دەکات. یان ئەوەتا لەڕێگای کەسێکی ترەوە باسی پاڵەوان و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەکات. واتە پشت بە "ئەو" دەبەستێت، بەلاّم ئەو زمانەی کە لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتووە، هیچ کام لەم دوو جۆرە پەیڕەو ناکات، بەڵکو لێرەدا زیاتر نووسەر بە زمانی "تۆ" قسە دەکات. واتە باسی ژیانی پاڵەوانەکە دەکات بە "تۆ". ئەم زمانە زیاتر لە شیعردا بەکاردێت، شاعیر دەیەوێت وەسفی کەسێکی تر بکات و هەمووکاتێک باسی جوانی یان ناشرینی و سیماکانی ئەو کەسە دەکات، بەلاّم ئەم

زمانە بۆ رۆمان بەکار نایەت.

**دووبارەبوونەوە:**

لەم رۆمانەدا کۆمەڵێک شت دووبارە دەبنەوە، بۆ نموونە گلەیی شادی لە بەهرام و مەسەلەی "پەردەی کچێنی". ئەم دووبارەبوونەوەیە خوێنەر تووشی هیلاکبوون دەکات.

**کۆتاییەکی خراپ:**

ئەم رۆمانە لە سەرەتادا زۆر بەجوانی دەست پێ دەکات و هەنگاو بەهەنگاویش خوێنەر بەرەو ناو رۆمانەکە رادەکێشێت، بەڵام بەداخەوە لە کۆتاییدا نووسەر دەزووی رۆمانەکەی لەدەست دەدات. کاتێک دەگاتە کۆتایی رۆمانەکە، زۆر ئاڵۆز دەبێت و نازانین بۆچی وای لێ دێت. بۆ نموونە نازانین شادی دەمرێت، یان هەر بەسەر منارەکەوەیە؟ پاشان لەپرێکدا ئاگرێک لە ماڵەکە بەردەبێت و نازانین بەهرام دەسووتێت یان ماوە؟ پاشان لەم ئاگرەوە ئەم ژنە چۆن چووە سەر منارەکە؟ ئەم هەموو خەڵکە بۆ چی لێی کۆبوونەوە؟ ئایا شادی دەکوژرێت یان دەمێنێت؟

بەگشتی نووسەر لە کۆتایی رۆمانەکەیدا زۆر بابەتەکان ئاڵۆز دەکات و تێکەڵ و پێکەڵیان دەکات، بەشێوەیەک کە هیچ کاتێک خوێنەر نازانێت کۆتایی رۆمانەکە لەکوێدایە. خۆزیا نووسەر لە کۆتاییەکدا وەکو سەرەتای رۆمانەکەی بە روونی بابەتەکانی بنووسیایەتەوە.

لەکۆتاییدا جارێکی تر دەستخۆشی لە بەڕێز شێرزاد حەسەن دەکەم بۆ ئەم رۆمانە نایابەی. بەدڵنیاییەوە ئەم رۆمانە توانیویەتی مێژووی دوای راپەڕین بنووسێتەوە. لە هەمانکاتیشدا توانیویەتی گلەیی و رەخنەی (ژنان، شوێنەوارەکۆنەکان، نەوەی نوێ لە نەوەی کۆن، سرووشت و ئاژەڵەکان) بگەیەنێت. هیوادارین سەرنجەکانمان بە دڵێکی فراوان وەربگیرێت، چونکە تەنها مەبەستمان ناساندنی رۆمانەکەیە.

**سەرچاوە:**

شێرزاد حەسەن، ژنێک بەسەر منارەوە، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

# دەق

| | |
|---|---|
| وشەگەلی یەکتربڕ | **ڤینۆس فایەق** |
| چەند دێڕێک لە خۆشەویستی | **دڵشادی عومەر کاکی** |
| لوتی پاژنە بەرز | **ڕەزا حەمە** |
| پزیسکە خامۆشەکانی یاخی بوون | **یونس حسەینی** |
| خولانەوە بەدەوری مەمکەکاندا | **گۆران ڕەسوڵ** |
| بەدەم هاواری فەنابوونێکەوە لە خۆمدا کوژراوم! | **حەسەن جومعە** |
| شتێک بوو وەک هەموو شتەکان | **سەلاح شوان** |
| خێڵی پەپوولە | **بەکر دەرویش** |
| دیدار لەگەڵ فاروق هۆمەر | **سازدانی: داستان بەرزان** |

دوو

# وشەگەلی یەکتربڕ

**ڤینۆس فایەق**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کەمێکی تر<br>زریانەکە<br>هەڵدەکات،<br>ئۆقرەم<br>بەسەرشانیەوەیە | | بمبە بۆ ئەو<br>جێگەیەی<br>خوداکانی<br>لێدەمرن و نهێنی<br>سینگتم پێ<br>ببەخشە | | ئۆقیانووسێک<br>لە ورتەورتی<br>پاکیزەکان و<br>جیهانێک لە ئازار |
| | چۆن<br>سەرسوڕمانم بۆ<br>سەوزی درەخت<br>بگێڕمەوە | | مردن لەو<br>چاوانەدایە وا<br>پڕن لە خۆڵی<br>بیابان کە پێشتر<br>پڕبوون لە ترس<br>و پێکەنین | |
| بەلای قاقای<br>پەنجەرەکان<br>و قوقەی<br>کەڵەشێرەکانا<br>تێئەپەڕم | | شۆستەکە<br>هێشتا لە<br>مێشکما دەنگی<br>ئەزرنگێتەوە و | | لە زاکیرەی<br>هەور و دەفتەری<br>شیعرەکانما |
| | سەوزی گیا<br>دوای جێپێی<br>دەکەون و<br>خەونێکی<br>پرتەقاڵی | | نەورەسەکان<br>بەسەر سەرمەوە<br>سەفەر ئەکەن و<br>لەدوای خۆیان... | |
| لەناو نیگایەک لە<br>عیشقا ئەمرن و<br>پشتیان بە پشتی<br>دڕکەوەیە | | مردن بە مردنی<br>جەستەمان<br>و ونبوونی<br>دەنگمان لە گلا<br>تەحقیق نابێت، | | با جەستەی<br>مردووم لە خۆڵی<br>وشە هەڵکێشم<br>و سەبیلێک بە<br>لێومەوە و... |
| | لاوانەوەی<br>ئۆقیانووسە لەبنیا<br>بیناییم غەرق<br>ئەبێت | | ڕەدووی<br>قەسیدەیەک<br>ئەکەوم ڕەنگی<br>چاومی تێخزاوە | |

# چەند دێرێک لە خۆشەویستی

چەند دێرێک لە خۆشەویستی
چەند دێرێک لە خۆشەویستی

**دڵشادی عومەر کاکی**

**پێشەکی نیو مسقاڵ خۆشەویستی و پاشەکی**
**مسقاڵێ... دەکەمە گەردنت بیکەرە گەردنم**

**هەموو شتێکم بیر بچێ**
**ئەوە بەهانەیە... خۆشەویستم بیر بچێ**



**دەزانی... کە خۆشەویستی گفتوگۆ دەکات**
**زانستی زانستەکانیش**
**بێ دەنگ دەبێ و خەریکی گوێگرتنە...؟**

**ئەی دەزانی...**
**بە خۆشەویستی... بیرینەکانیش سارێژ دەبن**

**خواپەرستەکانیش.... پەیکەری خۆشەویستییان پێ**
**ورد و خاش ناکرێ**

**ژیان هارەی دێ... ژیان رووخان و دارمانە**
**ستونێک رایگرتووە... ئەوە خۆشەویستییە**

**ئەوە خۆشەویستییە... بڕیار دەدات**
**کەلاوەکانیش.... لە کۆشک و تەلارە ڕازاوەکان**
**جوانتربن**

**ڕۆژێک دادێت هەموو کۆدەکان دەکرێنەوە**
**کۆدی پیلانەکان**
**کۆدی تیرۆر... کۆدی تاوان و کوشتن**
**بەتەنها ئەوەی کە ناکرێتەوە کۆدەکانی خۆشەویستییە**

**چ برسێتییەکە... کە گیرفانەکانت چۆڵ و خاڵی دەبێ**
**چ هەژارییەکە... کە دڵت**
**چۆڵ دەبێ لە خۆشەویستی**

**کە توانی لە تاریکی و نوتەکیدا دانیشت و...**
**دونیا بە ڕووناکی... ببینی**
**ئەو کاتانە... چاوەکانت هی خۆشەویستییە**



**بێ سەرمایەترین کەسن.... ئەوانەی**
**دڵیان خاڵییە لە خۆشەویستی**

**کە گیرفانەکانمان خاڵی دەبن**
**دەتوانین شتێک بکڕین... بە خۆشەویستی**

**شتێک باڵی کێشاوە بەسەر دەروونمدا...**
**دەبینم دڵخۆشم**
**ئەمە ئەو کاتانەیە... کە سەرقاڵی خۆشەویستی تۆم**

**لە سەفەردا هەموو شتێکم بیر بچێ**
**جانتایەکم پێیە پڕە لە خۆشەویستی تۆ**

# لوتی پاژنە بەرز

رەزا حەمە

هەبوو، هەبوو
تاکێ لوت و
تاکێپێڵاوی کۆن هەبوو.
پاژنەیان وەک یەک بەرزبوو
ساڵ هات و چوو
نەکەس لوتی لەپێ کرد و
نە کەس تاکە پێڵاوەکەی
بە دەستی خۆی فرێدایە
ناو زبڵدانەکەی مێژوو



کۆلۆنیا ٢٠١٢/٢/٢٦

# پزیسکە خامۆشەکانی یاخی بوون

پزیسکە خامۆشەکانی یاخی بین

**یونس حسەینی- سەقز**



**تۆ مانگ پەلکەت دەگرێتەوە و**
**منیش دەریا ئاخەکانم هەڵ ئەکێشێ**
**خەڵوەتخانەی ژنێ پیریم و**
**تۆ لە سێهەم کەسی پیاوێکا**
**بەردەوام خۆتی و**
**تەشەر لە ئاسمان دەدەی!؟**

**مانگ بە دیار تۆوە**
**شەو شەکەت لە منا**
**جواناوی تەمەنم لە باوەشتا و**
**سەرەتای لەزەت و نوێبوونەوەی**
**لەم عەدەما!!!!**
**تا باڵات و هەنار**
**بم کێشە بەسەر خۆتا و**



خەتەری پێکەنین و
جامسەرتم
بە لاتەوە مانگ هەر من و
شەپۆلیش من
هەڵمژین هەر تۆ
ژن کەڵەگەت لە قاقا و
پیاو کۆتا لە نەفەوتان
ئەمە درێژەی ژیانە و
"حەوایش" هەر تۆی لە یاخیا و
من و زەوی قەرزارتین.
تا تۆ و مانگ هەر ماچ و بەردەوام
تا من و باڵات هەر شەکەت و بیانوو
پەلکەت ماوە بیگرمەوە؟؟!!

## حیلەی...

پشت لە باران
شان لە خۆر
روو لە تریفە
تەرێقەتێ نوێ دا ئەدەم...!
گرێچنی باڵای خۆم و زەمەنەت ئەکەم
تا بتروکێنی تەمەنم و
ئەگریجەی شیعراویت با وەشێنی حەسرەتم کا...!!
خانمی بەر پەنجەرە...
منی نەگریس
چۆلەکە پۆشی هەیوان و
جوغرافیای خەون و
پێدەشتی تەی نەکراوتم.
لە هەنارتا وەیلان و

**درێژەم لە سێوا دەدەی!!!!!!**
**موتاوی* ئەو تەمەنەمەم**
**حیلەی نگای هەر مل ئەنێ و**
**روو لە قیبلەی ئەرخەوان**
**شرۆڤەی خەونەکان ئەکا و**
**یەکەم ئایەتی هەناسەی هەڵم ئەگرێ و**
**ئاوێنەکەم فڕێ ئەدا...**
**تا تەعبیری کرچبوونەوە...**
**خانمی بەر پەنجەرە...**
**ئاسمانت تەقەڵچنی فڕینم کە**
**با جاڕ بدرێ یەکەم کتێبــی پیرۆزت...**



* موتاو: ئەو هەودا باریک و ناسکەیە ژنان بە تەشی دەیڕێسن، بۆ بەرماڵ و ئەو جۆرە شتانە و رانک و چۆخەی پیاوان... بەکاری دەبەن.

# خولانەوە بەدەوری مەمکەکاندا

گۆران رەسوڵ

(٠)
دەستەکانم ستیانێکن
پڕ
بە مەمکەکانت.

(١)
لە هەموو شوێنە تەنگەکان
پەست دەبم
تەنیا
نێوانی مەمکەکانت نەبێ.

(٢)
**مەمکەکانت نەبان**
**بڕوام نەدەکرد**
**زەوی خڕ بێ!**

(٣)
**بەردەکەی سیزیف و مەمکەکانت**
**لە زۆر شتدا لەیەک دەچن،**
**لە شێوە و نەگبەتی و**
**لە مانادا.**



(٤)
**لەو ڕۆژەوەی گوتووتە:**
**"کە مردی لەنێوان مەمکەکانم دەتنێژم"**
**پێم خۆشە**
**زوو بمرم.**

(٥)
**مەمکەکانت**
**دەبدەبەن**
**منیش منداڵێکی چەتوون.**

(٦)
**هیچیان نەدەبینی**
**کوێر دەبوون پەنجەکانم،**
**ئەوکاتەی**
**بەر گۆی مەمکەکانت دەکەوتن.**

(٧)
**مەمکەکانت**
**دوو سەماکەری بەناز و شەرمنی**
**ئەودیو پەردەکانن.**



(٨)
به هەزاران هاوكێشه و
یاسا و
بیردۆز،
له خرپێتی مەمكاكەنت نەگەیشتم.

(٩)
مەمكەكانت
دوو گومبەتی پەرستگاكەمن.

(١٠)
له منداڵی
مەمكەكان بێدەنگیان دەكردم
له ئێستاشدا
هاوارم رۆژەرپێییەک دەرپوا.

(١١)
"مرۆڤەكانمان لەسەر جوانترین شێوه دروستكردووه"
مەمكەكانت
شایەتی ئەو راستییه دەدەن.

(١٢)
دۆزیمەوه
ئیستاتیكا
واتا مەمكناسی!

(١٣)
مەمكەكان دوون
بۆیه
دوو دەست هەن.

(١٤)
پەنجەکانم
دە دەروێشی مەستن
بەدەوری مەمکەکانت، حاڵیانگرتووە.

(١٥)
بێهودەیی
بازنەیەکی بەدەورمدا کێشاوە
بازنەیەک خڕ
خڕ وەک مەمکەکانت.

(١٦)
مەمکەکانت
دوو تایەی
پایسکلی بەختەوەریمن.



(١٧)
مەمک
تاکە میوەیە
پەیوەست نییە بە وەرزەکانەوە.

(١٨)
چاوە شینەکانی پشیلەم خۆشدەوێن،
لەسەر تیشێرتەکەت
کەوتوونەتە راستی مەمکەکانت.

# بەدەم هاواری فەنابوونێکەوە
# لە خۆمدا کوژراوم!

حەسەن جومعە

منی ناموراد کە ئەدرەسی شوێن پێیەکانی "با"م ون کردبێ
لە باغچەی چ "با"یەک لێت بنۆڕم
لە باغچەی چ "با"یەک
لە کام دەرگای "با" بدەم
کە دەستەکانم بەسەر سایزەری ژیانەوە،
بەجێمابێت
بەخۆم و چ پێکێکی تووڕەوە
لە کەنار چ سپینداریێکی سەر رێگەکانی "با"دا
لەنگەر بگرم
کە هەمیشە گەڵاکانی چاوەڕوانیی تیایە ئەمرن
لە خەتمی چ قەسیدەیەکی "با"دا
تەنها سێبەرێکت بەدی بکەم
کە هەمیشە هەوەسی بارینی هەنگاوی شکاو هەست پێ بکەم
تازە من فریای ئێوارەیەکی ترت ناکەوم
دەبێت هەر لە گومانا بژیم
من لە ئێستامەوە لەو حیکایەتانە ئەچم
کە بە شمشێری خوێن کوژراون

لە ئێستامەوە لەرزی فڕینێکیش نامگرێت
چونکە فڕینم لە چارەنووسی سارایەکی تەنهادا
کەوتوەتە خوارێ و
روانینیشم لەبەردەم
پەنجەرەی یەقینی سەختی پاییزدا کزۆڵ بووە
ئیدی من چۆن فریای ئێوارەیەکی
دیکەی تۆ بکەوم؟
کە دڵم بۆ "هەرمان" دەسپێکی نێو
شەقامە دڵتەنگەکان بێت
چۆن دەمێکە؟!
دەرگا داخراوەکانی هەرێمی تۆ
بە سەدان مۆمی کوژراویان لە رۆحمدا رواندووە
دەمێکە خەیاڵی هەڵهاتنی سپێدەیەکی
دیکەی تۆم
وەربووەتە درزی دیوارەکانی سەراب
جارێکی دیکەیش لە ئینجانەی بێ مروەتیدا رووام و
لە پیاسەیەکی نەبڕاوەی بێ حیکمەتدا و
بەدەم هاواری فەنابوونێکەوە
لە خۆمدا کوژراوم و
سەدەیەکە لەم کیشوەری سپیبوونە خاڵیم
گەڕیدەیەک شاهیدە
تابلۆیەک کە ئەهلی بێدەنگییە شاهیدە
شەوێک کە بە چرپە رێ ئەکات شاهیدە
سەدەیەکە لەم کیشوەری سپیبوونە خاڵیم
تازە من شووشەی ئەو فانۆسانەم
کە بە لمی عەدەم خامۆشکراون
کە بە لمی عەدەم خامۆشکراون
منێک کە باغ جارێک بۆ جارێکی دی
تەمایەک نایگرێت و
نامکاتەوە بە سێوەکانی تۆ
تازە من لەولای مەنزڵگاکانەوە



**کە تەنها لێوارێکی کاڵ**
**نێوانمانە**
**تاماری مردنێک یەکەم سڵاوی خۆی لێکردم**
**بۆیە تا ئەبە بۆ ئەبەد**
**گەر لە سێبەری ئاوێنەی خەیاڵێکیشدا بێت**
**ناتوانم ببمەوە بە تەوقی پەنجەیەکت.**



چیرۆک

# شتێک بوو وەک هەموو شتەکان

سەلاح شوان

خۆر تا دەهات توندتر گازی لە پێم دەگرت، ئەمە پیشەی هەموو بەیانییەکی بوو، بەزۆر لە خەوی دەکردم. ئەگەرچی زیاتر خەوەکەم مەبەست بوو، بەڵام هەر ناچاری دەکردم، کە چاوم کردەوە "ئەو" بەپێوە ڕاوەستابوو، کە من هەستام "ئەو" خەوتەوە. خۆی گرمۆڵە کرد و خەوتەوە. هەستام و هەموو کارە پێویستەکانی ئەو بەیانییەم کرد. بەیانییەک بوو وەک هەموو بەیانییەکان. شەمەنەفەرەکە لە خوار ناوکی شارەکەوە چووە ژوورەوە و بەناو سکیدا ماڵ و بازاڕەکانی یەک لەدوای یەک بەجێ دەهێشت... و نەخەوتنی شەوی پێشوو کچە نەشمیلانەکەی فارگۆنەکەمان خەڵک و ئوتومبیلە راوەستاوەکانی ئەمبەر و ئەوبەری سکەکە. زرمەی پێچکەی سەر سکەکە، هیچیان لە ئاساییەتی ئەو بەیانییە ناگۆڕێ، بەیانییەک بوو وەک هەموو بەیانییەکان، پایتەختێک بوو وەک هەموو پایتەختەکان... وەک پایتەختەکەی خۆمان: کۆشکە بەرز و جوانەکان، جادە پانەکان، خەڵکەکە. دەهاتن، دەڕۆیشتن قسەیان دەکرد، پێدەکەنین، تووڕە دەبوون، غەریبییەکەشم هەر بەگوێرەی ئەمەی لای خۆمان بوو، غەریبییەک بوو وەک هەموو غەریبییەکان:

– ئەی پێم نەوتیت دنیا هەمووی لەیەک دەچێت.

– بەڵێ. هەموو شتێکیش لە یەک دەچێت.

مێژووش خۆی دووبارە و سێ بارە و سەدبارە دەکاتەوە، ڕووداوەکان، فرمانە گەورە و بچووکەکان، هەر دەبن و دەبنەوە... دوێنێ وەکو ئەمڕۆ وابوو سبەینێش هەر وەها دەبێت.

کچە نەشمیلانەکە، ئیشارەتی ماچێکی بۆ کردم. بزەیەکی ناسک و تەزوویەکی ناسکتر).

لەگەڵ وەڵامی ڕۆژباشەکەی کچە نەشمیلانەکەی پرسگەدا ئیمزایەک و بۆ ژوورەوە، کە هاتمە ژوورەوە هەندێ هاتبوون و هەندێکیشیان هێشتا نەهاتبوون، بەڵام بە بیری خۆم زۆربەیان هاتبوون، چونکە ئەوی لە مێژوو زانراوە تەنیا ٢٪ ی تەمەنی ئادەمیزادە ئەوی نەشهاتبوو هەر بێت.

١- بۆچی؟

٢- بۆ ئەوەی بڕۆنەوە.

١- وەڵڵا خۆ وایە. هەردەبێ واش بێت.

٣-شاکیر یەک دوو چامان لۆ بێنە.

چێشتەنگاوێک بوو وەک هەموو چێشتەنگاوەکان دەقیقە و سەعاتەکان وەکو سەرباز بەپێی کورت و درێژی، بچووکەوە بۆ گەورە دوای یەکتر کەوتبوون، بۆ پێشەوە بەلای ڕاستدا بەلای چەپدا، بۆ دواوە دەڕۆیشتن کە هاوڕێکەم باسی گۆڕینی بۆریی زێرابەکەیان و گیروگرفتەکانی بۆ دەکردم، من بیرم لە ژیانی ئەو دەکردەوە، فەرمانبەرێک وەک هەموو فەرمانبەرەکان ژنی هێناوە، منالی هەیە، دەوامی خۆی وەک هەموو ڕۆژێکی تر تەواو دەکات هەرواش دەڕواتەوە. نان دەخوات دەخەوێت. دەردەچێت دەگەڕێتەوە، نان دەخوات سەیری تەلەفزیۆن دەکات، دەخەوێت، دێتەوە بۆ دایەرە قسە دەکات. باسی گیروگرفتی زێرابەکەیان دەکات، گرنگ ئەوەیە کات بەڕێ بکات (هەروەختە کە بڕوات، باسی هەر شتێک بووایە هەر دەمانکرد. کابرای پیرە زۆری لا بوو، سی ساڵ بەندی و پاشان بە لێبووردن بەڕەڵا کرابوو، کەچی دیسانەوە گیردراوەتەوە. هەموو قسەکان بە "خوب" دەستی پێ دەکرد دەنگی زۆر لە قوڵاییەوە دەهات، گەرم و بەتین، بەڵام پەردەیەکی غەمی قورسی بەسەردا درابوو، باسی کوشتنی ((ئیمساله))ی دەکرد لەگەڵ دوو هاوڕێی نێرینە و یەکێکی مێینەدا، کە لە دانشگا پێکەوە بوون. تەنیا ئەمیان گرتبوو، بۆیە دەیانویست تۆڵەی ئەوانی تریشی لێ بکەنەوە، کە ژنەکەی بۆ ((علاقات))ی دەهات. بە گریان و هاواری دڵی تەنگی ئێمەشی پیر دەکرد... زۆر جار لەگەڵ قسەکانیدا دەبووم بە مەلێک و لە پەنجەرە بچووکە شیش ئەستوورەکەی نزیکی بنمیچی (زیندان)ەکەوە، بەدزی پۆلیسەکانەوە دەچوومە دەرەوە. دەفڕیم. ماندوو نەدەبووم کەسێکم نەدەدۆزییەوە قسەم بۆ بکات. تەنانەت دەزگیرانەکەشم، چونکە باوەڕی نەکرد من ببم بە مەلێک و گوێی لێ بگرم، ناچار دەگەڕامەوە ناو زیندانەکە و لەگەڵ هاوڕێکەم و مام

دەرویش-دا گوێم بۆ قسەکانی مامە پیرە شل دەکرد) قسە، هەر قسەیەک بێت، کە بێدەنگی دەست نەکەوێت ئەی چار چییە؟ خۆ دەبێت ماوەی دەوامەکەمان بە شتێک ببەینە سەر چەند زەلامێکی بچووک، لە دایرەیەکی بچووکی، شارێکی بچووکی، ولاتێکی بچووکی، زەمینێکی بچووکی، مەجەرەیەکی بچووک ((هند)) یکی بچووکدا سەریان بەیەکا دەکرد و پێکەوە خەوێکی هاوبەشیان دەبینی لەهەموویان گەرمتر، لەهەموویان زیاتر بە دەورەکەی خۆی رازی بوو، لە هەموویان زیاتر جەنجاڵ بوو:

- کاکە: ئەم فەزاعەتە، ئەم قیامەتە.

(حەز لە قیامەت دەکەم)... ئاخر تا کەی؟ تا کەی وەها؟

(١- تا کەی وەها جێنشینی ئوتێلەکان بین؟ بێ کەس و بێ ناسیاو.

رۆژێک، مانگێک، ساڵێک؟

٢- ئەوە چی دەکەی کاک ئەحمەد؟

٣- وەڵڵا برا دەڕۆمەوە

٢- ئێ بۆ؟

٣- وەڵڵا برا دەڕۆمەوە.

ئیتر جانتاکەی پێچایەوە، بەرەو سنوور کەوتە رێ. رۆیشتەوە، ئێمەش یەک لە دوای یەک بەدوای ئەودا هاتینەوە).

١- ئەوە چییە دیسانەوە باسی قیامەتەکەیە؟

٢- بەڵێ.

کاکە ئەم قیامەتە: قیامەتە وەک بەهەشت وایە و دۆزەخیش نییە.

ئەو دوای قسەکەی بەلای دەمیدا هاتە خوارەوە، وەکو لیک تکایە سەرزەوییەکە، تا راشت بکێشایە زیاتر دەکشا، هێشتا لە باسی مەسەلەی سێکسی خۆیان نەبووبوونەوە، کە ئافرەتە رووخۆشەکە خۆی کرد بە ژووردا.

(کە ئافرەتە رووخۆشەکە خۆی کرد بە ژووردا، من خۆم ئامادە کردبوو... (ئەو) بەپێوە بوو، کە ئافرەتەکە هاتە نزیکمەوە سەری بۆی دانەنواند، ئافرەتەکە درێژ بوو، من هەڵسام (ئەو) سەر بەرەوخوار هەڵواسرا رووە و قیامەت رۆیشت، رۆیشت، رۆیشت تا گەیشتە بەردەرگای ژوورەوە پێش ئەوەی ((ئەو)) لە دەرگا بدات، ئافرەتەکە ئۆفێکی نەرمی بۆی کرد. بەدوایدا دوو سێ "ئای" لە دوایشدا جنێوێکی ناسکی خۆش. کەس نەبوو داوای ناسنامەی لێ بکات، بۆیە بەردەوام رۆیشت، تا گەیشتە بن ژوورە تاریکەکە. لە حەمامیش و لە مزگەوتیش دەچوو. دە زەلام، هەر پێنج و سەرگردۆڵکەیەکیان گرت، سەرێکی بردراو کەوتە سەر

شانێکی مردوو، دەم بەدوای دەمدا دەگەڕا ((ئەو))یش کە زانی ژوورەکە کەسی تێدا نییە، هاتەوە. چووەوە، جارێک دووان سیان، هیلاک بوو، ئارەقی کرد. سەرە گێژکەی پێ کەوت. هەر لە هاتوچۆی خۆی نەکەوت، سەرەگێژکەیەک بوو وەک هەموو سەرەگێژکەکان. لە سەرگێژکەی مەستی دەچوو. تا زیاتربووایە خۆشتر دەبوو، تا خۆشتر بووایە زیاتر دەبوو، ئافرەتەکە دەردەکەی خۆی زۆر چاک دەبینی. هەروەها ((ئەو))یش، بۆیە من ون بووم، توامەوە لە ئافرەتەکە و لە ((ئەو)) دا توامەوە، تا نەمام تا نە.مام نەبەما ا ا ا م م م م "ئەو" لەبن ژوورەکەدا هێڵنجی دا، بە دەموچاوی خۆیدا ڕژایەوە، پشوویەکی دا، پاشان بە گێژ و وڕییەوە هاتە دەرەوە. هەر لەبەردەرگاکەدا خەوی لێ کەوت. کە هاتمەوە سەر خۆ زانیم درۆم لەگەڵ خۆمدا کردووە.. نە لە "ئەو" و نە لە ئافرەتەکەشدا نەتواومەتەوە. ونیش نیم.

هەڵسام. هەڵسام "ئەو" خەوتبوو... بە تەواوی خەوی لێ کەوتبوو، دەتوت لە سەفەرێکی زۆر دووری پڕ چەرمەسەریی گەڕاوەتەوە.

ئافرەتەکە پێش من فریای چوونەدەرەوە کەوت، منیش بەدوایدا چوومە دەرەوە)، منیش بەدوایدا چوومە دەرەوە، پاش ئەوەی ئیمزاکەم کرد. هەندێک بەملادا، هەندێک بەولادا، ئوتومبیل و هەندێکیش بە پێ هەریەکە بەلایەکدا بڵاوەیان لێ کرد. منیش ڕۆیشتم: بەو شوێنەدا کە هاتبووم گەڕامەوە، وەکو هەموو گەڕانەوەیەک گەڕامەوە... بەتەنیا هاتبووم، بەتەنیا گەڕامەوە، هەموو هەر بەتەنیا دێین و بەتەنیاش دەگەڕێینەوە، ئیتر بۆچی خۆم بەلەوتێنم ڕۆژێک بووە هەموو ڕۆژەکان تەمەنێک بوو، وەک هەموو تەمەنەکان.

بەغدا

١٩٧٥/٧

# خێڵی پەپوولە



**بەکر دەرویش**

بەدەنم بەدەم شنەی باوە لارەلاریەتی، سەرم وەک گوڵەبەڕۆژە بەرەو خۆری باشوور چەماوەتەوە، هەندێ کەس نازناوی پیاوی گوڵەبەڕۆژەیان لێ ناوم، هەندێکی دیش پیاوی دەم (با).

سێ ڕۆژە بەڕێگاوەین، بۆ چرکەیەکیش چییە دانەنیشتووین، بەسەدان هەوراز و نشێومان بڕیوە، ژێر هەرتک پێم بووە بە تۆقڵە و قوفیلکەی کردووە، خەڵکێکی زۆری هاوشێوەی من بەرگی سپییان پۆشیوە و ئەم کەژ و کێوەمان لەبەرداوە، بەرەو باشوور دەچین، دەڵێی لە کێبەرکێداین هەرکەسەو خواخوایەتی پێش لەوانیتر بگاتە چێی مەبەست، پێرێ لەپێشی پێشەوە بووم، کەچی ئەمڕۆ لەپاشی پاشەوەم، هەندێجار بیر لەوە دەکەمەوە ئەم ترازووە فڕێدەم و خۆم لەم بارە قورسە قوتارکەم، کەچی زات ناکەم، ترازوویەکی رووت و قووتیان بە من داوە چی لێ بکەم؟ ترازوو بەبێ شمشێر مەگەر تەنیا پیازی پێ کێشانەکەی، بیرم

هەر لەلای باشووره، لەلای پێدەشتەكانی پەتەكی و بانمیل و كانی گاوره، ئەو ڕۆژەی بە ترەكتۆره فۆرگەسنەكەی ماڵی حاجی عەلی من كاوەی كوڕی چووین بۆ كانی گاور بۆ سەیر خەڵەكانیان، لەسەر گردەكەی بەرانبەر داروەسەره نیوەڕۆ ئاگرمان كردەوه و چامان لێنا، هێلكەی كوڵاومان بە پیازەوه خوارد، دواتر سەرو بادە چامان دەكرد بەسەریدا، پاشای زەمانە خۆمان بووین، باسی سەركێشییەكانی خۆمان بۆ یەكتر دەگێڕایەوه، ئەو دەمە كاوه حەزی لە كچێكی خزمی خۆیان بوو ناوی سوەیلەبوو، باسی ئەوەی بۆ كردم چۆن شەوێك بەدزییەوه لە سەربانی ماڵی خۆیانەوه چووه بۆ ماڵی كچە و لەناو كاگەنەكەدا تا شەبەق خۆی حەشارداوه، هەركچەكە نەهاتووه، بەرەبەیان لەگەڵ دەركردنی ڕانەكەیاندا ئەمیش خۆی كردووه بە مەڕ و بەزگەخشێ خۆی دەرباز كردووه، منیش باسی ئەوەم بۆكرد شەوێكیان هاوین بوو، مانگی چوارده بە ئاسمانەوه وەك كولێرەیەكی زەرد شەوقی دەدایــەوه، مناڵ بیبینایە وڕكی لێدەگرت و دەیگوت دەیخۆم، سێ هەرزەكار بووین من و حەسەن و بەكری خاڵە كەریم بڕیارمان دا بچین لە باغەكەی مامە عەلە قەیسی بدزین، باغەكە لە دووریی ئاوایی بوو، باغێگی گەوره بوو، هەموو جۆره میوەیەكی تیابوو، لەڕێگا حەسەن دەیگوت ئێوه هەقتان لە من نەبێت من پڕ جامانەیەك دەهێنمەوه بۆ خۆمان و ماڵ ئەسمەری خوشكم، بەكر دەیگوت گوناحە بەس پڕ گیرفانەكانمان دەهێنین، منیش دەمگوت هیچ ناهێنینەوه زگی خۆمان تێر دەكەین و دەگەڕێینەوه، زۆری نەمابوو بگەینە باغەكە ئەوەنەمان زانی بۆره و بازەی مامەعەلە بۆمان هاتن، چی بكەین خوایە؟ وەڵا نەپەرژاینە سەر هیچ تەنیا ئەوەمان بۆكرا ڕاكەڕاكە سەگێلیش بەدوامانەوەن، ئەوەنە بەناو دڕك و داڵا ڕامانكرد و كەوتین شەرواڵەكانمان كتومت بوو، لەڕومان نەدەهات بچینەوه بۆ ماڵەوه، ماڵی حەسەن لەمپەڕی ئاواییەوه بوو، چووین هەرچۆنێ بوو لە كەلەكەوه حەسەنمان كرد بەودیوا، دوو شەرواڵی خۆی بۆمان هێنا لەپێمان كرد، لەجیاتی قەیسی خواردن دەردێكمان خوارد تاماوین بیر لە دزی نەكەینەوه، تاعەسرانێكی درەنگ لەو پێدەشتانە بەترەكتۆر گەڕاین، دوای لەڕێگای بانمیل و لەتەپەكوڕەوه هاتینەوه، كاتێك گەیشتینە ئاوایی قەدەرێ دوای بانگی شێوان بوو، لەڕێگا بە لایت ڕێمان دەكرد، چەندان ئاژەڵمان بینی كە تیشكی لایتی ترەكتۆرەكە دەیدا لێیان لە دوور چاویان شەوقی دەدایەوه، وابزانم گورگ بوون، من نەترسام نازانم كاوه ترسا یان نا لێم نەپرسی، گورگ سامی گرانە، لەوانەیە كاوه ترسابێت خوا ئەزانێ؟

پیره پیاوێكی ریش سپی، كەواو سەڵتەیەكی زەیتوونی لەبەره، چاكی

کەواکەی لێ هەڵماڵیوە، جانتایەکی لەشانە، پڕە لە شتی سەفتەکراو، هەر لە کتێب دەچێت، لە هاوشانم بە ئاستەم هەنگاو دەنێ، جارجار وەک ئەوەی شتێکی بیر بکەوێتەوە، دەوەستێ و قاقا پێدەکەنێ، بەهیچ شێوەیەک سەیری ئەملاو ئەولای خۆی ناکات، ڕێک و راست ملی ڕێگای گرتووە و دەڕوات، ئەم پیاوە لە پیاوێکی دنیادیتە دەچێت، لەوانەیە بزانێ بۆ کوێ دەچین و کەی دەگەین؟ نازانم چۆن خەڵوەتەکەی بشکێنم و پرسیاری لێ بکەم؟ ئەترسم لێم زیز بێت، ئەم جۆرە پیاوانە هەستیان ناسکە، وەک بلوری لاڵە وایە بەئاسانی دەشکێت، لەم کێشانە و پێوانەیەدا بووم، پیاوە پیرەکە وتی: ئەی ئەو کەسەی قورسترین بارت هەڵگرتووە، ئێمە بۆ پەرستگای خۆرنشین دەچین، هەفتەیەکی دیکە یالاّ دەگەین. هەفتەیەکی تر؟ جاکوا من بەرگەی هەفتەیەکی تر ڕێکردن دەگرم! ئاوڕم دایەوە لێی بپرسم: ئەرێ مامەگیان ڕێگایەکی قەدبڕ شارەزا نیت لێیەوە بڕۆین؟ دیتم کابرا شوێن و ئەتەری نەماوە، ئەملام کرد ئەولام کرد نەبوو نەبوو نەبوو، ئەی خوایە چی لێهات؟ قەدەرێک چاوەڕوان بووم سوودی نەبوو هەرخەڵک بوو دەیدا بەلاما و دەڕۆشت، وەک ڕۆژی حەشر وابوو کەس لە کەسی نەدەپرسییەوە، لە قەراغ ڕێگاکە دانیشتم، قومێ ئاوم لە مەتارەکەم خواردەوە، قسەیەکی باوکم بیرهاتەوە، باوکم پیاوێکی شایەر و دنیادیتە بوو، ئەزموونی زۆری هەبوو لە ژیاندا، ڕۆژێکیان پێکەوە لە کورانە خەریکی درەوکردنی توترک بووین بۆ بزنەکان، داسەکە دەستی بڕیم و کەمێ خوێنی لێهات، منیش بە خوێنەکە لەسەر تەختەتاوێرێکی گەورە وێنەیەکم کێشا بێ ئەوەی خۆشم بزانم وێنەی چییە؟ تومەز باوکم بە تیلەی چاو سەیرم دەکات، پرسی: ئەوە وێنەی چییە؟ منیش هەر لەخۆمەوە وتم: ئەوە وێنەی نیشتمانە؟! باوکم پینەیەکی بردەوە و ئینجا وتی: کوڕم ئێمە خێڵێکین هەر لە کۆنەوە خووخەیاڵەکانمان باهۆزی نیشتمان بردوویەتی، لە مەزرای ژیان جگە لەکڵناشکە و قەڵداس شتێکی ئەوتۆمان بۆ نەماوەتەوە، خۆشمان نازانین بۆ ئەمە بەخت و بەشمانە؟ چەند بیردەکەینەوە شتێک بە خۆمان شک نابەین، خۆ ئەگەر شوێن پێکانمان هەڵکەی دەبینی جگە لە کاری خێر و حەسەنات هیچی ترمان نەکردووە، بەهەر شوێنێکیشدا گوزەرمان کردبێت لەدوای خۆمان جگە لە بۆنی خۆش و قسەی خۆش و ڕووی خۆش هیچی ترمان بەجێنەهێڵاوە، کەچی کاتێک دەفتەری ئەو مێژووەی لەسەرمان تۆمارکراوە دەخوێنیتەوە جگە ڕوویەکی دێز و ناشرین، بۆنێکی پیس و کۆمەڵێ قسەی هەڵەق و بەڵەق هیچی ترمان لەسەر نەنووسراوە، من کە ناوم گەردەلوولی کوڕی باهۆزە و لە تیرەی تەپوتۆزم ئەوە چلوپێنج ساڵە بەدوای دوو کەروێشکدا

ڕادەکەم تاکو ئێستا هیچیانم بۆ نەگێراوە، ئێستا قسەیەکی باپیرت بۆ دەگێڕمەوە، جارێکیان بۆی گێڕامەوە و وتی: ئەو ساڵەی کە تۆفانەکە هەڵیکرد و دارودەوەنی لەگەڵ خۆیدا برد، (مێژووی خێڵی ئێمە پڕە لە ڕووداوی وەک ساڵی لافاوەکە، ساڵی کوللەکە، بەفرەکە، گرانییەکە) من لەسەر بەردی عەودالّی لەبەر ڕەهێڵە و باراندا وەستابووم، کە نمەکەکەمم کردبووە دالّدە بۆ دەیان منالّ و پیر و پەککەوتە، بۆ ئەوەی لە سەرماو تەڕبوون بیانپارێزم، بۆ دلّدانەوەی خۆم و ئەو خەلّکە شمشالّەکەم لە تۆی پشتوێنەکەم دەرهێنا و خۆشترین ئاوازم ژەنی، دەنگی ئاوازەکانم گڕوتینیان بە جەستەم دەبەخشی، کە هاتیشمەوە داپیرەت باسی ئەو پارێزانەی دەکرد کە شێخ و مشایەخی نێو مالّی تەریقەت بۆیان دانابوو (داپیرەم ئەوە چەند سالّە شەکرەیەتی، لە چوارسەت و پێنجسەت نایەتە خوارەوە، دکتۆر نەما نەیبەینە لای سوودی نییە، بەیانیان پێش لە قاوەلّتی بەنیو سەعات لەگەڵ سێ پەرداغ ئاودا حەپێ دۆنێڵی فەڕەنسی ئەخوات کە پێج مللی گرامە و هی شەکرەیە) شێخەکان هەکێکی زەردیان پێدابوو بۆنی بەهارات و کاری هیندی لێدەهات، وەک ئەو زەردەچۆیانەی کە کارخانەی (موختار) لە مۆمبای بەناوی کاری موختارەوە دروستی دەکات، کەچی سوو خۆرەکانی دوێنێ و پەت بەسەرەکانی ئەمڕۆ لە بەسرە بەناوێکی تر و بەتام و بۆنێکی ترەوە دروستی دەکەنەوە، قسەکەشی بەوە تەواو کرد وتی کوڕم بەرد لەجێی خۆی سەنگینە. ساکوڕم تۆ تازە وێنەی چی بۆ من دەکێشی؟ وەرە با بۆخۆمان بگرین، عالەم هەمووی بە موراد گەیشت تەنیا من و تۆ قوڕمان بەسەر؟! لەبەرچاومە سبەی تۆش هەمان شت بۆ منالّەکانت دەگێڕیتەوە، بەلّام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دلّنیام نە من و نە تۆ و نە منالّەکانیشت کەسمان دەس لە کلکی نیشتمان بەر نادەین، هەتا مردن بە سەر و پێی پەتی هەر بەدوایدا ڕادەکەین، هەستام و هێدی هێدی و هێواش هێواش لەسەرخۆم کەوتمە ڕێ، لەپڕ بایەکی بەهێز هەڵیکرد و کراسەکانمان بوو بە چاتۆڵ و وەک شوشەلّدانی پڕ لەبا خڕ هەڵهاتین، زگمان وەک داهۆڵی بەر ڕەشەبا لەخۆیەوە دەیکوتا، هەندێکمان دەگریاین و هەندێکیشمان پێدەکەنین، لەپڕ پیرە پیاوەکە لەنێو تەپوتۆزی تاریکییەکەوە دەرکەوت و هات لە شانم وەستا، زۆر لە باپیرم دەچوو وابزانم هەر ئەویش بوو، بەلّام دیتە تاریک بوو، خۆیشم هیلاک و ماندبووم نەمناسییەوە، لەتێ نان و گوێلێ خورمای قەسپی پێدام، وتی: کوڕم ئێمە پاش چەندان جەولەی دوور و درێژ لە شەڕی ڕزگاری نیشتمان سەرەنجام بەدەستی بەتالّ گەڕاینەوە، جگە لە گۆڕستانێکی گەورە و ئاوەدانی برا کوژراوەکانمان و حەشامەتێک لە بێوەژنی ڕەشپۆش هیچی ترمان

دەس نەکەوت، کوا سەربەخۆیی نیشتمان؟ کوا مەخفەرەکانی سەر سنووری خەو و خەیاڵەکانمان، رۆڵە تۆ هێشتا وەک زۆربەی گەنجانی ئەم وڵاتە تەمی نیشتمان بەرهەناوی بەر نەداوی، بیر لەچی دەکەیتەوە؟ ئێمە دوای حەوت پشت لە کوشت و کوشتار، لە ماراسۆنی سەرسنوورەکان ئێستا کاروکردەوەکانمان سەربەقوڕ دەهێننە پێکەنین، خۆشمان هێندە بێعار و چارین، لایەکمان لەخوما بێت لە پێکەنین و لاقرتێی خۆمان ناکەوین، نانی شاممان نەبێت لە گۆرانی چڕین واز ناهێنین، دەستمان هەمیشە کراوەیە و باوەشمان دایمە واڵایە، دەرگای ماڵەکانمان هەمیشە لەسەر پشتە، ماڵ ماڵی ئێمە نییە، ماڵی هەمووانە، لە دنیادا خەیاڵپەروەری وەک ئێمە هەر نییە، لە رۆژێکدا هەزارجار بە خەیاڵ دەچینە مەککە و مەدینە و دێینەوە، زۆرجار لاشەیەکی بێ سەرین وەک گەنج عوسمان لەنێو تەپوتۆزی شەڕی خەیاڵەکانی خۆماندا دێین و دەچین، کەچی تۆ هێندە بیری باشوور سەر و دڵی داگرتووی گۆرانی چڕین و پێکەنینت لەبیرچووەتەوە، رەنگ و بۆ بەڕووتەوە نەماوە، ئەو دنیایەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە و غەمی بۆ دەخۆی ئێمە لەدوای حەوتەمین جەولەی دانوستانەکانەوە ئیتر وەک نوکتە باسی دەکەین، هیچ کاتێک ناتوانم ڕووبەڕوو وەڵامی باپیرم بدەمەوە، هەرچی دەکەم دەمم گۆ ناکات و قسەم بۆ نایە، ئاخر ئەو وا ئەزانێ بنیادەم هەموو شتێک بەدەستی خۆیەتی، کەی بیەوێ غەم دەخوا و کەی نەیەوێ گوێی پێ نادات، منیش حەزم دەکرد وەک ئەو خەڵکە وابووایەم ئەوەی هەیە و نییە هەر بەبام کردایە، بەڵام کە بۆم ناکرێ چی بکەم؟ من لەو کەسانە نیم کە هەمیشە دەستیان بە کڵاوەکانیانەوە گرتووە با نەیبات، من خۆم کڵاوەکەی خۆمم داوە بەدەم باوە، لە کوێ کلکی کەرێک بڕابێت، غەمی دنیام بۆ خواردووە، ئاوا لەبەرخۆمەوە قسەم دەکرد، لەپڕ دەنگێک لە ناخما پێی وتم: تۆ وەک سمۆرەیەکی هەڵهاتوو لە بەختی خۆت ڕووت کردووەتە دارستانێکی سووتاو خەون بە گوێزی زێڕینەوە دەبینی، لەبەر تەپوتۆزی رێگا بەرچاوی خۆت نابینی، هێندە هاوارت کردووە، گوێچکەکانت کپ بووە و هیچ نابیسی، سەحێ لە خۆت بکەرەوە، لەپڕ لەبەر ئازارێکی سەخت بەئاگاهاتم، کەوتبوومە شیوێکەوە بەقەد باڵای خۆم قوڵ بوو، سەرم کێشابووی بە بەردێکدا و بە قەد هێلکەیەک هەڵتۆبزابوو، کە سەرم هەڵبڕی دیتم پیرە پیاوە نوورانییەکە بە دیار سەرمەوە وەستاوە، گۆچانەکەی بۆ درێژکردم لە کەنەکە دەریهێنام، بە دەس ئاماژەی کرد و وتی: شوێنم کەوە، بەلۆژەلۆژ دوای کەوتم، ماوەیەک زۆر رۆیشتین، دیسان لێم ون بوو، لەبەرخۆمەوە وتم: ئەمە خدری زندەیە، خودا بۆ یارمەتی من ناردوویەتی، بانگم کرد هۆ هۆووو خدری زندە جێم

مەهێڵە دەترسم، دنیا تاریکە گورگ دەمخوات، شەو بوو لە پەسا گڤەی خەڵک دەهات دەیاندا بەملاوبەولامدا، هەندێکیان دەگریان و هەندێکیان پێدەکەنین، هەندێ بەدەنگی بەرز و هەندێ بەچپە قسەیان دەکرد، لە دوور ترونگەی ئاگرێکم بینی، بەرەو لای ملم نا، دوای ئەوەی دەیان جار پێم هەڵکەوت و کەوتمە دەیان چاڵەوە، دەمەوبەیان گەیشتمە دەوروبەری ئاگرەکە، ئاگرێکی زل و زەلام بوو، ئەو ناوەی کردبووە چراخان، بە مەزەنە ئاوا دووسەت سێ سەت هەنگاوێکم مابوو بگەمە لای ئاگرەکە، تێیان خوڕیم کورە کێی راوەستە؟ ماوەیەک لەجێی خۆم خپ بووم ، دوایی کەمێکی تر بە زگەخشکێ رۆیشتم، دیسان تێیان خوڕیم: نەجوڵێی کوژرای؟ دیسان کپ بووم، پاشان هەرچۆنێ بوو خۆمم گەیاندە شیوێکی نزیکم و دانیشتم، وردە وردە گزنگی بەیان ماتەی دا، گڕی ئاگرەکە و گزنگی بەیان تەواو ئەو ناوەیان رۆشنکردبووەوە، بەنێو شیوەکەدا رۆیشتم تا خۆمم گەیاندە ئەو ملەیەی بەسەر ئاگرەکەدا دەیڕوانی، بینیم چوار دەوی ئاگرەکە بە سەرباز و تۆپ و دەبابە تەنراوە، لە پشتی ئاگرەکەشەوە لە قوڵی لەلای خۆر ئاواوە پاشماوەی شارێکی گەورە و وێران دیارە، کە ئاسمانەکەی بە دووکەڵێکی رەش تەنرابوو، هەر لە لای منیشەوە تا لای ئاگرەکە بەدرێژایی سێ سەت مەتر زیاتر لاشە کەوتبوو، ترازووەکەم لە کۆڵم داگرت و گرتم بەدەستەوە، رێک و ڕاست بەرەو لای ئاگرەکە ملم نا سەربازەکان چەند هاواریان کرد مەیە پێشەوە دەتکوژین، سوودی نەبوو، بەرەو پیرە ئاگر کوتام، ئێمە خێڵێکین وەک پەپوولە واین لە کوێ ئاگر ببینین بۆی دەچین، با سەتجار هەڵقرچابێتین، مەودایەکم مابوو بگەمە ئاگرەکە گیزەی گوللەیەک بەنێو سەرما هات، کاسی کردم، بەرچاوم تاریک بوو، بە دەما کەوتم، تەرازووەکە لە دەستم کەوتە خوارەوە و بەرەو ئاگرەکە باڵی گرتەوە، خەوێکی خۆشم لێکەوت و هەڵنەسامەوە، دوای ئەوە ئیتر نەمزانی چی روویدا؟!

خورماتوو/ ٢٠١٢

# چیرۆکنووس و وەرگێڕ (فاروق هۆمەر):
## لەسەرەتادا نواندنم تاقیکردەوە و هەر زوو بۆم روون بووەوە کە بۆم ناکرێت لەوێدا هیچ گۆڕانکارییەک دروستبکەم



سازدانی: داستان بەرزان

**ئەگەرچی رۆژانێک لە بواری شانۆدا کاری کردووە و چەند ئەزموونێکی لە بوارەکانی نواندن و دەرهێنان و نووسینی شانۆنامەدا تاقیکردووەتەوە، بەڵام پاشتر لە بواری چیرۆکنووسین و وەرگێڕاندا خۆی دەدۆزێتەوە و لە پاش راپەڕینەوە چەندین بەرهەمی لەو دوو بوارەدا نووسیوە و وەرگێڕاوە، (فاروق هۆمەر)ی چیرۆکنووس و وەرگێڕ خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکێکی چاپکراوە بە ناوی (سەرگەردانییەکانی پیاوێک) و چەندین تێکستی شانۆیشی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لەم ماوەیەی رابردووشدا کۆمەڵەچیرۆکێکی تری بە ناوی (نیگایەک پڕ لە گرفتاری) لەلایەن یانەی قەڵەمەوە چاپ و بڵاوکرایەوە، ئێمەش پێمان باش بوو لەم دەرفەتەدا زیاتر دەربارەی ژیانی خۆی و بواری وەرگێڕان بیهێنینە گۆ و لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بۆچوون و سەرنجی وەربگرین.**

**تۆ لە سەرەتادا لە شانۆوە دەست پێ دەکەیت، دواتر چیرۆک دەنووسیت، لە هەمان کاتدا وەرگێڕانیش دەکەیت، لەم سێ بوارەدا کامیان ویستی راستەقینەی تۆ بووە؟**

بەبڕوای من ئەو بوارانەی جەنابت باسیان لێوە دەکەیت، هەرسێکیان؛ سێ کانیاون لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێن و بۆ ماوەیەک دوور لە یەک ڕێدەکەن و دواجار تێکەڵ بەیەک دەبنەوە. تۆ بۆ ئەوەی نووسەرێکی باش بیت، گومانی تیا نییە دەبێت خوێنەرێکی باش بیت. کەسێکی ئاگادار بیت لەو ئەزموونە رۆشبیرییەی کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی ژیان لەسەر گۆی زەمین بەرهەمی هێناوە. بۆ مرۆییەکی کورد کە لەنێو ئەو زەمینە هەژارەی ئێمەی تیا دەژین لەدایک دەبێت، کلتوور و مێژوویەکی هێند لاواز و کەمدەرامەتمان هەیە کە هێندەی لە خنکانەوە نزیکە هێندە لە ژیانەوە نزیک نییە؛ ناچار دەبیت روو لە زمانێکی دی بکەیت و هەوڵبدەیت پەنا بۆ کلتوورێکی دی بەریت بۆ خۆڕۆشنبیرکردن. بەبڕوای من ئەگەر بێت و بۆ تاوێک وەرگێڕان لەو نێوانەدا هەڵبگریت، خۆت لەنێو قاتوقڕی و وشکانییەکی گەورەدا دەبینیتەوە، بەتایبەتی بۆ زمانێکی وەک زمانی کوردی کە لەدێرزەمانەوە دەست خراوەتە بینە قاقای، تاوەکو ئاسان و لەبار نەبێت بۆی بەسەر دونیادا بکرێتەوە و پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت. بۆ زمانێک هێندەی دوژمن و نەیارانی، لەلایەن خودی خۆیەوە لەمپەر و ئاستەنگ تەنگی پێهەڵچنیوە. پێمخۆشە بەرلەوەی وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارە بدەمەوە کەمێک بچمەوە دواوە و ئاوڕێک لە منداڵی خۆم بدەمەوە و لە خۆم بدوێم.

ناوەڕاستی هەفتاکان ئەو ساڵانە بوون کە من منداڵیم تیا گوزەراند و هەشتاکانیش سەردەمی هەرزەکاری و خودناسینی من بوون. ئەو دوو دەیەش بۆ خۆت دەزانی سەردەمانێکی پڕ لە کارەسات و رووداوی جوراوجۆر بوون. هەموو ئەوانەشی کە لە دەوروپشتم روویان دەدا، بۆ خۆیان جۆرێک بوون لە رووداوی شانۆیی یان دەکرێت بگوترێت بۆ من وەک چیرۆکێک وابوون. بۆ نموونە تەمەنم پێنج ساڵان دەبوو یان نەدەبوو، رۆژێک باوکم بۆ گەڕان و سەرگەرمی، بردمی بۆ کارێزی (وەستا شەریف) و لەوێوە بە دیوی گردی سەیواندا گەڕاینەوە. گریانی باوکم لەسەر گۆڕێک کە من نەمدەزانی کێیە. لەپڕ قڵیشانەوە و بوون بەشەڕە تەقە و راکردنمان بە کون و کەلەبەر و کوچە و کوڵانە تاریک و باریک و تەنگەبەرەکانی سەرکارێز و سابوونکەراندا تا خۆمان لە مەرگ قوتار بکەین و بەسەلامەتی بگەینەوەماڵێ. کوژرانی ئەو خەڵکانە و بینینی دیمەنی لاشەی خوێناویی و دەموچاوی زەردهەڵگەڕاو و بیستن و هاتنە گوێی

ئەو وشانەی کە بە کورتی و بەدزییەوە پیاندەگوتیت؛ ئەوە شیوعی بوو، ئەوە پارتی بوو، لە ئەندێشە و مێشکی منداڵێکی چوار پێنج ساڵاندا هێواش هێواش کاریگەریی و نەخشی خۆیان جێدەهێڵا. بە حوکمی پیشەکەی باوکم کە لە بواری تەندروستییدا کاری دەکرد، زۆربەی ژیانی منداڵیم لە لادێدا گوزەراند. ئەدگاری شاخ و پەیکەری شادرەختی گەورە و کۆن و پیر و خورەی کانی و دیمەنی گۆڕستان و بینینی ناشتنی مردوو و ئەو دەمانەش کە بەفر گوندی دادەپۆشی و هاتوچۆی رادەگرت، دیمەنی شەڕە سەگ و دەرچوون و گەڕانەوەی شوان بەخۆی و مێگەلەکەیەوە. دیارنەمانی خوشکێکم و دواجار ناسینی مەرگ کە چۆن کەسە ئازیزەکانت لێڕادەفڕێنێت، دونیای منداڵی منیان لێوڕێژ کرد بە دیمەن و رووداوی جوراوجۆر. هێشتا هەر منداڵبووم کە مامم بە رەوە ئەسپێکەوە هاتە گوند و کەلوپەلەکانی ماڵەکەمانی لە ئەسپەکان بار کرد و گەڕاینەوە بۆ شار، دواجار زانیم کە ئەوە پاشی ئاشبەتاڵ و گەڕانەوەی خەڵک بووە بۆ شارەکان.

رۆژگاری پەیدابوونی کۆمەڵە و بەهێزبوونی حیزبی بەعس و هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران و هەڵگیرسانی لافاوی خوێن و کوژرانی بە کۆمەڵی خەڵک. هەموو ئەو رووداوانە بوونە هۆی لەباربردنی دونیای منداڵی و پاشان شێوانی جیهانی هەرزەکاریی من و ئەو نەوەیەش کە لەو رۆژگارەدا لەپاڵ یەکەوە گەورە دەبووین، بەڵام گەلێک پرسیاری جۆراوجۆر دەربارەی بوون و نەبوون، کات و شوێن، شۆڕش و ئازادی لەلام دەرسکان و لەرێی خوێندنەوەوە بە دونیا ئاشنا دەبووم. یاخود خوێندنەوە ئەو دەروازەیە بوو کە لەو دۆزەخەدا بەهانامەوە هات. دڵنیابووم لەوەی کە ئیدی دەروازەیەک نییە بۆ هەڵاتن و دەربازبوون لەو دۆزەخە، خوێندنەوە و خۆکوشتن دوانەیەک بوون لە هەناوی من و گەلێک لە گەنجانی ئەو رۆژگارەدا پێکەوە دەژیان و گەورە دەبوون. دەمەوێت بەڕاشکاویی پێت بڵێم بێجگە لە چەند کتێبێک کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەستمان زیاتر نەبوون، کتێب بە کوردی نەبوون، بۆ ئەوەی بۆت بکرێت لەو دونیا و رۆژگارە تێبگەیت کە جیهانی پیاتێدەپەڕێت، ناچار بوویت خۆت فێری زمانێکی دی بکەیت. بۆ من زمانی عەرەبی ئەو دەروازەیە بوو کە لەو دۆزەخەدا دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی. زۆربەی کاتەکانی خۆم لە کتێبخانەی گشتی و لە کتێبخانەی ئەوقاف بەسەر دەبرد.

ناسینی دوو کەس لەو رۆژگارە ناسکەدا بۆ من بوونە دەروازەیەکی گرنگ، ئەوانیش هەردوو هونەرمەند (هۆرێن غەریب و دانا رەئوف)بوون. ئەو دوو زاتە لەو دەمەدا دەرگای کتێبخانەکانیان بۆ خستبوومە سەر گازی پشت. لەو

ڕێیەوە ئاشنا بووم بە ئەدەبی جیهانی و لەماوەیەکی کورتدا سەرجەم تێکستی شانۆی بێگانەم کە تا ئەو کاتە بە زمانی عەرەبی بڵاوببوونەوە، خوێندنەوە. سەدان کورتە چیرۆک و ڕۆمانی ناوازەم خوێندەوە. ناسینی (فرۆید و مارکس و نیتشە) و دواجار (کامۆ و سارتەر و بیکێت و ژان ژنییە) دونیای منیان گۆڕی. کەواتە دەکرێت بڵێم، بۆ من شانۆ و چیرۆک و وەرگێڕان پێکەوە لەدایک بوون و هەرگیز هەستم نەکردووە کە جوداوازییەک لەو نێوانەدا هەبووبێت. لەسەرەتادا نواندنم تاقیکردەوە و هەر زوو بۆم ڕوونبووەوە کە بۆم ناکرێت لەوێدا هیچ گۆڕانکارییەک جێبهێڵم، هەندێک کاری دەرهێنانم ئەنجام داو لەوێشدا هەستم بەئارامی نەکرد و بۆم نەکرا دەست و پەنجەی خۆمی لەگەڵدا نەرم بکەم. چەند دەقێکی شانۆیم نووسی و هەر زوو هەموویم دڕان، بەڵام لە خاڵێکدا هەستم بە سەبووری و هەدادانێکی گەورە کرد، ئەویش ناسین و شارەزابوون و تێگەیشتنم بوو لە قوڵاییەکانی دەقی شانۆیی. لێرەدا ئەزموونی (شەکسپیر و ئەپسن و چیخەف)، ئەو سێ ئەزموونە قووڵ و گرنگە بوون کە فریام کەوتن و لێیانەوە گەیشتمە ئەو هەقیقەتەی کە ئەو زانیارییانەی دەربارەی تێکست، بەتایبەتی تێکستی شانۆیی؛ لە ناوەندی شانۆیی ئێمەدا بڵاون پڕن لە هەڵە و پەڵە و ئاستێکی زۆر سادەیان هەیە و هەر زوو خۆم لێ بەدوور گرتن. بەو پاشخانە شانۆییەوە گەلێک چیرۆکم نووسین و ئێستاش بەردەوامم لە هەوڵدانی نووسین، بەڵام ئیستاشی پێوە بێت ترسێکی زۆر گەورەم لە بەرامبەر نووسین هەیە. ئەو ترسەش لەدوای خوێندنەوەی کارەکانی (بیکێت و هارۆڵد پنتەر) گەورەتر و گەورەتر دەبوو. ئەگەر جارجارەش کاری وەرگێڕانم کردبێت تەنیا بۆ ڕەوینەوەی ئەو ترسە بووە کە لە بەرامبەر نووسیندا هەمبووە، بەڵام وەرگێڕان لەلای من هیچی لە نووسین کەمتر نییە و چۆن لە بەرامبەر نووسیندا هەستم بە بەرپرسیاری کردووە، ئاواش لە وەرگێڕاندا هەستم پێکردووە و نووسین و وەرگێڕان دوو پرۆسەن لەناو یەکتریدا دەخوڵقێن و گەورە دەبن.

**وەرگێڕانەکانی ئێمە بەگشتی لە زمانی دووەم و سێیەم بگرە زیاتریشەوە ئەنجامدەدرێت، ئایا ئەمە زیان بە تێکستی وەرگێڕدراو ناگەیێنێت؟ وەرگێڕان لای ئێمە پسپۆڕیی، یاخود تەنیا وەک کارێکی سەرپێی سەیر دەکرێت؟**

ئێمە وەک چۆن لە گەلێک بواردا کۆڵ و وێرانین، لە بواری وەرگێڕانیشدا حاڵمان گەلێک وێرانە. بەشێکی ئەو وێرانییەش دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنمان لە پرۆسەی وەرگێڕان. وەرگێڕان تەنیا خۆی لە گۆڕینی کۆمەڵێک دەقدا نابینێتەوە بۆ

سەر زمانێک. بەڵکو پەیوەندییەکی گرنگە کە لەڕێگەی نێوانێکی هیومانییەوە دوو زمان، دوو کلتوور پێکەوە گرێدەداتەوە. کار لەسەر لێکچوون و جیاوازییەکانی ئەو دوو کلتوورە دەکات. تۆ بڕوانە نێوانی زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی، ئینگلیزی و فەڕەنسی... هتد. ئەوەی لەو نێوانەدا کار دەکات پرۆسەی وەرگێڕانە. ئەوە پرۆسەی وەرگێڕانە کە هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانە دەدات کە لەسەر ئاستی تێگەیشتن و قبووڵکردنی یەکتری دامـــەزراوە، پرۆسەیەکی بەردەوامە لە تێگەیشتن و نزیکخستنەوە و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکاندا چرکە بە چرکە کاری خۆی دەکات. تۆ کاتێک بۆ نموونە ئەزموونی شیعری (بۆدلێر) لە فەڕەنسییەوە وەردەگێڕیتە سەر زمانی کوردی، بێ لەوەی ئەزموونێکی تاکانەیی شاعیرێک بۆ سەر زمانی خۆت دەهێنیت، کار لەسەر بەجیهانیکردنی ئەو ئەزموونەش دەکەیت. ئیدی لێرەوە تۆش وەک تاکێکی کورد و زمانی کوردیش وەک زمانێکی جیهانی دەبێتە بەشێک لەو ئەزموونە جیهانییە. واتــە (بۆدلێر) چـۆن لای فەڕەنسییەک بوونی هەیە لای کوردێکیش بوونی هەیە. ئەوجا با قووڵتر بۆ هەموو بوارە رۆشنبیرییەکانی دی پەلبهاوین و بزانین ئێمە لەو پەیوەندییە جیهانییەدا تا کوێ هاتووین و لە کوێداین. لای ئێمە وەرگێڕان بەو مانا قووڵە بوونی نییە.

**سوپایەکمان لە وەرگێڕ هەن، کە رۆژی کتێبێک وەردەگێڕن، لە فەلسەفە، لە سایکۆلۆژی، لە شیعر، لە سیاسەت. ئەمانە هەر خودا بۆ خۆی دەزانێت کە چ تاوانێکیان بەرامبەر بە زمانی کوردی ئەنجامداوە**

نەک هەر لەسەر ئاستێکی جیهانی، بەڵکو لەسەر ئاستێکی لۆکاڵیش، وەرگێڕان رایەڵێکی ئەوتۆی دروست نەکردوە بۆ لێکنزیکخستنەوەی کورد و عەرەب یان کورد و فارس. من دەڵێم پرۆسەی وەرگێڕان بەو مانا قووڵەی هەیەتی، بەو ئەرکەی کە لەسەر شانی گرتووە هێشتا لای ئێمە لەدایک نەبووە و لەژێر ئەم دەسەڵاتەدا کە هەڵگری هیچ خەمێکی رۆشنبیری و ئینسانی نییە؛ لە دایک نابێت. ئەوەی کە لێرەو و لەوێ بەهەوڵی تاکە کەسی دەکرێت تەنیا خولیا و ویستی چەند کەسانێکی عاشقن یاخود نەخۆشن و هیچی دی؛ پێت سەیر نەبێت ئەو دوو وشەیە لەپاڵ یەکدیدا بەکاردەهێنم. ئاخر عاشق کارێک ئەنجامدەدات کە تەنیا ئامانجی رازیکردنی مەعشوقەکەیەتی، نەخۆشیش بۆ خۆی نازانێت چی دەکات و بەرپرسیار نییە لە جووڵە و کاری خۆی. ئەو جووڵەیەی وەرگێڕانیش کە لای ئێمە هەیە عاشق و نەخۆش پێکەوە دەیبەن بەرێوە. هەڵبەت ئەگەر بۆ خۆشت بڕوانیتە ئەو هەزاران کتێبەی کە لێرە و لەوێ ناوی وەرگێڕانیان لێنراوە و رۆژانە بە شەپۆل بڵاودەبنەوە، بەدڵنیاییەوە ئەو دوو کارەکتەرە زۆر زوو دەناسیتەوە. هەندێک وەرگێڕی عاشقمان هەن ئەگەر چی ژمارەیان کەمە، بەڵام بەکارەکانیان زمانی کوردیان جوانتر کردووە، من لێرەدا ناتوانم بەرامبەر کارەکانی (خەبات عارف و دلاوەر قەرەدایی و دانا رەئوف) بێدەنگ بم. لەو لاشەوە سوپایەکمان لە وەرگێڕ هەن، کە رۆژی کتێبێک وەردەگێڕن، لە فەلسەفە، لە سایکۆلۆژی، لە شیعر، لە سیاسەت. ئەمانە هەر خودا بۆ خۆی دەزانێت کە چ تاوانێکیان بەرامبەر بە زمانی کوردی ئەنجامداوە. من سەدان کتێبم لەوانە بینیوە، بۆم نەکراوە چوار لاپەرەیان لێ تەواو بکەم. ئاخر کاتێک من لەسەر ئەم لێشاوە قسە دەکەم، دیاردەیەکە کە پارەی بۆ سەرف دەکرێت، سەلیقەی خوێنەری کوردی پێ دەشێوێنرێت، دەزگا و حیزب هەن دەکێشن بەباڵیاندا و فوویان تێدەکەن، داهاتووی کلتوور و رۆشنبیریشمان تاریک و وێران دەکەن. بڕوابکە من بەرهەمی وەرگێڕێکی زۆر ناودارم خوێندووەتەوە کە سەدان کتێبی تەرجومە کردووە، چونکە وەرگێڕان بۆ ئەو نەبووەتە خەم و خولیایەک و لای بووەتە کاسپی، سەدان هەڵەی گەورەی ئەنجامداوە و کاتێکیش دەتەوێت لەسەری بوەستی و رەخنەی ئاراستە بکەیت؛ پێت دەڵێت تۆ چاوت بە داهێنانی مندا هەڵنایەت.

من زۆر بەدڵنیاییەوە پێتی دەڵێم کە ئێمە هێشتا پرۆسەیەکمان نییە بەناوی وەرگێڕانەوە، دەکرێت بگوترێت هێشتا بیرکردنەوەیەکیشمان نییە بۆ دامەزراندنی پرۆسەیەکی لەو جۆرە. تا کاریش بۆ دامەزراندنی پرۆسەیەکی لەو جۆرەش

نەکرێت وەرگێڕان لەو بوارە تەسکەی خۆیدا دەمێنێتەوە و بەناوی وەرگێڕانەوە دەیان کاری خراپ خۆی قووت دەکاتەوە. دامەزراندنی ئەو پرۆسەیەش پێویستی بە کەسانی کارامە و زماناناس و زمانزان هەیە. پێویستیت بە کەسانی ئەکادیمی هەیە، پێویستیت بەبەرنامەڕێژی هەیە، چی وەربگێڕین و لە کوێوە دەست پێ بکەین. کێ وەربگێڕێت و کێ ئەرکی پیاچوونەوە و خۆبەخاوەزانینی هەڵبگرێت. بەر لە هەموو شتێکیش دەبێت خەمێکی نەتەوەیی گەورەت هەبێت و ئەو خەمەش لای دەسەڵاتدارانی کورد هێشتا لەدایک نەبووە، دەربارەی ئەوەش لە زمانی دووەم و سێیەمەوە وەرگێڕان بکرێت یان نەکرێت، من دژی ئەو کارە نیم و پێم وایە کردنی لە نەکردنی باشتر بێت، بەڵام خۆ دەبێت بەرنامە و پەیڕەوێکیشت بۆ ئەو کارە هەبێت. تۆ بڕوانە کتێبخانەی عەرەبی و فارسی، دەبینیت لە هەموو بوارەکانی روشنبیریدا چ لەبواری ئەدەب، فەلسەفە، سایکۆلۆژی و مۆسیقا و شێوەکاری... هتد ئەوان زۆر زوو بەفریای خۆیان کەوتن و تارادەیەکی باش خەرمانەی کلتووری دونیان هێنایە سەر زمانەکانی خۆیان. تۆ دەتوانی بۆ نموونە سەرجەم کارەکانی (فرۆید، نیتشە) بە عەرەبی و فارسی بخوێنیتەوە. لێرەو لەوێ دەیان دەزگا و خانەی وەرگێڕان دروست بوون کە هیچ پلانێکیان بۆ کارەکانیان نییە و بێبەرنامە کتێب وەردەگێڕن، بۆ خۆیان زیانێکی گەورەیان بە پرۆسەی وەرگێڕان گەیاندووە. تەنیا ئەزموونێکیش لێرەدا من دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، وەرگێڕانی ئەو زنجیرەیەی شانۆی بێگانە بوو کە (دانا رەئوف) بەڕێوەی دەبرد، کە جۆرێک لەبەرنامەڕێژیی بەخۆوە گرتبوو. وەرگێڕەکانیش لەڕێی توانا و لێوەشاوەیی رۆشنبیریی (دانا رەئوف)ەوە کاری نایابیان وەرگێڕا. ئەگەرچی کارەکان کەم بوون لە ئاست خەرمانی شانۆیی جیهانیدا، بەڵام وەک هەنگاوی یەکەم بە یەکەم ئەزموونی بەرنامەدار دادەنرێت. دەکرێت پەنا بۆ کارێکی وا ببرێت. با هەر هیچ نەبێت لەوەدا لاسایی عەرەبەکان بکەینەوە، بۆ نموونە دەزگایەک بەرنامەڕێژیی بۆ زنجیرەیەکی سایکۆلۆژی یان فەلسەفی دابرێژێت و تەنیا لەو بوارەدا وەرگێڕانی خۆی پەرە پێ بدات و پەل بۆ بەرهەمی دی نەهاوێژێت.

**بە بۆچوونی ئێوە کەسی وەرگێڕ بۆ ئەوەی راستگۆیانە تێکست بگەیەنێتە خوێنەر، دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕاندا بکات؟**

من پێموایە ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکات زۆر گرنگە کە کەسێکی رۆشنبیر و پاشخانێکی هوشیاری قووڵی هەبێت. مەرج نییە تەنیا بە زانینی زمان

> **ناسینی تواناکانی خۆت یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە دەبێت وەرگێڕ هەمیشە لەپێش چاوی خۆی دایبنێت. ئەمە بووەتە یەکێک لەو دەردە کوشندانەی کە زۆر وەرگێڕی کورد پێوەی دەناڵێنێت**

بتوانیت ببیتە وەرگێڕ. ئاخر وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی تێکستێک نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی. من چەند کەسانم دیوە کە دەیان ساڵ بووە لە ئەمریکا ژیاون و هەڵگری بڕوانامەی بەرزیش بوون و ئینگلیزییەکی باشیشیان زانیوە، کەچی بۆیان نەکراوە تاکە بەرهەمێک بگوازنەوە بۆ سەر زمانی کوردی. هەر دەقێک دەگری بۆ خۆی هەڵگری دەیان مانا و جوانی و دیوی شاراوە و چڕوپڕی ئاماژەیە، لێرەدا ئەگەر تێکستناس نەبیت و بۆت نەکرێت ئەو ئاماژە و نهێنیانە بدۆزیتەوە کە لەو دەقەدا هەن، هەرگیز بۆت ناکرێت بێ لە رووکارە سادەکانی ئەو دەقە هیچ قووڵاییەک دەرک پێ بکەیت. زۆر تێکست وەرگێڕاون و لەدوای خۆیانەوە کارەسات و مەهەزەلەیەکی گەورەیان جێهیشتووە. زۆر کتێب هەن کراونەتە کوردی و لەگەڵ بڵاوبوونەوەیاندا مەرگی خۆیان راگەیاندووە. وەرگێڕ زۆر گرنگە ئاستی خۆی بناسێت و بزانێت لە چ بوارێکدا بەرهەم وەردەگێڕێت. من پێم وانییە ئەگەر کەسێک توانی بەرهەمێک لە بوارێکدا وەربگێڕێت ئیدی بتوانێت لە هەموو بوارەکانی دیدا بە هەمان توانا و ئاستەوە وەرگێڕان ئەنجام بدات. ناسینی تواناکانی خۆت یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە دەبێت وەرگێڕ هەمیشە لەپێش چاوی خۆی دابنێت. ئەمە بووەتە یەکێک لەو دەردە کوشندانەی کە زۆر

وەرگێڕی کورد پێوەی دەناڵێنێت. شانۆکارێک بۆ ئەوەی ئاستێکی قووڵ و ناسکی نواندن بگەیەنێتە بینەر دەبێت توانای ناسینی جەستە و ئاستەکانی نواندنی خۆی هەبێت، لەهەمان کاتدا ئاگاییەکی قووڵی دەربارەی ناسینی ئەو بینەرەی هەبێت کە لە بەرامبەریدا وەستاوە و تەماشای دەکات. تۆ وەک وەرگێڕێک تەنیا کارت گواستنەوەی دەقێک نییە، ئەوەندەی لە ڕێی ئەو دەقەوە دەتەوێت چی بڵێیت، چۆن توانای جوانناسی زمانی خۆت نیشان بدەیت. ئێمە وەرگێڕی باشمان لە بواری ئەدەبدا هەیە، بەڵام لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەدا ئەو توانایە بە کۆڵەواریی ماوەتەوە.

**لە وەرگێڕاندا جارێک وەک خوێنەر و جارێکیش وەک وەرگێڕ بەر تێکست دەکەویت، تاچەند هەوڵت داوە ئەو تێکستانەی وەرگێڕانیان بۆ دەکەیت لە دونیای خۆتەوە نزیک بن؟**

من ئەگەر لە خودی خۆم بدوێم و پەیوەندیم بە کاری وەرگێڕانەوە، ئەوا دەکرێت بڵێم ئەگەر دەقێک دەیان جار نەمخوێندبێتەوە ئەوا بەهیچ جۆرێک بۆم نەکراوە کاری تیا بکەم. دەق هەبووە لە دوو سەردەمی جیاوازدا کارم تیا کردووە. لە ڕۆژگارێکدا ئەو دەقەم خوێندووەتەوە و بەجێم هێشتووە و لە ناخمدا ماوەتەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورە و گەورەتر بووە. تەماشام کردووە بۆم ناکرێت بەجێی بهێڵم. لەکاتی چوونم بۆ کارکردن و لەدەرەوەی مێز و کورسیی نووسین بە گیری هێناوم. لەدەمی نووستن و زۆرجار لە گەرمەی خەوندا ئارامی لێهەڵگرتووم و بەئاگای هێناومەتەوە. بۆ نموونە من لە کوردستان زۆربەی دەقەکانی (هارۆلد پنتەر)م بە عەرەبی خوێندبووە، کاریگەریم بەو دەقانە هەر بەتەنیا بۆ ئەوە نەبووە کە بیانکەمە کوردی و ببنە کتێب و بەجێیان بهێڵم، بەڵکو ناسینی کەسێتی پنتەر و جیهانبینی و ڕوانینی پنتەر بۆ خۆیان یاریدەرێکی گەورەبوون بۆ نزیکبوونەوەم لەو هەنگاوەی کە بیانکەمە کوردی. دەقی (دیمەنێکی سرووشتی و ڕۆژگارە خاڵییەکان) بەرلەوەی هیچ کارێکیان تیا بکەم هەستم دەکرد من بۆ خۆم کارەکتەرێکم لەناویاندا. شانۆیی (ئەستێلکە مەزنەکە)، ئەو چەند و چوونەی کە لەنێوان کارەکتەری (چێرچ و دران)دا ڕوو دەدات بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم کەوتوومەتە نێو ئەو کەشوهەوایەوە کە دەمێک دەبمە دران و چێرچ بەرەو داڕووخان و خنکان دەبەم. دەمێک دەبمە چێرچ و ماندووبوونم لە دونیای شارستانی و قەڵەباڵخی شار بەرەو ئەو ئەستێلکەم دەبات و خۆم بەخنکاویی بەسەر شەپۆلەکانی ئەو ئاوە سارد و تەزیوەی بەیانیانەوە دەبینم.

مەبەستمە بڵێم کاتێک کارم لە وەرگێڕانی ئەو دەقانەدا کردووە هەر بەتەنیا وەرگێڕێک نەبووم، بەڵکو ئەو شارەزاییەی کە لە نواندن و دەرهێنان و بواری شانۆدا هەمبووە، بووەتە بەشێکی گەوهەری لە کارەکەمدا، وەک چیرۆکنووسێک ئاگاییم لە بواری زمان و چونێتی داڕشتنی کارەکتەر و یاریکردن بە کات و شوێن و فەنتازیا بوونەتە هاوکاریکم. بەر لە هەر شتێک چێژێکی تەواوم لە تێکستەکە وەرگرتووە و ئەو چێژە تا بە ئێستاشی دەگات کە کارم لەو دەقەکانەدا گەیشتووەتە کۆتایی، هەر ماوەتەوە و لە ناخ و گیانمدا هەناسە دەدەن. ئەو دەم لە (شام) بووم کە لە گۆشەی رۆژنامەیەکدا هەواڵی بڵاوبوونەوەی شانۆیی (مەرگ و پاکییزە)ی (دۆرفمەن)م بۆ یەکەمجار خوێندەوە، هیچ شتێکم دەربارەی نووسەرەکەی و دەقەکەش نەدەزانی، بەڵام لەڕێی ئەو ئەو نووسینە کەمەوە دەمزانی کە دەربارەی (جەللاد و قوربانی) دەدوێت. من بۆ خۆم قوربانی بووم و نوشووستییەکانی خۆم بەدەست ئەو رۆژگارەی وەک گەنجێک لەژێر دەسەڵاتی بەعس و دواجاریش ئەزموونم لەگەڵ حیزبەکانی خۆمان ئەو نزیکییە بوون کە بەو دەقەوە گیرۆدەی کردم. ساڵانێک تێپەڕین و کاتێک ئەو دەقەم لە ئەمریکا بەئیگلیزی بینی و هێنامەوە ماڵێ هێشتا نەمدەتوانی بەتەواوی ئیگلیزی بخوێنمەوە، وشە وشە لەڕێی قامووسەوە خوێندمەوە، بەڵام ئەو قۆناغەی کە دەکەوێتە نێوان خوێندنەوەی گۆشەکە و کڕینی کتێبەکە، بۆ من بۆ خۆی چیرۆکێکە. تا ئێستاشی پێوە بێت درۆ نییە ئەگەر بڵێم زیاد لە سەد جار ئەو تێکستەم خوێندووەتەوە و هێشتا تێر نەبووم لە خوێندنەوەی. کاتێکیش کە کتێبەکەم وەرگێڕا سەرجەم کارەکانی ئەو نووسەرەم خوێندەوە و بەهۆی نووسەرەکەشەوە شارەزاییەکی گەورەم دەربارەی ئەدەب و هونەر و تەنانەت کۆمەڵگا و شۆڕشی (شیللی) پەیدا کرد. دواجار شانۆیی (بێوەژنەکانی)ی هەمان نووسەریشم کردە کوردی. هەستم دەکرد ئەزموونی ئەو نووسەرە ئەزموونی خۆمە. ئێستاشی پێوە بێت هاوار و قیژەکانی ئەو بێوەژنە لەنێو ناخمدا دەنگدەداتەوە و بۆم ناکرێت خۆم لە هاوارەکانی بدزمەوە. کاتێکیش کە کارم لە (بێوەژنەکان)دا دەکرد من ئەو بێوەژنەم وەک هەر دایکێکی جەرگسووتاوی کورد دەبینی. هەستم نەکرد کە سەرقاڵی وەرگێڕانم، بەڵکو وامدەزانی بۆ خۆم دەقەکە دەنووسم. ئەگەر تۆ بێوەژنەکانت خوێندبێتەوە هەست ناکەیت (دۆرفمەن) پیاوێکە خەڵکی (شیللی)، بەڵکو وەک نووسەرێکی کوردی دەناسی و وادەزانی ئەو تێکستەی بۆ هەڵەبجە نووسیوە. دەکرێت بڵێم هەرچیم کردبێتە کوردی من بوومەتە بەشێکی جیانەکراوە لەو تێکستانە و ئەو تێکستانەش هێند لە رۆحمەوە نزیکبوون، کە وا هەست دەکەم

من بۆ خۆم نووسەرەکانیانم. دەکرێت لەدواجاردا بڵێم ئەگەر وەرگێڕ بۆ خۆی چێژ لەدەقێک وەرنەگرێت و لەگەڵیدا راستگۆ نەبێت، هەرگیز ناتوانێت ئەو چێژە بگەیەنێتە خوێنەر. لەپشتی هەر دەقێکی جوان و ناسکی وەرگێڕاویشەوە خەون و جوانی و هەناسەدانێکی قووڵ هەیە.

**پێت وایە رۆڵی دەزگا و دامەزراوەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە لە هێنانە ناوەوەی وەرگێڕانی خراپدا چییە و ئەوان چی بکەن تاکو هەر هیچ نەبێت کەمێک ئەم بوارە گرنگی خۆی وەربگرێت؟**

دەزگا و دامەزراوە رۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن، هەر زۆر گرنگ. خوێنەر دەزانێت کتێبی کام دەزگایە باشە و کام دەزگایە خراپ. تۆ بەرلەوەی مامەڵە لەگەڵ نووسەر و کتێبدا بکەیت، لەگەڵ دەزگایەکدا دەیکەیت. بۆ نموونە تۆ تەماشای دەزگایەکی وەک (پەنگوین) بکە کە لە ساڵانی سییەکانەوە چ خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگای ئینگلیزی کردووە. ئەو کتێبانەی کە گرووپی (پەنگوین)، یان (فابەر)، لە زمانی ئینگلیزیدا چاپی کردوون و خستوونییەتە بەردەمی خوێنەری ئینگلیزی، جێگای ترس نین. ئەگەرچی بازرگانی بۆ خۆی بەشیکی گرنگی هەر دەزگایەکە، بەڵام خۆ هەر هەموو شتێک نییە. تۆ دەبێت خەمی کلتووری و رۆشنبیری خەمی گەورەت بن. لای ئێمە هێشتا دەزگا و دامەزراوەکان تازەن و ئەو ئەزموونە فراوانەیان نییە کە هەست بە قووڵی و مانای کارەکانیان بکەن. هیچیشیان دەزگای ئازاد نین کە بەتەنگ خەمی رۆشنبیرییەوە بن، بەتایبەتی لە حاڵی ئێستایاندا. دەبوو بۆ ئێمەی کورد کە چەندین سەدە ئەزموونی چەوسانەوەمان بینیوە، ئەم چەندین ساڵەی حوکمرانی کورد قەرەبووکردنەوە بوایە بۆ مێژوویەکی بێبەشی کورد لە خوێندەواری. من وامدەزانی کە کورد بۆ خۆی حوکمی خۆی بکات رۆشنبیری و خوێندەواری دەبێتەوە کۆڵەکەیەکی گرنگ، بەڵام من لەوەدا بە هەڵەدا چووبووم. لەدوای راپەڕین من خێزانە هەژار و برسییەکەی خۆم جێهێشت و چووم لە گوندەکان بووم بە مامۆستای خۆبەخش. گونداوگوند دەگەڕام و خەمم فێرکردنی ئەو منداڵە گوندییە هەژارانە بوو کە فێری خوێندەواری ببن. لەکاتێکدا کە دەکرا نەهێڵین گوندێک بێ مامۆستا و بێ قوتابخانە بێت. من پێموایە لێرەدا رۆشنبیرانی کورد بەر لە پیاوە سیاسییەکان لەو لێپرسینەوەیەدا گوناهبار بن. زۆر بەسادەیی دەکرا ئەو ئیمکانییەتە مادییەی کە کەوتە بەردەستییان کاری گەورەی پێ بکرایە، بەڵام نەکرا. من بۆ خۆم بڕوام بە هیچ دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی کوردی نییە، ئەوەندە نەبێت کە دەزانم کاری

کام نووسەر دەخوێنمەوە. سەدان کتێب چاپکرا کە شایەنی خوێندنەوە نین. ئەو کەشوهەوا رۆشبیرییەی کە لای ئێمە هەیە کەشوهەوایەکی تەندروست نییە. تۆ بۆ خۆت قوتابی شانۆیت و لە پەیمانگەیەکی هونەری دەخوێنیت، دەکرێت پێم بڵێیت تا ئێستا چەند کتێبی کوردی دەربارەی ئامادەکردنی ئەکتەرت بە زمانی کوردی لەبەردەستدایە؟ چ دڵێکت بە پەیمانگایەک خۆش بێت کە سەرجەم کارەکانی (شەکسپیر و مۆلێر و ئەپسنی) بە کوردی تیا نەبێت؟ ساڵانە دەیان پزیشک لە کۆلیژەکان دێنە دەرێ، بەبێ ئەوەی دەیان کتێبی پزیشکییان وەک سەرچاوە بە زمانی کوردی لەبەردەستدا بێت. ئەمە کارەساتێکی گەورەیە. کتێبخانەی کوردی هەژارترین کتێبخانەی دونیایە. ئاخر هەر کتێبخانەی وڵاتێک دەگری سەرجەم ئەدەبی جیهانی تیا ئامادەیە. باسی چی لە وەرگێڕان بکەین کە رێزی کتێب و کتێبخانە و خوێندنەوە وەک نان و ئاوی لێ نەهاتبێت لای خەڵکانی ئەو وڵاتە.

رۆشنبیری کوردی ئێمە هێشتا ناتوانێت بە زمانێکی کوردی پاراو و پەتی بدوێت، کاتێکیش سیاسییەکان دەدوێن ئەوا شەرم لە کوردبوونی خۆت دەکەیت؛ لەکاتێکدا سەدان رۆژنامە و گۆڤار و تیڤی رۆژانە لەو وڵاتەی تۆدا کار دەکەن. ئەمە بۆ خۆی پرسیارێکی گەورەیە و هەمووشمان گوێی خۆمان لێ کپ کردووە.

# وەرگێڕان

## وەرگێڕان

هەڤپەیڤین لەگەڵ محەمەد ئۆزۆن — **کارزان محەمەد**
وتوویژی سیروسی عەلینژاد لەگەڵ نەجەفی دەریابەندەریدا — **فەرهاد بەهەشتی**
شەڕ و ئاشتی — **جەبار سابیر**
پاسەکەی درەنگانی شەو — **تۆفیق عەبدول**
خەو و بێداریی — **جەواد حەیدەری**

# خەڵکی هەمان هەسارەم

## هەڤپەیڤین لەگەڵ محەمەد ئۆزۆن



وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

**محەمەد ئۆزۆن نووسەر و رۆماننووسی کورد، لە ساڵی (١٩٥٣) لە سیوەرەکی کوردستانی باکوور لەدایک بووە، ئەگەرچی زمانی کوردی لەماوەی ساڵانی (١٩٢٠- ١٩٩٠) لە تورکیا قەدەغە بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە زمانی دایک دەستی بە نووسین کرد.**

**ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٧) لەبەر ستەمی تورک، وڵاتەکەی جێهێشت و لە سوید بووە پەنابەر، رۆڵێکی بەرچاوی لە فۆرمەلەبوونی زمانی مۆدێرنی ئەدەبی کوردی زاراوەی کرمانجی باکووردا بینی.**

**ئۆزۆن، نووسەری یەکەمین رۆمانی هاوچەرخە بە زمانی کوردی لە کوردستانی باکوور، کە لەژێر ناوی (تۆ) لە ساڵی (١٩٨٥) بڵاوی کردەوە. نووسەری یەکەمین ئەنتۆلۆجیای ئەدەبی کوردیشە. دواجار لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بەنەخۆشی شێرپەنجە لە سوید کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسییەتی خۆی هێنرایەوە بۆ زێدی باوباپیرانی لە کوردستانی باکوور.**

***

**محەمەد ئۆزۆن! پرسیارێکی ساکار و مەحاڵ، هەمان دەستپێکە هەمیشەییەکە، تۆ کێیت؟**

کوردم، تورکیایم، سویدیم، لە ئەسکەندەناڤیا هەناسە هەڵدەکێشم، خەڵکی هەمان هەسارەم. لە نێوان هەردوو رووباری پیرۆزی دیجلە و فوراتدا هاوڵاتییەکی دیاری نامۆم. هەم خەڵکی خاکە گەرمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستم و هەم کۆچبەرێکی جیهان. بە سێ زمانی جیاواز دەنووسم و بە چەندین زمان دەخوێنمەوە، بەڵام رۆمانەکانم بە زمانی کوردی دەخەمە سەرکاغەز. وتارە کورتەکانم بە زمانی تورکی و سویدی دەنووسم.

**لەنێوان یەکەمین رۆمانتدا کە بەناوی (تۆ) بڵاوکرایەوە و ئەم خاڵەی ئێستا تیایدا دەژیت، مەوداکەی چەندە؟**

یەکەمین رۆمانم لە ساڵی (١٩٨٥) بڵاوکرایەوە. لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا نزیکەی (٢٠) پەڕتووکم نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە. لە بوارە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکاندا کارم کردووە، لە رۆمانەوە بگرە تا شەتح و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی. هەموو رۆژێ بێوچان هەوڵ دەدەم لاپەڕەیەکی نوێ بخوڵقێنم، دوور لە نائومێدی، دوور لە هەستی ماندوویێتی و دوور لە تەواوی ئەو شتانەی کە بە بیرمان بێتەوە، ئەوا پیرمان دەکات. هەنووکە بنۆڕمە رابردوو، دەبینم کۆمەڵە خاڵێکی لاواز هەیە کەم کەم هەوڵمداوە لەناویانببەم. کاتێک حەزم لە کاری نووسین کرد، شتێکی زۆرم لەبارەی زمان، فۆرم، تەکنیک و فەنتازیا نەدەزانی، لەیادم ناچێت کە نزیکەی سەد ساڵە، زمانی ئێمە بە کاڵایەکی قەدەغەکراو هەژمار کراوە. ئەم قەدەغەیەش مەترسیدارە، کاری ئێمە رووبەڕووی کێشەیەکی مەزن کردووەتەوە. دەزانی نووسەرایەتی لە مەیدانێکی ئەدەبیات کە (ئەوانیتر) ئامادەگییان تیادا نییە، کارێکی سادە نییە. نیشانەیەک بۆ ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی لە تورکیا بوونی نییە و ژمارەی سەرجەم بەرهەمە کوردییە بڵاوکراوەکان ناگاتە (١٠) دانە، لەمەش تاڵتر خەڵک باوەڕیان وەها بوو کە کورد ژمارەیەکی کەم خوێنەری هەیە، ئەمەش زۆر منی ئازار دەدا. نە گۆڤارێک، نە پەڕتووکێک، نە فەرهەنگێکی زمانەوانی، شتێ بوونی نییە. سەرەڕای سەرجەم ئەم ئازارانەش، حکومەتی تورکیا لە هیچ هەوڵێک بۆ ناچارکردنی کوردەکان لەپێناو فەرامۆشکردنی زمانی دایکیان ناسڵەمێتەوە. شیاوی باسە لە هەلومەرجێکی لەوشێوەیەدا، دەستبردن بۆ بەدیهێنانی رۆمانێکی کوردی کارێکی سادە نەبووە. بەهەڵەدا مەچۆ، نامەوێت پێناسی خۆم بکەم، نامەوێت کارەکەم بەگەورە بخەمە پێشچاو، رەنگە تەنها لە

ئاستی باسکردنی بارودۆخەکە یاخود لە ئاستی گلەییدا بێت.

کوردبوون و بەکوردی لەدایکبوون کرۆکی مەسەلە و گرفتەکەیە، مەسەلەیەکی دژوارە و هەروەک کوردێکیش بژین مەسەلەیەکی دژوارترە. نووسەرێکی کورد بەدەر لە سەرجەم ئەو بیر و خەیاڵانەی پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی فۆرم و زمانی بەرهەمێکەوەیە، دەبێت لەبیری خوڵقاندنی خوێنەریشدا بێت. پێویستە بەدەر لە سەرجەم کێشە سیاسی- کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی، هەر شتێ بەرهەمی دەهێنێت بە جوانی و رازاوەیی کۆتایی پێبهێنێت. لەکاتێکدا نووسەرانی میللەتانی تر درێژەپێدەری ئەو پرۆسیسەن کە بەر لە ئەوان هەبووە.

نزا بکە خوداوەند هیچ بەندەیەک تووشی دەردی نووسەرایەتی لەناو کورداندا نەکات. من لە دەستپێکەوە، تاڵی و سوێرییەکی زۆرم بینی، بەڵام لە رۆژگاری ئەمرۆدا گەیشتوومەتە خاڵێک کە بەرد و کەڵەکەبەردی کەمتر لەسەر رێگەمدا هەیە. من ئەمرۆ دڵ و دەروونم ئاسوودەترە لە رابردوو. ئێستا پێشینەیەک بە ناوی رۆمانی کوردییەوە هەیە، زمانێک بە ناوی زمانی رۆمانی کوردییەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر لە ساتێکی کەمیشدا رێژەکە بەرز نەبێت، هەر ئومێدەوارمان دەکات. هەموومان دەبێت ئەم هەقیقەتە قبووڵ بکەین کە ئەدەبیاتی ئێمە تەنها لەسایەی خوێنەرێکی تێگەیشتوو و ئەکتیڤدا، چانسی پێشکەوتن و پێشڤەچوونی هەیە. خوێنەری کورد بوونەوەرێکە زمانی دایکی خۆی لە خوێندنگادا فێر نەبووە، ئەو بەهۆی عەشقەوە بەدوای تۆدا هاتووە، کەواتە تۆ دەبێت (١٠) دە هەنگاو لە نووسەرانی میللەتانی تر بچیتە پێش تا بتوانی رەزامەندیی خوێنەرەکەت بهێنیتەدی.

ئەگەر رۆمانی نووسەرێکی کورد، رۆمانێکی سادەی ئەدەبیاتی تورکی، فارسی و عەرەبی بێت، ئەگەر ئامانجەکەی تەنها بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی کوردی بێت و لایەنە تەکنیکی و ستراکتورییەکانی وەلابنێین، دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە هیچ کارێکمان نەکردووە. رۆمان ژانرێکی جیهانییە، بەڵام رەنگ و سەداکانی رۆمان دەبێت ساتە بۆنخۆشەکانی کۆمەڵگا لەخۆبگرێت، چونکە نووسەریش وابەستەی ئەو کۆمەڵگایەیە. ناشێ بەهۆی بەرفراوانبوونی رۆژانەی کۆمەڵێ چەمکی وەک بەجیهانیبوون، چاوپۆشی لە رەنگە دیارەکانی خۆمان لە بەرهەمەکانماندا بکەین. ئێستا کاتێ دەنۆرمە رۆمانەکانم، هەست دەکەم ئەم پرسیارە یەکێکە لە بەرجەستەترین پرسیارەکانی بەرهەمەکانم: بەلای مرۆڤێکەوە کە هەموو شتێکی وەرگرتووە، بەلای مرۆڤێکەوە کە هەمیشە لەژێر سێبەردا ماوەتەوە، ئومێد چ رەنگێکی هەیە؟ ئومێد چۆن هەناسە هەڵدەکێشێت؟

**بەلای تۆوە بەختەوەریی ئەدەبی، ئارامی و خۆشبەختی نووسەرێک چ مانایەک دەگەیەنێت؟**

جوانترین رۆژانی ژیانی من ئەو رۆژانە بوو کە لە ساڵی (١٩٩٨) دوای ماوەیەک دووری، توانیم بچمە ناوەندی رووناکبیری شاری دیاربەکر و لەو شتە بدوێم کە کەڵکەڵەی هەمیشەیی منە واتا (رۆمانی کوردی). توانیم کتێبەکانم پێشکەش بکەم و خۆشحاڵ بووم لە دیاربەکر کەسانێک راوەستاون تا رۆمانێکی کوردی بۆ کاتژمێرەکانی خەڵوەت و تەنهایی خۆیان ببنەوە بۆماڵەوە.

لەوێ هاورێکانم بینی، لەگەڵ خزمەکانم دەربارەی دوێنێ و ئەمرۆ گفتوگۆمان کرد، لەگەڵ خزمەکانمدا دیالۆگم لەسەر تەواوی ئەو شتانەی دوێنێ و ئەمرۆ کرد کە هێزی تازەیی و شادی بە ئێمە بەخشیوە. رەنگە باوەڕبوون بەم شتانە بەلای هەندێ کەسەوە کێشە بێت، بەڵام من لە کاتژمێری (١)ی نیوەڕۆوە تا (٨)ی شەو، ریزە ئیمزام دەکرد و سەدان بەرگی رۆمانە کوردییەکانم و وەرگێردراوە تورکییەکانی رۆمانەکەم فرۆشرا. پیر، گەنج، کچۆڵە، جوتیار و کرێکار راوەستابوون تا رۆمانی کوردی بکڕن، ئەمە سەرمەستییەکی نەمرە، رەنگە تەنها ئەو کەسانە لە حاڵی من تێبگەن کە دەزانن ئێمە چیمان کردووە. لەوێ توانیم بۆ خوێنەری رۆمانەکانم، تەنها رستەیەک بهێنمە سەرزمان: "هەنووکە ئەم رۆژەم بەچاوی خۆم بینیوە، ئێستا دەبینم لە دیاربەکر، خوێنەری کورد و رۆمانی کوردی دەژی، هەناسە هەڵدەکێشێ و بەرێگادا دەڕوات، ئیدی هیچی ترم ناوێت. ئەگەر بشمرم بەلامەوە گرنگ نییە. بەختەوەریی ئەدەبی بەلای منەوە واتا



ئەمە، خۆشبەختی واتا زاراوە بریندار و مردووەکان بتوانرێت زیندووبکرێنەوە و سارێژ بکرێن. خۆشبەختی ئەم نووسەرە پەنابەرەی کورد بەدەرلەمە دەبێت چی بێت؟

**لە زۆرینەی بەرهەمەکانتدا، کۆمەڵە کەسایەتییەک هەن لە هەناوی ئەفسانە و ئاوازە کوردییەکانەوە هەڵقوڵیون، لەگەڵ ئەمەشدا ساڵانێک لە ژینگەی کوردستان دوور بوویت، هەنووکەش رۆحی تۆ لە کوردستان هەناسە هەڵدەکێشێت. ئەم مەسەلەیە چۆن روون دەکەیتەوە؟**

من سەدان فرسەخ لە نیشتیمانەکەم دوورم، بەڵام پێت دەڵێم هەموو ئەفسانە و ئاوازەکانی نیشتمانەکەم، هەموو ئەو مرۆڤانەی لەنێو چیرۆک و سەرگوزەشتە کوردییەکاندا، لە حەیران و لاواندنەوەکاندا، ئەو ناوانەم بیستووە، لە هۆڵی کارەکەمدا، لەتەک مندا، لە تەنیشت کۆمپیوتەرەکەمدا، لە کەنار پەرتووکەکانمدا راوەستاون و لە من دەنۆڕن. ناتوانم خۆم لەم ژینگەیە بەدوور بگرم، من سەرجەم ئەو شتە دەگێڕمەوە کە پەیوەندی بە رۆحی کوردی و هزری مرۆیمەوە هەیە.

**یەکەمینجار چۆن وەک کەناڵێک بۆ گواستنەوەی مانا زەینییەکانی خۆت بە زمانی کوردی ئاشنابوویت؟**

خۆشبەختانە لە ژینگەی خێزانی ئێمەدا، بەپێچەوانەی زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستانەوە، زمانی کوردی بەشێوەیەکی زیندوو و دینامیک دەژیا. زمانی کوردی میهرەبانی و غەم و شادییەکانی ئێمەی بەوچەشنەی هەبوو بۆ دنیای دەوروبەرمانی دەگواستەوە، بەڵام لە خوێندنگادا ناچار بووین بە زمانی تورکی بدوێین. لە ساڵی (١٩٧٠) ماوەیەک لە زینداندا بووم، لەو سەردەمەدا بە وردەکاری و تێڕامانێکی زۆرەوە بەڵێنم بەخۆم دا، زمانی کوردی بە مامۆستایی و جوانی و رازاوەییەوە بەکاربهێنم. لە ئەورووپا لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی بەرهەمە بەرجەستە مێژووییەکانی ئەدەبیاتی جیهانم خوێندەوە بۆ ئەوەی بتوانم تائەندازەیەک وێنایەکی وردم بۆ پرۆسەی ئەدەبیاتی جیهانی هەبێت، بتوانم لە نووسینەکانمدا میکانزیمی رۆمان باشتر لە پێشوو بەکاربهێنم.

**وابەستەی کام لە نووسەرانی جیهانیت؟**

من کارلۆس فۆنتسم خۆشدەوێت. چێژ لە مارکیز وەردەگرم، ماریۆ بارگاس دەخوێنمەوە. چیرۆکە کلاسیکییەکانی رووس، بەتایبەت چیخۆفم خۆشدەوێت. حەزێکی زۆرم لە فلۆبێری فەڕەنسی هەیە.

**هاوسەرەکەت لە سوید پەروەردە بووە و لە منداڵییەوە تائێستا لە کوردستان دوور بووە، پێموانییە بتوانێت بە زمانی کوردی بدوێت؟**

نەخێر، زۆر بەباشی بە کوردی دەوێت، بەڵام لە نووسیندا کێشەی هەیە.

**زیاتر حەز دەکەیت بەدەست بنووسیت یان بەجۆری تر؟**

نەخێر هەر لە سەرەتای کارەوە بە تایپ و کۆمپیوتەر نووسیومە.

**تۆ پەرتووکێکت هەیە بەناوی (ئەنتۆلۆژیای ئەدەبیاتی کوردی). لەم پەرتووکەدا تۆ کام لە شاعیران و نووسەرانی کوردت باسکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ کرمانجیت، بەڵام هەموو شاعیران و نووسەرانی سۆرانی لەم پەرتووکەدا پێگەیان هەیە، چۆن توانیت بەمشێوەیە کار بکەیت؟**

من لەپێناو ئەم کارەدا ماندوویێتییەکی زۆرم کێشاوە، دووەمیش پێموایە هەرکاتێک باسی ئەدەبیاتی کوردی دێتەئاراوە، دەبێت لەبارەی هەموو ئەو شتانەوە بدوێم کە پەیوەستە بە کوردەوە نەک تەنها زاراوەی سۆرانی، زازایی، یاخود کرمانجی.

**سەرچاوە:**

پێگەی تایبەتی محەمەد ئۆزۆن.

# وەرگێڕان خوڵقاندنە

## وتووێژی سیروسی عەلینژاد لەگەڵ نەجەفی دەریابەندەریدا



**و. لە فارسییەوە: فەرهاد بەهەشتی**

نەجەفی دەریابەندەری وەرگێڕێکە کە بە درێژایی چل پەنجا ساڵی رابردوو واتە لە کاتی دەرچوونی کتێبی «ماڵئاوایی لەگەڵ چەک» لە ساڵی(١٩٥٤) تا ئێستا، بەردەوام دەرکەوتنی هەستیپێکراوە و ئەو بەرهەمانەی کە خولقاندوویەتی زمانی فارسی بەهێزتر کردووە. ئەگەرچی زیاتر وەکو وەرگێڕ ناوبانگی هەیە، بەڵام خاوەنی هونەری جۆراوجۆرە و پانتای بەرهەمەکانی لە ئەدەبیاتەوە بۆ فەلسەفە دەگرێتەوە و هەندێکجار گۆشەنیگایەکیشی بۆ تەوس و توانج تەرخانکردووە. لە لایەکەوە ئەو پێشەکیانەی کە لەسەر هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی جیهان وەکو «بیل باتگەیت»، «پیرەمێرد و دەریا»، «هاکلبریفین» و «بەجێماوی رۆژ» نووسیویەتی و لە لە لایەکی تریشەوە بۆ نموونە ئەو بەرهەمانەی وەکو «دەردی بێ خۆیی»، «مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا« و «بیرمەندانی روس» پانتای وەرگێڕانەکانی دەردەخات. لە نێوان بەرهەمە رۆژنامەوانییەکانیشیدا بەرهەمێکی وەکو «وەها بکەن گەورەکان»ی خولقاندووە کە یەکێک لە بەرهەمە تەوس و توانجە

بەجێماوەکانی زمانی فارسییە. بەم پێیە ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەکانماندا لەگەڵ دەریابەندەریدا تەنها ڕووبەڕووی کەسێک نابینەوە کە کاری وەرگێڕان بێت و بەس، بەڵکوو لەگەڵ نووسەرێکدا ڕووبەڕووین کە نەک تەنیا ئامانجی وەرگێڕانە هاوکات بەمەبەستی گواستنەوە و ناساندنی ژانرە ئەدەبیە جۆرواجۆرەکان ڕووی کردووەتە وەرگێڕان. سەرەڕای ئەمە لەم وتووووێژەدا — کە لەو زنجیرە وتووێژانەیە کە بڕیارە کاری وەرگیران پەیگیری بکات — لەگەڵ ئەودا تەنیا وەکو وەرگێڕێک کە کۆمەڵێک بەرهەمی پلە یەکەمی لە زمانی فارسیدا خولقاندووە ڕووبەڕوو ئەبینەوە و ئیتر ناچینە سەر هونەرەکانی تری.

دەریابەندەری لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ئابادانە. پیاوێکی بە نیسبەت باڵا ئەستوور، خۆش سیما و وردبینە. پیاوێکی قسە شیرینە و هاوڕێکانی هەر کاتێک خۆی بدۆزنەوە دانیشتن لەگەڵ خۆی دەخەنە پێش بەرهەمەکانییەوە. زمانی ڕەوان، زەینی ڕوون، تەوسی گیاندار و بیرکردنەوەی قووڵ، دانیشتن لەگەڵی بۆ هاوڕێکانی گەرموگوڕ و بە پیت دەکات. وتووێژ لەگەڵیدا بە هۆی نوکتەبینیەکانییەوە شیرینە و قاقای پێکەنینی وتووێژەکە شیرین تر دەکات. سەرەڕای ئەمانەش یادەوەری لەم دواییانەدا زۆر چاک نییە و لە کاتی وتووێژدا ناو و شتەکانی تری لە بیردەچێتەوە. ئەم وتووووێژە لە ویلایەکەدا لە زیبادەشتی کەرەج سازکراوە.

**ئەگەرچی ئێوە هەم وەکو وەرگێڕ و هەم وەکو نووسەر و هەندێکجاریش وەکو ڕەخنەگر ناوبانگتان هەیە، بەڵام من لێرەدا تەنیا باسم لەسەر وەرگێڕانە. کەواتە ڕێگە بدەن ئەمڕۆ لەم بارەوە قسەبکەین. دوایین کارێک کە وەرتانگێڕاوە چییە و ئایا لەم ڕۆژانەدا شتێکتان بۆ وەرگێڕان بە دەستەوەیە؟ یان سەرقاڵی نووسینی شتێک هەن؟**

بە ڕای من وەرگێڕان کارێکی خولقێنەرانەیە. واتە بەرهەمێک کە بتەوێت وەریبگێڕی ئەبێ زمانێکی تایبەتی بۆ بدۆزیەوە. بۆ من هەمووکاتێک هەروا بووە.... کەواتە ئەوەی کە بە ڕای من گرینگە هەر ئەم ڕەهەندە خولقێنەرانەی کارەکەیە. دوو کار لە ڕاستیدا ماوەیەکە کە لە ئارادایە، بەڵام بەهۆی ئەو گیروگرفتانەم هەر دووکیان ناتەواو ماونەتەوە، یەکیان کۆمەڵە چیرۆکەکانی هەمینگۆیە کە کورەکەی کۆی کردوونەتەوە. سەرجەم هەشتا و بڕێک چیرۆکە. ئەم کارە بە نیوە گەیشتووە، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە. یەکێکیش کتێبێکی فەلسەفی دەیڤد هیومی ئینگلیزیە کە ماوەیەکە دەستم داوەتێ نزیک سەدوسی، چل لاپەڕەیەکەم

وەرگێڕاوە، بەڵام جارێک وەلامناوە و ئێستا کە تۆزێک سەرم سووکبووەوە و لەشتەکانی تر ئەرخایەن بوومەتەوە، دەمەوێت دیسانەوە دەستپێبکەم. کتێبەکەی هیوم، کتێبێکی بنەڕەتییە لە فەلسەفەدا، لەسەر چەمکی تێگەیشتنی مرۆڤ. هەروەها کە ئاگادارن هیۆم یەکێک لە فەیلەسووفە گەورەکانی ئینگلیز. لە راستیدا بەڕای زۆرکەس گەورەترین فەیلەسووفی مێژووە.

هەڵبەت ئەو کتێبێکی دیکەی هەیە کە دوای ئەم کتێبە نووسیویەتی و کورت کراوەترە و کەم و زۆر هەر ئەم باسانەیە. هەندێک کەس پێیان وتووم بۆچی ئەو کتێبەت وەرنەگێڕاوە، بەڵام پێموایە کتێبە سەرەکییەکەی هیوم سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک باسی زیادی تێدایە، سەرنجڕاکێشترە. لەهەر حاڵدا ئەگەر تەمەنێک بمێنێتەوە ئەکرێت خەریکی ئەو کتێبەی تریش بم.

**بەم پێیە یەکەم بەرهەمەکانی ئێوە بە هەمێنگوێ و مێژووی فەلسەفەی رۆژئاواوە دەستپێکردو (وا دیارە) سەرلەنوێ چوونەتەوە خانەی یەکەم؟**

بەڵێ ئێستاش سەرقاڵی هەمینگوێیم.

**یەکەم کارێک کە وەرتانگێڕاوە چی بوو؟**

کتێبێکە کە چاپکراوە، ئێستا ناوەکەیم لە بیر نییە.

**گوڵێکی سوور بۆ ئێمیلی؟**

بەڵێ گوڵێکی سوور بۆ ئێمیلی. لە راستیدا خودی ئەم چیرۆکە یەکەم شت بووە کە من وەرمگێڕاوە. کاتێک ١٧ یان ١٨ ساڵم بوو. سێ چیرۆکە. گوڵێکی سوور بۆ ئێمێلی، دوو سەرباز و هەمار سووتان. دوای نزیک بە سی ساڵ سێ چیرۆکی دیکەیشم وەرگێڕا کە لەگەڵ ئەو سێ چیرۆکەدا بوون بە کتێبێک، هەڵبەت یەکێک لەوانە بەشێک لە چیرۆکی تووڕەیی و دەنگەدەنگی فاکنێرە. بەشی کۆتاییەکەی، دیلسی.

**چۆن بوو کە لاوێکی حەڤدە هەژدە ساڵە کە تازەیش ئینگلیزی فێر بووە، فاکنێر هەڵدەبژێرێ؟ کەسێک بۆ ئەم کارە هانی دابوون؟**

نە! من لەو کاتەدا کتێبی جۆراوجۆرم دەخوێندەوە. ئەم چیرۆکانەیشم خوێندەوە و وام هاتە بەرچاو کە چاکن بۆ ئەوەی وەریبگێڕم. ئەم چیرۆکەی فاکنێر(گوڵێکی سوور) سەرەڕای ئەوەی کە زۆر چاکە ولە راستیدا رۆمانێکە،

بەڵام وەرگێڕانەکەی ئەستەم نییە. لانیکەم بە رای من ئەستەم نەبوو. هەڵبەت فاکنێر چیرۆکی تری هەیە کە زۆر ئەستەمن (بۆ وەرگێڕان) ئەوەندە ئەستەم کە مرۆڤ وەلادەنێت. ئێستاش من لێیان نزیک نابمەوە.

**لە چ روانگەیەکەوە ئەستەمن؟ لە بواری زمانی یان لە بواری دیکەوە؟**

لە زمانی فارسیدا بە درێژایی چل پەنجا ساڵی رابردوو وەرگێڕانی زۆر کراوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت سەرنج بدەین ئەو وەرگێڕانانەی کە دەمێننەوە واتە شتێک کە لە زمانی فارسیدا دەمێنێتەوە رەنگە لە ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست زیاتر نەبن. لە روانگەی زمانی و چوارچێوەی چیرۆکەوە، بە تایبەت لە بواری زمانەوە. بەڵام چیرۆکی گوڵی سوور ئەگەرچی چیرۆکێکی زۆر جوانە، بەڵام زمانەکەی سادەیە.

ئەمە من لەو کاتانەدا وەرمگێڕاو و ئیتر قەت چاوم لە وەرگێڕانەکەی نەکرد. بێگومان هەندێک کێشەی هەیە، بەڵام هەروا لێیگەڕاوم.

**بەتایبەتی هەر بەو شێوەیە لێیگەڕاون کە بمێنێتەوە کە وێنەیەک لە بەرهەمەکانی گەنجێتی ئێوە بێت یان ئەوەی کە دواتر کە چاوتان لێکرد زانیتان کێشەیەکی گرنگی نییە؟ هەندێک کەس ئەڵێن ئەو چیرۆکانە لە باشترین وەرگێڕانەکانی ئێوەن.**

رەنگە! بەڵام ئەگەر ئەم قسەیە راست بێت مانای ئەوەیە کە من لە ماوەی ئەم چل پەنجا ساڵەدا هەروا بەرەو دواوە رۆیشتووم.

**نە با مانای ئەمە نییە، بێگومان ئەمەیان کاتێک کە لە چاپخانەی کۆمپانیای نەوت بوون وەرتانگێڕاوە؟**

نە، هێشتا خەریکی هیچ کارێک نەبووم. دواتر کە چوومە ئیدارەی چاپخانەی کۆمپانیای نەوت، ئەم چیرۆکانەم لە رۆژنامەی هەواڵەکانی رۆژدا بڵاوکردەوە و بەڕێز ئیبراهیمی گولستانیش کە لەوێ بوو پێشەکییەکی لەسەر نووسین کە لەگەڵ ئەو چیرۆکانەدا چاپکران، بەڵام گولستان لە کتێبی نووسین بە کامێرا هیچ باسێک لەم پێشەکییە ناکات. رەنگە لەبیری چووبێتەوە، بەڵام من هەوڵدەدەم ئەمە بدۆزمەوە و چاپی بکەم. چونکە سەرنجراکێشە لەهەر حاڵدا چیرۆکی وەرگێڕانی من هەر لێرەوە دەستپێدەکات و بەڕای هەندێک کەس هەر لێرەشدا کۆتایی پێدێت!

**بەڵام هەر بە ئێرە کۆتایی پێ نایە. هەڵبەت ئەگەین بە (پیرەمێرد و دەریا) و**

**(هاکلبری فین) کە بەڕای من کۆمەڵێک وەرگێڕاوی بێوێنەن.**

ئەمانە ئەو کارانەن کە دواتر کردم و بەڕای خۆیشم چاکترن، بەڵام من کاتێک گوێم لێیە کە گوڵێکی سوور بۆ ئێمیلی باشترین کاری منە زۆر خۆشحاڵ دەبم. ئینسان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە. بۆ وێنە ناسری تەقوایی هەموو کات دەڵێت کە ئەمە باشترین کاری ئێوەیە و منیش پێمناخۆش نییە.

**بەڵام (ماڵئاوایی لە چەک) ئەو کاتەی کە بۆ ئیدارەی چاپخانەی کۆمپانیای نەوت ڕۆیشتبووی، وەرتگێڕا؟**

ماڵئاوایی لەگەڵ چەکم لە ساڵی ١٩٥٢دا وەرگێڕا. ئیتر ڕۆیشتبوومە کۆمپانیای نەوت و لە ئیدارەی چاپخانەدا کارم دەکرد. دێتەوە بیرم ئەم کتێبەم لە بەڕێز گولستان وەرگرت و دواتریش نەمدایەوە، چونکە دواتر منیان قۆڵبەست کرد و ئیتر نازانم چ روویدا. گوایە بەشێک بوو لە ئەسنادی من کە کۆیان کردەوە و بردیان. لەهەر حاڵدا من ئەم کتێبە بە بەڕێز گولستان قەرزارم. بەڵام لەو کتێبەی کە لەم دواییانەدا بڵاوکرایەوە بەڕێز گولستان وتوویەتی کە ئەم کتێبەی پێداوم و وتوویەتی کە وەریبگێڕم. قەت وانییە. من ئەم کتێبەم لێ وەرگرتن کە بیخوێنمەوە، دوایی کە خوێندمەوە بیرم کردەوە کە وەریبگێڕم. ئەو بەڕێزە قەت ئاگای لێنەبوو کە من خەریکی وەرگێڕانیم. دواییش کە وەرمگێڕا و بڵاوکرایەوە، نزیک بە مانگێک دواتر کەوتمە زیندانەوە.

**ئێوە لەو کاتەدا لە ئابەدان بوون و ئابەدانی بوون، کتێبەکە لە تاران چاپکرا. کێ یارمەتیدان کە لە تاران چاپی بکەن؟**

خۆم بردم بۆ تاران و لەگەڵ دوکتور محەمەد جەعفەری مەحجوبدا قسەم کرد، وتم ئەم کتێبە چی لێبکەم. وتی من بڵاوکەرەوەیەک هەیە کە کتێبەکانمی پێئەدەم، چاپخانەی سەفی علیشا، وتم ئەمەیش بدە بە ئەوان. ڕۆیشت و لەگەڵیان قسەی کرد، من وەبیرم نایە کە لەو کاتەدا بەڕێوەبەرانی چاپخانەی سەفی عەلیشام بینیبێت، لەهەر حاڵدا پێمدان. بەڵام مەحجوب کاری زۆری هەبوو و دەرفەتی نەبوو کە پێدا بچێتەوە، من داوام لە مورتەزای کەیوان کرد ئەم کارەم بۆ بکات. کەیوان تا ڕادەیەک لە پێداچوونەوەیدا بەشداریکرد. یەکێک کەیوان بوو و یەکێکیش فەرهەنگی فەرەهی. لە هەرحاڵدا ئەم کتێبە چاپ بوو و دواجار نوسخەیەکیان بۆ ناردم. ئیتر دواجار من کەوتمە زیندان نەمزانی لە کۆمەڵگادا چۆن وەرگیراوەو فرۆشی چۆن بووە. کتێبەکە لە هەزار ژمارەدا چاپکرا و گوایە

فرۆشرا. دوای ئەوەی کە لە زیندان هاتمەدەرێ، جارێکیتر لە چاپخانەی کتێبە گیرفانیەکاندا چاپمکرد. دوو سێ جاریش چاپکرا. لە بیرم ماوە پشتی رووبەرگی یەکێک لەو چاپانە مورتەزا مومەیەز کێشابووی کە رووبەرگێکی سەرنجڕاکێش بوو. بە داخەوە من ئەوەم نییە. دواتر ئەم کتێبە بۆ چەند جارێک چاپکرا. ئێستا لە چاپەمەنی نیلووفەردایە.

**ئێوە چەند جار باستان کردووە کە لە دەورانی گەنجیدا، کاتێک لە زیندانی قەسردا بوون وەرگێڕاوی دۆن کیشۆتی محەممەدی قازیتان خوێندوەتەوە و زۆر شتی لێوە فێربوون وەرگێڕاوی دۆن کیشۆتی قازی چ تایبەتمەندیەکی هەبوو کە دەکرا شتی لێوە فێر بن؟**

پێش ئەوەی کە بکەومە زیندان قازی کتێبێکی ئاناتۆل فرانسی وەرگێڕابوو بە ناوی دورگەی پەنگوینەکان(بەتریقەکان)، من ئەو کتێبەم خوێندەوە و زۆرم حەز لێکرد و زانیم کە کەسێکی خاوەن توانای تایبەت لە بواری وەرگێڕاندا پەیدابووە. بە راستی قازی رەوتێکە لە کاری وەرگێڕاندا. دوایی کەوتمە زیندان و لەوێ دۆن کیشۆت بڵاوبوەوە. لە بیرم نەماوە کە دۆن کیشۆتم لەکێ وەرگرت، چون بۆ خودی منیان نەهێنابوو، هەر لە کتێبەکانی ناو زیندان بوو.

**کتێب بۆ ناو زیندان دەهات؟**

بەڵێ دەهــات، ئەم کتێبەم وەرگــرت و خـوێندمەوە و پێم شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشبوو. لە راستیدا گرنگ بوو بۆ من. واتە بینیم کە کەسێک چیرۆکێکی وەرگێڕاوە، بەڵام گـەڕاوە و زمانێکی دۆزیوەتەوە و دەستی تێوەرداوە و دروستیکردووە. ئەمە بۆ من دەرسێکی زۆر گرنگ بوو و بیرم لێکردەوە کە دەبێت لە وەرگێڕاندا هەر ئەم کارە بکرێت. واتە بۆ هەر بەرهەمێک دەبێت مرۆڤ بگەڕێت و زمانەکەی بدۆزێتەوە. چەند ماوەیەک لەمەوبەر بینیم کەسێک وتبووی کە خەریکی وەرگێڕانی دۆن کیشۆتە و باسی ئەوەی کردبوو کە ئێستا چل پەنجا ساڵ بەسەر وەرگێڕانی قازیدا تێدەپەڕێت و پێویستە سەرلەنوێ وەربگێردرێتەوە. رەنگە زۆر هەڵە نەبێ، بەڵام من پێموایە وەرگێڕانی نوێ باشتر لە وەرگێڕانەکەی قازی نابێت، چونکە قازی زمانێکی بۆ دۆن کیشۆت دۆزیوەتەوە کە رێک هەر ئەو شتەیە کە دەبێ ببێت.

**وەرگێڕانی باش لە روانگەیە ئێوەوە بە چ مانایەکە؟ دەزانن و خۆیشتان زۆر جاران جەختان لەسەر کردوە خوێنەر زۆر جار ناچێت دەقێک لەگەڵ دەقە سەرەکیەکەیدا بەراورد بکات. هەر بەو شێوەی کە دەیخوێنێتەوە تێدەگات کە ئەم کارە وەرگێڕانێکی باشە یان نا. ئێوەیش هەر وان. بەڵام رای ئێوە لەگەڵ خوێنەرێکی ئاساییدا جیاوازە. لە روانگەی ئێوەوە وەرگێڕانێکی باش بە چ مانایەکە؟**

کتێبەکەی سیروانتس لەبەرچاوبگرن کە کتێبێکی کۆنە و ئێستا چوارسەد ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕێ، کەواتە دەبێت بە زمانێکی تایبەت وەربگێڕدرایە کە کۆن بێت. ئەمە یەکەم. دووهەم دۆن کیشۆت یەکەمین رۆمانی ئەوروپیە واتە شتێکە لە نێوان رۆمان بە مانای نوێی وشە و چیرۆکەکانی پێش سەرهەڵدانی رۆمان کە بە «رۆمانس» ناوی لێدەبرا. رۆمانێکە کە بە شێوەی رۆمانس نووسراوە.

دەرهێنانی ئەم کارە بە فارسی کارێکی سادە نییە. گرنگی کاری قازی لە راستییدا ئەوەیە کە رۆمانسە فارسییەکانی وەکو ئەمیر ئەرسەلانی ناوداری خوێندوەتە و وەها دەنگێکی پێداوە و چۆنیەتی تایبەتی رۆمانیشی لەبەرچاوگرتووە، بە کورتی بەرهەمێکی خولقاندووە کە من پێموایە ئەمێنێتەوە و ماویشەتەوە. بەڵام دەزانن کە قازی ئەم کتێبەی لە راستیدا دووجار وەرگێڕا، جارێک لە چاپی یەکەم و جارێک لە چاپی دووهەمدا. لە چاپی دووهەمدا زۆری پێدا چووەتەوە. من زۆر لەگەڵ ئەم پێداچوونانەدا نەبووم. هەمان چاپی یەکەم بەڕای من باشتر بوو. هەڵبەت چاپی دووهەمیش باش بوو. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە من هیچ کات ئەم کتێبەم لەگەڵ دەقە سەرەکیەکەیدا بەراورد نەکردووە. رەنگە ئەگەر چاوی لێبکەم بزانم قازی لە چەند جێگایەکدا هەڵەی کردووە. کۆمەڵێک خاڵی بە هەڵە تێگەیشتبێ. بەڕای من ئەمانە گرنگ نییە، چون خودی کارەکە بە رادەیەک پاک و بێگەردە و زمانەکەی زمانێکی تایبەتە کە هەر دەستەواژەیەکی کە دەخوێنیتەوە تێدەگەی کە لەگەڵ دەستەواژەیەکی ئاسایی فارسیدا جیاوازی هەیە.

**لە کارەکانی ئێوەدا چ هاکلبری فین، چ پیرەمێرد و دەریا و لەم دواییانەدا بەجێماوی رۆژ، لە هەر کامیاندا زمانێکی تایبەت ئەبینرێ. ئەگەر ناوی ئێوە لەسەر رووبەرگەکەی نەبێ و ئەم سێ کتێبە بە خوێنەرێک بدەین کە نەزانێ ئێوە ئەم کتێبانەتان وەرگێڕاوە، نازانێت هەرسێکیان کاری یەک کەسە. لەبەر ئەوەی کە هەر یەک زمانی تایبەتی خۆی هەیە . ئەمەوێ بپرسم کاتێک دۆن کیشۆتتان خوێندەوە بڕیارتان دا بۆ هەر کارێک لە پێشدا زمانێکی دروستی بۆ بدۆزنەوە و وەریبگێڕن؟**

ڕێک وایە. ئەم پەیداکردنی زمانی تایبەتە بۆ هەر کتێبێک، دەبێت بڵێم کە من لە قازی فێربووم. هەڵبەت دەزانن کە قازی دوای دۆن کیشۆت کتێبی زۆری وەرگێڕا. وەرگێڕانەکانی هەموویان باشن، بەڵام هیچیان بە دۆن کیشۆت ناگەنەوە. یەکەم خودی بەرهەمەکە بەرهەمێکی گەورەیە. دووەم قازی زمانێکی دۆزیوەتەوە کە ڕێک هەر ئەوەیە کە دەبێت ببێت. لەهەر حاڵدا من لە خوێندنەوەی دۆن کیشۆت لە زیانداندا زۆرم کەیف کرد. یەکێک لە هاوڕێکانی منیش بە ناوی (مستەفا بێ ئازار) کە مامۆستای ئەدەبیات بوو، ئەوکات لە زینداندا بوو، ئەو دۆن کیشۆتی دەخوێندەوە، منیش دەمخوێندەوە، لە ڕاستیدا بە دوای یەکدا دەمانخوێندەوە و دەچووینە ناو چیرۆکەکەوە. هەر بەم هۆیە کاتێک کە لە داڵانی زینداندا پیاسەمان دەکرد، لاسایی مرۆڤەکانی ترمان دەکردەوە و دەمانوت ئەمە بۆ وێنە پانچۆیە. من هیچ کتێبێکم نەخوێندەوتەوە کە ئەوەندەی ئەم کتێبە کاریگەریی لەسەر دانابێتم و تا ئەم ڕادە منی گۆڕابێت.

**چەند ساڵ لەمەوبەر سەبارەت بە ژیانی ئێوە قسەمان ئەکرد و لە شوێنەکانی تر لە ئێوەم خوێندوتەوە باستان لە کاریگەری سادقی چووبەک و بە تایبەت (خیمە شب بازی) لەسەر زمانی خۆتان ئەکرد. ئەم کتێبە چ شتێک یان چ شتایەکی بوو کە لە کتێبەکانی دیکەدا پەیدا نەدەکرا. پەیوەندی لەگەڵ وەرگێڕاندا چییە؟**

با پێت بڵێم کە من بۆ قوتابخانە دەچووم مامۆستایەکەمان بوو کە ناوی ئاغای هەرەوی و مامۆستای کیمیابوو. مامۆستای ئەدەبیاتەکەمان زۆر هۆگری ئەدەب نەبوو، واتە لە ڕاستیدا لەم شتانە بێ ئاگابوو، بەڵام مامۆستای کیمیاکەمان کە خەڵکی ڕەشت بوو، هۆگری ئەدەبیاتیش بوو و (خیمە شب بازی) شی خوێندبووەوە. ئەو بەڕێزە ئەگەرچی مامۆستای کیمیا بوو، بەڵام هەندێکجار لە وانەکاندا کۆمەڵێ شتیشی دەوت، هەروەها ڕۆژێک وتی لەم دواییانەدا کتێبێکی لە سادقی چووبەک بە ناوی (خیمە شب بازی) خوێندوەتەوە و باسیکرد کە ئەمە کتێبێکی زۆر سەرنجڕاکێشە. لە یادمە کە ئەو کات من چیرۆکەکانی عەلی دەشتیم دەخوێندەوە و چوونکە پێم سەرنجڕاکێشبوو و هەندێک شتیشم لە ستایلی دەشتیدا دەنووسی، دوایی کە بەڕێز هەرەوی ئەو شتەی وت من هەوڵمدا کە کتێبەکە بدۆزمەوە، دۆزیمەوە و خوێندمەوە و بە تەواوی گۆڕام لەبەر ئەوەی بینیم کە «چیرۆک» بە چ مانایە. (خیمە شب بازی) کتێبێکی سەرنجڕاکێشە. کارمان بەوەی نییە کە چووبەک دوای ئەم کتێبە، «عەنتەرێک کە لۆتیەکەی مردبوو»ی چاپکردە کە هەڵبەت ئەویش سەرنجڕاکێش بوو، ئەگەرچی تۆزێک جیاوازی

هەبوو و دوای ئەوە ئیتر بە رای من دابەزی. لە هەر حاڵدا ئەم کتێبە بە تەواوی منی گۆڕی. کاتێک خوێندمەوە بەم ئەنجامە گەیشتم کە نووسین بە چ مانایەکە. دەشتی قۆڕ ئەنووسێت.

**تا ئەو کاتە چیرۆکەکانی هیدایەت چاپکرابوو، ئەوانەتان نەخوێندبووەوە؟**

بەڵێ چاپکرابوو، بەڵام پێموایە کە هیدایەتم دوای چووبەک خوێندەوە. دوای ئەوەی خوێندمەوە، ئاگاداربووم کە چووبەک کەسێکی هەیە کە لە جێگای مامۆستایەتی، ئەو کات زانیم کە ئەمانە لە ئەنجامدا حیکایەتێکی دیکەیە. هەڵبەت خۆتان ئاگادارن کە کارەکانی هیدایەت زۆر جیاوازن، دواتر کە هیدایەتم خوێندەوە بەو قەناعەتە گەیشتم کە هەندێک لە چیرۆکەکانی زۆر چاکن وەکو چیرۆکی عەلەویە خانم کە بەڕای من لە باشترین چیرۆکە فارسییەکان و کارەکانی هیدایەتە. هیدایەت نووسەرێکی زۆر بەربڵاوە من بە تایبەت یەکجار هۆگریم بە کارە تەنزییەکانی هیدایەت پەیدا کردکە گوایە بە داخەوە کەمتر خوێنەری هەبووە. دێتەوە بیرم هەر ئەو کات کە بۆ قوتابخانە ئەچووم سەفەرێک هاتم بۆ تاران. چەند دانە لە چیرۆکەکانی هیدایەتم خوێندبۆوە و حەزم لێی بوو کە ئەوانی دیکەیش پەیدا بکەم. دەزانن هیدایەت بەرهەمەکانی خۆی یەکجار لە چاپەدا، لە راستیدا دەست نەدەکەوتن. کاتێک هاتم بۆ تاران رۆیشتم بۆ شەقامی ناسرخەسرەو بۆ کتێبفرۆشی ئەمیرکەبیر، فرۆشیارێکی هەبوو بە ناوی .... ئێستا ناویم لە بیرم نەماوە.

**مەهدی ئازەر یەزدی؟**

بەڵێ، ئازەریەزدی، چووبەک لە دوایین لاپـەڕەی (خیمه شب بازی)دا نووسیبووی بەم زوانە کۆمەڵە چیرۆکێکی تر بڵاودەکاتەوە. رۆیشتم و وتم ئەم کتێبەم دەوێت، وتی ئەم کتێبە بڵاونەبۆتەوە. کەسێک بوو کە لە ئەدەبیات تێدەگەیشت. تۆزێک قسەمان کرد. من وتم لە هیدایەت چیت هەیە؟ وتی لە هیدایەت هیچم نییە، بەڵام من خۆم کتێبێکم هەیە و بۆتی دەهێنم، بەیانی دوو بەیانی وەرە وەریبگرە، چووم وەرمگرت. دیم کە رووبەرگی نییە. وتم بۆچی رووبەرگی نییە؟ وتی بەرهەمەکانی هیدایەت تا رادەیەک هەموویان هەر بەم شێوەن. زۆرتریان رووبەرگی نییە خۆی چاپی ئەکات و هەر بەم شێوە بە هاوڕێکانی ئەدات. بەهەر حاڵ من هەر ئەمەم هەیە. لێمکڕی. ئەمە یەکەمین بەرهەمی تەنز هیدایەت بوو کە خوێندمەوە، بۆ یەکەمینجار بوو کە من لەگەڵ تەنز هیدایەتدا ئاشنابووم. ئەمە

شتێکی بە تەواوی نوێ بوو بۆم. پێموایە کە شتێکی تازەیشە لەهەر حاڵدا من بەم شێوە لەگەڵ چووبەک و دواتر هیدایەتدا ئاشنابووم .

**مەبەستی من زیاتر ئەوە بوو کە بۆ وێنە زمانی (خیمه شب بازی) لەسەر کاری وەرگێڕانی ئێوە بە تایبەت لەسەر وەرگێڕانی ماڵئاوایی لەگەڵ چەکدا چ کاریگەریەکی بووە؟ زمانی ماڵئاوایی لەگەڵ چەک زمانێکی نوێ بوو، ئەم زمانە لە کوێوە هاتبوو؟ لەژێر کاریگەری چووبەکدا بوو یان هەمینگۆی؟**

لە راستیدا دەبێت بڵێم کە ئەم زمانە راستەوخۆ بەرهەمی خوێندنەوەی (خیمه شب بازی) و بەرهەمەکانی هیدایەت بوو. من شتێک فێربووم و تێگەیشتم کە نووسین و ئەدەبیات جیاواز لەو شتەیە کە من تا ئەو رۆژە خوێندبوومەوە. واتە زمانی چیرۆک دەبێت لە زمانی باو نزیک بێت و ماڵئاوایی لەگەڵ چەکیش هەر بەم جۆرەیە.

**بە پێی ئەم بۆچوونەی ئێوە، وەرگێڕان جۆرێک خولقاندنە.**

بەڵێ، بەڕای من وەرگێڕان کارێکی خولقێنەرانەیە. واتە بۆ هەر بەرهەمێک دەتانەوێت وەریبگێڕن دەبێت زمانێکی تایبەتی بۆ پەیدا بکەن. بۆ من هەموو کات هەر بەم شێوە بووە. بۆ وێنە کتێبی «بەجێماوی رۆژ» لەبەرچاوبگرن، کە زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، رەنگە کەسێکی تر ئەم کتێبە بە زمانێکی تر وەربگێڕێت. لە راستیدا کراوە . ئاگادارن کە پێش من کەسێکی تر ئەم کتێبەی وەرگێڕاوە. هەڵبەت من دوای ئەوەی کە کتێبەکەم وەرگێڕان چاوم پێکەوت. خراپیشی وەرنەگێراوە، بەڵام زمانەکەی زمانێکی ئاساییە. من پێموایە هەر بەم هۆیە بوو کە جێگای خۆی نەکردووە. هۆی ئەوەی کە وەرگێڕانەکەی من سەرکەوتوو بوو ئەوە بوو کە من گەڕام و زمانێکی تایبەتم بۆ دۆزیەوە. ئەو زمانە – دەزانن، شتێکە وەکو زمانی قاجاری کە من پێموایە دەتوانێت ببێت بە جێگری زمانی ئینگلیزی کتێبەکە. کەواتە بەڕای من ئەوەی کە گرنگە هەر ئەم لایەنە خولقێنەرانەی کارەکەیە. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەم وەرگێڕانەی من خولقاندنی سەر لەنوێی ئەم کتێبەیە. من هەندێک شتی تریشم کەم و زۆر هەر بەم شێوەیە وەرگێڕاوە و پێموایە کە وەرگێڕان خولقاندنێکی سەر لە نوێیە.

**واتە وەرگێڕان بێجگە لە زاڵ بوون بەسەر زمانی سەرەکی دایکیدا پێویستی بە کۆمەڵێک شتی تریش هەیە؟**

له زمانی فارسیدا به درێژایی چل پەنجا ساڵی رابردوو وەرگێڕانی زۆر کراوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت سەرنجبدەین وەرگێڕانێک کە ماوەتەوە، واتە شتێک کە لەزمانی فارسیدا دەمێنێتەوە، رەنگە لە ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست زۆرتر نەبێت. ئەمانە بەرهەمێکن کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، رەنگە بتوانین بڵێین کە ئەم بەرهەمانە لە زمانی سەرەکی خۆیان دووربوونەتەوە دۆن کیشۆت لەبەر چاو بگرن. وتم کە من هەرگیز دۆن کیشۆت-م لەگەڵ دەقە سەرەکیەکەی بەراوردنەکردووە، نازانم قازی تا چ رادەیەک هەڵەیکردووە، بەڵام رای من وایە ئەگەر هەڵەیشی کردبێت گرنگ نییە، چونکە رێگایەکی دۆزیوەتەوە و لەو رێگادا بەرەو پێشچووە. بیستوومە کەسێکی تریش لەم رۆژانەدا خەریکی وەرگێڕانیەتی لەدەقە سەرەکییە ئیسپانیاکەیەوەو رەنگە دروست تریش وەریبگێرێت، بەڵام بە دووری ئەزانم کە هاوتای کارەکەی قازی بێت، لەبەر ئەوەی قازی لە وەرگێرانەکەیدا گەڕاوە و دەنگێکی دۆزیوەتەوە و ئەم دەنگەیە کە گرنگە. من پێموایە کە ئەم شتە فێربووم، کە لە وەرگێڕانی بەرهەمەکاندا، سەرەڕای سەرنجدان بە گواستنەوەی ماناکان، هەر بەرهەمێک دەبێت خاوەنی دەنگی تایبەت بێت. ئەگەر ئەو زمانە تایبەتەت دۆزیەوە بەرهەمەکە سەرنجڕاکێش ئەبێت دەنا وەکو بەرهەمەکانی تر فەرامۆشدەکرێت.

**ئەمرۆ کاتێک ئەگەرێنەوە لای بەرهەمەکانی خۆتان کام وەرگێڕان زیاتر پەسەند ئەکەن؟ لە یەکەم کارەوە کە ماڵئاوایی لەگەڵ چەکە تا نوێترین کار کە پێموابێ (بەجێماوی رۆژ)!**

نازانم. ئەمە پرسیارێکی ئەستەمە. دەبێت بڵێم ئێستا چەند ساڵ دەبێت کە ماڵئاوایی لەگەڵ چەکم نەخوێندوەتەوە. ماوەیەک لەمەوبەر بەڕێوەبەری گۆڤاری وەرگێڕ، بەڕێز خەزاعی فەر، نووسیبوی کە کتێبی ماڵئاوایی لەگەڵ چەکم بردبووە سەر وانەکەم لەوێ خوێندمەوە، بەڵام قوتابیەکان وتووێژەکانی کتێبەکەیان زۆر پێخۆش نەبوو. ئەو بەڕێزە نووسیویەتی ئەگەر دەریابەندەری بیەوێت ئەمرۆ ئەم کتێبە وەربگێرێت، بە زمانیکی تر وەریدەگێرێ. وتووێژەکانی ئەم کتێبە بە زمانی باشوورە، واتە بە زمانی شیراز و بوشەهری. یان شتێکی وەها. ئەمە لەگەڵ زمانی تارانی و مەشهەدی و دیکەی زمانەکاندا جیاوازی هەیە. پێموایە ئەو خوێندکارانەی کە ئەمرۆ کتێبەکە دەخوێننەوە هەست بەم جیاوازییە دەکەن.

**هەڵبەت ماڵئاوایی لەگەڵ چەک جیاوازیەکی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئێوە بۆ هەر یەک لە کارەکانتان زمانێکی تایبەتتان هەڵبژاردووە، بەڵام ماڵئاوایی لەگەڵ چەک پێش ئەوەی بەم دەرنجامە بگەن وەرتانگێڕابوو. واتە لە ماڵئاوایی لەگەڵ چەکدا ڕەنگە هەڵبژاردنی دەنگ و زمانی تایبەتتان لەبەر چاو نەگرتبێت؟**

ڕەنگە، نازانم. وتم کە من چەند ساڵێک دەبێت نەمخوێندوەتەوە. هەر کتیبکەیشم نییە. من زۆربەی کتێبەکانی خۆمم نییە!! بەڵام درەنگ یان زوو دێتە دەرێ. کاتیک لە چاپ دێتە دەرەوە وەریاندەگرم و جارێکیتر ئەیخوێنمەوە بزانم چۆنە، بەڵام پێموانیە پێویستی بە وەرگێڕانێکی نوێ ببێت. پێموایە هەر ئەمەی کە هەیە دروستە.

**زۆر باشە، ماڵئاوایی لەگەڵ چەکتان بەم زووانە نەخوێندوەتەوە، ئەوانی دیکەتان کە بێگومان چاو لێکردووە، بۆ وێنە پیرەمێرد و دەریا، هاکلبری فین، بەجێماوی ڕۆژ و.... لە نێوانیاندا کامیان زۆرتر پەسەند دەکەن؟**

کارە جۆراوجۆرەکان، کاریگەری جیاوزیان لەسەر من داناوە، هەندێکیان پەسەنددەکەم وەکو هاکلبری فین یان بیلی باتگیت، بەڵام هەندێکیشیان بەو شێوەی کە دەبێت پەسەندناکەم. وەکو پیرەمێرد و دەریا . ئێستا بۆ پیرەمێرد و دەریا پیشەکییەکی چڕوپڕیشم نووسیوە، بەڵام هێشتا بەو شێوەی کە ئەمویست دەرنەهاتووە. نازانم بەڵام پێموابێ هاکلبری فین و بەجێماوی ڕۆژ بە وتەی تۆ زۆرتر پەسەند ئەکەم بەڵام بە تەواوی دڵنیا نیم. بۆ وێنە لە ڕاستیدا من خۆم پیرەمێرد و دەریام زۆر پێخۆش نییە.

**بۆچی؟**

لە کاتێکیشدا وتم وەکو ئەوەی کە ئەمم....

**کاتێک وەرتانگێڕا کە بۆ تەلەفزیۆن ڕۆیشتبوون**

بەڵێ. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٥٢دا هاتەدەرێ. هەر ئەو کات خوێندمەوە، بەڵام بیرم لە وەرگێڕانی نەدەکردەوە. لە بیرم ماوە دواتر همایونی سەنعەتی زادە پێی وتم بۆچی ئەم کتێبە وەرناگێڕی وتم ئەگەر ڕاستت دەوێت هیچ کات وەسوەسەی نەکردووم لە هەر حاڵدا نەمکردوە وتی هەوڵێک بدە من دەستمپێکرد و سێ چوار لاپەڕەیشم لێ وەرگێڕا.

**ئەمە کاتێک بوو کە ئێوە لە چاپ و پەخشی فرانکلین بوون کە سەنعەتی زادە بەڕێوەبەری بوو؟**

بەڵێ، وەرمگێڕا، بەڵام بە دڵی خۆم دەرنەهات. وەڵام نا. بە بەڕێز سەنعەتیشم وت ئەمە کاری من نییە. لە دوای فرانکلین کە رۆیشتم بۆ تەلەفزیۆن ئەدیتۆری ئەو فیلمانە بووم کە دەکران بە فارسی، فیلمی پیرەمێرد و دەریا بڵاو بووە و من ناچار بووم کارێک بکەم. یان دەبوو بە کەسانی دیکەم بدایە کە وەریبگێڕن، کەهەرچی فیکرم لێدەکرد کەسێکم بۆ پەیدا نەدەبوو، یان دەبوو خۆم وەریبگێڕم. بەو دەرەئەنجامە گەیشتم کە دەبێت کتێبەکە بە پێشەکی و پلەبەندی تایبەت چاپبکرێت تاکو رێنوێنیەک بێت بۆ خوێنەر. چونکە خوێنەری فارسی زمان زۆر کات ئاگای لە دۆخەکە نییە و باشتروایە بیهێنینە ناو دۆخەکەوە. لەهەر حاڵدا ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە خوێندنەوەی وەرگێڕ لە کتێبەکە و ئەوەی کە بۆچی لە ئەساسادا کتێبەکەی وەرگێڕاوە و کۆمەڵێک وتاری وەکو ئەمانە تێیدا بوترێت.

لە ئاکامدا بیرم کردەوە کە خۆم وەریبگێڕم. ئاگادارن کە بەشێکی زۆر لە دەقی فیلمەکە هەمان دەقی کتێبەکەیە. دەستم کرد بە وەرگێڕانی دەقی فیلمەکە.



ماوەیەک دوای ئەوەی کە فیلمەکە بڵاوکرایەوە، لە تەلەفزیۆن نیشاندرا. دوای دەستمکرد بە بەراوردکردنی وەورگێڕاوی دەقی فیلمەکە لەگەڵ خودی کتێبەکە، بینیم کەم تا زۆر هەر ئەوەیە، تەنیا هەندێک جێگا بەجێماوە. دەستمکرد بە دروستکردنی ئەو جێگایانەی کە بەجێمابوون و لەهەر حاڵدا ئەو شتەی کە دەیبینن دەرهات، بەڵام لە راستیدا هیچ کات لە دەرەنجامی کارەکە بەو شێوەی کە پێمخۆشبوو دڵنیا نەبووم. ئێستاش نیم. لە کاتێکدا کە لە دیکەی کارەکانم دڵخۆش بووم. واتە دوای ساڵەها کە چاوی لێدەکەم دەبینم هەر بەو شێوەی کە پێویست بوو دەرهاتوون، بەڵام رای من وایە کە ئەم کتێبە بە تایبەت بەو شێوەی کە دەبوایە دەرنەهاتووە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کارە جیاوازانە، کاریگەریی جیاوازیان لەسەر من داناوە، هەندێکیان وەکو هاکلبری فین، یان بیلی باتگیت پەسەند دەکەم. بەڵام هەندێکیشیان بەو شێوەی کە دەبێت پەسەندناکەم. وەکو پیرەمێرد و دەریا.

ئێستا بۆ پیرەمێرد و دەریا پێشەکیەکی چڕوپڕم نووسیوە، بەڵام هێشتا هەر بەو جۆرەی کە دەمویست دەرنەهاتووە.

**بەڕای من یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی کاری ئێوە لە بواری وەرگێڕاندا هەر ئەم پێشەکیانەیە کە لە سەر کۆمەڵێک کتێب وەکو پیرەمێرد و دەریا نوسیوتانە. ئەم پێشەکیانە لە راستیدا وەرگێڕانی ئەوەی کردووە بە نووسین و وەرگێڕان. من پێموایە و جارێکیش نووسیومە کە ئەم پێشەکیانە لە دەقی کتێبەکە بۆ خوێنەر بە کەڵکترە. بەڵام چۆن بوو ئێوە بەم قەناعەتە گەیشتن کە دەبێت کارێکی وا بکەن؟**

کاتێک مرۆڤ شتێک وەردەگێڕێت هەر بەو شێوەیە بەبێ پێشەکیش دەتوانێت بە دەستی خوێنەریەوە بدا، بەڵام من پێموایە هەر ئەمە بەس نییە، واتە هەر کتێبێک شتایەکی پێویستە. بۆ وێنە خولقاندنی کتێب چ پلەبەندیەکی بووە، ئایە جێگای رەزامەندی خوێنەران بووە یان نە. یان چ شتێک لە کتێبدایە کە دەبێت سەرنجی پێبدەین، بەڕای من نووسینی پێشەکیەک گرنگە، هەڵبەت لە یەکەم رۆژەوە من ئەم کارەم نەدەکرد. بۆ وێنە ماڵئاوایی لەگەڵ چەکم بە بێ پێشەکی بڵاوکردەوە. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بەهیچ شێوەیەک ئەوەندە ئامادە نەبووم، بەڵام دواتر کاتێک هەمینگۆی خۆی کوشت لە بیرم ماوە شتێکم نووسی کە لە گۆڤاری سوخەندا چاپکرا. دوایی کە کتێبی ماڵئاوایی لەگەڵ چەک سەر لە نوێ چاپکرایەوە ئەو وتارەی سوخەنم لەبری پێشەکی بۆ دانا. یان ئەو کاتەی پیرەمێرد و دەریام بڵاودەکردەوە ئیتر سەبارەت بە هەمینگۆی نووسراوەی زۆر بڵاوکرابووەوە کە بووە هۆی ئەوەی پێشەکیەکی تێروتەسەرلم نووسی. دواتر بەو دەرەنجامە گەیشتم کە دەبێ کتێب لەگەڵ پێشەکی و رێوشوێنی تایبەتدا چاپی بکەی تاکوو رێنوێنیەکی بێ بۆ خوێنەر. چونکە خوێنەری فارسی زمان زۆرجار لە ناو رەوتەکەدا نییە و باشتروایە بیخەینە ناو رەوتەکەوە، لەهەر حاڵدا تایبەتمەندیەکەی ئەوەیە تێگەیشتنی وەرگێڕ لە کتێب و ئەوەی کە بۆچی وەرگێڕاوە و شتایەکی وەها لەوێدا باسی لێدەکرێ. وەرگێڕەکانی ئێمە کەمتر ئەم کارە دەکەن. بەڕای من ئەمە کەم کاریەکی چکۆلەیە. تا ئەو جێگای کە توانیم لە سەر هەندێک لە کتێبەکان چەند شتێکم نووسی. بۆ وێنە کتێبی دەسەڵاتی راسل کە من دوو بەشیم لە پێشدا وەرنەگێڕا، دوایی کە وەرمگێڕا وای بۆ چووم کە دەبێ بڵێم بۆچی وەرمنەگێڕابوو.

**یەکێک لە پرسیارەکان سەبارەت بە وەرگێڕاوەکانی ئێوە هەر ئەم وەرگێڕاوی دەسەڵاتی راسلە. چونکە دەڵێن ئێوە یەک دوو بەشی ئەم کتێبەتان وەرنەگێڕان و ئەویش دەگێڕنەوە بۆ چەپ بوونی ئێوە. چی بووە؟**

دوو بەشی کۆتایی کتێبی راسل بە رای من زۆر لاواز بوو. هەر بەم

هۆیە لە چاپی یەکەمدا، ئەم دوو بەشەم وەرنەگێڕان. بە تایبەت کە ئەم دوو بەشەی کەسێکی تر وەریگێڕابوو. بەڕای ئەو ئەم دوو بەشە زۆر چاکتر بوو. هەڵبەت وەکو خودی راسل، بەڵام ئەم دوو بەشە بە لای منەوە زۆر لاواز بوو و وەرمنەگێڕا. دوایی کە چاپکرا، ژمارەیەکی زۆری خوێنەران خوێندنەوەی سەیر و سەمەریان لێکرد. هەر بەم هۆیە وەرمگێڕا و زیادمکرد. دوایش شتیکم نووسی کە لە کتێبەکەدا چاپکرا و ئەو قیر و قاڵەی بێدەنگکرد.

**دوایین پرسیار سەبارەت بە (وەها بکەن گەورەکان) کە پرسیارێکی هەمیشەییە واتە هیچ کەسێک لێکدانەوەکانی ئێوەی لەمەڕ ئەوەی کە ئەم کتێبە وەرگێڕانە، نە نووسراوە، باوەڕ ناکات. بە تایبەت کە گاڵتەکانی ئەم کتێبە لە گۆڤاری (خوشە)دا، کە ئەحمەدی شاملوو سەرنووسەری بوو، حەوتو بە دوای حەوتوو بڵاوتان ئەکردەوەو دواتر بە شێوەی کتێب دەرتانهێنا. هەروەها لە ویل کاپیش شتێکی دیکە لە زمانی فارسیدا وەرنەگێڕدراوە. تەنانەت هەندێک کەس ئەڵێن کە وەها نووسەرێک بوونی نییە چارەنووسی ئەم کتێبە نادیارە.**

تا ئاخریش هەر نادیار دەبێ. بەڵام دەبێ بڵێم کە ویل کاپی نووسەرێکی ئەمریکاییە و چەند کتێبی هەیە. یەکێک لە کتێبەکانی ئەمەیە کە من لە ژێر ناوی «وەها بکەن گەورەکان» وەرمگێڕاوە. بەڵام ئەم وەرگێڕاوە هەروەها کە لە دەقی کتێبەکە دەردەکەوێت وەرگێڕانێکی ئازادە. ئێستا ئەگەر کەسانێک هەن کە ویل کاپی بۆ ئەوان بوونی نییە، من دەبێ چیبکەم؟ من هەموو جار وتوومە، بەڵام وا دیارە کەسێک باوەڕ ناکات. ئەمەیە کە من وازم لێهێناوە. دەی هەر باوەڕ نەکەن.

**سەرچاوە:**

http://dibache.com/text.asp?cat=8&id=3023

# شەڕ و ئاشتی

مواسیر سکلیەر
Moacyr Sclaire

**بۆ فارسی: ئەسەدوڵڵا ئیمرایی**
**و. لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

دەمویست بچم بۆ شەڕ، درەنگم کردبوو. دەبوو بە تاکسی بڕۆشتمایە. دیسان خەرجییەکی تر. بەم هەڵکشانی کرێیانە کە هەر تاوناتاوێ کەسێک دەگەیشتە جێ، دەیخاتە سەری، خەرجی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو، دەبووە بارێک بەسەر شانی گیرفانی منەوە. گوێی شەیتان کەڕ! لە کاتی خۆیدا گەشتم تا کاتژمێرەکەی خۆم تەواو بکەم و خۆم لە دەردەسەرییەکانی دواتر نەجات بدەم. لە پێش شوێنی کارت بڕینەکە ریزێکی درێژیان دروست کردبوو. بەختەوەرانە من تاقە کەسێک نەبووم خەبەرم نەبووبێتەوە. (ڤاڵتەر)ی هاوسەنگەریشم لە ریزەکەدا وەستابوو و بۆڵەبۆڵی بوو. ئەو نەگبەتەیش بە تاکسی هاتبوو. ئاخر مەگەر ئێمە لەسەر خەزێنە دانیشتووین؟! بەم چەند فلسە سووره مووچە و گرانی کە ئیتر شتێکی نامێنێتەوە.

هاوسێ بووین و تا رادەیەک پێکەوە چووبووینە شەڕ. لە دووەمین پێنج شەممەی هەموو مانگێکدا، سواری ئۆتۆبووسەکەی سەر کۆڵانەکە دەبووین و خۆمان بۆ بەشداری لە شەڕدا ئامادە دەکرد.

ڤاڵتەر وتی: (ئاخر ئەمەیش بووە کار؟ دوای بڕێ).

وتم: (منیش هیچ دڵخۆش نیم. وەڕز بووم!)

بە ئاهوناڵەوە کارتەکەمان بڕی و بەرەو بەشی کارگێڕی چووین، کە

بەشێوەیەکی کاتی شوێنی خۆگۆڕینیان لەوێ دامەزراندبوو. بەناو کاتی بوو، کەچی پازدە ساڵ بەسەر گواستنەوەیدا تێدەپەڕی.

ئەو گەنجەی بەرپرسی ژووری خۆگۆڕین بوو، وتی: (درەنگە).

گوێمان پێ نەدا. کلیلی کۆمەدییەکانمان وەرگرت و خێرا جلەکانمان گۆڕی. جلی شەڕمان لەبەرکرد. تفەنگ و فیشەک و کەلوپەلمان بە هێندەی بیست شانە هەڵگرت و بەرەو هێڵی پێشەوە بەڕێکەوتین.

شانۆی پێکداهەڵپڕژانەکە دەشتێکی هەراو بوو لە دەوروبەری شار. تەلی دڕکاویان بە چواردەوری بەرەی جەنگەکەدا دانابوو و تابلۆیەکیان پێدا هەڵواسیبوو: (نزیک نەبییەوە، ناوچەی شەڕ.) لەم کارانە و شتی پڕوپووچ. کەمتر کەسێک دەهاتە ئەم شوێنە دوورەدەستە.

ئێمە، واتا سەربازان تەپۆڵکەیەکمان لە بەردەستدا بوو بە درێژایی دوو کیلۆمەتر. دوژمنیش، کە هەرگیز نەمان بینی بوو و ئەسڵەن نەماندەزانی شێوەی چۆنە، کیلۆمەترێک لە ئێمەوە دوور بوو و لە پشت تەپۆڵکە و سەنگەرەکانەوە ئێشکی دەگرت. لە دەشتی نێوان دوو تەپۆڵکەکەدا، ئۆتۆمبێلی چکۆلەی وەرگەڕاو، قەڵغانی رزیو و کاڵەوە بوو، تانکی سووتاو و ئێسک و پروسکی ئەسپی تۆپیو لێرەو لەوێ بەرچاو دەکەوت و حیکایەتی لە زەمانێک دەکرد کە شەڕەکەمان دۆڕاندبێت. ئێستا شەڕ گەیشتبووە تۆمارێکی رێژەیی. بە گوتەی فەرماندەی یەکەکەمان (پرۆسەی بزماڕڕێژ و پارێزگاری) ئیتر پێکدادانێکی ئەوتۆ رووی نەدەدا، تەنها پێیان دەوتین لە سەنگەرەکە نەیەینە دەرێ. ئەم فەرمانی پارێزگارییەش بۆ من بووبووە دەردەسەری. کوڕە چکۆلەکەم داوای کردبوو قەوانە تۆپێکی بۆ بەرمەوە و بەم دەستووراتە توندوتیژە ئەمنییەش نەمدەتوانی داواکەی جێبەجێ بکەم. کوڕەکەم بەردەوام دەبووە هۆی زەحمەت.

من و ڤاڵتەر خزاینە سەنگەرەکەوە. بەینی خۆمان بێت جێگەیەکی زۆر خراپیش نەبوو. دواجار جۆرێک بەڕێمان دەکرد. تارادەیەک هەموو شتێکمان هەبوو، مێز و کورسیی، کوانوویەکی چکۆلە و خنجیلانە، کەرەسەی چێشتلێنان. ریکۆردەر و تەلەڤزیۆنی کۆچەریش جێگەی خۆی هەبوو.

وتم: (وەرە دانیشە دەمەتەقێیەک بکەین).

ڤاڵتەر وتی: (بیخەرە دوایی. خەریکی پشکنینی تفەنگەکەی بوو. ناوچەوانی تێکنابوو، بارودۆخی باش نەبوو).

وتی: (ئیتر ئەم ئامێرە بێکەڵکەیش لە کار کەوتووە).

وتم: (پیاوی حسابی، چاوەڕوانی چیت؟ تفەنگەکە هی ساڵی کفتەو

شۆرباکەیە). تەمەنی خۆی کردووە و تفەنگەکەی خۆم دایە دەست. کتوپڕ دەنگێک بەرزبووەوە و گوللەیەک بە فیشکە فیشک بە بان سەرمانەوە تێپەڕی.

وتم: (لەم نزیکانەوە بوو).

ڤاڵتەر بە بۆڵەبۆڵ وتی: (ئەم وڵاخانە دواجار تووشمان دەکەن و یەکێک شەلوشیت دەکەن). تفەنگەکەی لێوەرگرتم و چووە پاسەوانی و یەک لە دوای یەک دوو گوللەی بە ئاسماندا کرد.

هاواری کرد: (ئەمە پەندێک بێت بۆ ئێوەی مێردەزمە). هێشتا لە جێگەکەی دانەنیشتبوو سەروپۆتەلاکی عەریف پەیدابوو. تەلەفۆنی بێتەلی هێنا و وتی: (قوربان، هاوسەرەکەتان لەسەر هێڵە).

ڤاڵتەر وتی: (دەک دواتبڕێ! لێرەیش ئارامم نییە لە دەستی).

بیستەرەکەی لە عەریف وەرگرت.

(بەڵێ فەرموو. خۆمم. زۆرباشە. لەمە باشتر نابێت. نا، هیچ شتێک رووی نەداوە. خۆ من وتم حاڵم باشە. دڵت نەهەژێ، بەڵام پێویست ناکات نیگەران بیت. هەموو شتێک رێکوپێکە. تەواو خۆم پێچاوەتەوە. نا، هەواڵێک لە باران نییە. بیستت؟ من حاڵم باشە. پێویست ناکات داوای لێبووردن بکەیت. تێدەگەم، خوات لەگەڵ ئازیزم).

بیستەرەکەی دایەوە دەست عەریف، وتی: (ئەم ژنە چ بەڵایەکە تووشم بووە! هیچم نەوت. راستییەی خۆیشم نێوانێکی خۆشم لەگەڵ ژنەکەم نەبوو، بەڵام ئارێشەکەی من جیاواز بوو. ژنەکەم باوەڕی نەدەکرد ئێمە لە حاڵی شەڕدابین. گومانی هەبوو و پێی وابوو رۆژەکانم لە موسافیرخانە و کەیف و رابواردندا بەسەر دەبەم. حەزم دەکرد بۆی روون بکەمەوە چ جۆرە شەڕێکە، بەڵام خوا وەکیلە خۆیشم نەمدەزانی. واتا هیچ کەس نەیدەزانی. بابەتێکی ئاڵۆز بوو. دواجار بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە دەستەیەک بووە بەرپرسی پشکنینی بارودۆخەکە. سەرۆکی دەستەکە جارجار دەهاتە سەردانمان. بە دەست ئەو ئۆتۆمبێلەوە دەیناڵاند کە خستبوویانە خزمەتی. خۆی ناوی نابوو ترتڕە. دەسەڵاتی سەرەوە بە بیانووی دەستپێوەگرتنەوە، خۆیان لە گۆڕینی دەپاراست).

بەیانی ئەو رۆژە هەواڵێک لە بەرەی جەنگ نەبوو. یەکێک لە ئێمە فیشەکێکی تەقاند و دوژمنیش وەڵامی دایەوەو تەواو. نیوەڕۆ نانیان هێنا. زەڵاتەی کاهوو، گۆشتی سوورەوەکراو و برنجی پلاو و پۆدینگی بێتام. بە نانی نیوەڕۆ لە قەڵەم دەدرا.

ڤاڵتەر بە فسەفس ناڵاندی: (ئەم زەهرە مارەیش لەبری ئەوەی باشتر بێت،

ڕۆژ بە ڕۆژ بۆگەن دەبێت).

عەریف وتی: (نەکا پێت وابێت ئێرە چێشتخانەیە؟ یا چ بڵێم...).

ڤاڵتەر زەحمەتی وەڵامدانەوەی بە خۆی نەدا.

وەنەوزی دوانیوەڕۆشمان کرد و خەوێکی خۆشمان کرد. کاتێک خەبەرمان بووەوە، شەو داهات بوو.

بە ڤاڵتەرم وت: (ئیتر کاتی ڕۆیشتنە).

نەیدەتوانی بێت. دەبوو ئەو شەوە ئیشکگر بێت. چوومە شوێنی خۆگۆڕینەکە و جلەکانم گۆڕی.

گەنجێکی قۆز وتی: (شەڕ چۆن بوو؟)

وتم: (هێند خۆش بوو. هەر نەبێتەوە).

چوومە کن کاروباری کارگێڕی و لەو کابرا ناوچاو تاڵە توندە فیشەی مووچەکەم وەرگرت و سێ دانە ڕەسیدم دایە. بە پێ تێم تەقاند تا بگەمە وێستگەی ئوتوبووسەکە. کە گەیشتمەوە ماڵێ، ژنەکەم خلی سپۆرتی لەبەر کرد بوو و چاوەڕێی من بوو. بە بێحەوسەڵەیی وتی: (من ئامادەم).

چوومە ژووری نووستن و جلەکانم لەبەرکرد. پێکەوە چووینە ژووری خوێندنەوە و سواری پایسکیلی وەرزشی بووین. لێم پرسی: (لە کوێ بووین؟)

ژنەکەم وتی: (تۆیش کە بەردەوام بیرت دەچێتەوە).

نەخشەکەی هەڵگرت و پیایدا ڕوانی و وتی: (جێگەیەک لە دەورووبەری دەریای ئەدریاتیک).

لە پەسا پایدەرمان لێدەدا. دوای دوو کاتژمێر کە لە هەناسە کەوتین، هێشتا لە حەوزەی دەریای ئەدریاتیک دوور نەکەوتبووینەوە. ڕەنگە تا ساڵێکی تر بگەیشتینایە ئیتاڵیا. کوڕە بەشکم ئەمە خوایە! دوای ئەوەیش دەبێت زیندوو وەمێنین و ببینین. بەم شەڕە نامەردەوە بێگومان ناتوانم بەرنامەی دوور مەودام هەبێت. سەرباری ئەمەیش مرۆڤ هەواڵی لە داهاتوو نەبێت، هەیەجانەکەی زیاتر دەبێت.

**سەرچاوە:**

زن وسگی، ترجمە: اسدالله امرایی، نشر افراز، چاپ دوم، ١٣٨٦.

# پاسەکەی درەنگانی شەو



نووسەری مەغریبی: ئامینە شرادی
و. لە عەرەبییەوە: تۆفیق عەبدول

ئەو دوا سەرنشین بوو ئەو شەوە پاسەکە هەڵی ڕشت. پریاسکەیەکی بچکۆلەی پێبوو ئەوەندەی شتی تێ ئاخنیبوو خەریک بوو هەڵئەتەقی. سەرپۆشێکی ڕەشی دابوو و بەسەریاو کراسێکی ئاودامانی ئەستوریش ئەوەندە کاڵبووبووەوە ڕەنگی نەمابوو، لاشەی لەکزەی سەرمای ئەو شەوە ئەپاراست.

فاتمە لەسەر شۆستەکە تاوێک چاوەڕوانی کرد، ئینجا بووخچەکەی داناو دانیشت تا قاچەکانی کە لەسەرمادا تەزیبوون و لەچاوەڕوانیدا سڕ بووبوون تۆزێک بحەسێنەوە. فاتمە هاتبوو بۆ شار کارێک پەیدا بکات وەک ئافرەتێکی خزمیان بەڵێنی پێدابوو.

ئەو زانیاری دەربـارەی کاری گشتی نەبوو کە لەمناڵیەوە خەوی پێوە ئەبینی، ئەوەنەبێت لاسایی مامۆستای ئەکردەوەو هاوڕێکانی ئەکرد بە قوتابی. گەمەیەکی خۆش بوو بەلای فاتمەوە و زۆر حەزی لێبوو، ئەوەندە باشی لێ ئەزانی هاوڕێکانی هەر بەمامۆستا بانگیان ئەکرد.

سەرماکە جزەی لێ هەڵئەستان و چۆقەی دانەکانی ئەهات و هەستی بەدەست و قاچەکانی نەئەکرد. بێدەنگیەکی گۆڕستان ئاسا درا بەسەر شوێنەکەدا، گۆڕەپانەکە کەسی تیانەما، فاتمە جارجارێک کراسەکەی ئەپێچا لەخۆیەوەو تاوتاو دائەنیشت و بەڕاست و چەپا ئەیڕوانی، بەڵکو ناسیاوێکی پەیدابێت. ناچار

خۆی دایە دەست چارەنوس و پەنای بردە بەر قاچە ڕچیوەکانی و بەدوای تەکسیەکدا بگەڕێت تا بیگەیەنێتە ماڵی خزمەکەی کە نەهات بەدوایا.

بەهەنگاوی خێرا و دڵەکوتێوە جادەکەی ئەپێچایەوە کە لەپێشیەوە درێژ ڕاخرا بو و کەسی لەسەر نەبوو، ئەو چەند کەسە نەبێت کە پاسەکە فڕێی دابوون و بەدوای شوێنێکدا ئەگەڕان تا بەیانی تیابکەون.

دەنگی قۆندەرەکانی لەسەر قیرەکە ئاوازێکی شەوانەی ناسازی لێ ئەدا کە لەگەڵیدا ئەڕۆیشت و هاودەمی تەنیایی بوو، لەدەنگدانەوەکەیدا هەستی بەترپەی دڵی و ژاوەژاوی مێشکی ئەکرد.

ژنەکەی خزمی فاتمە لەشار ئەژیاو لەبۆنەکاندا سەردانی ئەمانی ئەکرد، چیرۆکەکانی خزمەکەی دەربارەی ژیانی شارستان فاتمەی مەست کردبووبەوەی ئەو جیهانە تەپوتۆزی سەر ئاواتە پواوەکانی ئەتەکێنێت و وای بۆ ئەڕەخسێنێت ڕوناکی ئەستێرەکانی بەختی ببینێت.. خۆی دا بەدەم خەونەکانیەوە تا ئەو جێیەی بڕیاری دا ئاواییە بچکۆلەکەی جێبێڵێت و لەشار جێگیر بێت.

گوێی لەدەنگی هەنگاوبوو لەدوایەوە هەتا ئەم پەلەی بکردایە بەرزتر ئەبووەوە و کە ئەم خاوی ئەکردەوە هێورتر ئەبووەوە، هەستێکی ترسناک دایگرت و هێڵنجی ئەهات. تەواو پێی هەڵگرت بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە.

بەو سەرمایە لەترسان و شڵەژان و تەکاندانا ناوچەوانی ئارەقی کردبوو، پێش ئەوەی لەسەر پانتایی دەموچاوی ڕێچکەی خۆی بدۆزێتەوە لە شوێنی خۆیدا وشک ئەبووەوە، لەو چرکەیەدا کە ویستی خۆی بدات بەدەستەوە، بۆ ڕەواندنەوەی ترسی خۆی بیری کردەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو.

فاتمە گەورە بوو و خەونەکانی لەگەڵیدا گەورە بوون کە لەنیوەی ڕێ هەرەسیان هێنا. ڕۆژێک دنیا لەبەرچاوی ڕەشایی بەسەردا هات و ژیانی سەرەو بن بوو کە باوکی بڕیاری دا لەقوتابخانە دەری بێنێت، چونکە دەستیان کورتە و وەڕێلکەیان نییە.

لەگەڵ ڕۆژگـارە تۆراوەکانیدا ڕاهـات و خەونەکانی لەقوژبنێکی ژورە بچکۆلانەکەیدا هەڵچنی و چرپاندی بە گوێیاندا (چاوەڕێم بکەن بەم زوانە دێمەوە بۆ لاتان).

هەندێ جار لەپەرێز و بەراودا بەڕۆژانە کاری ئەکردو هەندێ جاریش مەڕە بەربەنیوەییەکانی ئەلەوەڕاند، ژیانێک کە زۆری نەبرد لەگەڵیدا ڕاهات.

سەیری کرد تاریکیی باڵی بەسەر هەموو بستێکی شارە فراوانەکەدا کێشا، کەشێکی دروست کرد هەر تاوانێکت بووێ لەسایەیدا ئەنجامی بدەیت. دەنگی

هەنگاوەکان نەما کە دوای کەوتبوو و زیڕەی پێکردبوو. گومانێکی پەیدا کرد چاوەکانی زیت کردەوە ئابڵۆقەی تاریکایی شەوەکە ببڕێت و پەلەپەلی لێدانی دڵی خاوبکاتەوە. کەس دیار نییە. سەیرە. بەدەنگێکی بیستراو قسەی لەگەڵ خۆی ئەکرد. لەوکاتەدا ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە کە وەک هەمیشە بەتەنیا لای مەڕبوو، کابرایەکی ڕێبوار ڕێگای پێگرت. ئەم لەدەستی ڕایکرد، دوای کەوت، خۆی کرد بەناو مەڕەکاندا، بەڵام کابرا بەهێزتر بوو.گرتی.

چوەوە بەگژ ترس و بیرەوەری دوێنێ و سەرمای شەو و بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن. دەنگی پێکان دوای کەوتەوە. وەستا. کشومات. بەردەوام بوو، ئاوڕی دایەوە، کەسی بەدواوە نییە. (ئای لەم شەوە نەگریسە!)لەپڕ، لەچرکەیەکدا، لە سەری کۆلانێکەوە خزمەکەی دەرپەڕی، فاتمە گلەییەکی زۆری لێکردو لۆمەو سەرزەنشتی کرد. داوای لێبووردنی کرد بەبیانوی ئەوەی میوانی هەبووە. هەر کە گەیشتنە ماڵەوە فاتمە توڕەبوو، بەدەنگی بەرز باسی دەنگی هەنگاوەکانی کرد کە دوای کەوتبوو. خزمەکەی دایە قاقای پێکەنین تا فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە. بەپێکەنینەوە پێی وت: (کچێ ترساویت! ئەوە دەنگی پێی خۆت بووە) فاتمەش خۆی دایە قاقای پێکەنین، وەکو زۆر دەمێک بێت پێ نەکەنیبێت.

خزمەکەی فاتمە بەردەوام سەردانی خێزانەکەیانی ئەکرد بەتایبەتی کاتێک کە زانی لەمەکتەب دەریانهێناوە.

هەموو جارێک کە ئەچوو کۆمەڵێک دیاری گران و میوە و جلوبەرگی جوانی بۆ فاتمە ئەبرد. هەمیشە گلەیی لەدایکی ئەکردکە فاتمەی بەو هەموو جوانی و گەنجیەوە بەدیار خۆیەوە بەستۆتەوە. ڕۆژێک پێی وت: (ئەگەر بێتە شار ئیشی باشی دەست ئەکەوێت و بەخێرایی پارەیەکی باش پەیدا ئەکات و.. خانویەکی گەورەتان بۆ ئەکڕێت..)

لەوکاتانەدا فاتمە لەژورەکەی خۆیەوە بێ ئەوەی مەبەستی بێت گوێی لە هەموو ئەو قسانە ئەبوو.

گەڕا بەدوای خەونەکانیدا کە لەقوژبنێکی ژورەکەیدا فڕێی دابوون، ئەوەندە کاڵبووبوونەوە ڕەنگیان نەمابوو. نە تێگەیشت بوو، نەپرسیاریشی کرد. بەجێیهێشتن و بۆی دەرچو و گوێی نەدایە هیچ.

ئێوارە هات، مەڕەکانی کردە گەلەخانەکەوە. بێدەنگ خۆی کرد بەژورەکەیدا. لەوکاتەوە گوێی لەقسەکانی دایکی و خزمەکەیان بووبوو سەری لێ شێوابوو ئارامی لێ بڕابوو سڵی لەهیچ شتێک نەئەکردەوە. لەپڕ بەدایکی وت: (ئەمەوێت بچم بۆ شار).

ڕۆژگار بەدوای یەکدا ئەڕۆیشتن بێ ئەوەی جیاوازیان بۆ فاتمە هەبێت. شەوەکانیان وەکو ڕۆژەکانیان وابوو، خواردنی خۆش و جلی جوان و خەو. لەگەڵ خزمەکەیدا نەبووایە لەماڵ نەئەچووە دەرەوە، هەموو جارێک لێی ئەپرسی ئەو ئیشە چییە کە بەڵێنی پێدابوو. ئەویش داوای لێ ئەکرد ئارام بگرێ تا بەخت بەرەو پیری دێت. فاتمە لەشانەی هەنگویندا خەوت و هەر لەبیری چووەوە کە بۆچی هاتووە بۆ شار.

بێ هیچ سەرەتایەک بەیانیان هێڵنجی ئەداو بێ هێز ئەبوو. خزمەکەی گومانی لێ پەیدا کرد،دەربارەی هۆکارەکەی لێی پرسی، بەساکاریەکی منالآنەوە وتی: (نازانم. لەوانەیە خواردنی شارم پێ نەکەوێت. خزمەکەی زۆرزان بوو ئەوەندە لەشاردا بەتەنیا ژیابوو و پشتی بەخۆی بەستبوو پەی بەزۆر نهێنی ئەبرد. کەوتە چاودێری کردنی. ئەوەی پێشبینی ئەکردو لێی ئەترسا هاتەدی. سکی بەرزبووەوە. دەستی دایە زوڵفی و بەر زللەی دا تا دای بەزەویدا و دەم و لوتی پڕکرد لەخوێن (ئەمە چییە داوێن پیسی بێ ئابڕو!!) لەگەڵ ئەودا یادەوەریەکانی ئەو ڕۆژە شومەش هێرشیان کردە سەری، ئەو ڕۆژەی لەناو مەڕەکاندا کابرای ڕێبوار باوەشی پیاکردو لووولی دا و تەختی کرد. دایە پڕمەی گریان و وەکو شێت بەمشتەکۆڵە بەربووە سکی تا لەهۆش خۆی چوو.

شەقام بووبە خانەخوێی تازەی فاتمە. بەهەنگاوی لەرزۆکەوە ئەگەڕا بەدوای داوێکی باریکی قرچۆکدا بیبەستێتەوە بەژیانەوە. شەو و ڕۆژ لەململانێدا بوو لەپێناوی مانەوەدا. (من نەهاتم بۆ شار بەم شێوەیە بژیم). ڕۆژێک بەیەکێک لە شەقام نشینەکانی هاوڕێی وت. هاوڕێکەی بەناسۆر و تاڵاوەوە پێکەنی: (ئەی بۆچی لەسەر شەقام ئەژین) بێدەنگیەکی سەربڕاو و لێزمەیەک فرمێسک کە هەموو نەهامەتیەکانی فاتمەی پێوەبوو بەڕومەتیا هاتە خوارەوە.

ئاوڕێکی دایەوە بەلای هاوڕێکەیدا کە وەکو شارەزا و بەئەزمونێک قسەی ئەکرد. بۆ ئەوەی تێبگات هەمان پرسیاری ئاراستە کردەوە (بەڕاست بۆچی لەسەرجادە ئەژین؟!).

هاوڕێکەی بەزەردەخەنەیەکی گاڵتە پێکردنەوە پێی وت: (چونکە بێ ناموسیت.. منیش.. ئەویش و ئەویش و ..ئەوی تریش. وەک وەڵامەکەی بەلاوە هەڵە بێت، (بەڵام من هیچ تاوانێکم نەکردوە.. من زوڵمم لێکراوە.. من قوربانیم و.. هاوڕێکەی بەقاقایەکی بەرزتر (هەمومان قوربانین.. بەڵام بەلای کۆمەڵگاوە ئێمە تاوانبارین)، لەم قسە زلانە نەئەگەیشت، حەپەسابوو (ئەی کوا ئەو یاسایەی زوڵم لێکراو ئەپارێزێت؟).

هاوڕێکەی وەکو دنیادیوێک وەڵامی دایەوە (کۆمەڵگا یاسا دائەنێت کچم. ئەوەی عاقڵ بێت تێ ئەگات...).

سەرما وەکو دوپشک ئەیدا بەفاتمەوە، جوڵە لەگیانیدا نەمابوو چاوەکانی نەبێت هەڵئەخولان و فرمێسکی گەرمیان لەسەرچاوەیەکی کوڵاوەوە ئەبارانقو نەیانئەبەست و بەچاڵ و چۆڵی دەموچاویدا ئەخزان و پەلەیان بوو خۆیان هەڵبدەنە خوارەوە.

یەک قیژەی کردبێدەنگی و خامۆشی و بێ کەسیی شوێنەکەی وردوخاش کرد، هاواری دایکی کرد، لەباوکی پرسی چی بەسەرهات و چی تری بەسەردێت؟؟!!. لەبەرخۆیەوە وتی: (من هیچم نەکردوە، خەتای ڕانەکە بوو.. بۆ مەڕەکان سزا نادەن.. بۆ هەمویان سەرنابڕن؟

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الفوانیس)ی ئەلیکترۆنی.

# خەو و بێداریی



**شاعیر: لیلا کردبچە**
**و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری**

**هەمووی شەوێ خەون بە مردووکانەوە دەبینم**
**ڕۆژانیش خەون بە بێداریی مردووەکانەوە دەبینم**
**چاوەکانمان بوونەتە گۆڕی بە کۆمەڵ**
**لەگەڵ مردووان**
**لەبارەی مردووەکانەوە دەدوێم**
**دەمم بۆنی کافوری لێدێت**
**مردووکانیش دەست بە لوتیانەوە دەگرن**
**مردووەکانی بێ دەماغ**
**دڵێکیان نییە بۆ بیستنی قسە بۆنخۆشەکان**
**چلۆن بەوان بڵێم**
**هەموو ڕۆژێ لەناو ریزی دووردرێژی نانەواخانەکاندا**
**کەسێک هەیە کە دوایین نانی ژیانی دەکرێت؟**

چلۆن بڵێم؟
کاتێک لەبەر ئەم هەمووە کابووسە
دەنگم دەر نایەت و
بە چاوەکانم قسە دەکەم
هەموو شەوێ
ناسنامەی خەڵکانێکی زۆر
لەتاریکیدا هەڵدەوشێتەوە.
چ بڵێم؟
چۆن بڵێم؟
کاتێک کەسێک نایەت بۆ هەڵدانەوەی ئەم قەبرە پڕ لە تاریکییە.
چاوەکانم کە دادەخەم
بێداریی مردووەکان ئیتر بە خەونیش نابینم.



**سەرچاوە:**
http://www.tasiyan.ir

# هونەر

# هونەر


- نوێخوازیی و گرفتی پێناسەکانی — **تەها ئەحمەد رەسوڵ**
- دیدار لەگەڵ عەباس کەمەندی — **سازدانی: سارا زینەتی**
- وتووێژ لەگەڵ رەشید فەیزنژاد — **ئامادەکردنی: جەلال هانیسی**
- ئالبێرت نۆبز، ژیان لە شێوەی پیاوێکدا — **و: ئازاد بەهین**

# نوێخوازیی و گرفتی پێناسەکانی



تەها ئەحمەد رەسوڵ

دەستپێکی قۆناغی نوێخوازیی و تازەگەریی وەک هەندێک توێژەرەوە پێیان وایە، لەگەڵ بزووتنەوەی چاکسازیی ئاییندا لە ئەوروپا هاتووەتە کایەوە، ئەودەمەی مارتن لۆسەر رابەرایەتی کردووە لەساڵی ١٥١٧-دا، هەرچی چەمکی نوێخوازییە لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا رەهەندی فەلسەفی و سیاسی بەخۆوە بینیوە، واتە سەروەختی لەدایکبوونی بیرکردنەوەی خودیی و ئەقڵانی، هەروەها دارشتنەوەی بنەمای سەرمایەداری بە بیروباوەڕە عەلمانی و سیستمە دیموکراسسەکەیەوە یان ئەوەی بە لیبرالیزم و جیهانی ئازادەوە ناسراوە. هەروەها پێگەیشتنی زانست و تەکنیکەکانی رۆژئاوا و بەرپابوونی شۆڕشی تەکنۆلۆژی کە هەموو بوونە خاپوورکردنی پێودانگی شارستانییانە و ئەو رۆشنبیرییە باوانەی بڕوایان بە جووڵە و گۆڕانەکان نەبوو، لە سایەی ئەم رەوشە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەدا، لەناو جەرگەی بزافی مەعریفییەوە بە هەموو ئاراستەکانی ئیدی سیمای گشتگیری نوێگەریی لای توێژەرەوان دەستنیشان کرا، وەک ئەوەی پیادەکردنی کۆمەڵایەتی و میتۆدێکی هزریی و شێوەیەکی ژیانی نوێ بێت.

هەریەک لە مارکس و دۆرکایم و ماکس فیبەر وەها تەماشای تازەگەریی دەکەن کە بەرجەستەکردنی وێنە و شەقڵێکی کۆمەڵایەتی تەواو بێت، یان

سیماکانی شەقلێکی پیشەسازییانەی ڕێکخراو، کە هەردووکیشیان لەسەر بنەڕەتی ئەقڵانی دەوەستنەوە لە هەموو ئاست و ئاراستەکاندا. (ئالن تۆین) وەها پێناسی دەکات کە جیاکردنەوەیەکی گەورەی نێوان جیهانی سرووشتە کە یاسا و ڕێساکانی هزرێکی ئەقڵانی دەیدۆزێتەوە و بەکاری دەبات لەگەڵ جیهانی خوددا، کە هەموو بنەماکانی پێناسەی خێر و خۆشنودی تێیدا ون دەبن، بەڵام (ماکس فیبەر) وای دەبینێت نوێخوازیی جیاکردنەوەی یەکێتی نێوان ئاسمان و زەمینە، کە وەهمی جیهان دادەماڵێت و جادووەکەی پوچ دەکاتەوە. رای (بۆدلێر) بۆ تازەگەریی ئامادەگییەکی هەمیشەییە لە چرکە راگوزەر و کاتییەکاندا.

فەرهەنگی (وێبستەر) بەم چەشنە هەندێک لە ناسنامە و واتاکانی دەخاتە روو: پیادەکردن، بەکارهێنان، یان دەربڕینێکی تایبەت و دانسقە بۆ زەمەنی نوێ، یاخود شێوەی ژیان و گوزەران و بیرکردنەوەی خاوەن خەسڵەت بۆ زەمەنی نوێ، فەلسەفە و پیادەکردنی هونەری نوێ لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتیش گەڕانەوەیەکی خودیی هۆشیار و بە مەبەست بەرەو رابردوو، یان گەڕان بەدوای فۆرمی تازەدا بۆ گوزارشتکردن لە هەر ژانرێکی هونەریدا.

هەرچۆنێک بێت ئیشکالییەت و ئاستەنگەکانی پێناسەکردنەکانمان، چەمکی تازەگەریی لای توێژەرەوان شتێکە لەو چەمکە سەختانەی نەتوانرێت بەتەواوی دیاری بکرێت، هۆکاری ئەوەش بۆ وشەکە خۆی دەگەڕێتەوە یان بوونی گرفتێکی دەلالی و ئاماژەدان (سیمنتیکا) کە بۆ چەند لایەنێک دەیگەڕێنێتەوە، لەوانە: هۆکاری هونەریی، هۆکاری زمانەوانی، هۆکاری مەعریفی و وەسفئامێز.

هۆکاری هونەریی: لەڕاستیدا ئەم چەمکە بۆ ڕێککەوتنی دەستەیەک دەگەڕێتەوە کە ناو لە شتێک دەنێن، پێناسەکە وەسفکردنی واقیعێکە و لایەنی هونەریی ئیشکالییەتێکی بۆ چەمکەکە دروستکردووە، چونکە تەنها وەسفکردن بەبێ دیسیپلینی واقیع و لەبەرچاوگرتنی گۆشەنیگاکان خۆی لەخۆیدا شپرزەیی دەخاتەوە، چونکە وەسفکردنێکی پێشوەختەی واقیعە و پێش پێودانگەکان دەکەوێت، سرووشتی نوێخوازیش خاوەنی دوو خەسڵەتە کە ناجێگیریی و ناکامڵبوونن، ناجێگیر و ناسەقامگیرە لەبەرئەوەی نوێگەریی ئاراستەی مەعریفەیەکە کە بەرەو سەرەوە دەڕوات و کۆتایی نییە، گۆڕانی هەمیشەیی و هەوڵدانێکی بێ پچڕانە. لە دوو رووەوە نەگەیشتنە بە کامڵبوون، چونکە ئەگەر بگاتە دوا پلەی سەرکەوتنی ئەوا لەخۆیدا دەگاتە کۆتایی خۆی، لەلایەکی تریشەوە بەڕای هەمووان وەک (هابرماس) وەسفی کردووە پرۆژەیەکە هێشتاکە تەواو نەبووە، سەرباری ئەمانەش ناسنامە و پێناسەکردنی بەو شێوەیە دەبێت بە چەند بەشێکەوە بەپێی گۆشەنیگا و روانینی هەمەجۆر بۆ ئەو واقیعەی دەبێتە مایەی

وەسفکردن، یەکێک لەوانەش پەیوەست دەبێتەوە بە بەها و بایەخەوە. (ئەرستۆ) بەمە دەڵێت: گەیشتنە ئاست و پلە بایەخ و بەهای شتەکە دەگەیەنێت.

هۆکاری زمانەوانی: وشەکە لە ریشەیەکی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە (mode) و پاشان modernus کە بەمانای هەنوکەیی و هاودەم و هاوچەرخ دێت و دژ بە کۆن دەوەستێتەوە و دەکەوێتە زەمەنی ئاخاوتنەوە، بەوەش چەمکەکانی دیموکراسی و سەربەستی و هەموو ئەو شتانە نابنە هاوچەرخ و هاودەم و زەمەنی قسەکەرەوە کە نوێخوازیی هەیەتی، ئەگەر بزووتنەوەی رۆشنگەریی دوو سەد ساڵ بەربەرەکانێی هزری کڵێسا و دابونەریتەکانی ئەورووپای کردبێت بەو پێودانگەی ئیدی کۆنن و تازە نین، ئەوا دەکرێت ئەمرۆ لە سەدەی بیست و یەکدا سەرکۆنەی بیروباوەڕی رۆشنگەریش بکرێت لە سۆنگەی ئەوەوە کە نوێگەریی نییە، پەیوەستبوونی نوێخوازیی بە ریشەی وشەکەوە وا دەکات سەخت بێت لێی جیابێتەوە، ئەمەش نەک تەنها ئیشکالییەتێکی بۆ پێناسەکان دروستکردووە، بەڵکو ئیشکالییەتی تێگەیشتن و پیادەکردنیشی خوڵقاندووە لای هەمووان کە پەیوەست دەبێتەوە بە پێناسەکردنی زمانەوانییەوە و رەهەندی هزریی و مۆراڵیی بەرهەمهێناوە، هەروەها ئیشکالییەتی ناوەرۆکیش لای بیرمەندان، هەربۆیە دواتر شتێک دێننە کایەوە بەناوی پۆست مۆدیرنەوە و جاڕی مەرگی مۆدێرنەیان راگەیاند، یان بەپێی وتەکەی (لیریس) نوێخوازیی شتێکە زەمەن تێیپەڕاندووە و فەرامۆشکراوە و چیتر نوێخوازیی نوێ نییە.

هۆکاری مەعریفی: ئەمە سەرباری پێناسەکردنی مەبەست لێی مەعریفە نییە و یەکێتییەکی جێگیر دەگەیەنێت نەک لێکدابڕاو، بەڵکو فرە میتۆد و فرەبابەتییە. ئەم جیاوازییە لە مەعریفەدا فاکتەری ئیشکالییەتن بۆ پێناسەکردنی، چونکە لە هونەردا بەشێوەیەکە و لە فەلسەفە و کۆمەڵناسی و سیاسەت و ئابووریشدا بەشێوەیەکی تر لێکدەدرێتەوە.

نوێخوازیی لە هونەردا بەمانای تازەگەریی دێت، تازەگەریی لە کۆبیزم و فۆڤیزم و سوریالیزمدا، هەرچی پەیوەست دەبێتەوە بە کۆمەڵناسییەوە باس لە تازەگەریی پۆستڤیزم دەکات و ئابووریش لە نوێگەریی فۆردیزم، فەلسەفە نوێگەریی عەلمانییەت و ماتریالیزم دێنێتە بەر باس و زانستیش باس لە تازەگەریی میکانیکی دەکات.

هۆکاری وەسفی و وەسفئامێز: ئەگەر پێناسەکردنی بەمشێوەیە جیاواز بێت لە پێناسەیەکی دیکە ئەوا لەڕاستیدا لە وەسفکردنی واقیعێک زیاتر تێناپەڕێنێت و هەڵبژاردنی پەیڤێکی گونجاو پرۆسەی تێگەیشتن و پێزانینی واقیع و مامەڵەکردن لەگەڵیدا پیادە دەکات، واتە بە هەڵبژاردنی پێودانگەکەی واقیع دەپێورێت و هەموو

خەسڵەت و سیماکانی تێگەیشتن لە شتەکان بۆئەوەیە لە بەهاکەی نزیک ببینەوە، بەوەش پێوانەی راستی و هەڵەی هزر پێدەزانین.

قسەکردن لەبارەی نوێگەرییەوە بەمانای ئاخاوتن دەربارەی هزر، ئیدی رێباز و میتۆد بێت یان بیروباوەڕ و لێکدانەوە، ئەگەر وەسفی بیرکردنەوە بکەین لەڕووی ئاستەکانییەوە، یان توانستی گەڕان و پشکنین، ئەوا بابەتەکە دەستنیشانی ئەو بیرکردنەوە و گەڕانە دەکات، هەر بەوپێیەش دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی سەرپێیی و قووڵ و رۆشنگەر و هەموو ئەمانەش پێویستە لەگەڵ واقیعدا بگونجێنەوە، خۆ ئەگەر وەسفی بیرکردنەوە بکەین وەک بابەت و ناوەڕۆکەکەی، دەڵێین بیرکردنەوەی سیاسی و یاسادانان و زانستی و ئەدەبیی و،... تاد و لەگەڵ واقیعدا تەبا دەبێتەوە، بە میتۆد و بەرهەمی بیرکردنەوەش بۆ مۆراڵ و ئاکار دەڵێین و لەسەر هەق یان پوچ و ماقوڵ یان ناماقوڵ، بەڵام وەسفکردنی نوێخوازیی هزر لەگەڵ هیچ یەکێک لە شێوەکاندا تەبا نابێتەوە ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ دەستنیشانکردنی بیرکردنەوەکان، کە سەبارەت بە شتەکانی واقیع پرۆسێسە دەکرێن.

وێڕای ئەمانە، لە وەسفکردنی نوێخوازیدا ئەگەر نوێخوازیی بە بیروباوەڕێکی نوێ لەقەڵەم بدەین و بیکەینە پێوەری هەموو باشە و خراپەیەک ئەوا زوڵم لە هزر و بیرمەندانیش دەکەین، چونکە هزر بەهاکەی لەدەست دەدات و بەخششی بیرمەندانیش چ رەونەقێکی نامێنێ لەگەڵ هاتنی وەچەی تازەدا کە هەموو شتە کۆن و بەسەرچووەکان دەخەنەوە پشت نوێگەرییەوە.



## ئیشکالییەتی هونەر و واقیع

هەریەک لە ئەفلاتون و ئەرستۆ لەنێوان هونەر و واقیدا دەستنیشانی گرفت و ئیشکالییەتەکانی دەکەن، ئەفلاتون وای دەبینێت هونەر لاساییکردنەوەی واقیعە و لە کتێبی دەیەمی کۆماردا ئەم دیالۆگە دەبینین: سوکرات: چەندین شت هەن وام لێدەکەن باوەڕ بەوە بکەم ئەم شارەی دروستمان کردووە باشترین شار بێت، ئەوەی زیاتریش پاڵپشتی دەکات ئەو دیاریکردنە تایبەتەیە سەبارەت بە شیعر. گلوکۆن: مەبەستت چییە؟ سوکرات: مەبەستم ئەوەیە هەرگیز شیعرێکی کۆپیکراو قبوڵ نەکەین، وابزانم ئەمەش باشتر ئاشکرا دەبێت پاش ئەوەی دەروونەکانمان لەیەکتر جودا کردووتەوە. گلوکۆن: مەبەستت چییە؟ سوکرات: ئەمە نهێنییەکە لەنێوان من و تۆدا و بە شاعیرانی تراژیدیا و هەموو ئەوانەش مەڵێ کە لاسایی دەکەنەوە، چونکە ئەقڵی ئایینپەروەران تێکدەدات، وەختێ گوێیان لەو شیعرانە دەبێت.

لەم دیالۆگەوە ئەوە دەستگیر دەکەین ئەفلاتون هەموو ئەو شتانە ڕەتدەکاتەوە کە بە شیعری کۆپیکراو و لاساییکەرەوە ناویان دێت، پێویستە لێرەدا بپرسین مەبەست لە لاساییکردنەوە چییە؟ بۆچی ئەفلاتون ڕووبەڕووی دەوەستێتەوە؟ لە دیالۆگەکەدا سوکرات پرسیار ئاراستەی گلوکۆن دەکات: دەتوانیت بەگشتی پێم بڵێی لاساییکردنەوە چییە؟ لەڕاستیدا من نایزانم، گلوکۆن لە وەڵامدا دەڵێت: لەو بڕوایەدایت من بیزانم؟ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گلوکۆن بوێر نییە دەستنیشانی لاساییکردنەوە بکات و مەسەلەکە بۆ سوکرات جێدەهێڵێت خۆی وەڵامی بداتەوە. سوکرات نموونە لەسەر مێز و جێگەنوێن دێنێتەوە کە دارتاش لە نموونەوە دروستیان دەکات و ئەگەر لێهاتوو نەبێت ناتوانێت ئەوە بخوڵقێنێت. ئەفلاتون لە زمانی سوکراتەوە دەڵێت: ئەو دارتاشە تەنها بەوە ناوەستێتەوە کە ئەو شتانە دروست بکات، بەڵکو هەموو بوونەوەرانیش دەخوڵقێنێت وەک چۆن خودی خۆیشی و هەموو شتەکانی تریش دەخوڵقێنێت، ئاسمان و زەوی و خواوەندەکان و هەموو ئەو شتانەی کە لە ئاسمان و دۆزەخی ژێر زەویشدا هەن.

کەواتە خواوەند یەکەمین پێخەفی باشی دروستکردووە ئینجا دارتاش دێت و لەڕێی لاساییکردنەوەوە پێخەفێکی لەو جۆرە دروست دەکات، پاشان نیگارکێش دێت و نیگاری پێخەفەکە دەکێشێت، بەمەش بە سێ پلە کارەکەی زۆر لە ڕاستی دووردەکەوێتەوە و لاسایی لاسایی دەکاتەوە، شاعیریش هەروەکو نیگارکێش تەنها دەگاتە ڕواڵەتی شتەکان بێ ئەوەی ڕۆبچێتە ناو گەوهەر و سرووشتەکەیەوە، هونەر بەگشتی کۆپیکردنەوەی ڕواڵەتە، ئەفلاتون دەڵێت: کە هەموو ئەو شتانە دروست دەکات واتە تەنها بەشێکی بچووکی شتەکانە و

لێکچوویەتی، نموونەی ئەمە نیگارکێش وێنەی کاری پینەدۆزێک دەنەخشێنێت یان دارتاش و هەر کەسێکی تر، بێئەوەی هیچ لە پیشەکەیان بزانێت، بەڵام ئەگەر هونەرمەندێکی لێهاتوو بێت دەتوانێت وێنەی دارتاشەکە دروست بکات و لەدوورەوە نمایشی بکات تاوەکو منداڵان و کەسە ئاساییەکان بخەڵەتێنێت و وا بزانن شتێکی راستەقینە دەبینن. هونەر تەنها لاسایی رواڵەت دەکاتەوە بەپێچەوانەی فەیلەسوفەوە کە دەرک بە ڕاستی دەکات و پێیدەگات، ئەفلاتون پێی وایە بەرهەمی شاعیران خەسڵەتێکی لاوازی هەیە و دوای رواڵەتەکان دەکەوێت نەک قووڵایی.

دەربارەی ئەمە دەڵێت: ئێمە لەسەر هەقین کاتێک رووبەڕووی شاعیر دەبینەوە و لە شوێنی نیگارکێش دایدەنێین، چونکە کارێکی کەم بەها دەبەخشێت بە بەراورد بە راستی، ئەگەر ئەفلاتون دژ بە هونەر بوەستێتەوە لەبەرئەوەی پەیوەست دەبێتەوە بە رواڵەتەوە نەک راستی، ئەوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعر بەتایبەتی کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر سرووشتی ئادەمیزاد و نموونەی زیانبەخش دەداتە خەڵکی، شاعیر کەسێتی خۆی لە کەسێتیی ئەوانی تردا ون دەکات و رەنگە شتێک لە شەڕانگێزی هەڵگرتبێت مادامەکی بە زمانی شەڕانگێزان دەدوێت و گوزارشت لە هەڵوێستەکانیان دەکات، هۆیەکی دیکە کە دەتوانین بیرکردنەوەی ئەفلاتونی تێدا چڕ بکەینەوە، ئەوەیە کە شیعر وێنای خواوەند و بەشێوەیەکی نەشیاو دەکات و وەها وەسفی خواوەندەکان دەکەن کە ئەگەر خەسڵەتی مرۆڤ بوونایە چ شکۆیەکیان بۆ نەدەمایەوە، پاشان شاعیران ناتوانن شارێکی شیاو دروست بکەن کە یاسا و ڕێسای هەبێت و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی فەراهەم بکات، ئەوە تەنها ئەرکی فەلسەفەیە و ئەرکی فەیلەسوفیش کە تاقە داهێنەرە دەتوانێت ئەو شتە بەئەنجام بگەیەنێت, هەربۆیە شاعیران لە کۆمارەکەی وەدەردەنێت و شیعر لە پلەیەکی کەمتر لە فەلسەفە هەڵدەسەنگێنێت.

ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا پێی وایە لاساییکردنەوە گەوهەری کاری هونەرییە، چەمکی هونەر لای یۆنانییەکان بەمانای چالاکییەکی دروستکراو و خوڵقێنراوی سوودمەند دێت، یۆنانییەکان هونەریان لە شیعر و موزیک و گۆرانی و هونەرەکانی تردا قەتیس نەکردووە، بەڵکو هەموو پیشەکانی وەک دارتاشی و ئاسنگەریی و بەرهەمهێنانی پیشەسازیی بە هونەریان لەقەڵەم داوە، واتە دروستکردنی خانوو و جلوبەرگ و قاپ و قاچاغیش. هونەری شیعر هاوشانی کتێبی (وتاربێژی) ئەرستۆ تیایاندا نایەوێت راستییە رەها و جێگیرەکان دابنێت ئەوەندەی مەبەستییەتی شاعیرێکی باش بخوڵقێنێت و بنەمای شیعرێکی دیاریکراو دابڕێژێت، هونەر بەو پێودانگە دەڕژێتەوە نێو بەهایەکی پیشەسازیی

و بەرهەمهێنانەوە، نەک وەک ئەوەی زایەڵەی جوانیی سرووشت بێت، رای وایە ئەرکی هونەرمەند لەوەدا کۆنابێتەوە کە وێنەی رووداوە دووبارەکانی سرووشتمان پێ ببەخشێت، بەڵکو ئەرکەکە رێککردنەوەی سرووشت و گۆڕینی واقیع و ژیانە، راستە هونەرمەند سرووش لە واقیعەوە وەردەگرێت یان لە سرووشت و ژیانەوە، بەڵام گومانی تێدا نییە کاری هونەریی هەمان واقیع و هەمان سرووشت و ژیان ناگەیەنێت.

ئەرستۆ بنچە و گەوهەری هونەر بە لاساییکردنەوەی سرووشت لێکدەداتەوە، ئەو کۆپیکردنەوەیەش لە سرووشتی مرۆڤدا بوونی هەیە، هەر بەو شێوەیەش منداڵ دەتوانێت فێری زمان ببێت و لاسایی گەورەکان بکاتەوە ئەگەر نا هەرگیز فێری نەدەبوو، لاساییکردنەوە لەگەڵ مرۆدا دێتە کایەوە و بەو هۆیەوە یەکەمین زانیارییەکان وەردەگرێت. ئەرستۆ دەڵێت: رەنگە شیعر لە دوو هۆکارەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە هەردووکیان سرووشتین، یەکەم لاساییکردنەوە لای مرۆ شتێکی رەمەکییە و لە منداڵییەوە تێیدا دیاری دەدات، خەڵکی چێژ لە لاساییکردنەوە دەبینن، هۆکاری دووەمیش ئەوەیە فێربوون چێژبەخشە نەک تەنها بۆ فەیلەسوفەکان، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی، ئێمە دڵخۆش دەبین بە بینینی وێنەکان، چونکە سوود وەردەگرین لە بینینیان و لێیان تێدەگەین. لێرەوە دەردەکەوێت کە شیعر لای ئەرستۆ لە هۆکارێکی سرووشتییەوە دێتە ئاراوە، چونکە خولیای لاساییکردنەوە لە مرۆڤدا بوونی هەیە و هەر ئەوەشە وای لێدەکات لە ئاژەڵان جیابکرێتەوە، پاشان هەستکردن بە چێژ و خۆشنودی بەرامبەر بە لاساییکردنەوەش لەلای مرۆڤ. پەیدابوونی شیعر دیسانەوە مەیلێکی سرووشتی مرۆڤە، واتە مەیلی ئاواز و ریتم کە لە شیعردا بوونیان هەیە، لێرەوە شیعر وەک شتێکی سرووشتی و لاساییکردنەوە لەلای مرۆڤ سەریهەڵداوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو مەیلەی مرۆڤیش کە بۆ ئاواز و ریتمەکان هەیەتی. ئەرستۆ دەڵێت: رەمەکی لاساییکردنەوە شتێکی سرووشتییە تیاماندا هەروەک ئاواز و ریتمەکان و شێوازی بەکارهێنانیان وایکردووە لەگەڵ مەیل و خولیاکانیدا بۆ رووداوەکان گوزارشتی خودیی هەبێت و لەوێشەوە کۆمیدیا و مەرگەسات هاتوونەتە کایەوە کە قۆناغێکی گەشەسەندووە لە شیعردا.

ئامانجی هونەری لاساییکەرەوە چێژبەخشینە بە ئادەمیزاد، لای ئەرستۆ چێژ بەمانا رۆحییەکەی دێت نەک لەڕووی هەستەوە، مەبەستی لە چێژی باڵایە کە خۆشنودی و چێژی ستاتیکی دەستگیر دەکرێت کە سەرچاوەکەی لە هەستکردن و پێزانیندایە، نەک چێژێک بێت لە جەستەدا. ئەرستۆ سەبارەت بە هونەری لاساییکەرەوەی مەرگەساتدا پێی وایە پاکبوونەوەیە لە کاردانەوەی

ترس و بەزەیی و میهرەبانیدا، لێرەوەیە ئەرکی هونەر لای ئەرستۆ دەبێتە پاکژکردنەوەی کاردانەوە و هەڵچوونە مرۆییەکان و وازهێنان لە دژکردەوەی توند کە دەروونی مرۆ دەگرێتەوە.

لەم ئەرکەدا ئەرستۆ بایەخێکی شیاو دەدات بە هونەر و شیعر، ئەگەر ئەفلاتون شاعیرانی وەلانابێت و لە کۆمارەکەیدا جێگەیان نەکاتەوە، ئەوا شکۆی دەگەڕێنێتەوە و بە هۆکارێکی فێرکاریی لێکدەداتەوە هەروەک فەلسەفە. رەگەزەکانی خوڵقاندن و ئەفراندن دوو شتی زۆر پێویستن بۆ هەموو هونەرمەندێک، ئیدی شاعیرێک بابەتێکی ئاست بڵند و ئایدیاڵی بکاتە کەرەسە یان واقیعی، لە گۆشەنیگای داهێنانەوە پرۆسەی دەکات، چونکە وێناکردنە زەینییەکانی دەردەبڕێت، نەک ئەوانەی لە جیهانی دەرەکیدا هەن، بەوەش چیتر لاساییکردنەوە رۆڵی نامێنێت و لە لاساییکردنەوەی ئاسایی جیادەکرێتەوە. بەم پێودانگە هەموو ئەو کارانە دەستنیشان دەکرێن کە دەرژێنە نێو بۆتەی هونەرەوە یان بەپێچەوانەوە، ئەرستۆ ئەرکی شاعیر لە ئەرک و رۆڵی مێژوونووس جیادەکاتەوە وەختێ دەڵێت: وتمان ئەرکی راستەقینەی شاعیر ئەوە نییە کە بە راستەقینە هەن و روویانداوە لە واقیعدا، بەڵکو بەو شێوەیەیە کە رەنگە رووبدات، چ مێژوونووس و چ شاعیر سەرەتا وەک یەکن و ئەمیان بە پەخشان دەیگێڕێتەوە و ئەویتریان بە شیعر، لەوەدا وەک یەک نابن کە یەکەمیان بەو چەشنە دەیگێڕێتەوە وەک لە واقیعدا بوونی هەبووە و ئەویتریان وەها دەیگێڕێتەوە کە دەشێت رووبدات. شیعر پێگەی مەزنتری هەیە وەک لە مێژوو، شیعر گشتی دەگێڕێتەوە و مێژووش تایبەتی و بەشەکان، هەموو ئەمەش پیشەی لاساییکردنەوە تێدەپەڕێنێت و کۆپیکردنەوە دەکاتە لاسایی نموونەیەک کە شاعیر وێنای دەکات، نەک وەک چۆن هەیە لە واقیعدا، رەگەزی خەیاڵ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسێسەی لاساییکردنەوەی شاعیردا، شاعیر راستییەکی نوێ لە هەمبەر واقیعەکە دەخاتە روو کە لە خودی واقیعەکە باڵاترە، ئەمەش لەمیانی خەملاندن و پێکهێنانی کەرەسەی لاساییکردنەوەکەدا دەکات لەنێوان بەش و یەکەکان و لابردنی ئەو شتانەی پێویست نین. ئەو کارە هونەرییەی هونەرمەندی لاساییکەرەوە دەیخوڵقێنێت کارێکی واقیعیانە نییە بەمانایەکی تەواو، بەڵکو شێوەیەکی لێکچووی ئەو شتانەیە کە لە سرووشت و واقیعدا بوونیان هەیە، ئەو کارەکتەر و کەسێتییانەی کە (سۆفۆکلیس) لە شانۆیی و (هۆمیرۆس) لە داستانەکانیدا وەسفیان کردوون هەمان ئەو کارەکتەر و کەسێتییانەی نێو واقیع و ئەو مێژووەدا نین کە راستەقینە هەبوون، بەڵکو کاراکتەر و واقیعگەلێکن بەوپێیەی داهێنەرەکانیان بەرجەستەیان کردوون لە زەین و بۆچوونی خۆیاندا.

لاساییکردنەوە لە هونەردا پەیوەست دەبێتەوە بە هەموو ئەوانەی بە واقیع ناسراون، یان وەک نموونەیەک کە پێویستە هەبن، یاخود هەموو ئەو شتانەی خەڵکی لەبارەیەوە دەدوێن. هونەری راستەقینە بە پێودانگی ئەرستۆ گوزارشتێکی باڵا و داهێنەرانەیە لەو راستییانەی ناچنە بازنەی هەبووەوە، واتە هەموو ئەو شتانەی لە واقیعدا شیاون و هەن، لێرەوە ئەرستۆ هونەر دەخاتە خزمەتی راستییەوە و وا لە هونەرمەندی لێهاتوو دەخوازێت کە هەموو وزە و توانستی ئەندێشمەندیی داهێنەرانەی بۆ گوزارشتکردن لە راستیی شتەکان بەکاربهێنێت، هونەر وەکو فەلسەفە دەتوانێت بگاتە راستی لەمیانی خەیاڵ و وێناکردنەوە وەک چۆن فەلسەفە لەڕێی داماڵین و گشتاندنەوە کە پەیوەستن بە ئەقڵەوە، پێی دەگات.

لێرەدا پێویستە بپەڕینەوە و ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی ئەمڕۆ هونەرمەندان گرنگی نادەن بە شێوە و فۆرم لە هونەری هاوچەرخدا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێت بەرەو ئازادییەکانی هونەرمەند و چەمکی هونەری نوێ بگەڕێینەوە کە سەرهەڵدانی قۆناغێکی هونەرییە و وەرچەرخانی دیدگا و پێودانگە هاوچەرخەکانە. پاش بزووتنەوەی سەربەخۆیی هونەریی هاوچەرخ کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێ کردووە و زۆرینەی هونەرمەندانی جیهانی پیادەی دەکەن، گرنگترین خەسڵەتی بەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادی بوو و گەوهەرەکەشی ناوەرۆک و بیرۆکە بوو، کە نەک تەنها داماڵین و رووتکاریی لە فۆرمدا بەرقەرار کرد، بەڵکو ناوەرۆک و بیرۆکەکانیشی گرتەوە، ئەمەش بۆ چێژوەرگرتنی ئەو جەماوەرە دەگەڕێتەوە کە هونەری نوێیان وەک زمانی سەردەم قبوڵ کرد، واتە هەم هونەری نوێ ئەو بەشدارییە بێ مەرجەی لە هونەردۆستان ویست و هەم هونەردۆستانیش ئامێزیان بۆ ئەو شێوازە نوێیەی هونەر کردەوە، بەوەش رێباز و تەوژمە هونەرییەکان بنەمای نوێ و پێودانگی تازەیان بۆ چەمکی ستاتیکا داڕشتەوە لە کارە هونەرییەکاندا، بەمانای دەستخستنی ئازادی و بەرجەستەکردنی ئەزموونی هونەریی لە بەخششەکاندا، هونەر بازێکی ئەوتۆی دا بەرەو گۆڕینی بایەخدانەکان لە فۆرمەوە رووەو ناوەرۆک و لەوێشەوە ئیدی ئەزموونی تایبەتی هونەرمەندان و دەربڕینی ناوەکیی هونەرمەند بووە گرنگترین پێکهاتەی کاری هونەریی.

ئەگەرچی ناوەرۆکەکان پێویستە بەرجەستە بن لە کارە هونەرییەکاندا، سەرباری ئەمەش ئەزموونی هونەرمەندان چیتر وابەستەی لاساییکردنەوەی واقیع نەدەبوونەوە هێندەی دەڕژانە ناو روانینی هونەرمەندانەوە تا کار گەیشتە ئەوەی شتەکان بەرەو سەمەرەیی و ناواقیعی پەل بکوتن. هونەرمەندان وازیان

لە ریالیزمی سرووشتی هێنا و شتە رواڵەتییەکانیان فەرامۆش کرد، بۆئەوەی قووڵتر رۆبچنە نێو دەروونی مرۆڤایەتی و گەڕان و پشکنین بەئەنجام بگەیەنن، بگەڕێن بەدوای شتی پەنهان و نادیارەکاندا کە واقیع نایاندۆزێتەوە و پەیان پێ نابات، گەورەترین ئیشکالییەتی هونەری نوێ هەوڵەکانی بوو بۆ وەسفکردنی نامەئلوف و ناوەسفکراو و دۆزینەوەی رێگەیەک بۆ گوزارشتکردن دەربارەیان.

هونەری هاوچەرخ خاوەنی زمانی خۆیەتی و بەو زمانە گوزارشت لە شتەکان دەکات، زمانێکە رۆدەچێتە نێو نائاگاییەوە و وێنای دەکات، ئەوەش بە رەنگرێژکردنی بیرۆکەکانی نائاگایی و بڕوامەندیی بە توانستی ئەوتۆی خەونەکان، چیتر ئەو زمانە بنەماکانی نیگارکێشانی باو پیادە ناکاتەوە و زیاتر بەرەو تەمومژ و ئاڵۆزیی دەڕوات، تەمومژ لێرەدا بەو مانایەیە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی هونەریی بۆ دۆزینەوەی هێما و سیمبۆلی شێوەکاریی ناکۆتا و هەڵگری ناوەرۆکی هزرییە کە وا دەخوازێت وەربگێڕدرێن و لە ناوەرۆکەکانیان قاڵ بێت. تابلۆی هونەریی دەبێتە مایەی سەرنجمان بێئەوەی پێویست بکات لێی تێبگەین، چونکە بە زمانێک نەخشێنراوە گوزارشت لە شتەکان دەکات بێئەوەی تێیان بگەین، بەڵکو دەلالەت و ئاماژەدانەکانی هونەرمەندە کە دەیەوێت بە راستگۆیی بەرجەستەیان بکات، هەموو ئەو ئاماژانەش دیسانەوە بەر ئاماژە و هێماکانی ئێمە دەکەونەوە کە لە ئەزموونماندا کەڵەکە بوون، پێدەچێت تێگەیشتنەکان هەندێک جاریش ئەستەم بن کە ئەوەش لایەنێکی جوانە لە هونەری هاوچەرخدا. پشت نەبەستن بە ئاستی روونی و ئاشکرایی هێماکان و زمانی هونەریی و پەیامەکەی لەسەر ئەوە دەگیرسێتەوە کە خاوەن پەیامەکە هەیەتی لەگەڵ وەرگرەکانیدا، لەبەرئەوەی رایەڵێکی هاوبەش هەیە لەنێوان هونەرمەند و وەرگردا و پەیوەست دەبێتەوە بە ئەزموونی کەڵەکەبووی هەردووکیانەوە بۆ تێگەیشتن لە واتای هێما و سیمبۆڵەکان.

هەندێک لە چێژوەرگران و هونەردۆستان وەها تێدەگەن کە بایەخ نەدان بە فۆرم لە کاری هونەریدا، یاخود سادەکردنەوەی شێوەکان و پەڕینەوە بۆ ئەبستراکت بەمانای ئەو شتانەی دەچنە پشت لێکدانەوە و دیراسەکردنەوە کە نەبوونی تەکنیک تێیاندا هەیە، وەلێ بەپێچەوانەوە بەڕای توێژەروان و پسپۆڕان، یان لای هونەرمەندانی سەر بە رەوتی هونەری هاوچەرخ، دۆزینەوە و پێشکەشکردنی فۆرمی نوێ لەبنەڕەتدا بۆ ئەزموونی کەڵەکەبوو دەگەڕێتەوە کە زیاتر ئەرکێکی سەختتری هەیە وەک لە کۆپیکردنەوەی واقیع، هونەرمەندی هاوچەرخ لەمیانی کارەکانیدا جیهانە تایبەتییەکەی دەخوڵقێنێت و دەیەوێت ناوەرۆکە هزرییەکەی بگەیەنێت، دەشێت کارێکی تەواو واقیعی هەڵگری

پەیامێکی گشتی بێت هەڵگری ڕەهەندێکی فەلسەفی و هزریی نابێت بە بەراورد بە کاری نوێ و هاوچەرخ کە زیاتر لەسەر بیرۆکە و ناوەرۆک دەوەستێتەوە. لەم جۆرە کارانەدا دەکرێت وەرگر و بینەر ڕۆبچنە نێو جیهانەکانەوە و شتی نوێ بدۆزێتەوە لە خەیاڵی هونەرمەندندا، واتە سرووشت و جیهانێک دەبینێتەوە کە هەرگیز سرووشت و جیهانە راستەقینە و هەستپێکراوە واقیعییەکە نییە، هەندێ جاریش بە مەبەستەوە تێکەڵاوبوونی زەمەن و شوێن بە کارە هونەرییەکانەوە دیاریدەدەن و دەبنەوە ڕەگەزێکی دیکەی ستاتیکا.

ئەگەر لەوە بکۆڵینەوە کە ئەرکی سەرەکی هونەرمەند چییە لە هاوکێشەکەدا، دەتوانین لە دۆزینەوەی لۆژیکێکی نوێدا پێناسەی بۆ بکەین کە وا دەخوازێت بەردەوام هونەرمەندان ئاسۆیان فراوانتر بکەن بۆ بەخشینی ئەو لۆژیکەی یەکەم و دواجار لۆژیکی جیهانی ناوەکیی کاری هونەرییە. هونەری هاوچەرخ سنووری نییە و نغرۆی جیهانی بینراو و مادی و ناوەکیی دەبێتەوە بەشێوەیەکی ئازادانە کە هەڵوێست و دیدگای هونەرمەندەکانە لەڕاستیدا، چونکە هەڵوێستێکە گوزارشت لە هەڵبژاردنی هزریی و ستاتیکی خودیی دەکات. ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستە ئاراستەی بکەین ئەوەیە بپرسین بۆچی هونەرمەندان ڕوودەکەنە تێکشکاندنی هەموو بنەماکانی تەکنیک و شێوازەکان لەکاتێکدا لە پەیمانگە و کۆلیژەکانی هونەردا دەیخوێنن؟! زۆرینەی هونەرمەندانی هاوچەرخ بەرەو تێپەڕاندنی بنەما ئەکادیمییەکان دەڕۆن، ئەوەش بەوپێیەی ئەو لادان و تێپەڕاندنە نەبێتە زیان بۆ پێکهاتەی هونەریی، مەسەلەکە پەیوەندی بە تێکشکاندنەوە نییە ئەوەندەی پەیوەندی هەیە بەوەوە کە هونەرمەندان دەچنە ژێر چەتری هاوچەرخییەوە، هەریەکەشیان دەیەوێت ستایل و شێواز و ڕێچکەی هونەریی خۆی دەستنیشان بکات. بنەما ئەکادیمییەکان بۆ هەموو هونەرمەندێک پێویستە و هونەرمەندانی هاوچەرخ لە سەرەتادا پیادەی دەکەن ئەوەش بۆخاتری پێزانینی مەعریفەی بنەمای خەملاندن و پێکهاتەکان، یان پێکهاتەی ڕەنگەکان و خوێندنەوەی کاری هونەریی و چۆنێتی بەرجەستەکردنی بیرۆکەکانی لە کاری هونەریدا، بەڵام دوای ماوەیەک بەپێی ئەزموون پەیوەندی نێوان هونەرمەند و کاری هونەریی دێتە کایەوە، هونەرمەند دێت و ئەزموونە ئەکادیمییەکانی ئاوێتەی بەهرە سەرەتاییەکانی خۆی دەکاتەوە تاوەکو هونەرێکی سەقامگیر و هاوسەنگ دەستگیر بکات، واتە گەڕانەوە لەپاش ئەزموونەوە بەرەو خود و لێکدانەوە تایبەتییەکان، گەڕانەوە بۆ دیدگا زۆر تایبەتییەکان کە هونەری نوێ زیاتر جەختیان لێدەکاتەوە، هونەرمەند ئیدی دەکەوێتە دیالۆگ لەگەڵ ماتریالدا. هونەری نوێ ئەوەندەی وابەستەبوونە بە ماتریالەوە، واتا و مانا دەبنەوە

بەرهەمی ئەو کارکردنەی ماتریال و پەیوەندییەکانی بە هونەرمەندەوە، هەربۆیە هونەری نوێ ناخوازێت وەرگرەکەی کەسێکی پڕ مەعریفە بێت ئەوەندەی لە هەستەکانیدا بەشداربوونێکی راستەوخۆی هەبێت لەگەڵ کارە هونەرییەکەدا.

پرسیارێکی دیکەی پێویست ئەوەیە بڵێین ئایا فۆرم و شێوەی کاری هونەریی گرنگی و بایەخێکی دەبێت لای وەرگر؟ یان ئەمە وا لە هونەر دەکات لە ستاتیکا دووربکەوێتەوە کە لەبنەڕەتدا خەسڵەتی هونەرە و هەوڵدانی کاری هونەرییە تاوەکو پێی بگات؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بۆ گۆشەنیگاکانی هونەری هاوچەرخ پەل بکوتین کە روانینێکە بۆ جیهانێکی پڕ لە شتی پەرتەوازە کە بایەخیان نادیارە، هونەرمەند لەوەدا نایەوێت شتی دیکەیان بۆ ئیزافە بکات ئەوەندەی لە خۆیاندا بوونی هەیە و دەرکیان پێ نەکراوە، ئەوەی لەسەر هونەرمەندە دۆزینەوەیانە و نمایشکردنیانە کە چ جۆرە پەیوەندییەکیان بە شتەکانی ترەوە هەیە، گەڕان بەدوای ئەو پەیوەندییانەدا خۆی لەخۆیدا ئەزموونی دەرککردنە راستەوخۆکان تێدەپەڕێنن، لە هونەری هاوچەرخدا چێژوەرگر بەشێکی دانەبڕاوە لە کاری هونەریی، چونکە ئەرکی ئەم هونەرە نوێیە بەخشینی پێزانینەکانی هونەرمەندە بە وەرگر، واتە هەموو ئەو شتانەی هونەرمەند هەستیان پێ دەکات بگەنە بینەران و وەرگران تا ئەوانیش بەشدار ببنەوە و هەست بەو شتانە بکەن کە تێیدا دەژین و هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتووە، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان شتەکان و مرۆڤ کە بەشێکە لە سرووشتی ئەو شتانە و کاریگەریشیان لەسەر یەکتری، ئەمەش ئاوێتەکردنەوەی هونەرە بە ژیانەوە و زیاتر دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە تۆکمەیەی نێوان هونەر و ژیانە، لە هونەری نوێدا سەرنج دەدەین هونەر پەڕینەوەیە لە چەمکە جێگیر و چەسپاوەکانەوە بۆ چەمکی ناجێگیر و گۆڕدراو، ئەوەی هونەری هاوچەرخ هەوڵی بۆ دەدات بەشدارییەکی کارای وەرگرە و گواستنەوەی نمایشەکانە لەنێو هۆڵەکانەوە بەرەو جەرگەی جیهان، چوارچێوەی تابلۆکان لێرەوە بوون و گەردوونن، نەک چوارچێوە تایبەتییەکان و هونەرمەند ئەزموونی راستەوخۆ لەگەڵ سرووشت و جیهاندا پیادە دەکات.

ئەوەی پەیوەندی بە لاساییکردنەوەی سرووشتەوە هەیە لە کاری هونەریدا، هونەرمەند ئەرکێکی نوێی لە ئەستۆ گرتووە و تەنها بە کارامەیی و دەستڕەنگینی ناوەستێتەوە، بەڵکو بیرۆکە و تەکنیکی جۆراوجۆر پیادە دەکاتەوە سەرباری بایەخدان بە ئەزموونگەریی و ستایلی تایبەتی خودیی، ئەزموونی هونەری نوێ پشت ئەستوورە بە گوتار و هەوڵی گۆڕینی روانین و دیدگاکان دەدات. نوێخوازیی بە سرووشتە رەخنەئامێزەکەی بەوە قایل نابێت کە هونەر نمایشی سیستمێکی

ستاتیکی جیهان بێت لە بارێکی جێگیردا، بەڵکو ویستە نوێیەکان ئەزموون دەکات و سەرلەنوێ روانینەکان بۆ جیهان دادەمەزرێنێتەوە.

ئەگەر بێینە سەر باسی نوێخوازیی و ئەزموونی ستاتیکی، ئەوا پێویستە بڵێین کە نوێگەریی هونەری نەخستووەتە نێو ئێشکالییەتی هزرەوە، ئەوەندەی ئەزموونی هونەریی بەرەو بیرکردنەوە بردووە، هونەرمەندان دڵنیان لەوەی کە ئەزموونێکی تەمومژاوییان هەیە و مەئلوفەکان تێدەپەڕێنن و ویستیانە پردی پێکگەیشتن لەگەڵ وەرگردا دروست بکەن تاوەکو لە گۆشەگیرییان بێنە دەرەوە، ئەوەش لەمیانی سازدانی دیالۆگ و بەشداربوونەوەی وەرگر لەگەڵ ئەزموونی داهێنەرانەیاندا. وەشاندن و گەیاندنی گوتارەکان لای هونەرمەند بەو شێوەیەی لێهاتووە کە هاوسەنگ بێتەوە لەگەڵ دۆزینەوە خودییەکان و شێوازەکانیاندا، کاری هونەریی دەستکەوتێکی خێرا و هەڕەمەکی ناگەیەنێت، بەڵکو پیادەکردن و پرۆسێسەی هزر و لێکدانەوە و گەیاندنە، بەرهەمی سەرنجدان و رامان و ئەزموونە هاوشانی هەڵوێستە لە هەمبەر سەردەم و ژیانی هاودەمدا، ئەو وەئاگاهاتنەوە و پێزانینەش لای هونەرمەند تەنها پشت نابەستێتەوە بە روانینە تایبەتییەکان و ئەزموونی سەربەخۆ، بەڵکو دیسانەوە رەهەندی تیۆریی دەبێتەوە پاڵپشتی ئەزموونە هونەرییەکە و گەیشتن بە رۆشنبیرییەک.

مێژووی هونەر دەکرێت بڵێین مێژووی گوتاری هونەرمەندان و کۆمەڵە و رێبازە هونەرییەکانە، بۆ نموونە (ماتیس) ساڵی (١٩٠٨) سەرنج و تێبینییەکانی هونەرمەند دەنووسێت لە هەمبەر ستاتیکای فۆڤیزمییەکان و ئەو دۆخەی هاتووەتە پێشەوە لەدوای سەرنجخوا نوێیەکاندا (**الانطباعية الجديده**)، یاخود لەلای (کاندینسکی) کە دەربارەی ئەبستراکت تێزە تیۆریی و نووسینەکانی دەخاتە روو. هەروەها نووسینەکانی (پۆل کلی) وەک داڕشتنەوەی تیۆرێکی قووڵ و هەمەلایەن دەربارەی ئەزموونگەریی هونەر، چەندان و چەندان وەشاندن و بیروڕای هونەرمەندان و کۆمەڵە هونەرییەکانی تریش کە هەموو بوونیان هەیە. هونەری نوێ و هاوچەرخی ئەورووپی مێژوو و دیرۆکی گوتاری ستاتیکییە کە هاوشانی بینین و روانینە تایبەتییەکان دەبێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- الحداثة و أزمة الخط الانساني، حامد السعيدي، طۆظاري ( النبأ ) ذ ٦٣، ٢٠٠١.
٢- الحداثة و الحداثية، د. نايف العجلوني، طۆظاري أبحاث اليرموك ذ ٢، ١٩٩٦.
٣- معجم مصطلحات الاجتماعية، د. احمد زكي بدوي، مكتبة لبنان.
٤- الحداثة و اشكالية التعريف، ياسين بن علي ١٩٩٣.
٥- صدي الحداثة، رضوان جودت، مركز ايثقافي العربي، لبنان ٢٠٠٣.




## عەباس کەمەندی:
# زمانی هەورامی دایکی زمانی ئەردەڵانییە

سازدانی: سارا زینەتی

**دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی منداڵی ئێوە. عەباس کەمەندی لە کوێ و لە چ جۆرە بنەماڵەیەک لەدایک بوو، باسی ئەو ژینگەیە بکە کە سەردەمی منداڵی تێیدا گەورە بوویت؟**

من ناوم عەباس کەمەندییە، ساڵی (١٩٥٢) لە شاری سنە، لە بنەماڵەیەکی عەشایر کە هەموو قەساب بوون لەدایک بووم، لەماڵێک کە پڕ بوو لە ئەسپ و سەگی راوچی و کلتووری کوردی و شیعر و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی و جلوبەرگی کوردی. باوەگەورەم، هۆرەچڕ و شمشاڵژەنێکی بەتوانا بوو.

**سەرەتای کاری هونەریی ئێوە بۆ کەی دەگەڕێتەوە و یەکەم بیرەوەرییت لەوەی کە وەک گۆرانیبێژێک دەرکەوتیت، کەی بوو؟**

بۆ ئەوەی لە کەیەوە دەستم کردووە بە کاری هونەریی، دەبێت بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، ئەو کاتەی (١٠) ساڵم تەمەن بوو، ساڵی (١٩٦٢) لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا بۆ یەکەمجار گۆرانیم وت و ئاوازم خوێند.

**بنەماڵە و ئەو ژینگەیەی تێیدا گەورە بوویت چ کاریگەرییەکی هەبوو بەوەی بەهرەی هونەریی ئێوە دەرکەوێت؟**

بێگومان بنەماڵە دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر کەس، بە تایبەت لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا، لەبەر ئەوەی هەموو بنەماڵەکەم دەنگخۆش بوون و هەموو کات ماڵمان پڕ بوو لە دەنگی گۆرانی و ئاواز خوێندنیان، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر منیش هەبوو بەوەی کە ببم بە هونەرمەند و گۆرانیبێژ.

**ئێوە بەشێکی زۆر لە کارەکانتان بە زاراوەی ئەردەڵانییە. یەکەم: ئەو تایبەتمەندییەی وا دەکات ئەم زاراوەیە هەڵبژێرن، چییە. دووەم: لات وایە ئەم زاراوەیە زیندوویەتی ماوەتەوە، چونکە زۆر کەس باس لەوە دەکەن لەناو سۆرانی و زاراوەکانی تردا تواوەتەوە؟**

زمانی هەورامی دایکی زمانی ئەردەڵانییە و ریشەی لە ئاوێستای کۆندا هەیە. ئەدەبیاتی کۆنی کوردستان بە تایبەت دەوروبەری سنە و کرماشان و تەنانەت لورستان، کاریگەریی ئەدەبیاتی هەورامی لە سەرە و ئەم کاریگەریی دانانە تا کۆتاییەکانی سەردەمی قەجەرییەکان هەر درێژەی هەبووە و ئەدەبی فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە ئێستاش لێوڕێژە لە وشەی هەورامی و بە هۆی کێشە ئەنگوستییەکانەوە کۆنترین ستایل و شێوازی ئەدەبی کوردییە و بوونی پیرشالیاری هەورامی مێژووی ئەدەبی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ (٢٤٠٠) ساڵ لەوە پێش. من عاشقی شێوەی دەربڕینی شیعری ئەردەڵانیم و بە جوانترین و رەسەنترین زاراوەی دەزانم، بەڵام ئەوەشم قبووڵە ئەگەر گەنجە کوردەکان فریای نەکەون تا (٥٠) ساڵی داهاتوو، لەناو دەچێت، بەڵام ئەدەبی کلاسیکی هەورامی زۆر حەیفە لەناوبچێت و ئەرکی لاوە هەوارمی زمانەکانە کە ئاگاداری بن و بیپارێزن. پاراستنی ئەم زاراوە دەوڵەمەندەی زمانی کوردی ئەرکی نەوەی تازەیە.

**عەباس کەمەندی لەگەڵ ئەوەی وەک گۆرانیبێژ ناسراوە، کۆمەڵێک شیعریشی هەیە کە خۆشی هەندێکیانی کردووە بە گۆرانی. وەک شیعری "بیستوومە فەرمووتە شێتی"، خۆت لەنێوان شاعیربوون و گۆرانیبێژبووندا، کامیان زیاتر هەڵدەبژێریت؟**

شیعر و مۆسیقا هەڵقوڵاوی هەستی جۆراوجۆرن لە ژیانی من و ناتوانم یەکیان پێش ئەوی تریان بخەم. لە راستییدا هەردووکیان وەک یەک ئازیزن بەلای منەوە.

**باسی شیعری ”بیستوومە فەرمووتە شیتی“ بکە. بۆ کەسێکی تایبەتت نووسیوە، ئەسڵەن چیرۆکی پشتی ئەو شیعرە چییە؟**

شیعری "شێتەگیان" دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری رابردوو و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی تایبەتی ژیانی من، کە سەردەمی لاوێتیمە و رۆژگاری بەکارهێنانی ئەو شیعرە بۆ من تەواو بووە.

**شیعرێکی تری ئێوە هەیە، دەربارەی هونەر و هونەرمەند، لەو شیعرەدا بێزارییەکی زۆر دەبینرێت دەربارەی هونەر و هونەرمەند و زۆر تووڕەی لە هونەرمەندان و هونەر. بۆچی؟ باسی ئەو شیعرە بکە.**

سەردەمی نووسینی شیعری "هونەر" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٥)، ئەو سەردەمە هونەرمەندێکی بە پێشینە بەرپرسایەتی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی سنەی لە ئەستۆ بوو. ئەو کەسە عاشقی ئەوە بوو ماستاوی بۆ بکەیت و هەرکەس کڕنۆشی بۆ نەدەبرد و ماستاوی بۆ نەدەکرد، کارەکانی لەو ناوەندە نەدەچووە پێش. بگرە ئازاریش دەدرا و هەزار جۆر تەنگوچەڵەمە دەخرایە بەردەمی، یەکێک لەو کەسانەی ئازاری بینی لە دەستی و زۆر ئەزیەت بوو، من بووم. لەبەر ئەوەی من حازر نەبووم بەپێی ویستی ئەو بجووڵێمەوە و کڕنۆشم نەدەبرد بۆی. منیش لەبەر ئەوەی توانای ئەوەم نەبوو رووبەڕووی ببمەوە و ململانێی بکەم، لە راستییدا ئەو زۆر بەهێزتر بوو لە من، ئەو شیعرەم هۆنییەوە، ئەو شیعرە رەنگدانەوەی سەردەمی رەشی بەرپرسایەتی ئەو کەسە بوو، ئەو شیعرەم لەناو هاوڕێکانمدا بڵاو کردەوە. یەکێک لە هاوڕێکانم، کاک ئەسعەد سێڕاجەدینی، دەستنووسێکی



ئەو شیعرەی لەگەڵ خۆی بردبووە سلێمانی و تا رادەیەک ئەو شیعرە کەوتە سەر زمان و بڵاو بووەوە. هەڵبەت من زۆرم حەز بە بڵاوبوونەوەی نەکرد، لەبەر ئەوەی بە تووڕەییەوە نووسرابوو و زمانێکی تیژی هەبوو، بەڵام چی بکەم، بە دەستی خۆم نەبوو، بڵاو بووەوە.

**ئێستا دەمەوێت ئەم پرسیارە رووبەڕووی ئێوە بکەمەوە، هونەر چی بە عەباس کەمەندی بەخشیوە و چی لێوەرگرتووەتەوە؟**

هونەر چی پێ بەخشیم و چی پێدام. بەسەرهاتی منیش وەک بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی کورد وایە، ئەو هونەرمەندانەی بۆ هونەر ژیاون و چۆکیان دانەداوە. بە زمانێکی زۆر سادە پێت بڵێم، هونەر ناوبانگی پێ بەخشیم. منی کرد بە عەباس کەمەندی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئەوەی لێسەندم نان دەربێنم. چی بکەین هونەر هیچ کات نانی نەبەخشیوە بە کورد. بە دەربڕینێکی تر: "هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە".

**ئەمڕۆ شەپۆلێکی نوێخوازی دەبینین لە هونەرەکاندا بە گشتی، شیعر، پەیکەرسازیی، بیناسازیی، ئێوە نوێخوازیی لە هونەری گۆرانییدا چۆن دەبینن و چۆن پێناسەی دەکەن، ئاخۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین نوێخوازییە، یان وەک چۆن هەندێک کەس دەڵێن بەلاڕێدابردنی مۆسیقای کوردییە؟**

ژیانی مرۆڤەکان وەک رووبارێکە، هەردەم لە جووڵەدایە و هەرکەس کە دێتە ئەم دونیاوە لەم رەوتی رووبارەدا دێت و دەڕوات، ئەو کەسە دەیەوێت قسەیەکی تازەی هەبێت بۆ وتن و هونەرێکی نوێ بخولقێنێت. ئەمە تایبەتمەندیی مرۆڤە و خەسڵەتی مرۆڤە. دێنە ئەم دونیایە، شتێک دەڵێن و شتێکیان پێیە بۆ ئەنجامدا، دەڕۆن یان بڵێم دەمرن. ئەو شتەی بە ناوی داهێنانەوە خولقاندوویانە و دوای خۆیان دەیسپێرن بە زەمان، لەناو دەچێت و ئەو شتەی بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، تەنها پاراستنی رەسەنییەتە لە هونەردا و ئەوەی لە رەسەنییەت دوور بێت وەک بڵقی سەر ئاو دەتەقێت. تەنها رەسەنییەتە وەک زیخی ناو رووبار دەمێنێتەوە، ئەوی تر وەک بڵق دەتەقێت، یان وەک ئاو وایە دەڕوات.

**ئەگەر ئێستا بەو ئەزموونەوە کە لە کاری هونەریدا هەتانە، بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی گەنجێتیتان، کاری هونەریی و گۆرانیبێژیی هەڵدەبژێریتەوە؟**

وەڵامدانەوە بەو پرسیارەی کە ئەو کات چی دەکەم، تۆزێک دژوارە، بەڵام بە ئەزموونی ئەمڕۆمەوە، دەڵێم بە شوێن کارێک دەکەوم کە بتوانم بژیویی ژیانی بنەماڵەکەم و پێویستییەکانیان بە تەواوی دابین بکەم، تووشی کەموکورتی و دەست تەنگی نەبن، من لە دونیای هونەر هیچ خێرێکم نەدیوە و بەردەوام نەردیوانی سەرکەوتنی کەسانی تر بووم و خۆم بێبەری بووم. ئەوەی راستگۆ بێت دەکەوێت.

**ماوەیەک لەمەوپێش خەڵاتی "ماملێ"، یان باشتر بڵێم محەممەد ماملێتان پێ بەخشرا، چ هەستێکت هەبوو کە ئەو خەڵاتەتان پێ بەخشرا، ئەو خەڵاتە چ مانایەکی هەبوو بۆ عەباس کەمەندی؟**

وەڵا نازانم پێوەری ئەو دۆستانە چی بوو بەوەی منیان هەڵبژارد. ئەوان بە دڵنیاییەوە خۆیان کۆمەڵێک پێوەریان هەبووە منیان هەڵبژاردووە بۆ ئەو خەڵاتە، بەڵام ئەوەی بۆ من جێگای خۆشحاڵی بوو وەک هونەرمەندێک، ئەوە بوو کە هێشتا فەرامۆش نەکراوم و لە یادەکاندا ماومەتەوە. پێشتر قالەمەڕە ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە، لام وایە هەڵبژاردنی قالەمەڕە هەڵبژاردنێکی بەجێ و رەوا بوو و ئێمە چەندین کەسمان هەیە وەک قالەمەڕەی هونەرمەند لە کوردستان کە مافی خۆیانە خەڵاتی "ماملێ"یان پێ بدرێت و دەبێت ئەو خەڵاتەیان پێ ببەخشرێت. من نازانم بۆچی منیان هەڵبژارد، ئەوەندە دەزانم خودی ئەو بەرێزانەی دیاریی دەکەن خەڵات بدەن بە کێ، خۆیان بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێک پێوەریان هەیە و بەپێی ئەو پێوەرانە ئەو خەڵاتانە دەبەخشن.

**کاری هونەریی چیتان بەدەستەوەیە بۆ داهاتوو و هۆگرانی دەنگی عەباسی کەمەندی، تا کەی چاوەڕوانی بەرهەمی تازەی ئێوە بن، یا باشتر بڵێم پڕۆژەتان بۆ داهاتوو چییە؟**

پرۆژەم چییە بۆ داهاتوو. با لیستەیەک لە کارەکانم بڵێم. کۆمەڵێک کاری جیاوازم بەدەستەوەیە. کۆمەڵێک نووسراوەی جیاوازم هەیە لەوانە، دوو دیوانە شیعر کە سپاردوومە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی "کالێج"ی سنە بەوەی چاپ بێت و لە هەمانکاتدا سێ رۆمانیشم نووسیوە کە خەریکی تایپکردن و پێداچوونەوەیانم، بەڵام کاری مۆسیقی! کاری مۆسیقی پارەی زۆری دەوێت، منیش ئەو پارەیەم نییە و دەستم خاڵییە، ئێستا خانووەکەم لە

نووسینگە داناوە بفرۆشرێت و بە پارەی ئەو خانووە، ئەگەر تەمەن دەرفەتم پێ بدات، کاری مۆسیقی دەکەم. ئەگەر نەشکرا هیچ و وەک زۆر ئاواتی ترم دەیبەمە ژێر گڵ. هەروەها دەبێت ئەوە بڵێم کۆمەڵێکی زۆر فیلمنامەم هەیە کە رەسەنییەتی کوردییان هەیە و دەکرا لە کوردستانی باشوور دروست بکرێن، لەبەر ئەوەی ئێستا دەرفەتی کارکردن لەوێ زۆرە، بەڵام کەس منی لەبیر نەبوو و کەس تا ئێستا لێی نەپرسیومەوە لەو بارەیەوە. نازانم چارەنووسی ئەو فیلمنامانە بە کوێ دەگات. هیوادارم رۆژێک کەسێک، یان شوێنێک کە دەربەستی هونەرە ئاوڕ لەو فیلمنامانە بداتەوە.

**ماوەیەک لەمەوپێش هەواڵی مەرگت بڵاو بووەوە، چ هەستێکت هەبوو کە ئەو هەواڵەت بیست؟**

هەواڵی مەرگم. وەڵا چی بڵێم. دەبێت لەوانە بپرسیت کە بۆچی ئەو خەبەرە نادروستەیان بڵاوکردەوە. منیش وەک خەڵکانی تر هەواڵەکەم بیست، بەڵام بەداخەوە هەواڵەکە راست نەبوو و ئێستا زیندووم و هەر خەریکی ململانێم لەگەڵ ژیان.



# وتووێژێکی هونەریی لەگەڵ هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا ڕەشید فەیزنژاد

**ئامادەکردنی: جەلال هانیسی**

ئەگەر کاتێ لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا باسێک لە هونەر دەکەین یەکسەر وەبیرمان دێتەوە کە ئەو هونەرمەندە چەندە بە ژان و ئازارەوە ژیانی بردۆتە سەر، هەتا بە شەو و شەونخونی و خوێنی دڵ ئاسەوارێ یان بەرهەمێکی خوڵقاندوە بۆ نەتەوەکەی.

کورد بە پێی ئەو بارودۆخەی کە تێدا بووە و هەیە هیچ کات هونەرمەندەکانی بە ئاسوودەیی ژیانێکی ڕەحەتیان نەکردوە، لاپەڕەی ژیان و چاخی ئەوکاتیان هەڵدەدەینەوە جگە لە تراژیدیا هیچ ڕوویەکی خۆش بەدی ناکەین، بە تایبەت ئەو هونەرمەندانەی کە لە بواری مۆسیقا و گۆرانییدا ژیانی خۆیان فیدای هونەری خەڵکەکەیان کردووە، هەر ئازارێ لە دەروونی هەر هونەرمەندێکدا هەیە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگاکەیەتی، هونەرمەندی گەورەی کورد"ڕەشیدی فەیزنژاد" کە زیاتر لە نیو سەدە خزمەتی بە مۆسیقا و گۆرانیی ڕەسەن کردەوە، لە زمانی خۆیەوە نەهامەتی ڕۆژگاری تاڵ و سوێری خۆی دەخاتەڕوو و خۆی باسی ژیانی هونەریی خۆی وەک مێژوو دەگێڕێتەوە.

(نووسەر)

**رەشید خان دەکرێ باسێک لە ژیانی هونەریی خۆت بۆ خۆێنەرانی گۆڤاری هەنار بکەی؟**

پێشەکی سوپاس بۆ خۆت و بۆ گۆڤاری هەنار کە ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ من سازدەکەن.

من لە ساڵی ١٩٥١ی زایینی لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەی بەگزادەی فەیزوڵابەگی کە بەشێکە لە موکریان، لە دایک بووم. کوڕی حاجی سەلیم کە دەگەڕێنەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و کەیغانی فەرەنگ خێزانی کە ئورووپی بووە، بەڵام بە هۆی بداغ بەگ کە هاتۆتە مهاباد ئێمە لەو بەشە گەشەمان کردووەو لەو بەشە لە دایک بووین، دەنا ئەوە بن ئامۆزاکانمان لە سلێمانین کە بۆ خۆتیش کاک جەلال بەشێک لە بابانەکانی ئێمەش بابانین بە ئەسڵ.

جیا لەوە بنەماڵەی ئێمە بنەماڵەیەکی گەورە بوون، لە هەمان کاتدا هۆگری هونەر بوون، یانێ هونەرپەروەر بوون لە بوارە جیاجیاکاندا، وەکو خۆشنووسی کە بەشێکە لە هونەر لە هەمووئێراندا، دەنگخۆشی، خەتخۆشی وێنەکێشی(شێوەکار) مۆسیقا کە لە کۆنەوە لە ناو تایفەکەماندا تار و دومبەکیان زانیوە و باو بووە، یانی لە هەر دیواخانێکماندا دوڵابێک یان وەک خۆمان پێ دەڵێن گەنجینەیەکی تێدا بووە، حەتمەن زەربێکی ئەبوایە ببوایا ئەوە بەشێکی سونەتی ئەو بنەماڵە بووە، هەروەها چۆن لە ناو ئازەریەکاندا باوە، کچ ئەڕوا بە بووکی دەفێکی چکۆڵە کە پێ ئەڵێن دایرە، سونەتە لەگەڵ باوانی بووک ئەڕوا، هەر ئاواش لای ئێمە زەرب یان دومبەک سونەتێک بووە لە دیواخاندا ئەبوایە ببوایە، چ ئەو خاوەن ماڵە بیزانیایە لێی با نەیزانیبایە، حکمەتەکەشی ئەوە بووە چونکە زۆربەی خەڵک لە میوانەکان لە بنەماڵەکەمان کاتێ شەو هاتوون رادیۆ و تەلەفزیون نەبووە بەوەوە مەشغووڵ بوون، بەشێکیش قسەخۆشی، زۆر بایەخیانداوە بە قسە خۆشی، نوکتەو نەستەق و قسەی خۆش، پیاو بووە بە تایبەت هەر بۆ ئەو شتە دانراوە، مەسرەفی کێشراوە بۆ شەوی میوان بە جێی تەلەفزیۆن و رادیو و ئینتەرنێتی ئەمڕۆ ئەو کەسە قسەی خۆشی گێڕاوەتەوە، یانی فەیزوڵابەگییەکان ئەوەندە بایەخیان داوە بەو شتانە.

جا کە وا بوو من لە بنەماڵەکەم هەم لە دایکەوە و هەم لە باوکەوە، ئەوانەی کە هاموشۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد تێیاندا بوو هەم دەنگخۆش بوو هەم زەربی لێ دەدا، باوکیشم کەمەکێ تاری لێ ئەدا، بەڵام زەرب و فلووتی جوان ئەزانی، دەنگیشی زۆر خۆش بوو، سۆزێکی تایبەت لە دەنگیدا بوو ئێستەش هەندێ لە

گۆرانییەکانی بەلامەوە ماون، مامێکیشم هەبوو شەهید کرا، ئەویش زەربێکی جوانی لێ ئەدا، ئەو جۆرەی کە بیستوومە لە باوکم خوشتر زەربی ژەندووە، هەر وا کە وتم ئێمە و ئەوانەی کە هاموشۆی دەکردین شەوانی شەونشینیان بە مۆسیقا و گۆرانیی دەرازاندەوە، جا هەر بەو بۆنەیەوە من چاوم کردەوە و فامم کرد لە چوار ساڵەوە کاریگەریان لە سەر من هەبوو ئیتر حەسابی دەنگی خۆش و ناخۆشم لە یەک تەشخیس ئەدا گۆرانیی خۆش و ناخۆشیشم لە یەک تەشخیس ئەدا، وا بوو کە من بەشێک لەو گۆرانییە سادانە کە ئەو وەختە باو بوو وەکوو چارۆکە هەولێریە و کۆڵوانە هەولێریە بە تاوێ چارۆکێ چەند گۆرانییەکی ئاواها بوون، ئەڵبەتە پێش منیش چەند گۆرانییەکی تریش باو بوون وەکوو بزمارە و بزمارە و کاکە لە چەمەو بێ، ئەوانە دەوری نەمابوو بە کاریان نەدەهێنا یان کەمتر بەکار دەهێنران، بەڵام لە دەورەی مندا ئەو چەند گۆرانییە و چەند گۆرانیی تریش کاریگەریان لە سەرم بوو، من هەر بۆ تەقلید لە باوکم و لە میوانەکانی باوکم هەر لە پێنج ساڵەوە هەرچیەکم دەستدەکەوت تەقە تەق لێم ئەدا، لە بیرمە دەچوومە پشتی سەری نەنکمەوە بە تاس کڵاوەکەی چونکە رەق بوو زەربم لێ ئەدا هەر چی دەیان هێنامەوەو کورە سەری دەیەشێ، ناو چاوی دەیشێ، من هەر گوێم نەدەدا، دەگەیشتم بە هەرچیەک زەربم لێ ئەدا، ئاخری باوکم دڵی بۆم سووتا وتی با ئەو عالەمە رزگار بکەم لە چنگی ئا ئەمە، لە بیرم دێ دایرە واتە دەفێکی چکۆڵەی لە تەبرێز بۆ کڕیم، بەینێک بە دەفەکەوە کچی جەحێڵ بەرەو خوار و سەرە و ژوور ئەیانبردم دایرەم بۆ لێ ئەدان، ئەو سێ چوار گۆرانییە فێر ببووم بۆم ئەوتن، ئیتر لە ٥ساڵ و ٦ساڵاندا دایکم گەڕەکە و گەڕەک ئەگەڕا بە دواما.

جاری دووهەم چویین بۆ تاران فلووتێکی بۆ کڕیم، بە رێنوێنی باوکم، خۆمم فێری چەند گۆرانییەک کرد، جارێکیان لەگەڵ "حەسەن زیرەک" خوا لێیخۆشبێ لە ناو قەتاردا کە بەرەو کوردستان دەگەڕاینەوە عاجز بوو وتی: ئەم کورە دەنگی خۆشە لێ گەڕێن با هەر دەنگی بە کار بێنێ ئەم شتانەی کە فووی پیا دەکرێ بە کار نەینێ، بەڵام من زۆرم پێ خۆش بوو زۆر تەوجوم بەو قسەیەی نەکرد بڕێ گەورەتر بووم، باڵەبان و زۆڕناشم پێ زیاد کرد کە خراپترن بۆ دەنگ.

بە هەر حاڵ بە مەشورەتی مامۆستاکانم و بیرکردنەوەیەکی باوکم و پێداچوونەوە هاتنە سەر ئەو قەناعەتە کە دیارە ئەمە دەبێتە کاری ئاخری و پەرەی پێبدا، ناردمیانە کلاسی "کەمان" لای ئازیزێک بە ناوی کاک"حامیدی تەوحیدی" ئێستاش لە ژیاندا ماوە تەمەنای تەمەندرێژی بۆ دەکەم.

**کاک رەشید تا ئەو دەمەی کە گەورە بووی و زوڕنا و باڵەبان فێربووی لە چ تەمەنێکدا چوویتە کلاسی فێربوونی کەمان؟**

ئەڵبەتە کەمانەکەم زووتر بوو لەوانی تر ئەوە من خولاسەم کردەوە وتم با کاتەکە نەگرم بازم دا ئەگینا دوای فلووت و دایرە هاتمە سەر ئەو باوەڕە با شتێکی رەسمی و کامڵتر فێر بم کە بتوانێ بە کاری هەموو گۆرانییەکی خاو و گرژی فارسی و کوردی بێت، من ساڵێک لە خزمەت ئەو مامۆستایە مۆسیقا و کەمانم خوێند، بە داخەوە بە هۆی ئەوەوە کە قوتابیەکانی تر لە پای دەرسی گرانی کەمان دەر نەهاتن، چونکە یەکەم نەفەر من بووم ئاخریشی هەر بە من تەواو بوو، کلاسەکەی بەست.

هەر ساڵێک بوو لای ئەو مامۆستا دەرسی کەمانم خوێند، وردە وردە فێری چەند گۆرانییەک بووم، چونکە پەنجەم بە فلووت راهاتبوو بەم و زیلی مۆسیقا هاتبووە دەستم، کەمانیش بۆم ئاسان بوو، بەس دەنگ دەرهێنانی دووزەلە و زوڕنا و باڵەبان برێک بۆم سەخت بوو، ئەویش فێربووم ئەوانەش کە بە باشی لەگەڵی رێککەوتم، هەر بە منداڵی لە رادیۆ سنە ئەو وەخت تەلەفزیۆن نەبوو، چەند شتێکیان بە باڵەبان بۆ تۆمار کردم، یەکەمین مێردمنداڵ بووم لە سەراسەری کوردستاندا باڵەبان و دووزەلە و زۆڕنا فێر بوو بووم، پێش من زوڕناژەن و دەهۆڵکوتی شایەکان هەبوون ئەویش مەعلووم نەبوو لە چ تەمەنێکەوە فێر ببون چاوشیان پێدەوتن، بەڵام بۆ کەسێکی وەک من کە لە بنەماڵەیەکی گەورە فێری مۆسیقا بووم بەلای خەڵکەوە سەیر بوو شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، چۆن پێشتر شایەر و موترێب و چاوەشەکان ئەو کارەیان دەکرد یا تیپە میللیەکان بە کاریان دەهێنا، ئەوە بۆ خۆی لە کوردستاندا دەنگدانەوەیەکی سەیری بوو، ئەوە بوو کە من کەمان فێربووم، یەکەمین کەسبووم کە شان بە شانی باڵەبان و زوڕنا بە کەمان گۆرانیی شاد و گرژ لێ بدەم و هەڵپەڕین بە کەمان کرا کە پێشتر نەببوو، هاوڕێیانم لە باشووری کوردستان وەکو مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی و ولیەم یوحەننا ئەوان بەس لە مەجلیسەکاندا لێیان ئەدا ئەگەر گۆرانییگەلێکی شادیان لێ ئەدا هەر بۆ خۆشی مەجلیسەکە بووە ئێستەش هەر کاسێتەکانی ماون، هەرچی گوێ ئەگەرم، مێژووی ئەو وەختەی گۆرانیی شادیان کە بە کەمان لێ دراوە هی من بە١٥ساڵ لەوان پێشترە، دیارە لەم بەشەش کەس نەبوو گۆرانیی هەڵپەڕین لێ بدا، یەکەم کەس من بووم لە پێش کەمان ژەنەکانەوە کەمانم هێناوەتە مەیدان بە دەورمدا ٢٠٠ نەفەر هەڵپەڕن پێش کاک ئەنوەر و موجتەبای میرزادەش

کەمانم کردە مەیدانی، بە کەمانچە هەبوو پێش لە من "مووسەیب شاداب" خەڵکی تیکابی هەوشار بوو ئەو کارەی کردبوو.

**کاک رەشید ماوەیەک چوویتە شاری ورمێ "رەزائیەی" ئەوکات، دەکرێ باسی ئەو رۆیشتنەت بکەی، بە چ نیازێک بوو؟**

دوای ئەوەی کە لە سەقز کلاسەکەم بەسترا، من مەجبوور بووم رۆیشتم بۆ"ورمێ" من لەوێ مەجبوور بووم هەم پەرە بە خوێندنەکەم بدەم لە بواری مۆسیقا و رەیفناسی و مقامناسی (دەستگا) هەم کاریش بکەم لە شوێنی نواندی هونەردا، دواتر بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن کارم کرد هەر لەوێش عوود و ئاکاردیۆن و پیانۆ و ئۆرگیشم پێ زیاد کرد، لە بیرم چوو کە بڵێم بە دوای فێربوونی دایرە زەربیش فێر بووم، دوو خزمی باوکم لە ئاغایانی فەیزوڵابەگی یەکیان "حەسەن خانی مەتین" کوڕی یەکێ لە هاوڕێیە شەهیدەکانی "قازی محەمەد" بوو زەربێکی هەبوو پێشکەشی کردم، خزمەکەی تریش "حەمەخانی ئایاخچی" لە تایفەی فەیزوڵابەگی بووکە خۆی یەکەمین هونەرمەندی شانۆکار بوو لە سەراسەری کوردستاندا تەنانەت پێش لە شانۆی شەهید "پێشەوا" و شانۆکانیش لە سلێمانی، ئەو یەکەمین شانۆکار بوو، دەتوانم بڵێم ٧٠ساڵ پێش لە شاییەکاندا شانۆیی پێشکەش کردوە، کە لە سەرتاسەری کوردستاندا نەبوو، جا ئەو زەربێکی لە باوکیەوە بۆ بە یادگار مابوو پێشکەشی کرد بە من، بە داخەوە منداڵ بووم قەدریم نەزانی دام رەنگیان کرد لێم خراپ بوو لە دەستم چوو.

دوای ئەوە لە ورمێ پۆختەتربووم، لە چاو منداڵیم تەمەنم بەرەو ژوور هەڵکشا، هاتم بۆ مهاباد گرووپێکی مۆسیقام بە ناوی"مهاباد" دامەزراند، دواتر من نەبووم هاورێیانم ناوەکەیان گۆڕی بە ئورکسترای "وەفایی"، ئەوکات کە شای ئێران پشتی شۆڕشی ئەیلوولی شکاند منیش قسەم بە شا وتبوو کەسێ سەر بە دەزگای "ساواک" دەنگی منی تۆمار کردبوو، بەو بۆنەوە مەسەلەی سیاسیم بۆ هاتە پێش، لە رادیو و تەلەفزیۆن دەریان کردم، ناچار بووم ببمە مامۆستای پەروەردە هەر لە باخچەی ساوایان دەست پێبکەم بە هەوڵ و توانایی خۆم کەوتمە ناوەندی و دوا ناوەندی، چەند گرووپێکیشم لە دایرەی پەروەردە و قوتابخانەکاندا دروست کرد، ئێوارانیش لە هونەرەجوانەکان دەرسی مۆسیقام ئەدا و سەرپەرشتی بەشێ لە کارە هونەرییەکانم دەکردو سەروکارم لەگەڵ گۆرانیبێژەکان بوو و دابەشم بۆ دەکردن.

**گۆرانیبێژانی ئەو کات کێ بوون کە کارت لەگەڵ دەکردن؟**

یەکێک لەو گۆرانیبێژانە کاک"ناسر رەزازی" بوو کە لە سنەوە هات، وتی: لە سنەوە مومانێعەت دەکەن نایلێن ئەو گۆرانیانەی کە خۆی پێی خۆشە بیلێ، منیش بە بەرپرسی دایرەم راگەیاند ئەویش قەبوولی کرد بەو مەرجەی من کاروبارەکانی رێکبخەم و مۆسیقیەکەی بگرمە ئەستۆ، چونکە من بەو شێوە گۆرانیانە شارەزا بووم.

**کاک رەشید لە تەلەفزیۆنی ئەوسای سنە لە بەرنامەی"کاروانی هەڵبەست و گۆرانیی" چەند بەرهەمێکتان تۆمار کرد، حەز دەکەم باسێکی لێبکەی، ئەمە چۆن بوو؟**

کاک "ناسر" کە ناوبانگی دەرکرد، لە تەلەفزیۆنی سنەوە قەدریان زانی بانگیان کرد، ئەویش قەبوولی کرد بەو مەرجەی کە من لەگەڵی بم، یان وەک ئەمەک ناسییەک یان پێیخۆش نەبوو لەگەڵ ئەوانەی کە پێشتر کاریان لەگەڵی نەکرد یان ئەم ئەوانی وەرنەگرت، منی بە کاک"ئەسعەدی سەراجەدینی" و "پەروین موشیر وەزیری" ناساند، کاک ئەسعەد ئامادەکار بوو، پەروین خانم شیعرەکانی دەخوێندەوە، منیش مەقامەکانم دیاریدەکرد کە لەگەڵ ئەو شیعرانە کە چی بڵێ، مەقامەکانمان بە شێوەی تابلۆ موزیکاڵ بە ناوی"کاروانی هەڵبەست و گۆرانیی" چەند حەڵقەیەکمان لە تەلەفزیۆنی سنەوە پێشکەش خەڵکی سنە کرد، زۆر ناوبانگی دەرکرد، زۆر پێشوازیان لێکرد، یەکەمین بەرنامەی تەلەفزیۆنی بوو بەرنامەی وا نەبوو، پێشتر بەرنامەی رادیۆیی هەبوو لە رادیۆ کرماشان کە "شوکرولاخان" شیعرەکانی دەخوێندەوە، بە شێوەی تەلەفزیۆنی ئێمە بەرنامەی وامان هێنایە گۆرێ، چونکە تا دوێنی هەمووی فارسی بوو بۆ ئەوەڵین جار کوردیمان پێشکەش کرد "شوکرەڵای بابان" بەرپرسمان بوو،کاک ئەسعەدیش شیعرەکانی لە دیوانی بێسارانی و مەولەوی و سالم و شاعیرانی ناوداری کلاسیکی کوردی هەڵدەبژارد.

کاک "ناسریش" کە من لە سەقزەوە دەورەی مقامناسی و مقام وتنم بۆ کردبۆوە کە هاوکار بووین زۆر بە جوانی بە ئەرکی خۆی هەستا و بەرهەمەکانی پێشکەش کرد، پێشتریش چەند گۆرانییەکمان ئەو بە دەنگی خۆی منیش بە دەنگی خۆم پێشکەش کرد بە هاورێیەتی من و کورێکی ئەردەبیلی کە سەنتووری لێئەدا کورێکیش زەربی لێئەدا کە جوانە مەرگ بوو!

**واتە تۆ جارێکی تر دەرگای تەلەفزیۆنت لێ کرایەوە؟**

من شان بە شانی ئەوەی کە لە پەروەردە دەرسی مۆسیقیم ئەدا، دووبارە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی مهابادەوە کە ئەو بەرپرسەی پێشووی نەما بوو و پەروەندی من پاک بووەوە وەریان گرتمەوە، زانیان من کوردێکم حەقێکم هەیە و کوردایەتی بارزانی و سۆرانی و هەورامی ناناسێ و هەموو هەر یەکین.

تەلەفزیۆنی ورمێش دیسانەوە بانگیان کردمەوە ئەوانەشم گرتەوە دەست! لە قوتابخانەش کارم دەکرد تەوای وەختەکانم پڕ کردبۆوە، لەگەڵ هاوڕێیانی کۆنی مهاباد یەکمان گرتەوە، بۆ ورمێش هەر ئەوانم لەگەڵدا بوو، کاری زۆر پوخت و جوانمان کرد هەم بە کرمانجی و هەم بە سۆرانی، زۆر بە جوانی کارمان کرد تا ئەو کاتەی حوکومەتی پاشایەتی رووخا.

**کاک رەشید لە کاتی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا گرفتی زۆرت بۆ هاتە پێش، دەکرێ باسێکی لێوە بکەی و چونکە دیسان کاری هونەریت دەست پێ کردەوە؟**

ئەمجارە ماوەیەکی زۆر کێشەم بۆ دروست بوو، زیندانی کرام، ئیعدامم بۆ دەرچوو، مالم بە هاوەن سووتا، دەستنیشانیان کردم، ئەوانەی کە منیان دەناسی و ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردرا بوو کە من کوردم و سروودم دروست کردووە، هاوکات لە سنە و سەقز و مەریوان و بانە کە شەڕ بوو، لە سێهەمین رۆژی شەڕەکەدا لە ـــ پادگانەوە ـــ ماڵەکەی منیشیان بەر تۆپ دا، وا بوو کە تەنیا وێنەی باوکم و دایکم و منداڵی خۆم، تەنانەت بەرهەمەکانی رادیۆ هیچم بۆ دەرنەچوو، ئیعدامیشم بۆ دەرچوو هەر لە خۆیان منیان نەجات دا یان بەزەییان پێمدا هات یان هونەریان خۆشدەویست یان لەگەڵ ئەو رژێمە نەبوون بە دڵ، هەر چۆن بوو من نەجاتم بوو، ٨-٩مانگ لە سەر کارەکەم دەریان کردم، دووبارە هەر ئەوانەی کە منیان لە ئیعدام و سجن نەجات دا کارێکیان کرد کارەکەشم دەست کەوێتەوەو بردمیانەوە سەر کارەکەم.

ورده ورده کە شار ئەهوەن بۆوە و ژیانی ئاسایی دەستی پێ کردەوە لە ژێر زەمینی ماڵکەی خۆمدا کە تازە دروستم کرد بوو لە شوێنێکی ترەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەرسی مۆسیقام بە دزیەوە بە خەڵکی سەقز و بۆکان ئەدا.

دواتر کە فەرهەنگ و هونەر دانرایەوە هەم لەوێ هەم لە کلاسەکەی خۆم دەرسم دەست پێ کردەوە، ئەمجارە رادیۆ و تەلەفزیۆن کەوتنە سەرم ئەڵبەت بە داخەوە ئەوە کاتیە ئێستاش هەر کاتیە تەنیا بۆ دە رۆژ لە دەهەی فەجر و

هەوت ڕۆژ بە بۆنەی هەفتەی وەحدەتەوە فرسەتی هەناسە هەڵکێشان دەدەن بە هونەرمەند، جا هەرکەس زیرەک بێ دەتوانێ لەو دوو مەجالە کاری خۆی بکا، ئێمەش لەو دوو مەجالە کەڵکمان وەردەگرت، هونەری خۆمان پێشکەش بە میلەتەکەی خۆمان دەکردو نەمان دەهێشت لە بیر بچینەوە یان هونەرەکەمان بمرێ، تا ساڵی ٩١ ڕاپەڕینە گەورەکەی باشووری کوردستان، چونکە من خۆم بە کوردێک و بە دڵسۆزێکی کورد ئەزانی، وام بە باش زانی منیش لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە خۆم ڕێک بخەم و غوربەت بگرمە بەر، لە تورکیاوە بەرەو فینلاند ئەوە بۆ٢٠ساڵ ئەچێ من لەوێ دەژیم.

**ڕەشید خان دەکرێ باسێک لەوە بکەی ئەوکاتەی کە کۆڕەوەکەی کوردستان دەستی پێکرد، کۆمەڵێک هونەرمەند بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هاتن، چ پێوەندیەکت لەگەڵیان بوو، چ کارێکت بۆیان کرد، چ یارمەتیەکت کردن؟**

پێش ئەوەی ڕێگای ئاوارەیی بگرمە بەر هەر لەوێوە خۆم لەگەڵ ئەو بارودۆخە ڕێکخست، هەر لەوێوە خۆم لەگەڵ کۆڕەوەکە گونجاند و خۆم کردە شەریکی ئەم شۆڕشە بە خۆشی و ناخۆشیەکەیەوە، بۆ نموونە کارکردن و هێنانە دەرەوەی کاک"برایم خەیات" لە کەمپ، هەر لەوەوە دەستم پێ کرد، هەر هەموو هونەرمەندەکان دەهاتن بۆلام لە خزمەتیاندا بووم هەر چەشنە ڕێنموونیەکیان دەویست یارمەتیم دەکرن.

**کێ بوون ئەو هونەرمەندانە؟**

کاک بەهجەت یەحیا، کاک عەدنان کەریم، کاک حەمە جەزا یادی بەخێر، کاک عەتا چاوشین، کاک گۆران کامیل، میدیا حسێن و مامۆستا کەریم کابان، زۆر بوون بە داخەوە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە، بەڵام زیاتر لەگەڵ کاک حەمە جەزا و کاک برایم خەیات و کاک عەتا چاوشین بووم.

بەڵام ئەو شتەی بۆ کاک"برایم خەیات" کردم شتێکی تایبەت و جیاواز بوو، خانەوادەی خۆی و براکەیم بە وەسیلەی دۆستان کە لە قایمقامیەتدا دەستیان دەڕۆیشت لە کاناڵی ئەوانەوە داوام کرد هەرچێ زووتر بیان هێننە دەرەوە لە کەمپ، چونکە کارم بە کاک برایم بوو وتم با خەیاڵی ڕاحەت بێ لە باری ماڵ و منداڵەوە، لە شوێنێکی ئەمین دایان بنێین و کاری خۆمان بکەین لە ماڵی خزمێکیان کە لە قەدیمەوە بە ڕەچەڵەک دەگەیشتنەوە بە یەک نیشتەجێمان کردن، خۆی دەست و باڵی بۆ کار ئاواڵا ما، بە هیمەتی خۆم و برادەرانم گرووپێکی خنجلانەمان

دامەزراند دوای چەند رۆژ لە "فەرهەنگ و ئێرشاد تەمرینمان کرد بردمانە سەر شانۆی کۆنسێرت کە چوار رۆژی خایاند خەڵکی سەقز پێشوازی چاکیان لێ کرد، ئەو پارەیەی کە بە فرۆشی بلیت دەرمان هێنا بوو ویستیان بینێرن بۆ ئوردوگاکەیان من نەمهێشت وتم جاری خۆیان دوو خانەوادەن و زۆرن، تکاتان لێ ئەکەم بیدەن بە خۆیان، دواتر کاسێتێکم بۆ تۆمار کرد، کاسێتەکە خودی خۆم شار بەشار ئەمگەڕان بیفرۆشم لە دووکانی نەوار فرۆشەکاندا، ئەویشم فرۆشت کردی بە٢٢هەزارتمەن هەموویم بە خۆی دا، کاتێ ویستیان بگەڕێنەوە نەمهێشت بچێتەوە وتم جارێ کارم پێت ماوە ژن و منداڵەکەیمان بەڕێ کرد، دیسان ئەو فیلمی کونسێرتی چوار شەوەکە لە رێی برادەرانەوە کۆپییەکمان کێشایە دەرەوە بیباتەوە بۆ خۆی لەگەڵ کاسێتێ کە هێشتا بڵاو نەکرابۆوە بیباتەوە بۆ سلێمانی، وتمان با یادگاریەکت پێ بێ زەمانێ تەلەفزیۆنێکی کوردی دامەزرا یان خۆتان ویستتان چاوی لێ بکەن با بمێنێ.

داوام لە کاک کەریم کابانیش کرد کە ئەو کارەی بۆ کاک برایم کردوومانە بۆ ئەویش بیکەین، بەڵام ئەو وتی ئاسمم هەیە بە داخەوە نەیتوانی.

بۆ کاک عەتا چاوشین کاسێتمان بۆی تۆمار کرد، بەڵام بە داخەوە کۆنسێرتمان بۆ جێ بەجێ نەبوو، چونکە لە ئوردووگا نەهاتبووە دەرەوە بیانوویەک نەبوو بیهێننە دەرەوە، بەڵام برێ شەو بۆ کۆڕ و شوێنی دۆستانە لەگەڵ خۆم ئەمبرد، بۆ خەڵک شتی پێشکەش دەکرد.

**ئەی بۆ کاک حەمە جەزا چ کارێکت ئەنجام دا؟**

کاک حەمە جەزا هەمیشە لە خزمەتیدا بووم، تەمرینی زۆرمان کرد بچین بۆ "ئەوروپا" بەڵام بە داخەوە لە فرۆکەخانە نەیانهێشت بڕوات، چونکە رێگری پەروازی هەبوو گەڕانیانەوە.

ئێمە تێکەڵاوی خێزانیمان هەبوو بەیەکەوە هەمیشە خەریکی کاری هونەری بووین، ئەو چونکە ماڵی لە سەقز بوو قەرار نەبوو بەو زوانە بڕواتەوە بۆیە زۆر بە فکری ئەوە نەبووین کاسێتێکی بۆ تۆمار بکەین وتمان هەر وەختێ ویستمان دەتوانین بیکەین خۆ ئەو لێرەیە، هەوڵم ئەوە بوو ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە بە دەستی پڕەوە بچنەوە ئەو ماڵی لای خۆمانەوە بوو نزیک بوو لەوێ ئیشی دەکرد.

بۆ کاک بەهجەت یەحیا نەماتوانی کار بکەین ئەو زۆر لەوێ نەمایەوە زوو رۆیی.

بۆ کاک عەدنان کەریم شتمان بۆی کرد هیوادارم ئەو وتووێژە ببینێ خۆی شایەتی بدات.

گەورەترین کۆراڵم بۆی کرد چونکە ناتوانم ناوی سەمفوونیای لێ بنێم سەمفوونیا زۆر گەورەترە، وەلێ لە حەدی سەمبوونی برێ کەمتر شتێکی جوانم بۆ ئەو کرد، ژەنیارانی ئەم دیو و مهابادم تێکەڵ کرد، من چونکە چاوم زەعیفە نۆتەکان یان لە سەر تەختە بۆم ئەنووسین یان بە دیکتە پێم ئەوتن، من کاتیبەکەم سەرتیپ هەولێری بوو نۆتەکانی دەنووسیەوە، بۆ ئەحمەدی ئیسلامی گۆرانیبێژی شاری مهاباد لەگەڵ کاک عەدنان گۆرانییەکانم بۆ دابەشکردن، کارێکی گەورەمان کرد، وا بوو وەختا بوو شاری مهاباد بشێوێ لەگەڵ کاک عەدنان بەرنامەکەمان راگرت لە ترسی کۆماری ئیسلامی وتمان با خەڵک بە کوشت نەدەین چونکە خەڵک ئیحساساتی بوون! وتمان با خەڵک دەست نەکەن بە دورشم و شیعاردان، بەرنامەکە لە هۆڵی سینەما بوو، شەوێ تر ئێدامەمان دابایە لەوانەیە بە تیر لەو خۆپیشاندانە سەد نەفەر بکوژرێ، چونکە بەلای ئێمەدا دەڕۆیشتن بە شوعارەوە دەڕۆیشتن لە بەر ئەوە خوێنی کەس نەڕێژێ بە خواستی خۆمان رامانگرت، حوکومەتیش زۆر سەیتەرەی بە سەرماندا هەبوو فیلمەکەی ماوە کۆماری ئیسلامی دەستی بە سەریدا گرتووە.

**رەشید خان باسێک لە بەرهەمەکانی خۆت بکە، ئەو گۆرانیانەی خۆت داتناون یان زیندوت کردونەتەوە، ئەگەر لە بیرت مابێ؟**

زۆر زەحمەتە، دەزانی بۆچی؟ من هەر لە ١٤ساڵەوە ئەو شتانەی کە باوکم وەختی خۆی وتویەتی دەچوومەوە سۆراغی دیسان کاملم دەکردەوە، هێندێکیانم لە شایرەکان دەبیست ئەوانیش زۆریان پێ بوو"عەبە دەرزی و مەلا حسێن و هەوەها برایانی زیزی" بێجگە لە شتی خۆیان زۆر شتی قەدیمیان پێبوو، ئەگەر شتی کۆن و رەسەنت دەوێ دەبێ بکەویتە شوێن شایرەکان، دوایی لاوکبێژ و حەیرانبێژەکان، جا من چونکە هەمیشە وەدوای ئەوانەوە بووم زۆرم شتم دەست دەکەوت و زۆریشم شت لە لا بوو، زۆری خۆم وتم، زۆری لە ناو چوو نەموت و نەمدا بە گۆرانیبێژانی تر لە بیرەو چوون، ئێستا وەبیرم نایەنەوە ژمارەیان زۆر زۆرە.

**رەشیدخان زۆر گۆرانیی شاز و بە پێزت داناوە زۆریش رەسەنایەتیان پێوە دیارە داوتە بە هونەرمەندان ئەو گۆرانیانە کامانەن و هونەرمەندەکان کێن؟**

گۆرانیم بۆ کاک"محەمەدی ماملێ" داناوە گۆرانییەکم دانا بە هۆی نەخۆشی ئالزایمرەوە نەیتوانی بیخوێنێ "چیا"ی کوڕی خوێندی، جوانیش خوێندی.

هێندێ گۆرانی بووە ئەڵبەتە هی خۆم نەبووە هی بنەماڵکەمان بووە، داومە بە کاک" ناسری رەزازی" ئیستا من لە کۆنسێرتەکاندا یان لە شەوئاهەنگەکاندا دێم بیلێم، هەم من بەشەرمەوە دەیلێم، هەم خەڵک بە هی کاک"ناسری" دەزانن، دەلێن وەڵا ئەو هەوای کاک ناسرەت چاک وت، بێخەبەر لەوەی بزانن ئەوە لە پێشەوە هی خۆم بووە!! "ئەرێ هۆی کاڵی" من بە شیعرێکی ترەوە پێم دا و ئەو بە شیعرێکی ترەوە وتویەتی"ئامنە گیان نازت بێ، ئامان سەیزادە" نەک ئەو شاڵ گرێ گرێیە سەیزادە نەوعێکی ترە رەسەنە، گۆرانییەکی تریش بوو بە ماڵ سووتاننەکەمدا وتبووم کە زۆر دڵم تەنگ بوو، قەول وا بوو بیدەم بە هونەرمەندێکی شاری سەقز بە ناوی کاک" محەمەدی ئەفشاری" بەڵام کاک ناسر کە گوێی بەم نەوارەوە بوو وتی من دەیخوێنم شیعرەکەیم لە بیر نەماوە زۆریش مەشهوورە، "هەر من مامەوە هەر من کەس نییە بێ بە لامەوە".

تەنیا ئامنە گیان و سەیزادە نەبێ هی بنەماڵەکەمە باقیەکی هی خۆمەو پێم داوە.

کاک نەجمەیش دوو گۆرانیم پێداوە "ئـەرێ هۆ بچکۆڵێ" هی ناوچەی فەیزوڵابەگیە من پێشتر لە رادیۆ مهاباد وتومە زۆر جوانی وتوە خراپی نەکردوە زۆر لە خۆیشم چاکتری وتوە گۆرانییەکی تریش بە ناوی "نازدارە و نازدار" منداڵ بووم بۆ کورێک خەڵکی سەقز بە ناوی ئەحمەد حسەنزادە دروستم کردبوو، یەکەمین کەس لەگەڵ کەمانی مندا گۆرانیی دەسپێکرد منیش پێش ئەوەی بۆ باوکم و خزمەکانم کەمان لێبدەم لەگەڵ ئەحمەدی حەسەنزادە گۆرانیم وت، وەلێ کاک"نەجمە" لە خۆم کە سازەندەی ئەو گۆرانییەم و لە ئەحمەدیشی چاکتر وتوە.

تارا بە سەردادە کە لە هەوای"تroوکە trووکەی بەفرەوە" وەرمگرتووە، من بە شیعرێکی رۆمانتیکی و گلەیەوە دامناوە خەڵکی بە شادی تێگەیشتن،کاک "عوسمان عەلی"خوێندویە لە خۆمی چاکتر وتوە کۆرسێکی جوانی کچانی بۆ داناوەو زۆر خۆشی وتوە.

بۆ کاک عەزیز شارۆخی دوو گۆرانیم بۆ داناوە یەکێکیان "یادت نەکردین وەک جاری جاران و شەوانی ژین" کە شیعری پەنجەیی بە قەولی خۆت لە سەر داناوە.

**رەشید خان بەڕای بڕێ لە کەسایەتی گەورەی مۆسیقا و گۆرانی موجتەبای میرزادە، حەسەن زیرەکی کرد بە حەسەن زیرەک و رەشیدی فەیزنژاد ناسری کرد بە ناسر، پێمخۆشە لە زمانی خۆتەوە ئەم قسەیە ببیستم؟**

بە قەولی یەکێک لە برادەرانی هونەرمەندمان کە منیش و تۆیش گوێ بیستی فەرمایشتەکەی بووین وای وت، زۆر راستە، بەڵام ناسر هەر بوو بە شتێکی غەیر ستانداردەوە دەرکەوت شتێکی بێگانە لە کوردی ئەو وەختە جازیان پێ دەوت شێوازێکی مۆدێرن، بەو شێوە رەسەنایەتی پێوە دیار نەبوو، مەقاماتی نەدەزانی ئەوە من و کەمانەکەم بووین کاک" ناسر"مان لە سادە خوێنیەوە کردە ئەو ناسرەی ئەمڕۆ، یەکەمین مەقامی لەگەڵ مندا بوو تا ئەو کاتەی رۆیشتە دەرەوە، ئەو مەقاماتی وتوە وەکوو "گۆمەشین و دەلالۆ دەلالۆ" ئەوە لە سایەی ئەو رۆژانەوە بوو کە من مەقامم لەگەڵیدا کار کرد ئەو گۆمەشین و لالۆ لالۆیەی بە جوانی وتوە، هەرچەند مۆسیقی زانانی تر دوای من کاریان لە گەڵیدا کرد، بەڵام ئەوە کە ناسری ئامادە کرد لەگەڵ جوانترین و گەورەترین تیپدا ئامادە بێت، ئەوە کیبوردەکەی فەڕۆخی ریاحی نەبوو، بەڵکو گرووپەکەی ئەو وەختی فەرهەنگ و هونەری سەقز بوو کە من گۆرانییەکانم دابەش کرد، ئەو مەقاماتە بوو کە ئەو وەختە من فێرم دەکرد کە لە ماڵی خۆی و لە ماڵی خۆم و لە سالۆنی تەلەفزیۆنی سنە ئەوە خۆیشی ناتوانێ بیشارێتەوە چوونکە مێژوو نایشارێتەوە، خەڵکی تر ماون ئێستا.

هەروەها کاک عەزیز شاڕۆخییش کە دەنگێکی دەستەمۆ نەکراوی هەبوو، خودی ئەو تارژەنە من کردم بەو تارژەنەی کە دوایی لە ئۆرکێستەکاندا تاری دەژەنی، ئەوەی کە هێنایە ناو چوارچێوەی مۆسیقاوە من بووم، بەڵام شارۆخ وای لێهات کردم بەو شارۆخەی کە هەموو کوردێک دەیناسێ، هەروەها ناسریش هەرواتر.

بەڵام بۆ یەک شت داخ دەخۆم بۆچی ئەوان خۆیان بە من دەگەیان، ناسر لە سنەوە ئەو کات سنە دوور بوو، رێگا ناخۆش و پڕ پێچ و خەتەر بوو، ماشێن کەم بوو، ناسر خۆی بە من دەگەیاند بۆ نەجمە خۆی نەدەگەیاند بە من بیکەم بە هونەرمەندێ بیست قاتی ئائێستای بێت، بە لێوەشاوەیی و لیاقەتی خۆی گەیشتۆتە ئەمڕۆ، رۆژێ لە رۆژان مامۆستایەکی دڵسۆزی وەک منی نەبووە هەرگیز تا بیرم دێت لەو کوڕە، تەنانەت کامکارەکان هاوکاری ناسریان نەدەکرد، نەجمە بۆ خۆی نەگەیاند بە من تا من خزمەتی پێبکەم، رەشید فەیزنژاد نە ناسری دەناسی و نە نەجمە — نە ناسر برای باوکم بوو نە نەجمە بێگانە بوو چ فەرقێکیان بۆ من بووا تازە جاروبار ناسر لە بەرئەوەی نەختێ توندوتیژ بوو شەڕمان دەبوو، دڵنیام کاک نەجمە ئەوەندە لە سەرخۆ و نەرم ونیانە قەد دڵمان لە یەک نەدەیەشا کە زۆر جاران لەگەڵ ناسر دەمقرەمان بووە، بەس عەزاب ویژدانی

ناکێشم کارم بۆی نەکردەوە، بەس کەمڕوو بووە من نەجمەم نەدەناسی خۆ ئەو منی دەناسی ئەگەر ئەو کوڕە لەگەڵم بوایە ئەمڕۆ چەندە فەرقی دەکرد لەگەڵ ئەمەی ئێستای بەهەرحاڵ شایەت قسمەت ئەوە بوو بێت.

**کاک رەشید لە کۆتاییدا چیت هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری هەنار کە گۆڤارێکی رۆشنبیریی و ئەدەبیی و هونەرییە؟**

سڵاو رێزم هەیە بۆ دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە جوانە و سەرنووسەرەکەی کاک حەمەی کوردو کە هیوادارم لە نزیکەوە بیبینم، با ئەوەندە ئەو گەنجانە نەکوتین کە بۆچی گۆرانی فارسی و تورکی دێننە ناو مۆسیقای کوردیەوە، ئێمە ئەگەر لاپەڕەی مێژوو هەڵبدەینەوە و بگەڕێینەوە بۆ قەدیم ئەو شتە کراوە ئەوڕۆ جەوانە حەزی لێیە ماوەیەک ئەوە بکات، دوایی دێتەوە سەر کوردییەکەی خۆی، ئاوازدانەریش وەک قەدیم نەماوە، چیبکەن ئەوانە یان ئەبێ گۆرانییەکانی ئێمە بڵێنەوە یان گۆرانیی لاوەکی تورکی و عەربی و فارسی بڵێن، نابێ هەروا دانیشێ کابرا ئێنرژییەکی تیایە جۆش و خورۆشێکی هەیە، دەبێ خاڵی بکات ئێستا بە هەر لایەک، رەنگە حەزیان لێ بیت منێک گۆرانیی تازەیان بۆ دروست بکەم و تیپێک رەسەنایەتی پێوە دیار بێ و لەگەڵیان کار بکات وەلێ نییە، ئەڵبەتە تا رادەیەک دەبێ بڕێ حەقیشیان پێ بدەین، ئەوانیش دەبێ هەوڵ بدەن بیر بکەنەوە تا بۆ هەمیشە و هەتا هەتایە ئەو شتە بێگانەیە کە کەوتۆتە نێو کوردستانەوە هەر درێژە پێ نەدەن، هەوڵ بدەن بێنەوە سەر رەواڵە کوردیەکە، ئەگەریش گۆرانییە کۆنەکانیشیان نوێ کردبێتەوە بە تەغیراتێکی جوزئی و بە جوانکاریەوە بیڵێنەوە هێشتا باشترە دەست لەوە بەردەن باشترە یانێ تا سەر نەبێ، قەینا بۆ ماوەی کاتی، چوونکە حەسەن زیرەکیش و مامڵێش ئەو کارەیان کردووە، بەڵام ئەوان کورداندویانە با ئەمانیش هەوڵ بدەن بی کوردێنن.




# ئالبێرت نۆبز، ژیان لە شێوەی پیاوێکدا

و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین

لە ڕۆژی هەینی ٢٧ی ئەبریلی ٢٠١٢-ەوە نمایشکردنی فیلمی "ئالبێرت نۆبز" بەرهەمی ڕۆدریگۆ گارسیا لە سینەماکانی بەریتانیا و ئیرلەند دەستی پێ کردووە. ئالبێرت نۆبز ئەمساڵ پاڵێوراوبوون لە خەڵاتەکانی گۆڵدن گلووب و ئۆسکار توانی سەرنجەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت. ئەو فیلمە لە بەشەکانی باشترین کارەکتەری ڕۆڵی یەکەمی ژن، باشترین کارەکتەری ڕۆڵی تەواوکەری ژن و باشترین مەیکاپ، پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بوو.

چیرۆکی ئەو فیلمە لە سەدەی نۆزدەیەمی زایینی و لە ئیرلەند ڕوو دەدات. ئالبێرت نۆبز پێشخزمەتێکی پیاوی ئەرکناس و خۆشەویستە کە لە هۆتێلی مۆریسۆن لە شاری دۆبلین ئیش دەکات. ئەو ساڵانێکە لەو هۆتێلە کار دەکات و بە نیازە بەو پارەیەی کە لەو ماوەیەدا کۆی کردووەتەوە، دووکانێکی تەنباکوو فرۆشی بکاتەوە. لەو کاتەدا خاوەنی هۆتێل، پیاوێک بە ناوی هۆبێرت بۆ ڕەنگکردنی بینا دێنێتە ناو هۆتێلەکە و بڕیار دەدرێت تا هۆبێرت لە ماوەی مانەوەیدا لە هۆتێل لەگەڵ ئالبێرت ببێتە هاو ژوور. ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بە نهێنی گەورەی ئالبێرت بزانێت، نهێنییەک کە ئالبێرت بۆ ساڵانێکی زۆر لە کەسانی تری شارد بووەوە. ئالبێرت لە ڕاستیدا ژنێکە کە بۆ

دۆزینەوەی ئیش و پاراستنی ئاسایشی خۆی نزیکەی ٣٠ ساڵە لە چوارچێوەی پیاوێکدا دەژی.

هۆبێرت لە دوای زانینی ئەم نهێنییە، نهێنییەکانی خۆشی ئاشکرا دەکات. ئەویش ژنێکە کە خۆی وەک پیاوان لێکردووە و ئیش و ژیان دەکات و تەنانەت هاوسەریشی هەیە. ئالبێرت کە بۆ بەڕێوەبردنی دووکانەکەش پێویستی بە هاوسەرێکە، بڕیار دەدات تا داوای هاوسەرگیریی لە هێلەن، یەکێک لە پێشخزمەتەکانی هۆتێل بکات.

ئەو فیلمە لەسەر بنەمای کورتە چیرۆکێک لە نووسینی جۆرج مۆر، نووسەری ئیرلەندی دروووست کراوە. ئەم چیرۆکە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢ی زایینی بە شێوەی نمایش دەرهات و نمایش کرا. گۆڵن کلووز، کارەکتەری ڕۆڵی سەرەکی ئەو فیلمە لەو نمایشەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا. لە دوای ئەوە ئەو بۆ نزیکەی ١٥ ساڵ هەوڵی دا پێشەکییەکانی گۆڕانی نمایش بە فیلم دەستەبەر بکات. ساڵی ٢٠٠٠ ئەو فیلمە تا ڕادەیەک لە قۆناغی درووستکردن نزیک ببووەوە کە بەهۆی کێشەی دارایی درووستکردنی ڕاگیرا.

لە ئاکامدا ساڵی ٢٠١٠ هەوڵەکانی کلووز ئەنجامی لێکەوتەوە و پێشەکییەکانی درووستکردنی ئەو فیلمە دەستی پێ کرد.

فیلمنامەی فیلمەکە گۆڵنگلووز لەگەڵ جان بانۆیل نووسیویەتی. بانۆیل نووسەرێکی ئیرلەندییە کە بۆ هەژدەیەمین ڕۆمانی خۆی "دەریا" توانی لە ساڵی ٢٠٠٥دا خەڵاتی پۆلیتزێر بەدەست بێنێت و هەروەها پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات بووە. گۆڵن گلووز هەروەها یەکێک لە ئامادەکارانی فیلمیشە. ئەو سەبارەت بە هۆکارەکانی حەزکردن بە درووستکردنی ئەم فیلمە دەڵێت: "وەک کارەکتەرێک ئەم ڕۆڵە زۆر کێشەخوڵقێن بوو. دەتوانم بڵێم کێشەخوڵقێنترین



رۆڵێکە کە تا ئێستا گێڕاومە. هەروەها چیرۆکەکە زۆر باش بوو. لەو جۆرە چیرۆکانەیە کە پێت وایە بە جۆرێک کار دەکاتە سەر بینەران. هەروەها لە بواری هەستەوە زۆر چیرۆکێکی کاریگەرە. من ئەم جۆرە چیرۆکانەم زۆر پێ خۆشە. هەمیشە بە دوای ئەم پێگەیەوە بووم تا جارێکی تر رۆڵی ئەم کەسایەتییە بگێڕم و جێبەجێکردنیشی لە بەرامبەر کامێرادا، لەو جێیەوە کە هەموو شتێک باشتر و گەورەتر دەبینرێت، کێشەیەکی گەورەتری دەخستە بەردەمم".

کلووز ئەمساڵ بۆ رۆڵگێڕان لە رۆڵی ئالبێرت نۆبز بۆ شەشەمین جار بوو بە پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار. ئەو بۆ خۆی چۆنێتی رۆڵگێڕانی ئەم رۆڵە دژوارە بەمجۆرە باس دەکات: "ئیشێکی زۆری ویست و زۆر دژوار بوو. هەڵبەت من وێنەی ژنێکی ئەلبانیاییم بۆ نموونە لە زەیندا بوو کە ساڵانێک لەمەوپێش لە "ناشناڵ جیۆگرافیک" بینیبووم. لە کەلتوورێکدا کە بەو "کچێتی سوێند خواردوو" دەڵێن، لەو بنەماڵانەی کە پیاوێک بوونی نییە، ژنێک ناچار دەبێت کە بە شێوەی پیاویک بژی. من وێنەی یەکێک لەو ژنانەم وەک نموونە لە زەیندا بوو. بەو جۆرە نەبوو کە بۆ ئەو ژنە بۆ وێنە ریش و سمێڵی دەستکردیان دانابێت یان رووخساریان گۆڕا بێت. ئەو بە رووخسار و سیمای خۆی لە شێوەی پیاوێکدا دەژیا. لەم رووەوە کێشەیەکی تایبەت بوو بۆ ماتیۆ مانگێل، مەیکاپۆری ئەو فیلمە، بەڵام هەموو بەیانییەک کە بۆ رۆڵگێڕان مەیکاپ دەکرام، سەرسامی دەکردم. بۆ ئەوەی کە دەمدی ئیتر خۆم نیم. تایبەتمەندییەکەی ئەوە بوو کە بە شێوەیەک نەبوو کە وەک ئەوەی کە ژنێک وا خۆی نیشان بدات کە مردووە، ئەم حاڵەتە لە رووخساردا درووست ببوو.

کلووز دەرهێنەریی ئەو فیلمەی سپارد بە رۆدریگۆ گارسیا، فیلمسازی کۆلۆمبیایی. ئەم دووانە پێشتر لە فیلمی "٩ی ژیان"یشدا پێکەوە هاوکارییان کردبوو. گارسیا لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنێتی پەیوەستبوونی بەم پڕۆژەیە دەڵێت: "لە پێنج یان شەش ساڵ لەمەوپێشەوە بەو پڕژەیە پەیوەست بووم. لە دوای "٩ی ژیان" لەگەڵ گۆڵن ئیشمان لەسەر چەندین پڕۆژە کرد. ئەو ئەم فیلمنامەیەی بە مندا کە بزانێت ئاخۆ حەزم لە ئیشکردن هەیە لەسەری. زۆر دڵخۆش بووم. هاوکاری لەگەڵ ئەو وەک کارەکتەر زۆر باش بوو. زۆر بە جیدی ئیش دەکات و هەمیشە خۆی ئامادە دەکات. تەنیا بە غەریزی ئیش ناکات و هەمیشە رۆڵی خۆی بە باشی شیکردووەتەوە و بەپێی بنەما ئیش دەکات. من زۆر حەزم لە شێوازی ئیشکردنی هەیە. دەمزانی دەتوانم لەگەڵ ئەو ئیش بکەم و دواتر فیلمنامەکەم خوێندەوە کە کارەکەی زۆر ئاسانتر کرد، چونکە فیلمنامەیەکی باش بوو".

لەو کارەکتەرانەی دیکە کە لەو فیلمەدا رۆڵیان گێڕاوە دەکرێت ئاماژە بکرێت بە "جەنت مەک تیر، میا واشیکۆفسکا و ئاروون جانسۆن". مەک تیر ئەمساڵ بۆ رۆڵگێڕان لە رۆڵی هۆبێرت ببوو بە پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین کارەکتەری رۆڵی تەواوکەر.

بەڵام ئەو فیلمە لای رەخنەگران بۆچوونی جیاوازی لەسەر بووە، هەرچەند تارادەیەک هەموو رەخنەگران رۆڵگێڕانە باشەکانی کلووز و مەک تیر بە گشتی بە خاڵی بەهێزی ئەو فیلمە دەزانن. راجێر ئیبێرت، رەخنەگری "شیکاگۆ سان تایمز" بە پێدانی سێ ئەستێرە لە چوار ئەستێرەی خۆی بەو فیلمە، بە یەکێک لە خەمناکترین ئەو فیلمانە وەسفی دەکات کە تا ئێستا بینیونی. پیتێر تراورێس، رەخنەگری "رۆلینگ ستۆن"یش بە پێدانی سێ ئەستێرە بەو فیلمە، وێڕای ستایشکردنی رۆڵگێڕانی باشی کارەکتەران، وەسفی لە دەرهێنەریی گارسیا کردووە و ئەو فیلمە بە بەرهەمێکی کاریگەر دەزانێت. لە بەرامبەردا مت مۆلێر، رەخنەگری "توتاڵ فیلم" بە پێدانی تەنیا دوو ئەستێرە بەو فیلمە، لە لێدوانێکی هاوشێوەدا لەگەڵ تاد مەک کارتی، رەخنەگری "هۆلیوود ریپۆرتێر" وێڕای وەسفکردنی رۆڵگێڕانی کارەکتەرانی ئەو فیلمە، سەرەکیترین خاڵی لاوازی بە چیرۆکی فیلمەکە و باش نەبوونی فیلمنامەکە دەزانێت.



**سەرچاوە:**

13855/03/05/http://radiozamaneh.com/culture/silver-screen/2012

# چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٢ی

# بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون






**خاوەن شکۆ**

د.یەحیا عومەر ریشاوی

لێکۆڵینەوە




**وێستگەکان**

و.محەمەد کەساس

کۆمەڵە وتار




## شوناسێکی بێئۆقرە

سەردار عەزیز

کۆمەڵە وتار




## سایکۆلۆژیای بەهرەمەندان

عومەر مەرگەیی

لێکۆڵینەوە




**پەیکی شادی**

محەمەد سەعید نەجاڕی

(ئاسۆ)

شیعر




**مێژووی چاپخانەکانی**
**شاری سلێمانی**

مارف ناسراو

ڕۆژنامەوانی




**کولێنەری هەڵم**

محەمەد بەرزی

زانستی




**کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن**

د.بێستون حەسەن

زانستی زمان




**چرایەک لەسەر مادیان کۆ**

و.عەزیز گەردی

ڕۆمان




**ئەکرۆباتێکی ونبوو**

ئیسماعیل حەمە ئەمین

وتاری ڕەخنەیی




**ئایین و ئیستاتیکا**

خەسرەو میراودەلی

لێکۆڵینەوە




**مەنفاکان**

عەزیز رەئوف

شانۆنامە

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.hanar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە